تـۆمـاری سـەروەری

2

بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر ڕۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و ڕەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەو دڕێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

تـۆمـاری سـەروەری

بـەرگی دووەم

(2)

تیپەکان :- ١٩٨٢- ١٩٨٨

نووسین و ئامادەکردن: ئازاد سەراوی

تۆماری سەروەری - بەرگی دووەم-
تیپەکان :- ١٩٨٣- ١٩٨٨

نووسین و ئامادەکردن :- ئازاد سەراوی
تایپ :- ئاشنا دلێر - نیگا سالار
دیزاین :- هەڕێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی حەمدی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم
ساڵی چاپ :- ٢٠٢٤

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٦٦) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە
سەرجەم مافەکانی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراون.

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پێڕست

تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر
- دەستەی تیپ ٢٢
- شەڕی ئۆمەر گومەت ٢٢
- تیپی هەولێر- کەرکووک ٢٣
- چالاکی ناوشار ٢٥
- گردە سور ٢٥
- دەستەی نوێی تیپ ٢٦
- چالاکی سڤەییە ٢٧
- چالاکی هاوبەش ٢٧
- مەڵبەندی چوار ٢٨
- نێوان کۆیە – هەولێر ٢٩
- شەڕی قەشقە – ئازیانە ٣٠
- شەڕی ئازیانە ٣٢
- لێدانی گۆپتەپە ٣٣
- هەولێر – گوێر ٣٣
- شەڕی سماقە ٣٤
- بۆسە شەقڵاوە ٣٥
- تۆپبارانی سەربازگەی قوشتەپە ٣٥
- بۆسە- دیبەگە ٣٦
- دووچالاکی ٣٦
- لێدانی کارگەی قیر ٣٧
- شەمشولە ٣٨
- بۆسە ٣٩
- کوشتنی دوو ئەفسەر ٣٩

- تۆڵەی شەهیدان ٤٠
- گرتنی رەبییەی بیرەبات ٤٠
- لێدانی جاش ٤٠
- ناو هەولێر ٤١
- دوو چالاکی – پەلاماری دوژمن ٤١
- لێدانی پارێزگاری هەولێر ٤٣
- گرتنی دوو رەبییە ٤٥
- چالاکی ناوشار ٤٦
- چالاکی ناو هەولێر ٤٧
- ڕێگەی هەولێر – کەرکوک ٤٨
- هەولێر- گوێر ٤٨
- گرتنی دوو ڕەبییە ٤٩
- تێکشکاندنی دوژمن ٥٠
- شەڕی ناو شار ٥١
- بۆسە ئاریانە ٥١
- تێکشکاندنی پەلاماریکی هەشت قۆڵی ٥٢
- شەهید بوونی پێشمەرگەیەک ٥٥
- جادەی گوێر ٥٦
- تیپی ٨٦ ..... ٥٦
- بۆسە – گرتنی ٦ چەکدار ٥٧
- چالاکی هاوبەش ٥٧
- بروسکەی پیرۆزبایی مام جەلال بۆ کاک کۆسرەت ٥٩
- گرتنی قاطعی (٤١) ٦٠
- مەڵبەندی سێ ٦٣
- هەریر ٦٣

- خستنە خوارەوەی سێ فڕۆکە ٦٣
- گرتنی سەری ڕەش ٦٤
- ئەو شەوە بەفریش تەزیبوو ٦٦
- چیرۆکی شەوێکی بەفر ٦٦
- یانزە شەهید ٧٢
- گرتنی ڕەبیەیەک ٧٣

****

تیپی ٨٧ قەرەچوخ

- ئەنجومەنی تیپ ٧٦
- گرتنی دوو ڕەبیە ٧٧
- چالاکی ناو شار ٧٧
- کەرکوک – هەولێر ٧٧
- نێوان گوێر هەولێر ٧٨
- پردێ – ئاڵتون کۆپری ٧٩
- شەهید بوونی سێ پێشمەرگە ٨٠
- شینە – شیوەنی دوژمن بوو ٨١
- ڕۆژی تۆڵە ٨١
- گرتنی ئەفسەرێکی فڕۆکەوان ٨٤
- کوشتنی دووجاش ٨٤
- ڕەوە کۆپتەر ٨٥
- نزیک مەخموور ٨٥
- چالاکی - بۆسە ٨٦
- لێدانی زاگە – مشار ٨٦
- لێدانی عەرەبی هاوردە ٨٧
- بۆسە هەولێر –کۆیە ٨٨

- گرتنی ٧ جاش ٨٨
- دوو چالاکی ٨٨
- هەولێر – پردێ ٨٩
- دەشتی قەراج ٨٩
- گرتنی مقەر سریەی گەروەتە ٩٠
- داستانی هەولێر ٩١
- ڕێگە گشتییەکان ٩٢
- هێرش بۆ سەر سماقولی ٩٣
- چوونە ناو شار ٩٤
- بۆسە ٩٥
- گرتنی دوو ڕەبیەی زمار ٩٦
- تێکشکاندنی پەلامارێکی دوژمن ٩٦
- تێکشکاندنی پەلامارێکی سێ قولی ٩٩
- چوونە هەولێر ١٠٠
- تیپی ٨٧ ..... ١٠٢
- دوو چالاکی ١٠٢
- ڕەبیەکانی قوشتەپە ١٠٣
- خاڵی پشکنینی مەخموور ١٠٣
- شاداستانی سماقولی ١٠٤
- پوختەی بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی ١١٠
- شەڕی میشراق ١١٢
- شەڕی مەجلوبە ١١٣
- تیپی ٨٨ شەمامک ١١٦

****

تیپی ٨٥ بەڕانەتی

- تیپی بەڕانەتی ۱۱۸
- کوژرانی دوو جاش ۱۱۹
- پەلاماری دوژمن ۱۱۹
- دوو چالاکی - ناوشار – مەسیف ۱۲۰
- تۆڵەی دێهاتە سووتاوەکان ۱۲۱
- سماقولی – بەڕانەتی ۱۲۱
- شەڕی کەپەنگ ڕەش ۱۲۲
- شەهید بوونی سێ پێشمەرگە ۱۲۳
- گرتنی چوار ڕەبییە ۱۲٤
- لێدانی جاش ۱۲٤
- دۆڵی هیران ۱۲٥
- ڕێگەی دڵۆپە ۱۲٥
- دوو چالاکی ۱۲٦
- چالاکی هاوبەش ۱۲٦
- بۆسە ۱۲۷
- ڕەبیەی کۆڕێ ۱۲۷
- سەلاحەدین – شەقڵاوە ۱۲۸
- کاوانیان – لێدانی جاش ۱۲۸
- گرتنی ڕەبیە – سپیلک ۱۲۹
- شەڕی زیارەت ۱۲۹
- کۆیە – دێگەڵە ۱۳۰
- کوشتنی دوو ئەفسەر ۱۳۱
- بۆسە ڕێگەی هەولێر ۱۳۱
- شەقڵاوە – سەلاحەدین ۱۳۱
- شەهید بوونی چوار پێشمەرگە ۱۳۲

- لێدانی رەبیە ١٣٢
- کەوتنە بۆسەی جود ١٣٣
- چونە ناو شار ١٣٣
- شەڕی سێگردکان ١٣٤
- هەولێر – کۆیە ١٣٥
- سزاو لێدان ١٣٥
- سەلاحەدین – شەقلاوە ١٣٦
- کۆیە – دێگەڵە ١٣٦
- بۆسە ١٣٧
- پێکهاتەی تیپ ١٣٧
- شەهید بوونی سەرداری سەعید سۆفی ١٣٨
- مەسیف – سەری ڕەش ١٤٠
- لێدانی جاش ١٤٠
- لێدانی فەوجی نورەدین ١٤٠
- گرتنی جێگری پارێزگار ١٤٢
- لێدانی دوژمن ١٤٢

****

تیپی ٩١ سەفین ١٤٤
- هەڵاتنی سێ سەرباز ١٤٥
- کوشتنی دوو سەرباز ١٤٥
- چوونە ناو سەری ڕەش ١٤٧
- شەهید بوونی نۆ پێشمەرگە ١٤٧
- بۆسە ١٤٧
- ئەمنی هەولێر ١٤٨
- گرتنی ئوتۆمبێل ١٤٩

- بۆسە - هەولێر دێگەڵە ١٤٩
- چالاکی هاوبەش ١٤٩
- گرتنی چوار ڕەبییە ١٥٠
- نێوان هەریر وشەقڵاوە ١٥٠
- بۆسە – هەولێر – کۆیە ١٥١
- گەڕان بە دوای جاش دا ١٥٢
- چالاکی ناو شاری هەولێر ١٥٢
- گرتنی ڕەبییە ١٥٢
- بۆسە ١٥٣
- ڕەبییەی گرد جاسوسان ١٥٤
- بۆسە و پشکنین ١٥٥
- دەستگیرکردن ١٥٦
- هیران – شەقڵاوە ١٥٧
- بەزمی لاند کرۆزەرەکە ١٥٨
- گرتنی سێ ڕەبییە ١٥٩
- سوتانی دێیەکان ١٦٠
- شەهید بوونی حەوت پێشمەرگە ١٦٠
- بریندار بوونی شینە ١٦٢
- بارەگاو جەولە ١٦٤
- شەهید بوونی فوادە ڕەش ١٦٤
- گرتنی فەوج ١٦٥
- شەهید بوونی ئاشتی و خەلیل ١٦٦
- شاخی سور ١٦٧
- بۆسە ١٦٧

****

تیپی ۹۰ باواجی

- تیپی باواجی – مەڵبەندی چوار ۱۷۰
- تیپی باواجی ۱۷۰
- لێدانی رەبیەی گرد چادر ۱۷۱
- بریندار بوونی دڵزار بەکراغا ۱۷۱
- دروست بوونەوەی تیپی باواجی ۱۷۲
- چالاکی ۱۷۲
- لێدانی ڕەبیەی گرد چادر۱۹۸۸ ..... ۱۷۳
- بریندار بوونی قاسمە سوور ۱۷۵

****

تیپی مەڵبەندی چوار

- پێکهاتەی تیپی مەڵبەند ۱۷۸
- بەسزا گەیاندن ۱۷۹
- خستنە خوارەوەی سیخۆیەک ۱۷۹

****

تیپی ۹۳ کۆیە

- شەڕی کانی وەتمان ۱۸۲
- گرتنی رەبییەی کانی مازو ۱۸۳
- شێخ شەمااڵی باخ ۱۸٤
- دووکان – خەلەکان ۱۸٤
- دێگەڵە – کۆیە ۱۸۵
- بۆردومانی فڕۆکە ۱۸٦
- لۆفەی چنارۆک ۱۸۷
- گرتنی ڕەبییە ۱۸۸

- قۆپی پەسیوان ۱۸۸
- کەنێر و پڵنگان ۱۸۹
- چالاکی هاوبەش ۱۸۹
- تەق تەق – کۆیە ۱۹۰
- گرتنی چوار ڕەبیيە ۱۹۱
- چەند چالاکییەک ۱۹۱
- لێدانی ڕەبیيە ۱۹۲
- بۆسە ۱۹۳
- شەهیدکردنی ۲۱ هاووڵاتی ۱۹۳
- دێی شەو گێڕ ۱۹٤
- پەلاماری فراوانی دوژمن ۱۹٥
- هەولێر کۆیە – بۆسە ۱۹٦
- دۆڵی شاڵبەگیان ۱۹٦
- دووچالاکی – کۆیە ۱۹٦
- گرتنی ڕەبیە ۱۹۷
- نۆزدەکان ۱۹۸
- پەلاماری دوژمن ۱۹۸
- پەلاماری بەربڵاو ۲۰۰
- لێدانی ڕەبیە ۲۰٤
- گرتنی سێ ڕەبیە ۲۰٤
- شەهید بوونی شەهرەی کۆیە ۲۰٥

****

تیپی مەڵبەندی سێ

- تیپی مەڵبەند ۲۰۸
- شەڕی ناوخۆ ۲۰۹

- شەڕی شاخی ژارە ٢٠٩
- شەهیدبوونی حەسەن وەڵزی ٢١١
- گرتنی ٧ ڕەبیە ٢١١
- گۆڕانکاری بەردەوام ٢١١
- تۆپبارانی مۆڵگەی دوژمن ٢١٢
- گرتنی جاش ٢١٣
- مەڵبەندی سێ ٢١٣
- شەڕی سماقولی ٢١٤
- شەهیدبوونی سێ پێشمەرگە ٢١٦
- پەلاماری دوژمن ٢١٦
- ڕۆکێتی تۆڵە ٢١٧
- لێدانی سیساوا ٢١٩

****

تیپی ٧٤ باڵەک
- دەستەی تیپ ٢٢٢
- فەوجی هۆمەراوێ ٢٢٣
- سەرمێرگان ٢٢٣
- ڕاگواستنی چۆمان ٢٢٣
- قەسرێ-چۆمان ٢٢٤
- دۆڵی خانەقا ٢٢٥
- بەرگەڵو دۆڵ مازەڵە ٢٢٦
- شەهیدبوونی برایم کوێخا ٢٢٦
- حاجی مەحموودی سورەبان ٢٢٦
- شەهیدبوونی مستەفا مینە ٢٢٨
- گرتنی دۆشکەیەک ٢٢٨

- ڕێگەی کەڵەک –کونەکۆتر ۲۲۸
- گرتنی دوو ڕەبیە ۲۲۹
- شەڕی گەما سوور ۲۳۰
- شەهیدبوونی ڕەسوڵ حاجی کوێخا ۲۳۰

***

تپی ۷۸ کاروخ

- دەستەی تیپ ۲۳٤
- شەڕی دووەمی جود ۲۳۵
- شەڕی کۆتایی ۲۳۵
- کەرتی ڕێکخستنی چۆمان ۲۳۷
- دەستە و پێکهاتەی کاروخ ۲۳۷
- تیپی باڵەک – کاروخ ۲۳۹
- کاروخ و باڵەک ۲۳۹
- گرتنی ۷ ڕەبیە ۲٤۰
- پەلاماری دوژمن ۲٤۱
- شەڕی هەڵەموند ۲٤۱
- زار گەلی ۲٤۱
- کەمپی ئیشغال ۲٤۲
- بۆڵێ ئەستێرۆکان ۲٤۲
- گرتنی ڕەبیە ۲٤۲
- زینوی ئۆمەراوێ ۲٤۳
- بۆسە لە شێخ ناسر ۲٤۳
- بۆسە دەرگەڵە ۲٤۳
- سێ چالاکی ۲٤٤
- گرتنی ۸ ڕەبیە ۲٤٤

- گرتنی ڕەبییەی شاورێ ٢٤٥
- چالاکی هەریر ٢٤٦
- گرتنی مقەڕ فەوج و دە ڕەبییە ٢٤٦
- چالاکی دۆڵێ ٢٤٧

***

تیپی ١٢ سۆران

- تیپی سۆران ٢٥٠
- چالاکی – شەری فەقیان ٢٥٢
- کارگەی مافور ٢٥٣
- بۆسە ٢٥٣
- شەڕی وەرتێ ٢٥٤
- چونە ڕەواندوز ٢٥٤
- بۆسە ٢٥٥
- شەڕی باویان ٢٥٥
- خەلیفان ٢٥٦
- دۆڵی ئاکۆیان ٢٥٦
- تێکشکاندنی دوژمن ٢٥٧
- بۆردومانی گەرەوانی سەروو خواروو ٢٥٧
- بۆردومانی فڕۆکە- گەرەوان ٢٥٨
- گرتنی فەوجی دۆڵی ئاکۆیان ٢٥٩
- گرتنی فەوجی ئاکۆیان لە ئیزگەوە ٢٦١
- گرتنی جاشێک ٢٦٢
- کلکەی شەکرۆک ٢٦٢
- لێدانی فەوجێکی جاش ٢٦٣
- ڕەبییەی بەردی بازنان ٢٦٤

- هەریر – بۆسە ٢٦٤
- گرتنی مودیر ناحیەی ڕەواندز ٢٦٥
- ڕەواندوز- سۆران ٢٦٦
- لێدانی فەوجی ڕەواندز ٢٦٦
- زنجیرەی کۆڕەک –بەنی هەریر ٢٦٧
- تۆپخانەی شۆڕش ٢٦٩
- کونی مەلا پاشا ٢٧٠
- پەلاماری دوژمن ٢٧١
- هاتنە ڕیزی پێشمەرگە ٢٧٤
- بروسکەی مام جەلال ٢٧٥
- تۆپخانەی تیپی سۆران ٢٧٦
- دەشتی هەریر ٢٧٧
- شەڕی کەڕەک ٢٧٧
- تۆپخانە ٢٧٧
- دۆڵی خانەقا ٢٧٨

***

تیپی ۸۳ هەورێ

- تیپی هەورێ ٢٨٤
- چالاکی –چوار شەهید ٢٨٤
- مەڵبەندی چوار ٢٨٦
- کوشتنی جاشی شەعبی ٢٨٦
- هیران- بۆسە ٢٨٦
- تەقاندنەوەی کۆپتەرێک ٢٨٧
- بۆسەی هەریر ٢٨٧
- بۆسەی شەقڵاوە ٢٨٧

- شەهیدبوونی مامۆستا جەمال تاهیر ٢٨٨
- بەیاننامەی (ی.ن.ک) ٢٨٨
- چلەی مامۆستا جەمال تاهیر ٢٩٣
- بۆردومانی فڕۆکە ٢٩٨
- تیپی ٩٧ بێتواتە ٢٩٩
- دروستکردنەوەی تیپی هەورێ ٣٠٠
- شەهیدبوونی حەسەن عەبدوڵڵا ٣٠٠
- چالاکییەکی هاوبەش ٣٠٢
- منالّی دار لاسیکەکە ٣٠٢
- داستانی قۆپی سوری سەرگەڵوی میراوا ٣٠٣
- چالاکی قۆپی سوور لە ئیزگەوە ٣٠٧
- بەرەو سەرکردایەتی ٣١٠
- کارەساتی توتمە ٣١١
- کیمیاباران-پەلامار ٣١٢
- پەلاماری بالیسان ٣١٢
- بۆسە ٣١٤
- چالاکی ٣١٥
- دێگەڵە -بەنی هەریر ٣١٦
- شەهیدبوونی غازی خالید ٣١٩

***

تیپی ٧٧ هەڵگورد
- حاجی ئەحمەدی بۆڵی ٣٢٢
- ئەو نامانەی ڕەنگی قەندیلیان گرتووە ٣٢٢
- نامەی یەکەم ٣٢٤
- تیپی ٧٧ هەڵگورد ٣٤٩

- نامەی سی و شەش ٣٦٤

***

تیپی ۱۹ کوڕەک

- تیپی ۱۹ ..... ٤٠٦
- گواستنەوەی تیپی کوڕەک ٤٠٧
- دەشتی هەریر ٤٠٨
- گرتنی جاشێک ٤٠٨
- لێدانی دوو ڕەبییە ٤٠٨
- بۆسە ٤٠٩
- لێدانی ڕەبییەی بەنزینخانە ٤٠٩
- بۆسە-هەریر ٤١٠
- ئەرکی پێشمەرگانە ٤١٠
- شەڕی سەر گۆڕا ٤١٢
- گرتنی مقەڕ فەوجی ۱۲۸ ..... ٤١٥
- چونە ناو خەلیفان ٤١٨
- چەکی کیمیایی ٤١٩
- دوای ئەنفال ٤١٩
- شەهیدانی تیپی کوڕەک ٤١٩
- داستانی کۆڕێ ٤٢٠
ڕێبازی نوێ پاشکۆی ڕێبازی نوێ ٤٢٥

تـــــیپی 86ی دەشـــــتی هـــــەولێر یـــــەک

تـــیپی 86ی دەشـــتی هـــەولێر

دوای هەڵوەشاندنەوەی قووەتی دەشتی هەولێر تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر دروووست بوو بە هەمان شێوەی قووەتی دەشتی هەولێر شاخەوان عەباس کرایە فەرماندەی تیپەکە.

دەســـتەی تـــــیپ

- شاخەوان عەباس فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- هاوڕێ کاوە فەرماندەی کەرت
- ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی کەرت
- کەرتی تیپ شاخەوان عەباس سەرپەرشتی دەکرد

دوای دروووست بوونی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر چالاکی تیپەکە دەستیپێکرد، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە دەشتی هەولێرو ڕێگەی تەق تەق و کۆیە دەگەڕان و جەولەیان دەکرد.

شـــەڕی ئـــۆمەر گـــومەت
1982/8/10

زانیاری هەبوو هێزێکی دوژمن جوڵە دەکات و دەکەوێتە ڕێ، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە کەلی سوور بۆسەیەکیان بۆ هێزەکەی دوژمن دانا بەڵام هێزەکەی دوژمن نەهات.

پێشمەرگەکانی تیپی دەشتی هەولێر پاشەکشەیانکردوو چوونە ناو ئۆمەر گومەت هێزەکەی دوژمن بە دوایاندا هاتن چەند ناقیلەیەکیان لە گەڵدا بوو چوار کۆپتەری باری و جەنگی پشتیوانی هێزەکەی دوژمنیان دەکرد.

شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکەی دوژمندا ڕوویدا تا کاتژمێر (١)ی نیوەڕۆ بەردەوام بوو.

ناقیلەکان هاتنە ناو دێی ئۆمەر گومەت لە مااڵی سەید حەکیمیاندا ژن و کچی سەید حەکیم بریندار بوون.

کەرتی (٢)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە گەڵ مەفرەزەیەکی تیپی ٨٦ وانەیەکی گرنگی هێزەکەی دوژمنیاندا لەو شەڕەدا دوژمن ژمارەیەکی زۆری لێکوژرا هێزی پێشمەرگەش سەرکەوتوو بێ زیان بوون.

تـــیپی هـــەولێر- کـــەرکوك

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٢ کەرتی ٤ تیپی ٢١ی کەرکوک و مەفرەزەیەکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٣/٦/٤ چوونە ناو دێی (سێقوچان) کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی گشتی هەولێر کەرکوک بۆسەیەکیان لە نێوان دوو ڕەبیەی سەربازی دانا تویوتایەکی جاشی شەعبی کەوتە ناو بۆسەکەوەو دایانە بەر دەستڕێژی گوللە و لە کاریانخست.

ڕەبییەکانی دەوروبـەر دەستیانکرد بە تۆپبارانکردنی سێقوچان و شوێنی شەڕەکە پێشمەرگەکان وەڵامیان دانەوەو بێدەنگیانکردن.

لە هەمان کاتدا ئۆتۆمبێلێکی دیکەی جاشی شەعبی بە هانای شەڕەکەوە هاتن پێشمەرگەکان ئەوانیشیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و ئۆتۆمبیلەکەیان سووتاند شەڕ تا کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی ئێوارە بەردەوام بوو.

زیانی دوژمن:

سووتاندنی دوو ئۆتۆمبێل

بریندار بوونی دوو جاش شەعبی

دوابـەدوای ئەم چالاکییە ڕژێمی داگیرکەر بە هێزێکی گـەورەوە کە پێکهاتبوو لە (٥٠٠) جاش و (٧) سریەی مغاویر و ژمارەیەکی زۆر لە قوات خاسەو پۆلیس و ئەمن و جاشی شەعبی و ژمارەیەک لە چەکدارەکانی بەرەی جوو کە تەسلیم بە ڕژێم ببوونەوەو ببوون بە جاش بە پاڵپشتی زیاتر لە (٢٠) زرێپۆش لە ڕۆژی ١٩٨٣/٦/٥ پەلاماری ناوچەکەیانداو بە دوای هێزی پێشمەرگەدا دەگەڕان، لە کاتژمێر حەوتی دوانیوەڕۆ هێزەکانی دوژمن بە نیازی گەمارۆدانی گردە سوور کە چەند کیلۆمەترێک لە قوشتەپەو هەولێرەوە دوور بوو کەوتنە جوولە.

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٢ شوانی تیپی ٢١ی کەرکوک و کەرتی ٣ و کەرتی ٤ و مەفرەزەیەکی کەرتی یەکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کە ژمارەیان ٨٥ پێشمەرگە بوو ڕووبەڕووی هێزەکانی داگیرکەر بوونەوە تا دەهات دوژمن هێزی زیاتری پەلکێشی شەڕەکە دەکرد بە تۆپی ١٠٦ ملم و چەکی هەمە جۆر دێیەکەیان ئاگر باران کرد.

پێشمەرگە دلێرەکانی کەرکوک و دەشتی هەولێر پەلاماری یەک لە دوای یەکی دوژمنیان تێکشکاند لە بڵندگۆی مزگەوتەوە بانگەوازی سەرکەوتنیان ڕاگەیاند خەڵکی گردە سوور بەو پەڕی تواناوە یارمەتی پێشمەرگەکانیاندا.

شەڕو پێکادانی خوێناوی تاوەکو کاتژمێر ٨:٣٠ دەقیقەی شەو بەردەوام بوو هەشت کاتژمێرو ٣٠ دەقیقەی بەردەوام گردە سوور نوقمی باروت و ئاگر بوو.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دوا هەڵمەتی شێرانەدا گەمارۆی سەرگردە سووریان تێکشکاند و هێزەکەی دوژمنیان ڕاونا.

بە گەڕانەوەو هەڵاتنی هێزەکانی دوژمن هێزێکی هاوبەش لە کەرتە قارەمانەکانی دەشتی هەولێر هێرشیانکردە سەر هێزە هەڵاتووەکەی دوژمن و گورزی کاریگەریان لێوەشاندن.

دوژمن کەوتە تۆپبارانی تێکڕای ناوچەکە تا سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/٦/٦ تۆپباران بەردەوام بوو دواتر پەلاماری گردە سووریانداو چەند ماڵێکی هاوولاتیانیان سووتاند و تاڵانکرد.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ١٨ جاش

بریندار بوونی ٢٠ چەکدار

زیانی ماڵی:

لە کارخستنی ٢ زرێپۆش

شکاندنی ٣ ئۆتۆمبێل

دەستکەوتەکان:

١ ئاربیجی
٤ کلاشینکۆفی سیخۆ
١ دەمانچەی ستار
٨ مەخزەنی کلاشینکۆف

قوربانی پێشمەرگە:

شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان ئەنوەر مستەفا خەڵکی ئێلیناخ

لە ساڵی ١٩٨٣ سەفین مەلا قەرە، سابیر ڕەسوڵ، سەلاح شینە فەرماندەی کەرت بوون، دواتر سابیر ڕەسوڵ کرایە فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر.

چالاکی ناو شار

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/١٤ چوونە ناو شاری هەولێر لە گەڕەکی حی صدام پۆلیسێکیان چەک کرد، دەستکەوت دەمانچەیەکی «سمس» بوو.

گردە سوور
مەڵبەندی چوار

لە ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٦ لە کاتێکدا پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٢) شەهید ئەحمەد قەمبەری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە هەندێک کاروباری شۆڕش چووبوونە ناو دێی گردە سوور لە نێوان قوشتەپە و پردێ لە پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە (١٠) ئۆتۆمبێل جاش و دوو ناقیلەی سەربازی و تۆپێکی ١٠٦ ملم و چەکی قورس هێرشێکی بەربڵاویان هێنایە سەر گردە سوور پێشمەرگە قارەمانەکانی هەولێر لێیان هاتنە دەست و شەڕێکی سەختیان لە گەڵدا کردن، شەڕ لە سەعات ٣:٣٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆ تا ٧:٣٠ دەقیقەی ئێوارە درێژەی کێشا سەرەنجام هێزەکەی دوژمن و جاشەکان هەڵاتن.

زیانی گیانی دوژمن:

کوژرانی ٦ جاش

کوژرانی ٣ سەرباز

دەستکەوت:

٢ سندوق گوللەی تۆپی ١٠٦ ملم

٣ شانەی کلاشینکۆف و ٩٠ فیشەکی ڕووسی

پاشان کۆپتەرەکانی ڕژێم خەڵکی ناوچەکەیان تۆپبارانکرد سێ ماتۆڕ سواریان بریندار کرد، پێشمەرگە قارەمانەکانیش سەرکەوتووانە و بێ زیان گەڕانەوە.

دەستەی نووێی تیپ
ئەنجوومەنی تیپ

دوای داستانی بێتواتە شاخەوان عەباس لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر گواستراییەوە، شێخ جەعفەر کرایە فەرماندەی تیپەکەو مەلا ئاراس جێگری بوو، دوای ڕۆیشتنی شێخ جەعفەر سابیر ڕەسوڵ کرایە فەرماندەی تیپ، دواتر ڕێباز کرایە فەرماندەی تیپەکە.

لە ماوەی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و ڕژێم کەرتەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەمجۆرە بوو.

١/ کەرتی (١) محەمەد شینە

٢/ کەرتی (٢) سەفین مەلا قەرە

٣/ کەرتی (٣) ئەحمەد کوردە

٤/ کەرتی (٤) سەلاح شینە

٥/ کەرتی (٥) فەقێ گۆمەشینی

٦/ کەرتی (٦) مامەند مەنتک

٧/ کەرتی (٧) نوری قادر باریکە

چـــالاکی ســـقەییە
چـــالاکی ســـپی

دوای شەهید بوونی مامە ڕیشە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بۆ ئەنجامدانی چالاکییەک چوونە دێی سقەییە لە دەم زێی بادینان.

خەڵکی دێیەکە زۆربەیان جاشی شەعبی بوون مەفرەزەیەک چوونە ناو دێیەکە، لە ناو خوێندنگای دێیەکەدا خەڵکەکەیان کۆکردەوە.

مامۆستا ئەحمەد ڕێبەری سیاسی بوو قسەی بۆ خەڵکی دێیەکە کردوو ووتی گفتوگۆمان لە گەڵ ڕژێم بە ئەنجام گەیشت و ڕێکەوتن لە نێوانماندا واژو کرا لە گەڵ حکومەتی عێراقی گەیشتینە ڕێککەوتنی کۆتایی عێراق مافەکانی گەلی کوردی سەلماندووە بۆیە حکوومەت داوای چەکەکان دەکاتەوە.

زۆربەی جاشی شەعبی دێیەکە چەکەکانیان تەسلیم بە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کرد، یاوەر ناوێک لێپرسراوی جاش شەعبییەکان بوو نەهاتبوو بۆ کۆبوونەوەکە چوار پێشمەرگە چوونە بەر دەرگای ماڵیان کلاشینکۆفێکی سیخۆی هەبوو لێیان وەرگرت لەو چالاکییە سپییەدا ٢٥ کلاشینکۆف دەستکەوت بوو، چالاکی سپی و بێ خوێن.

چـــالاکی هـــاوبەش

لە شەوی ١٩٨٥/٢/٢/١ هێزێکی هاوبەش لە کەرتی (١)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو کەرتی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ و کەرتی (٣)ی تیپی ٨٥ی بەرانەتی بۆسەیەکیان لە نزیک کەندیناوا دانا هێزێکی دوژمن کەوتە ناو بۆسەی پێشمەرگەکانەوەو بە توندی گوللەبارانکرا.

زیانی دوژمن:

کوژرانی (٥) کەس

نەقیبێک و ٢ ملازم و ئامر قاتعی جەیشی شەعبی و جەیشی شەعبییەک

گـــرتنی چـــوار ڕەبـــییە
مـــانگی 1985/2

تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر هێرشیانکردە سەر (٥) ڕەبییە لە نێوان کۆیە و هەولێر دەستیانگرت بە سەر چوار ڕەبییەدا بەڵام پێنجەمیان نەگیرا.

چـــالاکی هـــاوبەشی (2)

بەشێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە ڕۆژی ١٩٨٥/٢/١٢ بۆسەیەکیان دانا، سەعات (١٠)ی بەیانی هێزێکی دوژمن کەوتە بەر دەستڕێژی کوڕەکانی هەولێرو قەرەچوخ لە ئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی سەربازێک

بەدیلگرتنی ٦ سەرباز

گرتنی ٢ خەبیری ئیتاڵی

دەستکەوت:

١ ناقیلە

١ ئیڤا

دوای ئەوەی گرینۆفی ناقیلەکە دەرهێنرا لە گەڵ ئیڤاکەدا سووتاندیان

٤ کلاشینکۆف

١ ڕەشاشی ئاربیکەی و ٣ ئۆتۆمبێلی تر

لە کاتی گەڕانەوەشدا ئەمنێکی ناحیەی گوێر دەستگیر کرا

بـــــۆسە

هێزێک لە پێشمەرگە نەبەزەکانی هەر دوو تیپی هەولێرو قەرەچوخ لە ڕۆژی ١٩٨٥/٢/١٢ بۆسەیەکیان لە نزیک مەخمور داناو ئەفسەرێک و نائب زابتێکیان دەستگیر کرد.

مـــەڵبەندی چـــــوار

کاتژمێر دووی شەوی ٢٠-١٩٨٥/٢/٢١ هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی مەڵبەندی چوار هێرشیانکردە سەرمەرکەزی ناحیەی خۆشناو و ڕەبییەکانی دەوروبەری،

پێشمەرگەکانی مەڵبەندی چوار گوللەبارانی مەرکەز و مقەر سریە و رەبییەکانی سەر نەخۆشخانەیان کرد لەهەمان کاتدا هێرشیانکردە سەر رەبییەکانی دەورووبەری ،لە ئەنجامدا تواندرا دوو ڕەبییە و مقەر سریە وڕەبییەکانی سەر نەخۆشخانەیان پێچۆڵبکەن .زیانی دوژمن کوژران و بریندارببوونی ژمارەیەکی زۆر و بەدیلگرتنی ژمارەیەک سەرباز .

دەسکەوت

١هاوەن ، ١ئاربی جی، ١بی کەی سی ،١ ئار بی کەی ، ١ کلاشینکۆف،١ دووربین، ٥ سندوق نارنجۆک، ٢٠ مەخزەن، ١ دەمانچەی تەنویر ،١٠ هەزار فیشەکی بی کەی سی،١٠ هەزار فیشەکی کلاشینکۆف،٣٣ گوللەهاوەن، ٨٣ گوللە ئاربی جی ،٤٧ بەتانی

نـــێوان کـــۆیە هـــەولێر
شـــــەوی 1985/3/4/3

زنجیرەیەک ڕەبییەی جاشی شەعبی لە نێوان ڕێگەی کۆیە هەولێر بوون، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوخ لە هەڵمەتێکدا دەستیان بە سەرداگرتن.

ژمارەیەک جاشی شەعبی کوژران

ژمارەیەک چەک دەستکەوت بوون

لەو شەڕەدا کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە و ڕێبەری سیاسی کەرتی (٣) نەجات دوبزی شەهید بوو.

شەهید نەجات برای حەوت خوشک بوو بە نیاز بوو هاوسەرگیری بکات بەڵام شەهید بوون بووە خەنەبەندانی سەرفرازی و بە خوێنی گەشی ئەو داستانەی نووسییەوە.

شەهید نەجات لە دوا هەناسەی پێش شەهید بوونی دەیووت بژی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

کەم بژی، کەڵ بژی

شـــەڕی قـــــەشقە – ئـــــازیانە
1985/3/7
(1)

هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێکهاتبوو لە سەرباز و جاش بە پاڵپشتی ١٦ دەبابە، ١٢ مودەرەعە،٦ کۆپتەر ، ٢ پیلاتۆس و چەکی هەمەجۆر لە رۆژی ١٩٨٥/٣/٧ بەنیازی گەمارۆدان و زیان گەیاندن بە پێشمەرگە پەلاماری ناوچەی دەشتی هەولێریاندا. پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٣ مەفرەزەیەکی کەرتی (٥) ی تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر و مەفرەزەیەکی مەڵبەندی چوار و مەفرەزەیەکی کەرتی (٥) ی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ و لە دێی قەشقە و ئازیانە ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و لێیاندان ، لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تا (٨)ی شەو شەڕ لە قەشقە بەردەوام بوو پێشمەرگە دلێرەکانی کەرتی دوو تیپی٨٦ لە ئازیانە ڕووبەڕووی هێزی دوژمن بوونەوە زیانی زۆریان پێگەیاندن لەکاتژمێر ٩ی بەیانی تا ٨ی شەو شەڕ بەردەوام بوو. زیانی دوژمن کوژرانی ٤٩ چەکدار تێکشکاندنی ئیڤایەک و مودەرەعەیەک لە هەر دووشەڕی قەشقە و ئازیانە (٦) پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون بەم ناوانە :

١- شەهید عبدولباقی بارزانی فەرماندەی کەرتی (٢) ی تیپی ٨٦
٢- شەهید موحسین محەمەد خەڵکی ئیلینجاخ پێشمەرگە کەرتی ٢ ی تیپی ٨٦
٣- شەهید رەمەزان پێشمەرگەی کەرتی ٢ی تیپی ٨٦
٤- شەهید لاوکۆ کەریم پێشمەرگەی کەرتی ٢ی تیپی ٨٦
٥- شەهید شێرزاد رەسول پێشمەرگەی کەرتی ٥ ی تیپی ٨٦ خەڵکی قوشاغلو
٦- شەهید سەباح پێشمەرگەی کەرتی ٥ ی تیپی ٨٦

بریندار بوونی (٥)پێشمەرگە

کۆپتەر و پیلاتۆسەکانی ڕژێم جگە لە لێدانی پێشمەرگە لە کاتژمێر (٨)ی بەیانی تا ٦ ی ئێوارە دەشتی هەولێریان بۆردومان کرد و ٢٣ هاوولاتیان شەهید کرد.

دێیەکان

*بانەمۆرد ٣ شەهید

*جل بەسەر ٩ شەهید

*ئازیانە ٥ شەهید

*گردەلە ٥ شەهید

*قەشقە ١ شەهید

هێزێکی زۆری ڕژێم بە پاڵپشتی شەش کۆپتەر هاتن کۆپتەرەکان کەوتنە بۆردومانی ناوچەکە لە ئاڵتون کۆپرییەوە خەڵکیان کوشت هەتا دوا دێی دێدەوان نزیکەی (٢٠) هاوولاتی شەهید بوون.

دوو کەرتی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە قەشقە بوون هێزێکی زۆری دوژمن کە پێکهاتبوون لە جاش و سەرباز بە پشتیوانی شەش دەبابە هاتنە کەلی قەشقە.

شەڕ لە کاتژمێر ٩ی بەیانی دەستیپێکرد تا کاتژمێر ١٠ی شەو بەردەوام بوو، پێشمەرگەکان چوار دەوریان گیرابوو تەنها ڕێگەیەک مابوو لەو ڕێگەیەوە کشانەوە سێگردکان.

لەو شەڕەدا دوژمن زیانی گەورەی بەرکەوت، قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی چوار پێشمەرگەی قارەمان بوو.

١/ شەهید ڕەمەزان حەمەد عەلی

٢/ شەهید لاوکۆ خەڵکی قوشتەپە

٣/ شەهید سەباح خەڵکی چەلتۆ

٤/ شەهید شێرۆی نارینی پلکە بەگمێ خەڵکی قشاغلو

هاوکات لە گەڵ شەڕی قەشقە لە ئازیانەش شەڕ بوو، لە شەڕی ئازیانە باقی بارزانی شەهید بوو.

شـــەڕی ئـــــازیانە
(2)

هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێکهاتبوو لە جاش و سەربازو ٢٠ دەبابەو ١٨ کۆپتەر لە ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٧ هێرشیانکردە سەر دێی ئازیانەی سەربەستی شاقازی لە ناحیەی قوشتەپە، دوژمن گەمارۆی ئازیانەیدا.

جەلال ئیلینجاخی و عەبدولباقی بارزانی و قارەمانەکانی کەرتی دووی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوە، ٢٢ پێشمەرگە لە بەرانبەر (٣٠٠٠) جاش و سەرباز لە سەنگەردا بوون شەڕێکی سەختیان لە گەڵ هێزەکەی دوژمندا کردو تێکیانشکاندن.

لەو شەڕە سەخت و نابەرانبەرەدا تێکڕای خانووەکانی ئازیانە بە گوللەی تۆپ بە سەر یەکدا ڕووخێندران بەڵام پێشمەرگە نەیهێشت هێزەکەی دوژمن بێتە پێشەوە.

لەو شەڕە کەم وێنەیەدا کە تا ئێوارەی خایاند عەبدولباقی بارزانی فەرماندەی کەرتی «٢» ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو محسن حەمە سالّح و (٥) هاوولّاتی شەهید بوون بۆ ڕۆژی دوایی دوژمن ئازیانەی بە تەواوی خاپوور کرد، دوژمن زیانی گەورەی بەرکەوت.

هەمان ڕۆژ دوژمن هێرشیکردە سەر قەشقە، پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر و مەفرەزەیەکی مەڵبەند ڕووبەڕوویان بوونەوەو شەڕ تا ئێوارەی خایاند، دەمەو ئێوارە هێزێکی پێشمەرگە بە هانای شەڕەکەوە هاتن.

لەو شـەڕەدا (٦) پێشمەرگە شەهید بوون کۆپتەرەکانی دوژمـن ناوچەکەیان ئاگرباران دەکرد دەستیان لە هاوولّاتی، شوان، جووتیار نەدەپاراست، لەو پەلامارەی دوژمندا دێیەکانی ئازیانە و قەشقە و جل بە سەر سووتێندران، حەوت پێشمەرگەو ٢٣ هاوولّاتی شەهید بوون.

لە دێی جل بە سەر ئەفسەرێک ژێر خانوو کەوتبوو خەڵکی جل بەسەر بە بریندارى ڕزگاریانکرد لە ژێر داروپەردووی ڕووخاوی خانووەکە دەریانهێنا لە کاتێکدا لە جل بە سەر چەندین هاوولّاتی شەهید بوون.

لـــــێدانی گـــــۆپتەپە

کاتژمێر چوار بەیانی رۆژی ١٩٨٥/٤/١ جاشەکانی قاسم ئاغا وزاهیر ئاغا چوونە سەر دێی گۆپتەپە و گوللە بارانیان کرد زیاد لە ٢٠ گوللە ئاربی جی یان بەرەو گۆپتەپە تەقاند لە ئەنجامدا ژنێک بە ناوی رەعنا حاجی غەفور بریندار بوو.

هـــــەولێر - گـــــوێر

تۆڵەی شەهیدانی عەبدولباقی بارزانی و مەجیدە سورو هاوڕێکانیان

کاتژمێر (٣)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٥/٦ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی هەر دوو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوخ دوای دانانی نەخشەو پلانی گونجاو لە گەڵ بارودۆخی ناوچەکەدا بۆسەیەکی مەحکەم و وردیان بۆ حیمایە عەسکەریەکەی ئیشغالی ڕێگای گوێر هەولێر دانا.

لە کاتژمێر ٣:٣٠ دەقیقەدا قافڵەیەکی حیمایەی دوژمن کەوتە ناو بۆسەکەوەو کەوتە بەر دەستڕێژی چڕی پێشمەرگە شەڕ بۆ ماوەی نیو کاتژمێر درێژەی کێشا، دوای نیو کاتژمێر شەڕ هێزەکەی دوژمن لە بەر یەک هەڵوەشاو گڕو دووکەڵی ئۆتۆمبێلی سووتاوو خوێنی ڕژاوی داگیرکەرو گۆڕەپانی نەبەردی شەڕ مژدەی سەرکەوتنی دەگەیاند هێزەکەی دوژمن بەزین و تێکشکێندران، قافڵەی حیمایەکە سەر بە وەحدەی (٣٤٨٠) و سریەی (٥) بوو.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ١٥ کەس

دەستکەوت:

٣ ئاربیجی و ٢٠ گوللە

٢٠ کلاشینکۆف و ١٠ شانە

٢ سندوق فیشەکی کلاشینکۆف

٢ ئۆتۆمبێلی تەنکەر

ئۆتۆمبیلێکی ئەلبی

لە گەڵ ئەنجامدانی چالاکی سەر جادەی هەولێر گوێر لە نیوە شەو جادەی هەولێر کەرکوک بووە مەیدانی شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمندا پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوخ دەستیان گرت بە سەر دوو ڕەبییەدا، ژمارەیەک چەکدار کوژران و چەند پارچە چەکێک دەستکەوت بوون.

بۆ تۆڵە سەندنەوەی شکستەکانیان هێزێکی گەورەی دوژمن لە ڕۆژی ١٩٨٥/٥/١٣ پەلاماری دێی سماقەیاندا لە کاتژمێر ٣ی دوا نیوەڕۆ شەڕ دامەزرا.

هێزێکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی مام غەفور گورزی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو.

لەو شەڕەدا قاسم محەمەد نێرەگینی کادیری پێشکەوتووی «ی ن ک» شەهید بوو، ژمارەیەک جاش کوژران و بریندار بوون، بۆ ڕۆژی دواتر دوژمن سماقەی سووتاند.

شـــــەڕی ســـــماقە

کاتژمێر حەوتی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٥/١٤ سێ فرۆکەی سەمتی هاتنە سەر دێی سماقە و بۆردومانیان کردتا کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ لە ئاسمانی ناوچەکە دەسوڕانەوە ، لەبەیانی هەمان ڕۆژ هێزێکی دوژمن لە چوارقۆڵەوە پەلاماری ناوچەکانی دەشتی هەولێریان دا.

قۆڵی یەکەم لە ڕێگەی تەقتەقەوە

قۆڵی دووەم لە بەردە بازەوە

قۆڵی سێیەم لە ڕێگەی ئاڵتون کۆپری گۆمە شینەوە

قۆڵی چوارەم لە ڕێگەی گۆپتەپەوە

ئەو هێزەی قۆڵی چوارەم کەپێکهاتبوو لە جاشی سورچی سەعید ئەسعەد شێتنە و دۆڵەمەڕیەکان، مزوری و جاشەکانی کەرکووک لەگەڵ فەوجێکی سەربازی بە پاڵپشتی (١٠) دەبابەیە و (٨) کۆپتەر و دوو فرۆکەی پیلاتۆس چوونە دێی سماقە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ هەولێر لە کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ ڕووبەڕوویان بوونەوە

و شەڕ تا کاژمێر هەشت ئێوارەی خایاند.

زیانی دوژمن

کوژرانی ١٢ جاش و ئەفسەرێک و بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر سەرباز و جاش و تێکشکاندنی دوو دەبابە و شۆفڵ.

قوربانی پێشمەرگە

شەهید بوونی پێشمەرگەیەک بە ناوی قاسم محمد برایەکی تریشی لە شەوی ٣-٤ /١٩٨٥/٤شەهید بوو، شەهید بوونی ژنێک.

بـــۆسە-شـــەقلاوە-هـــەریر

لە شەوی ١٩٨٥/٧/١٧/١٦ مەفرەزەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو چەند پێشمەرگەیەکی مەڵبەندی (٤) بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی شەقلاوە هەریر لە نزیک گوندی میراوا دانا، لە سەعات ١٠:٤٠ دەقیقەی شەودا هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە (٣) ئۆتۆمبێلی جاشی شەعبی کەوتنە بۆسەکەوەو بۆ ماوەی نیو سەعات ئاگربارانیانکردن.

زیانی دوژمن:

کوژرانی (٥) جاش شەعبی سەر بە (قاطعی التامیم السابع)

دەستکەوت:

٢ ئاربیجی (٧) بە کۆڵەپشتێکەوە

١ کلاشینکۆف

تـــۆپبارانی سەربازگەی قـــوشتەپە

مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر لە نزیک قوشتەپە ماوەی کاتژمێر و نیوێک تۆپبارانی سەربازگەی قوشتەپە و مونەزەمەی حیزبی بەعس و فەوجی خەفیفەیانکرد لە ئەنجامدا شەش جاشی ناشەعیی بریندار بوون و دوو ئۆتۆمبێل تێکشکێنران.

بـــۆسە- دیـــــبەگە

رۆژی ١٩٨٥/٨/٤ مەفرەزەیەکی کەرتی (٢) تیپی ٨٦ ی هەولێر لەسەر جادەی گشتی دیبەگە بۆسەیەکیان دانا کاتژمێر ٦ ئێوارە (٣) جاش کەوتنە بۆسەکەوە.

دەسکەوت

٣ کلاشینکۆف

١ ئوتۆمبێلی لادا

دوو چـــــالاکی 1985

رۆژی ١٩٨٥/٩/٤ دەستەیەک پێشمەرگەی تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر لەدێی موسکەی گچکە تووشی مەفرەزەیەکی جەیشی ناشەعبی بوون و لە ئەنجامدا چەکدارێک کوژراو یەکێکیتر بریندار بوو. رۆژی ١٩٨٥/٩/٥ دەستەیەک پێشمەرگەی تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر لە سەر جادەی سەرکان – گەیارە بۆسەیەکیان دانا ، جاشێک کەوتە بۆسەکەوەو دەستگیر کرا کە ژمارەی ناسنامەکەی ٥٤١ بوو.

چـــــالاکی 1985

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و دەشتی هەولێر لە ڕۆژی ١٩٨٥/٩/١٣ چوونە ناو شاری هەولێرەوە و تاوانبارێکیان بە سزا گەیاند.

هەمان ڕۆژ لە سەر جادەی معسکری هەولێر بیجۆیەکی ژمارە «٣٠٩٤٤٥» یان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و زابتێکیان تیایدا کوشت.

هەر لە مانگی «٩»دا دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر چوونە مۆرتکی بچووک و چەکدارێکی جەیشی شەعبییان کوشت.

هەمان تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە سەر جادەی گشتی گیارە شەڕگات نەقیبی سەربازی «نەقیب خزر»یان کوشت ژمارەی ناسنامەکەی «٥٤٢» لە دایکبووی «١٩٥٥» بوو.

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی بەڕانەتی و دەشتی هەولێر لە ڕۆژی ١٩٨٥/٩/١٧ چوونە ناو شاری هەولێرو ڕەئیسی مەجلیسی شەعبی دەوکیان کوشت.

بـــــرووسکە
1985

بروووسکەیەک لە دەزگای پێشمەرگایەتییەوە بۆ هەموو مەڵبەند و تیپەکانی (ی.ن.ک) لەمەودوا نابێت هیچ چالاکییەک بە ناوی کەرت و مەفرەزەکانەوە بڵاوبکرێتەوە لەبەر کەسوو کاری پێشمەرگە چونکە رژێم کەسووکاری ئەو پێشمەرگانە دەگرێت کە لە چالاکییەکەدا بەشدار بوون بەهۆی کەرت و مەفرەزەکانەوە دەناسرێن.

لێدانی کارگەی قیر
چوونە ناو هەولێر

هێزێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٧ قەرەچۆخ و ٨٦ دەشتی هەولێر لە شەوی ٢٠-١٩٨٥/٩/٢٠ هێرشیانکردە سەر کارگەی قیری سەر ڕێگەی هەولێر مەخمور و ڕەبییەی حیمایەی کارگەکەو سەربازەکان هەڵاتن، پێشمەرگەکان ئاگریان لە کارگەی قیرەکە بەرداو دەستیانگرت بەسەر ڕەبییەکەدا.

دەستکەوت دوو کڵاشینکۆف و ئوتومبیلێکی لاندکرۆزەر بوو.

هێزە هاوبەشەکەی تیپی هەولێر قەرەچوخ لەچەند قۆڵێکەوە دابەشبوون.

هێزێک بۆ لێدان و چەواشەکردنی سەیتەرەی هەولێر مەخمور.

هێزێکیش بۆ دانانی بۆسەی پتەوو بەربڵاو لەنێوان ماجیداواو حی صدام

هەر لەگەڵ یەکەم تەقەدا هێزێکی دوژمن کەپێکهاتبوو لە (١٠) ئوتومبیلی پڕ لەقوەخاسە و طواری کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکان هەر لە جێدا شەش ئوتومبێل سووتان و گڕیانگرت.

هێزێکیتری دوژمن بە پشتیوانی مودەڕەعەوە هاتن بە فریای هێزە تێکشکاوەکەیانەوە ئەمانیش بەهەمان دەردی هێزەکەی پێشووچوون دوژمن نەیتوانی هێزیتر ڕەوانە بکات.

زیانی دوژمن

کوژرانی ١٥٠ قوات خاسە و طواری و بریندارببوونی دەیانیتر

سووتاندنی ٣١ ئوتومبێلی هەمە جۆر و کارگەیەکی قیر.
هێزە هاوبەشەکەی قەرەچوخ و هەولێر بەسەلامەتی گەڕانەوە

نـــاو هـــــەولێر

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و ٨٦ی دەشتی هەولێر لە کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٩/١٧ لە ناو شاری هەولێردا ئۆتومبێلێکی پیاوانی ڕژێمیان دایە بەر دەستڕێژی گوللەو ملازمێکی تیا کوژرا.

لێدانی جاش

هێزێکی هاوبەشی تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر و ٨٧ قەرەچوخ لە شـەوی ٢٥-١٩٨٥/١٠/٢٦ چوونە سەر دێی شەمشولەی ناوچەی شەمامک و لە جاشەکانیاندا.

زیانی دوژمن

کوژرانی ١٦ جاش و بەدیلگرتنی دوو جاش

دستکەوت

١ ئاربی جی
١١ کلاشینکۆف
١ پەڕشووت
٢ دەمانچە
١٣ ئوتومبیلی هەمەجور

شـــــەمشولە 1985

هێزێکی هاوبەش لە هەردوو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ ی قەرەچووخ لە شەوی ٢٩-١٩٨٥/١٠/٣٠ هێرشیانکردە سەر دێی شەمشولەی ناوچەی شەمامک شەڕ لە کاتژمێر ٨,٤٥ دەقە تا درەنگانێکی شەو بەردەوام بوو لە ئەنجامدا دوانزە جاش کوژران و دوو جاش بەدیلگیران .

دەستکەوت

١ ئار بی جی

٥ کلاشینکۆف

٢ پەرەشووت

٢ دەمانچە

١٣ ئوتۆمبیلی هەمەجۆر

بـــــۆسە
مـــانگی 1985/11

هێزێکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی فاروقی عەلی مەولود لە ڕێگەی هەولێر کۆیە بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا دوو ئۆتۆمبیلی سەربازی کەوتنە بۆسەکەوەو پێشمەرگەکان لێیاندان.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ئەفسەرێک بە پلەی عەقید کە فەرماندەی جەحافلی خەفیفە بوو لە گەڵ کوژرانی (٥) سەربازیتر.

سووتاندنی ٢ ئۆتۆمبێڵ

کـــــوشتنی دوو ئـــــەفسەر

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی چوار لە ڕۆژی ١٩٨٦/١/٥ چوونە ناو شاری هەولێر لە کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆدا رائیدێک و ملازم ئەوەلێکی مغاویریان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوژران.

دەسکەوت

٢ کلاشینکۆف

١ جیهازی هۆکی تۆکی

هەمان مەفرەزە لە ڕۆژی ١٩٨٦/١/٢٦ لەناو شەڕگەی دەواجن ئوتۆمبێلێکیان هێنایە دەرەوە و بە سەلامەتی گەڕانەوە .

تـــۆڵەی شـــــەهیدان

رۆژی ١٩٨٦/١/١٠ مەفرەزەیەک پێشمەرگەی مەڵبەندی چوار چوونە ناو شاری هەولێر، ئامر مەفرەزەیەکی ئەمن و چوار جاشیان کوشت ، ئەم چالاکییە لە تۆڵەی شەهیدان محەمەد عەجەم ،خالیدسابیر ،مەغدید ئیبراهیم بوو.

جـــــەرگەی هـــــەولێر 1986

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٧ قەرەچووخ لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی رۆژی ١٩٨٦/١/٢٧ لەناو شاری هەولێر لەبەردەم مالّی ئامرفەوجێکدا تەقەیان لە گەلە جاشێک کرد لەئەنجامدا(٥)جاش کوژران و (٧) بریندار بوون.

بـــــۆسە

رۆژی ١٩٨٦/٢/٨ مەفرەزەیەکی تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی هەولێر کەرکوک دانا ،جێب قیادەیەک کەوتە بۆسەکەوە و ئەوەی تیایدا بوو کوژرا،پێشمەرگەیەکیش بەسووکی بریندار بوو.

گـــــرتنی رەبـــــیلەی بـــــیرەبات

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٨٦ی هەولێر لە شەوی ٨-١٩٨٦/٢/٩ هێرشیانکردە سەر ڕەبیلەی پاڕێزگاری بیرەنەوتەکانی دێی بیرەبات لە نزیک دبس.

زیانی دوژمن

کوژرانی یەک جەیشی ناشەعبی بەدیل گرتنی شەشیتر

دەسکەوت

١٠ کلاّشینکۆف

٦ هەزار فیشەک

لـــــێدانی جـــــاش

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە دوژمن شکێنەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە یادی ساڵێک بە سەر شەهید بوونی شەهیدان سلیمان محەمەد و نەجات ئەحمەدو

سەباح هەمزە لە شەوی ١٩٨٦/٣/٥/٤ چوونە ناو شاری هەولێرو دەستیانگرت بە سەر گەڕەکی مەجیداواو کەوتنە گەڕان بە دوای جاش و خۆفرۆشاندا.

زیانی دوژمن:

کوشتنی ٢ جاش

تێکشکاندنی ئۆتۆمبێلێکی جاش دەستگیرکردنی (٦) جاش

دەستکەوت:

١ ڕەشاشی دکتاریۆف

٩ کلاشینکۆف و ٣٠ شانە

پێشمەرگەکانیش سەرکەوتووانە و بێ زیان بوون

نـــاو هـــەولێر

هێزێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر لە شەوی ٤-١٩٨٦/٣/٥ چوونە ناو شاری هەولێر و مالّی چەند خۆفرۆشێکیان پشکنی .

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢ چەکدار

بەدیل گرتنی ٨ چەکدار

دەسکەوت

١ ڕەشاشی ئاربی کەی

٩ کلاشینکۆف و ٣٠ مەخزەن

دوو چـــالاکی پەلاماری دوژمـــن

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە کاتژمێر ٩,٣٠ دەقیقەی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٣/١٣ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی گشتی هەولێر گوێر دانا.ئوتۆمبێلێکی ڕژێم کەوتە بۆسەکەوەو درایە بەر دەست ڕێژی گوللەلە ئەنجامدا دوو کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران ودوانیترش بریندار بوون،

ئوتۆمبێلەکەش تێکشکێنرا.

هـەرهـەمـان دەسـتـە لـە کاتژمێر ٢,٣٠ دەقـیـقـەی دوانـیـوەڕۆی هـەمـان ڕۆژ بۆسەیەکیتریان لە نزیک سەیتەرەی هەولێر – مەخموور دانا ئوتۆمبێلێکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوە و ئاگرباران کرا ، لە ئەنجامدا (٣) جاش کوژران کە یەکێکیان فەرماندەی مەفرەزەی خاسەی ژمـارە ١٨٦ی رژێم و خۆفرۆشێکی ناسراوبوو دەستی هەبوو لە شەهید کردنی چەندین پێشمەرگەو هاوڵاتیدا .

دوای ئەو دوو چالاکییە دوژمن پەلاماری ناوچەکەیدا ولە دێی عەوێنە کەوتنە ئازاردانی هاوولاتیان ، هێزێکیتری دوژمن پەلاماری دێیەکانی دووستپە و دالّداغان و قۆریتانیان داو زیاتر لە مالّی (١٠) هاوولاتیانیان سوتاندوو چەند ژن و منالّێکیان شەهید و بریندار کرد

لـــێدانی پـــاریزگاری هـــەولێر
بـــرایم زەنـــگەنە
1986/3/18

بارەگای مەڵبەندی «٣» لە بالیسان بوو، کاک کۆسرەت بڕیاریدا بگوازرێتەوە سماقوڵی سەروچاوە.

کاک کۆسرەت لێپرسراوی مەڵبەندی «٣» بوو کۆبوونەوەی فراوانی لە گەڵ فەرماندەکانی تیپەکانی سەر بە مەڵبەند ئەنجامدا.

گۆڕانکاری لە چالاکی تیپەکاندا، لە گرتنی ڕەبیەو لێدانی کاروانی سەربازی و چالاکیەکانیترەوە بۆ چالاکی گەورەو گرتنی سەربازگەو ناحیەو مۆڵگەی گەورەی دوژمن گۆڕدرا، باسکی پێشمەرگە بەهێزترو ئەستورتر بوو.

هاوکات لە گەڵ گۆڕانکاری لە تیپ و شێوازی شەڕی پێشمەرگانەدا چەندین گروپی چەکداری پێشمەرگانە پێکهات بۆ ئەنجامدانی چالاکی لە ناو شارەکانداو وەشاندنی گورزی شۆڕشگێڕانە لە دەستە و تاقمەکانی ڕژێم و سزادانیان، سەردار سەعید سۆفی، ئەیوب یوسف سەعید، بەختیار کاوانی ئەرکی لێدانی پاریزگاری هەولێریان لە ئەستۆ گرت.

کاک کۆسرەت، سەردار و ئەیوب و بەختیاری بانگ کردە بارەگای مەڵبەند لە سماقولی سەروچاوە، پێیووتن ئەمڕۆ دەبێت بچن لە پاریزگاری هەولێر بدەن.

سەردار و ئەیوب و بەختیار ڕۆژی ١٩٨٦/٣/١٨ بەڕێکەوتن چوونە لۆفەی خانزاد بۆ پیرزین و بەحرکە لەوێشەوە چوونە ناو شاری هەولێر شەو لە شاری هەولێر مانەوە بۆ بەیانی چوونە نزیک مالّی پاریزگاری هەولێر چاوەڕێ بوون کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی پاریزگاری هەولێر بکەوێتە ڕێ و لێیبدەن.

کاتژمێر ٨:٣٠ دەقیقەی بەیانی بوو بەختیارو سەردار و ئەیوب بە سواری ئۆتۆمبێل گەیشتنە نزیک مالّی پاریزگار، بەختیار کاوانی ئۆتۆمبێلەکەی لێدەخوڕی سەرداری سەعید سۆفی و ئەیوب یوسف دابەزین بەختیار لە ناو ئۆتۆمبێلەکە مایەوە تا ئامادە بێت بۆ هەر ڕووداوێکی نەخوازراو سەردارو ئەیوب لە سەر جادە ڕێی

مالّی پارێزگار وەستا بوون کاتژمێر ٨:١٠ دەقیقە پارێزگار هات، سەردارو ئەیوب سەرکەوتنە ناو ئۆتۆمبیلەکە بەختیار ئۆتۆمبیلەکەی دەهاژو بەرەو بەر دەرگای مالّی پارێزگار پۆلیسی بەردەم دەرگای مالّی برایم زەنگەنە ئۆتۆمبیلەکەیان ئاگادار کردەوە بوەستێت، بەختیار نەوەستاو لە بەردەم مالّی پارێزگار پێچی کردەوەو پێش کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی برایم زەنگەنە کەوت.

بەختیار لە ئاوێنەی ئۆتۆمبیلەکەوە کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی پارێزگاری دەبینی نزیک بە (١٠) ئۆتۆمبێل دەبوون.

بەختیار ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت سەردارو ئەیوب دابەزین هاتنە سەر جادەکە، ئەو ڕۆژە کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی پارێزگار زۆر بوون مدیری ئەمنی موسڵ و مدیری پۆلیسی هەولێری لە گەڵ بوون.

کاروانی ئۆتۆمبیلەکان هاتن ماتۆڕی پۆلیسی هاتووچۆ لە پێشیانەوە دەڕۆیشت ئۆتۆمبیلەکەی پارێزگاری هەولێر گەیشتە نزیک سەردارو ئەیوب لە گەڵ نزیکبوونەوەی دەمیتری ئۆتۆمبێلی برایم زەنگەنە سەردارو ئەیوب دەستڕێژی گوللەیان لێکردن یەکێک لە پاسەوانەکانی پارێزگار تەقەی لە ئەیوب و سەردار کرد ئەیوب بە سووکی بریندار بوو.

لە کۆبوونەوەی سماقولّی وابڕیاردرا بە ئاربیجی لە کاروانی ئۆتۆمبیلەکەی پارێزگار بدرێت بەڵام درەنگکەوتنی دەرچوونی پارێزگارو تێکچوونی کاتەکە دەرفەتی نەدا بە ئاربیجی لێیبدەن.

ڕێکخستنەکانی ناو شار زانیارییان دابوو بە مەڵبەند کە ئۆتۆمبیلەکەی پارێزگار مارسیدسێکی شینی ئاسمانییەو پەردەی پێوەیە.

لە کاتی هاتنی ئۆتۆمبیلەکەی پارێزگار پێشمەرگەکان برایم زەنگەنەیان بینی دەستی بە ئەڵقەی دەرگای مارسیدسەکەوە گرتبوو پەردەشی پێوەبوو، لە گەڵ لێدانی ئۆتۆمبیلەکەی پارێزگار تایەکانی پەنچەر بوون شۆفرلێتەکان کەوتنە قەراغی جادەکەو خۆیان بە یەکترادا.

دوای لێدانی پارێزگاری هەولێر سەردارو بەختیارو ئەیوب گەڕانەوە چوونە ئیسکان لەوێوە چوونە عەنکاوا لەوێشەوە بۆ بەحرەکە، کەڕک، پیرزین بە جادەی شەقڵاوەدا چوونەوە لۆفەی خانزاد، چەند وێنەیەکیان بە کامێرای کۆداک بۆ یادگاری لە لۆفەکانی خانزاد گرت و گەڕانەوە مەڵبەندی «٣».

لە گەڕانەوەیاندا بۆ مەڵبەندی «٣» کاک کۆسرەت ، شێخ جەعفەر، تەحسین کاوانی، مامۆستا چەتۆ، مامۆستا بەکر، شێخ عەلی حەمە سالّح بە گەرمی پێشوازییان لێکردن.

لێدانی پارێزگاری هەولێرو کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی لە ناو جەرگەی هەولێردا دەنگدانەوەی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا، ئەو ڕۆژە شاری هەولێر دارو بەردی پێدەکەنی، ئەو ڕۆژە شایی و لۆغانی سەرکەوتنی پێشمەرگە و مەرگی داگیرکەر بوو.

ناو شاری هەولێر بەدەیان مۆڵگەو سەربازگەو هێزی هەمە جۆرو قوات خاسەو جاش و سەربازو تەواری و پۆلیس و ئەمن و ئیستخبارات تەندرا بوو، ئەوەی ڕژێمی بەعس و پارێزگارەکەی چاوەڕێیان نەدەکرد لێدانی پارێزگار بوو لە ناو جەرگەی هەولێردا.

چالاکی لێدانی پارێزگار عەرشی داگیرکەری هەژاند هێندەیتر ورەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی بەرز کردەوەو جۆشدایەوە.

دوای لێدانی پارێزگارو گەڕانەوەی سەردارو بەختیارو ئەیوب شێخ جەعفەر لە ڕێگەی بێتەلەوە ڕایگەیاند ئەو برادەرانەی کارەکەیانکرد گەڕانەوە.

زۆری نەبرد هەواڵی لێدانی پارێزگاری هەولێر شار بە شارو دێ بە دێی تەنی و هەژاند لە ئیزگەوە بە جۆش و خرۆشەوە بڵاوکرایەوە.

گـــرتنی دوو ڕەبـــیبە

هێزێکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی مام غەفور فەرماندەی تیپ و فاروقی عەلی مەولود دەستیان گرت بە سەر دوو ڕەبیبەداو ژمارەیەکی زۆر چەک دەستکەوت بوو.

ســـێ چـــــالاکی لە ناو شـــــاردا

شەڕی ناو شار، لێدانی بنکەو مۆڵگەو هێزەکانی دوژمن لە مێژووی شۆڕشی نوێدا پانتاییەکی گەورەی داگیر کردووە بە جۆرێک کەم هەفتەو مانگ هەبوو لە ناو شارەکانی هەولێر، کەرکوک، سلێمانی و شارو شارۆچکەکان چالاکی پێشمەرگانە ئەنجام نەدرێت.

شەوانی چوونە ناو شار، شەوانی دڵخۆشی و ئومێدی خەڵک و ترس و لەرزی داگیرکەر و خۆفرۆشان بوو کە پێشمەرگە دەچوونە شار گۆمی بێدەنگی دەشڵەقاو زستانی سەرماو کڕێوە دەبووە بەهار.

هەموو شەوێک شەوی پێشمەرگە بوو پێچەوانەی ئەو سەرماو گەرمایە نەدیوانەی پەردەی پەنجەرەی ژوورەکانیان دادەداو دەیانووت ئەمشەو شەوی پێشمەرگەیە.

پێشمەرگە قارەمانەکانی هەولێر، قارەمانەکانی ڕۆژی ڕەش و تەنگانەی گەل لە نێوان هەر دوو مانگی (٣،٤) ئازارو نیسانی ١٩٨٦ سێ چالاکییان لە ناو شاری هەولێر لە بەردەم لوت و هەناسەی مۆڵگەکانی داگیرکەردا ئەنجامدا.

چـــــالاکی یـــــەکەم

لە کۆتایی مانگی (٣)ی ساڵی ١٩٨٦ تیپی ٨٧ی قەرەچوخ بە فەرماندەیی سەفین مەلا قەرە لە گەڕەکی ڕووناکی شاری هەولێر بۆسەیەکیان بۆ دوو ئۆتۆمبێلی سیخوڕەکانی دەزگای ئەمن دانا، هەر دوو ئۆتۆمبێلەکە کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی قەرەچوخ و ئاگریان تێبەربوو.

لەو چالاکییەدا چوار ئەمن کوژران کە دوانیان ئەفسەر بوون، یانزە کلاشینکۆف، دوو ڕەشاشی B.K.C ، دوو دەمانچە، دوو بێتەلی هۆکی تۆکی دەستکەوت بوون.

چـــــالاکی دووەم

هاوکات لە گەڵ لێدانی دوو ئۆتۆمبێلەکەی گەڕەکی ڕووناکی شاری هەولێر، هێزێکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی ڕێبازو فاروقی عەلی مەولود

هێرشیان کردە سەر جاشەکانی گەڕەکی باداوای شاری هەولێر- شەڕێکی دوو کاتژمێری بەردەوام بوو پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە و بەدیل و دەستکەوتەوە گەڕانەوە، لەو شەوەدا پێشمەرگەیەک شەهید بوو، ١٥ کلاشینکۆف و تیکارۆفێک دەستکەوت بوو.

چـــالاکی ســـێیەم

لە سەرەتای مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨٦ هەر دوو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوخ لە دوو لاوە چوونە ناو شاری هەولێر، هەڵمەتیان بردە سەر چەکدارەکانی هەر دوو گەڕەکی مەجیداوا- لەتیفاوا، لەو چالاکییەدا «٩» کلاشینکۆف دەستکەوت بوون.

چـــالاکی ناو هەولێر- شەهید بوونی پـــێشمەرگەیەك

شەوی ٢٩-١٩٨٦/٣/٣٠ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچووخ ، ٨٦ ی دەشتی هەولێر ، ٩١ سەفین ،دەستەیەکی مەڵبەند لە دوو قۆڵەوە چوونە ناو شاری هەولێر.

قۆڵی یەکەم

تیپی ٨٦ بۆ گەرەکی باداواو پشتی خانووەکان تەشریعی

قۆڵی دووەم

تیپی ٨٧ و ٩١ بۆ گەڕەکی رووناکی و زەراعی و ئیسکان لە کاتژمێر ٩,٣٠ دەقیقەی شەو تەقە لە قۆڵی یەکەم دەستیپکرد ،هێزێکی قوە تەواری کە پێکهاتبوو لە دوو ئوتۆمبێلی ئەمن و ئیستخبارات کەوتنە بۆسەی قۆڵی دووەم لەماوەی نیو کاتژمێر دا هەردوو ئوتۆمبێلەکە شکێندران و دەستگیرا بە سەر گەڕەکەکاندا .

زیانی دوژمن لە هەر دوو قۆڵەکە

کوژرانی ٢٤ کەس

بەدیل گرتنی ٢ کەس

سووتاندنی ٤٠ ماڵی هێزەکانی دوژمن
سووتاندنی ٢ ئوتومبێل
دەسکەوت
٢ بی کەی سی
١٥ کلاشینکۆف
١ ئاربی جی
٢ دەمانچە
٢ جیهازی هۆکی تۆکی
قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی پێشمەرگە یەک بوو بە ناوی سەربەست حاجی واحید پێشمەرگەی تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر.

ڕێـــگای هەولێر – کـــــەرکوك

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر و دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی چوار لە شەوی ٢٩-١٩٨٦/٥/٣٠ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی هەولێر –کەرکوک بۆ هێزەکانی دوژمن دانا کاتژمێر ١١,٣٠ دەقیقەی شەو (٨) ئوتۆمبێل و ناقیلەیەکی دوژمن کەوتنە بۆسەکەوە پێشمەرگەکان گوللە بارانیانکرد لە ئەنجامدا دوژمن بەزی و هەڵهات .

زیانی دوژمن
کوژرانی زیاد لە ١٢ سەرباز
بریندار بوونی ١٠ سەرباز
شکاندنی ٣ ئوتومبیل و ناقیلەیەک و دۆشکا و گرینۆفەکەی
دەسکەوت ٥ کلاشینکۆف

هـــــەولێر- گـــــوێر

لە سەعات ٩:٣٠ دەقیقەی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٤/١٣ دەستەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بۆسەیەکیان لە سەر جادەی

گشتی هەولێر – گوێر نزیک دێی شەموله دانا ئۆتۆمبێلێکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوەو درایە بەر دەستڕێژی گوللە.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢ کەس، بریندار بوونی ٢ کەس

تێکشکاندنی ئۆتۆمبیلەکە

هەمان دەستەو لە هەمان ڕۆژدا لە سەعات ٢:٣٠ دەقیقەی پاش نیوەڕۆدا بۆسەیەکی تریان نزیک سەیتەرەی هەولێر مەخمور دانا ئۆتۆمبیلێکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوەو ئاگربارانکراو بووە هۆی کوژرانی (٣) مەفرەزە خاسە.

دوای ئەم چالاکییە دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری دێی عەوێنەیانداو کەوتنە ئازاردانی خەڵکەکە هێزێکیتری دوژمن پەلاماری دووستەپە دالّداغان و قۆریتانیانداو منالّێکیان بریندار کردو ژنێک شەهید بوو.

چـــــالاکی 1986

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢٦ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی دووبز–دیبەگە دانا، نائیب زابتێک کەوتە بۆسەکەوەو نەوەستا پێشمەرگەکان دەستڕێژیان لێکردوو کوشتیان، دەستکەوت یەک دەمانچە بوو.

هـەر هەمان ڕۆژ دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی دەشتی هەولێر چەکداریێکیان بە دەمانچەیەک و سێ نارنجۆک و تراکتۆرێکەوە دەستگیر کرد.

گـــــرتنی دوو ڕەبـــــیە
هـــــەولێر- موسڵ

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر و ٨٧ ی قەرەچووخ کاتژمێر ١١ شەوی ٢٩–١٩٨٦/٦/٣٠ لە سەر ڕێگەی هەولێر موسڵ بە دووری شەش کیلومەتر لە هەولێرەوە هێرشیان کردە سەر دوو ڕەبییەو لە ماوەی ٢٨ دەقیقە دا

دەستیان بە سەردا گرت و سوتاندیانن و بەدیل و دەسکەوتەوە گەرانەوە.

زیانی دوژمن

کوژرانی ١٠ جاش شەعبی

بەدیل گرتنی ٣ کەس

دەسکەوت

٢ رەشاشی ئار بی کەی ، ١٢ کلاشینکۆف، ٦٠ مەخزەن ،٦٠٠٠ فیشەکی هەمەجۆر ، دوو تەلەفۆن ، یەک سندوق نارنجۆک

لە کاتی گەرانەوەیاندا تاقمە جاشێک هاتن بە هانای ڕەبییە سووتاوەکانەوە پێشمەرگەکان لەوانیشیاندا و جاشێک کوژراو ٣ جاش بریندار بوون .

تـــێکشکاندنی دوژمـــن

ڕۆژی ١٩٨٦/٧/١٠ هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە چەندین ناقیلەو دەبابەو راجیمە لەگەڵ جاش و سەربازێکی زۆر بە مەبەستی سووتاندنی دێیەکانی کانی لەلە و ئومەت گومبەت و سێگردکان و سێکانی هاتنە ناوچەکە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ ی قەرەچووخ ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوە لە یەکەم هەڵمەتدا ئوتۆمبیلێک کەوتە بەر دەستڕێژی گوللە و تەواوی سەرنشینەکانی کوژران شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو دوژمندا بەردەوام بوو لە ئە نجامدا ١٠ جاش کوژران و ٨ جاش بریندار بوون .

قوربانی پێشمەرگە سێ شەهید بوو

١- شەهید جەلیل ئەمین ناسراو بە رەنجدەر فەرماندەی کەرتی دوو تیپی ٨٧ ی قەرەچووخ

٢- شەهید ئیبراهیم عومەر پێشمەرگەی تیپی ٨٧

٣- شەهید شاکر عومەر پێشمەرگەی تیپی ٨٧

شەهید بوونی هاوڵاتییەک بە ناوی عەبدوڵڵا شێخۆ بریندار بوونی سێ پێشمەرگە

شـــەڕی ناو شـــار

دەستەیەک پێشمەرگەی تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر بە مەبەستی گەڕان بە دوای خۆفرۆشاندا چوونە ناو شاری هەولێر و شەڕێکی جوامێرانەیان لەگەڵ جاشەکاندا کرد ، گەڕەکی باداوایان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان ، ئەو شەوە جاشەکان لە ترسی پێشمەرگە لە مۆڵگەکانی خۆیان هەڵاتن بۆ ناوەندی شار.

زیانی دوژمن

کوژرانی جاشێک و بە دیل گرتنی جاشێکیتر کوژراوەکە ئامر مەفرەزەی خاسە بوو

دەسکەوت

٢ کلاشینکۆف و ١٢ مەخزەن

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و ٨٦ی دەشتی هەولێر لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٧ چوونە ناو شاری هەولێر ئۆتۆمبیلێکی مارلبورویان دایە بەر دەستڕێژی گوللەو ملازمێکی تیادا کوژرا.

جـــادەی گـــشتی

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە کاتژمێر (٢) ی پاشنیوەڕۆی ١٩٨٦/٧/١٣ چوونە سەرجادەی گشتی هەولێر کەرکوک ئۆتۆمبیلێک کەوتە بۆسەکەوەو سەرنشینەکانی کوژران.

بـــۆسەی ئـــاریانە و تـــرگێنە

دوای پەلاماری دوژمن بۆ سەر دێیەکانی ئیلینجاخ و نێرەگین ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/١٠/٢٢ هێزێکی تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی «ڕێباز» بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگەی گەڕاندنەوەی هێزەکانی داگیرکەر لە ئاریانی و ترگێنە دانا.

هێزەکانی داگیرکەر کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی تیپی «٨٦»ەوە گوررزی گەورەیان تێسرەواندن.

لەو لێدانەدا « عەقید زێدان» بە سەختی بریندار بوو چاوێکی لە دەستدا دواتر لە ناو خەڵکدا بە زێدانە کوێر ناوی دەرکرد دوای تێکشکاندنی هێزەکانی دوژمن لە شەڕی پێشمەرگەدا ژمارەیەک دێی تەختی زەویکرد.

تـــێکشکاندنی پـــەلاماریکی هـــەشت قـــۆڵی دوژمن 1986/10/22

هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێکهاتبوو لە دەیان فەوجی جاش و سەرباز بە پاڵپشتی ناقیلەو کۆپتەرو تۆپخانەی دوژمن بە مەبەستی گەڕان و پشکنینی ناوچەی دەشتی هەولێر لە چەندین لاوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەو ناوچە ئازادکراوەکانی سنووری تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێریاندا بەمجۆرە:

قۆڵی یەکەم:

هێزێکی دوژمن لە ناوچەی پردێوە بەرەو خورخورەو سێکانیان و سێگردکان و سارتک هاتن.

قۆڵی دووەم:

هێزێکی دوژمن بەرەو دێدەوان و بانەمۆردو نێرەگین هاتن.

قۆڵی سێیەم:

هێزێکی دوژمن لە ناحیەی دێگەڵەوە بەرەو بانەقەڵات و بەرد بڕوو نێرەگین بەڕێکەوتن.

قۆڵی چوارەم:

بەشێکیتر لە هێزەکەی دوژمـن لە بـەردە بـازەوە بـەرەو پـردی حاجی وسو لەوێشەوە بۆ شیوە پیلان و نێرەگین بەڕێکەوتن.

قۆڵی پێنجەم:

لە گورزەیی و شاخە تولّکەوە بەرەو بانیماران و باپیراغاو نێرەگین.

قۆڵی شەشەم:

لە جادەی گۆپتەپەوە بەرەو جادەی شەریکەو دار بە سەرو ئیلینجاغ.

قۆڵی حەوتەم:

لە تاڵەبانەوە بەرەو مەرزان و ئیلینجاغ.

قۆڵی هەشتەم:

لە نێوان جادەی تەق تەق و کۆیەوە بەرەو شیواشۆک و ئیلینجاغ.

پەلامارە هەشت قۆڵییەکەی دوژمن لە تێکڕای قۆڵەکانەوە تێکشکان و گورزی کاریگەری پێشمەرگەیان بەرکەوت، ئەو هێزەی دوژمن کە لە کۆیەو تەق تەقەوە بەرەو ئیلینجاغ هاتبوون کەوتنە بەر گورزی کاریگەری کەرتەکانی «١،٢،٣» تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو مەفرەزەیەکی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ و هێزی پشتگیری ناوچەکە.

شەڕ لە کاتژمێر ٩ی بەیانی دەستیپێکرد تا کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی خایاند، پێشمەرگە دلێرەکانی دەشتی هەولێرو قەرەچوخ گورزی گەورەیان لە هێزەکەی دوژمنداو زیانی زۆریان لێدان بەمجۆرە:

زیانی گیانی و مالّی دوژمن لەم قۆڵەدا:

١/ کوژرانی زیاتر لە ٢٠ سەربازو چەکداری دوژمن

٢/ سووتاندنی یەک ناقیلە

٣/ سووتاندنی ٤ ئۆتۆمبێلی هەمەجۆر

٤/ دەستبەسەرداگرتنی دوو ئۆتۆمبێل

• ئەو هێزانەی بەرەو نێرەگین هاتبوون لە کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی ڕووبەڕووی گورزی کاریگەری کەرتی چوارو مەفرەزەیەکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو مەفرەزەکانی حزبی شیوعی عێراقی بوونەوە.

شەر تا کاتژمێر ٨ی شەوی خایاند لەم قۆڵەشدا دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت بەمجۆرە:

١/ کوژرانی زیاتر لە ٤٠ سەربازو چەکداری دوژمن

٢/ سووتاندنی زیاتر لە ١٠ ئۆتۆمبێلی هەمەجۆر

دەستکەوتەکان:

*گرتنی یەک ئاربیجی ١١

*گرتنی دوو کلاشینکۆف
*گرتنی یەک دەمانچەی چواردە خۆر
*گرتنی دوو ئۆتۆمبێلی تیوتا

* هێزێکی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە سەر ڕێگەی هەولێر دێگەڵە بۆسەیەکیان دانا، کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی ئێوارە هێزێکی دوژمن لە بەستی شەرغە دەگەڕانەوە کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی بەڕانەتی دوو ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەکدار سووتێندران و هەرچی تیا بوو کوژرا دوو ئۆتۆمبێلیش لە کارخران.

• لە قۆڵێکی تـرەوەو لە کاتی پەلاماری دوژمـن بۆ سەر دێیەکانی سارتک، سێکانیان، سێگردکان هێزێکی تیپی ٢١ی کەرکوک کە پێکهاتبوو لە کەرتی یەکی ساڵەیی، کەرتی دووی شوان، مەفرەزەیەکی تیپ و هێزی پشتگیری ناوچەکە لە دوو لاوە هێرشیان بردە سەر هێزەکەی دوژمن.

قۆڵی یەکەم:

لە بەرانبەر سێگردکان

قۆڵی دووەم:

لە بەرانبەر گردۆڵکەکانی سێگردکان هێزەکەی دوژمـن لە بـەردەم هەڵمەتی دلێرانەی هێزی پێشمەرگەدا خۆی نەگرت و بەرەو بەستی شەرغەو دێی بەردە سپی هەڵاتن چەندین کوژراوو بریندارییان بە دوای خۆیاندا ڕاکێشا.

• لە کاتژمێر چواری ئێوارەی هەمان ڕۆژ دوو ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەکدار کە لە «پردێ» وە بەرەو قەرە سالم هاتبوون بۆ پشتگیری هێزە بەرزیوەکەیان کەوتنە بۆسەی تیپی ٢١ی کەرکوک و مەفرەزەیەکی کۆمەڵایەتی و هێزی پشتگیری ناوچەکەوەو تا مۆڵگەکانیان ڕاویاننان.

• هـەر لە کاتی پـەلامـارە بـەر بـڵاوەکـەی دوژمـن بۆ سـەر هێزی پێشمەرگە مەفرەزەیەکی تیپی ٨٧ی قـەرەچـوخ لە نێوان ناحیەی قوشتەپەو دێی بێستانە بۆسەیەکیان بۆ هێزە بەزیوەکەی دوژمن دانا.

لە کاتی گـەڕانـەوەو هەڵاتنی هێزەکەی دوژمـن ئۆتۆمبێلێکی سۆپەر کەوتە

بۆسەکەوەو دایانە بەر دەستڕێژی گوللە لە ئەنجامدا حەوت جاش کوژران .

دەستکەوت:

٥ کلاشینکۆف

٢٠ مەخزەن

یەک پەڕەشووت

ئۆتۆمبێلێکی سۆپەر

زیانی دوژمن زۆر بوو بە دەیان و سەدان جاش و سەرباز کوژران، کەسووکاری چەکدارەکانی دوژمن دەستە دەستە دەهاتنە خاڵی پشکنینی هەولێر- کۆیە بۆ زانینی هەواڵی شەڕەکەو بردنەوەی لاشەی جاشەکان ،بۆ شاردنەوەی زیانەکانی دوژمن ئەو ڕۆژە ڕژێم هاتووچۆی نێوان هەولێر کۆیەی ڕاگرت.

لەم شەڕەدا جگە لە هێزی زۆری سەربازو فەوجی جاش کۆپتەرو تۆپخانەکانی دوژمن بەردەوام سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکوتا، لە سەربازگەکانی کۆیە و دێگەڵەو ئازیانەوە.

شـــــەهید بوونی پـــــێشمەرگەیەك

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣ دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی مەڵبەندی چوار بۆسەیەکیان لەسەر جادەی گشتی کۆیە – هەولێر دانا ئوتۆمبێلێکی پیکاب کەوتە بۆسەکەوە گوللە باران کرا .

زیانی دوژمن

کوژرانی دوو جاش و بریندار بوونی دوانیتر

قوربانی پێشمەرگە

شەهید بوونی قانع حاجی ڕەفیق ناسراو بە جوتیار بوو

جـــادەی گـــــوێر

رۆژی ١٩٨٧/١/٦ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی یەک و مەفرەزەیەکی کەرتی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە سەر جادەی گشتی هەولێر دەستیانگرت بەسەر ئوتۆمبێلێکی جاش دا و (٣) جاش لەناو ئوتۆمبێلەکەدا دەستگیرکران .

دەسکەوت

٢ کلاشینکۆف، ١٤ مەخزەن

٢ دووربین

٤ نارنجۆک

١ ئوتۆمبێلی جێب

تـــیپی 86ی دەشـــــتی هـــــەولێر
1987

دەستەی تیپ:

- ڕێباز فەرماندەی تیپ
- مەلا سلیمان جێگری فەرماندەی تیپ

فەرماندە کەرتەکان

- سواره بێستانەیی فەرماندەی کەرتی (١)
- عەلی پونگینه فەرماندەی کەرتی (٢)
- لەتیفه سوور فەرماندەی کەرتی (٣)
- خاڵه مامەند فەرماندەی کەرتی (٤)
- ئەحمەد کورده فەرماندەی کەرتی (٥)
- جەلال ئیلینجاغی فەرماندەی کەرتی (٦)
- عوسمان جەمیل کەرتی تیپ

بـــــۆسە- گرتنی 6 چـــــەکدار

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی (٦)ی تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر لە رۆژی ١٩٨٧/٢/٨ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی گشتی هەولێر – کۆیە نزیک دێی ئەشکەوسەقا دانا ٦ چەکداریان دەستگیر کرد.

دەسکەوت

١ئار بی کەی

٤ کلاشینکۆف، ٢٣ مەخزەن

١ ئوتۆمبێلی بەرازیلی

چـــــالاکی هـــــاوبەش

هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی ٩٣ی کۆیە، ١٢ی سۆران، ١٩ی کۆڕەک، ٨٣ی هەورێ، تیپی مەڵبەندی «٣» تیپی ٩٩ی بیتوێن و مەفرەزەیەکی ڕێکخراوی دووی کۆمەڵە لە کاتژمێر ١١ی شەوی ١٩٨٧/٣/٤/٣ هێرشیان بردە سەر چەکدارەکانی دوژمن لە دێی گردجان و پێنج ڕەبیبەکەی دەوروبەری شەڕ لە کاتژمێر ١١ی شەو تا کاتژمێر ١:٣٠ دەقیقەی خایاند، هەموو ڕەبیبەو ماڵە جاشەکان دەستیان بە سەردا گیراو سووتێندران.

هێزێکی دوژمن لە کاتژمێر ١١:٣٠ دەقیقەی شەودا لە مقەڕ فیرقەی چوارقورنەوە بەرەو مەیدانی شەڕەکە هاتن تا فریای چەکدارەکانیان بکەون لە ڕێگادا کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوەو هەموویان کوژران.

کاتژمێر ١١:٤٥ دەقیقەی شەو هێزێکیتر بە پشتیوانی دەبابەو ناقیلە و چەندین ئۆتۆمبێلی پڕ لە سەرباز بەرەو مەیدانی شەڕەکە هاتن ئەمانیش کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوەو کوژران.

هێزێکیتری دوژمن لە قەرەنیاغاو کانی ماران بەرەو گردجان هاتن ئەوانیش کەوتنە بۆسەیەکیتری پێشمەرگەوەو وردوو خاشکران.

هـەر لە گـەڵ دەستپێکردنی شـەڕو هەڵمەتی پێشمەرگە دلێرەکان بۆ سەر

سەنگەرەکانی جاش تۆپخانەی تیپی تایبەتی مەڵبەندی «٣» لە کاتژمێر ١١ تا ١٢:٣٠ دەقیقەی شەو سەربازگەی هیزۆپ و باروتخانەکەیان تۆپبارانکرد، نیشانەکانیان بە ووردی دەپێکاو زەرەرو زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند، بەمجۆرە زەرەرو زیانی زۆر لە دوژمن کەوت.

زیانی دوژمن:

زیاتر لە ١٠٠ کوژراوو دەیان بریندار

لە ناو کوژراوەکاندا دوو ئەفسەر بە پلەی عەمید ڕووکنی تیا بوو کە یەکێکیان قائید فیرقەی ٢٤ی چوارقوڕنە بوو بە ناوی (زوهێر).

دەستکەوتەکان:

١/ یەک ڕەشاشی بیکەیسی

٢/ ١٥ کلاشینکۆف

٣/ یەک جیهازی ڕاکاڵی گەورە

٤/ چوار جیهازی بچووک

٥/ یەک دووربینی گەورەی سەربازی

٦/ خەریتەیەکی سەربازی ناوچەکە

زیانی مالّی:

١/ گرتن و سووتاندنی ناقیلەیەک و سێ ئۆتۆمبێل

٢/ سووتاندنی ژمارەیەک ڕەبییەو مالّە جاش

قوربانی هێزی پێشمەرگە:

١/ شەهید جەعفەر قازبەگیانی تیپی ٩٣ی کۆیە

شەهید فەرمان تیپی مەڵبەندی (٣)

بـــرووسکەی پـــیرۆزبایی مـــامجەلال بـــۆ کـــاك کـــۆسرەت

بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە لە مەڵبەندی «۳» و چالاکی بەردەوامی تیپەکانی مەڵبەند، هەڤاڵ مامجەلال بروسکەیەکی ئاڕاستەی کاك کۆسرەت و هەڤاڵانی مەڵبەندی سێ کرد ئەمە دەقەکەیەتی:

لە مـــامجەلالەوە بـــۆ هـــەڤاڵ

کـــاك کـــۆسرەتی تـــێکۆشەر

هـــەڤاڵانی مـــەڵبەندی (۳)ی تـــێکۆشەر

بە سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرمەوە سووپاس و ڕێزتان پێشکەش دەکەم بۆ ئەو هەڵمەت و هەڵکوتانە دلێرانەیەتان بۆ سەر هێزەکانی دوژمن لە سەنگەرەکانی پشتێنەی کەرکوکی داگیرکراوی بە زۆر بەعەرەبکراودا، وە لە دەشتی بیتوێن لە چوار قورنەو گردجان و جادەکەدا کە هەر بە ڕاستی مایەی شادی و شانازییە بۆ شۆڕشەکەمان و «ی ن ک» ئەمساڵ مەڵبەندی «۳» ی قارەمان گۆی هونەری لە کۆڕی نەبەردوو شۆڕشدا بۆ خۆی بردووەتەوە سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوەو دەستی کاریگەری جەرگبڕی لە دوژمن وەشاندووە بە جۆرێک کە بووەتە سەرمەشق و نموونە بۆ هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەموو مەڵبەندەکانی (ی ن ک).

دووبـارە سووپاسی خۆتان و فەرماندە تیپەکان و کەرتەکان و یەکەیەکەی پێشمەرگە قارەمانەکانی داستانەکانتان دەکـەم هەر سەربەرزو هەڵمەت بەروو سەرکەوتوو بن.

بۆ پێشەوە بۆ جۆشدانی شۆڕش بەرەو ڕووخاندنی حوکمی عەفلەقی کورد کوژو دوژمن بە مرۆڤایەتی.

برای دڵسۆزتان مامجەلال
سکرتێری گشتی (ی ن ک)
١٩٨٧/٣/٤

چـــــالاکی هـــــاوبەش
گرتنی قاتعی (41)
ئەبو جەعفەری مەنصوری جەیشی ناشەعبی

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەقارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچووخ و کەرتی (٦)ی تیپی ٧٨ کاروخ لە کاتژمێر ١٢،١٥ دەقیقەی شەوی ٣-١٩٨٧/٦/٤ بە پێی نەخشەو پیلانێکی ورد لە دوو قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر مقەر قاتعی ٤١ی ئەبو جەعفەری مەنصوری جەیشی ناشەعبی و ڕەبییەکانی دەوروبـەری لەسەر ڕێگەی کەرکوک – هەولێر لەسەر جادەی پردێ-دبس بە دووری ٤٥ کیلومەتر لە شاری کەرکوکەوە لە ماوە ی نیو کاتژمێر شەردا دەستیان بەسەر تەواوی قاتعەکەو ڕەبییەکانی دەوروبەریدا گرت بەمجۆرە.

قۆڵی یەکەم:

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی کەرتی ١و٢و مەفرەزەیەکی کەرتی(٣) و مەفرەزەیەکی کەرتی ٥و٦ ی تیپی ٨٧ی قەرەچووخ هێرشیان کردە سەر مقەری قاتعەکەو لە ماوەی نیو کاتژمێر دەستیان بەسەردا گرت .

قۆڵی دووەم:

*پێشمەرگە دلێرەکانی کەرتی ١ و ٥ ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی شەمزیناواو دەستیان بەسەردا گرت کە لە ڕەبییەکانی پشێنەی ئەمنی و حیمایەی نەوتی کەندیناوا بوو .

* کەرتی (٦) ی تیپی ٨٦ و کەرتی (٦) ی تیپی ٨٧ی قەرەچووخ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی شێراوا کە یەک کیلومەتر لە ناحیەی پردێوە دوور بوو ، قارەمانەکانی هەولێر و قەرەچووخ لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەردا گرت .

*کەرتی (٣)تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی قـەلاوە کە بەرانبەر دێی ئۆمەراوا بوو لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەردا گرت.

*مەفرەزەیەکی کەرتی (٥) و کەرتی (٣) ی تیپی ٨٧ قەرەچووخ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی سێنارە و دەستیان بەسەردا گرت ،هەموو دێیەکانی دەوروبەری

ڕەبییەکان و قاتعەکە مانگێک لەوەوبەر تەختکرابوون.

سەرجەم زیانەکانی دوژمن

*کوشتنی زیاتر لە (٨٠) جەیشی ناشەعبی

*بەدیلگرتنی ١٢ جەیشی ناشەعبی

دەستکەوتەکان

گرتنی (٣) مودەرەعە دوای لێکردنەوەی کەلوپەل و چەکەکانیان لە قاتعەکە دوور خرانەوەو تەقێندرانەوە.

*٣ ڕەشاشی (بی ئەی ئێم) ی مودەرەعە

*٣ ڕەشاشی بی کەی سی

*٧ ڕەشاشی ئار بی کەی

*٢ هاوەنی ٨٢ ملم بەموجەهەوە

*١هاوەنی ٦٠ ملم

*١٦٢ کلاشینکۆف و ٣٠٠ مەخزەن

*١ ئار بی کەی و ١٥٠ گوللە

*٥ قەناس و ٣٠ دووربینی قەناس

* ١ بێتەلی ڕاکاڵ بە وەحدەی تەجهیز قودرەو موجەفیرەوە

*٦ برنەو

*یەک دەمانچەی چواردەخور

*یەک دەمانچەی تەنویر بە چەند گوللەیەکەوە

* سێ لولەی دیمیترۆف

*٧ بێتەلی بچووک

*١١ ئوتۆمبێلی هەمەجۆر

*زیاتر لە ٢٥٠ هەزار فیشەکی کلاشینکۆف

* زیاتر لە ٨٠ هەزار فیشەکی بی کەی سی

* زیاتر لە ٧٠٠٠فیشەکی برنەو

* ١٥٠ سندوق گوللە هاوەنی ٨٢ ملم
*٥٠ سندوق گوللە هاوەنی ٦٠ ملم
*١٠ سندوق نارنجۆک دووکەڵ
*٥ سندوق نارنجۆک
*٢ سندوق تی ئێن تی
*١٠ سندوق فیشەکی دیمترۆف
*١٥٦٠ دیناری حانوتی قاتعەکە
*نەخۆشخانەی قاتعەکە بە تەواوی
*١ بەداڵە و ٢٠ تەلەفون
*٢٠٠ مەتارەی ئاو
*٨٠٠ بەتانی و تەواوی کەلوپەلی قاتعەکەو ڕەبییەکان
* بەڵگەنامەکانی قاتعەکە لەگەڵ چوار نەخشەی ناوچەکە

زیانی مالّی دوژمن

*سووتاندنی یەک تەنکەر ئاو
*تەقاندنەوەی تەواوی قاعەکانی قاتعەکە و سووتاندنی هەموو ڕەبییەکانی
قوربانی پێشمەرگە دوو شەهیدی قارەمان بوو
١-شەهید جەوهەر خدر ناسراو بە ڕەوەند فەرماندەی کەرتی دووی تیپی ٨٦ ی هەولێر
٢- شەهید ئیدریس سواره پێشمەرگەی کەرتی(٤) تیپی ٨٦ خەڵکی ئیلینجاخ

مـــەڵبەندی ســـێ

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی «۳» لە ڕۆژی ۱۹۸۷/٥/۲۳ لە سەر جادەی گشتی هەریر شەقڵاوە بۆسەیەکیان دانا ئیڤایەکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگەکان ئاگربارانیانکرد.

زیانی دوژمن:

کوژرانی «۳» سەرباز

سووتاندنی ئیڤایەک

دەستکەوت:

یەک ئاربیجی و سێ کڵاشینکۆف

هەمان دەستە لە شەوی ۱۹۸۷/٥/٤/۳ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی خەلیفان شەقڵاوە دانا، لە کاتژمێر «۹»ی شەو قافڵەیەکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوەو درانە بەر دەستڕێژی گوللە، لە ئەنجامدا، دوو جێب قیادە تێکشکێندران، ژمارەیەک سەرباز کوژران و بریندار بوون.

هـــــەریر

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ۱۹ و بارەگای مەڵبەندی «۳» لە شەوی ۱۹۸۷/٥/۲۳/۲۲ بۆسەیەکیان لە لۆفەکانی سپیلک دانا، ناقیلەیەک کەوتە بۆسەکەوەو ئاگربارانیانکرد لە ئەنجامدا ناقیلەکە تێکشکێندرا.

مەفرەزەیەکی بارەگای مەڵبەند لە سەر جادەی گشتی هەریر شەقڵاوە لە چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازیاندا و بووە هۆی تێکشکاندنی دوو جێب قیادەو کوژران و بریندار بوونی سەرنشینەکانی.

خـــــستنە خوارەوەی سێ فـــــڕۆکە

کاتژمێر ۱۱،۱٥ دەقیقەی ڕۆژی ۱۹۸۷/۷/۷ دوو فڕۆکەی پیلاتۆس هاتنە سەر ناوچەی سنووری تیپی ۸٦ی دەشتی هەولێر ، پێشمەرگەکانی تیپی ۸٦و ۸۷ ی قەرەچووخ و پارتی لێیان هاتنە دەست و پیلاتۆسێک پێکراو خرایە خوارەوە

لاشەی فڕۆکەوانەکە کەوتە دەست پێشمەرگە بە ناوی ملازم ئەوەل ماجید ، دوای خستەخوارەوەی پیلاتۆسەکە ١٢ کۆپتەرو (٣) پیلاتۆسی تر هاتنە سەر ناوچەکە بۆردومانیانکرد ، شەڕ تا کاتژمێر ٨،٥ ی شەو بەردەوام بوو لە ئەنجامدا دوو کۆپتەر پێکران و یەکێکیان لە دێی بیبانی سالّەیی و ئەویتریشیان لە نزیک پردێ کەوتە خوارەوە.

گـــرتنی ســـەری ڕەش

بەفر باڵا پیاوێک باریبوو، سەری ڕەش خۆی لە بەرگێکی سپی هەڵکێشا بوو، دەتـووت بوکی سپی تاراپۆشی هەولێرە بەو زستانە خۆی لە باوەشی هـەوردا هەڵخستووەو هێند تەزیوە وا چاوەڕێی خۆرەتاوە.

سەری ڕەش هاوینە هەواری فێنک و دڵگیرو سەرکەش و لە سەردەمی مەلیکدا، مەلیک قەسری لێ دروستکردبوو شوێن مانەوەو پشوودانی مەلیک فەیسەڵ، مەلیکی عێراق بوو.

دوای هاتنە سـەرکاری ڕژێمی عێراق بۆ جـاری دووەم و لە ساڵی ١٩٦٨، سەرۆکی عێراقی ئەو کات، سەدام حسێن هەمان ڕێچکەی مەلیکی کۆنی گرتەبەرو هاوینە هەواری سەری ڕەشی کردە جێگەی پشوودان و حەوانەوەی خۆی، عەدنان خەیرواڵڵای وەزیری بەرگری و ژن برای صدام حسێن بە هەمان شێوە قەسرو باڵەخانەی گەورەی تیا دروستکرد لە گەڵ سەدان کابینەی سیاحی، ئیتر سەری ڕەش لە هاوینە هەواریێکی دڵگیرو جێگە حەوانەوەی خەڵک بووە قەسرو بارەگای هاوینە هـەواری صدام و عەدنان خیرواللە و دارودەستەکەی، لە جێگەی هاوینە هەوار بووە سەربازگەیەکی قایم و سەدان حەرەس جمهوری و پیاوانی قەسری جمهوری لێ جێگیر کرا.

مەڵبەندی (٣)ی (ی ن ک) بە سەرپەرشتی کاک کۆسرەت بەرنامەو نەخشەی دەست بە سەرداگرتنی سەری ڕەشیان داڕشت، بە پێی نەخشەو بەرنامەی داریژڕاو هێرشکرایە سەر سەری ڕەش[١].

١ سەری ڕەش ٣٢ کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دوورە.

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، بەشێکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، بەشێکی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ، بەشێکی تیپی ٩٠ی باواجی، تیپی ٩١ی سەفین، تیپی ٩٣ی کۆیە و دەستەی بارەگای مەڵبەندی (٣) دەستەی ڕێکخراوی یەک و دەستەی مەکتەبی ڕێکخستنی (٣) لە سەعات ١٢:١٥

دەقیقەی شەوی ١٩٨٨/١/٢٨/٢٧ هەڵمەتیان بردە سەر هاوینە هەواری سەری ڕەش و هەرچی کۆشک و بورج و قولە بوو بە سەر یەکدا ڕووخاندیان.

لە نێو بەفری تا ئەژنۆ باریوو لە هەندێک شوێن تا گەردنی پێشمەرگە هەڵکشاوی ئەو شەوە، سێ کاتژمێر بە پێ ڕۆیشتن تا گەیشتنە بن لوت و هەناسەی سەری ڕەشی داگیرکراو، لە چەند قۆڵێکەوە هەڵمەت برایە سەر سەری ڕەش.

* قۆڵی یەکەم تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە گەڵ دوو کەرتی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ بۆ سەر قەسری مەلیک و مەشجەبەکان.

* قۆڵی دووەم، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بۆ سەر قەسری صدام و عدنان خیرالله، بارەگای سریەی قوات خاسەو دوو مودەڕەعەی بەر دەرگا.

* تیپی ٩١ی سەفین بۆ سەر بارەگای فەوجی جاشەکان.

* تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بۆ سەر ڕەبیەکانی دەوروپشتی کابینەکان.

* قۆڵی ڕادارەکە بە فەرماندەیی هاشم شەمامکی.

تیپەکانی ٩٠ی باواجی و ٩٣ی کۆیەو دەستەی بارەگای مەڵبەندی (٣) دەستەی ڕێکخراوی یەک، دەستەی مەکتەبی ڕێکخستنی (٣) لە تێکڕای قۆڵ و هەڵمەتەکاندا بەشدار بوون، هەڵمەتیان بردە سەر چەندین ڕەبیە و مۆڵگەی داگیرکەر.

داستانی گرتنی سەری ڕەش بێ قوربانی نەبوو، (١١) پێشمەرگەی قارەمان بوونە قوربانی ئەو شەڕە گەورەیەو بە خوێنی خۆیان دێڕەکانی سەرکەوتنیان لە سەر بەفری زستانی سەری ڕەش نەخشاند.

داستانی سەری ڕەش بێ دەستکەوت و بێ زیان نەبوو سەدان پارچە چەک و کەلوپەل و جیهازو دەبابە دەستکەوتی کوڕانی مەڵبەندی (٣) بوون، زەرەرو زیانێکی زۆریش بەر سەری ڕەش کەوت، بە دەیان کابینە سوتێنران، چەندین بورج و گازینۆش تەقێندرانەوە و بوونە قەرەبروت، سەدان جاش و سەربازیش کوژران.

ئەو شـــەوە بـــەفریش تـــەزیبوو
لە داســتانی ســەری ڕەشــدا

داستانی سەری ڕەش پڕە لە وردەی کێوان، پڕە لە هەناسەی تەزیو، پڕە لە دوژمنی تۆقیو پڕە لە دەمی گۆنەکردوو پڕە لە گیانی هەڵوەریو.

وردەی بەرزی پێشمەرگە بە جۆرێک بوو پێش ڕۆیشتن بۆ داستانەکە پێشمەرگە بە دەنگی خۆیان ژیاننامەی خۆیان تۆمار دەکرد تا ئەگەر هاتوو شەهید بوون لە ئیزگەوە خۆیان ژیاننامەی خۆیان بخوێننەوە.

شاخەوان پێشمەرگەی تیپی ٩١ی سەفین تەسجیلێکی پێبوو بە هاوڕێکانی ووت ئێمە بەیانی دەچین بۆ شەڕ هەر کەس ژیاننامەی خۆی بەدەنگی خۆی بخوێنێتەوە تا هەر پێشمەرگەیەک شەهید بوو بە دەنگی خۆی ژیاننامەکەی لە ئیزگەوە بڵاو بکرێتەوە، بەو شێوەیە هەر پێشمەرگەیە ژیاننامەی خۆی خوێندەوە شاخەوان کاسیەتەکەی خستە گیرفانی.

چـــیرۆکی شـــەوێکی بـــەفر
تـــیپی ســـەفین

لە داستانی سەری ڕەشدا ژمارەیەک تیپ بەشدار بوون هەر تیپەو چیرۆکی خۆی هەیە لە گەڵ داستان و گەڕانەوە بە ناو بەفردا، تەزین لە ناو بەفرو لە گۆکەوتنی دەم و دوو ئەژنۆی پێشمەرگەی شل کردوو هەنگاوەکانی سڕ کرد بە جۆرێک هەندێک هەنگاو بە یەکجاری کەوتن و لە باوەشی بەفرا نووستن، لە سەر ڕنووی بەفر کەوتن، هەتا فریای ماڵاوایش نەکەوتن.

چیرۆکەکانی تیپی ٩١ی سەفین وێنەیەکی گشتی دیمەنەکانی ناو بەفرن لە تێکڕای تیپەکاندا، هەناسەکانی تیپی سەفین هەناسەی تێکڕای پێشمەرگە بوون لە شەوی گەزێک بەفردا.

ئەو شـەوە بەفر بێ ئامان بـوو پەنجا سانتیم بەفر باریبوو، لە گەڕانـەوەدا پێشمەرگەکان دەستی یەکتریان گرتبوو ناو بە ناو بانگی یەکترییان دەکرد تا بزانن هەمووان گەڕاونەتەوە.

پێشمەرگەکانی تیپی سەفین بەفرەکە سڕی کردبوون توانای قسەکردنیان نەبوو بە ئاستەم دەمیان بۆ دەجولا کاتێک قسەیان لە گەڵ یەکتر دەکرد زۆر بە گران و بە هێواشی دەیانتوانی چەند قسەیەک بکەن ئەویش زۆر بە خاوی بە جۆرێک وشەکان دەتووت لە یەکتری هاڵاون، دەتووت تازە لە قۆزاخە هاتووەنە دەر یان تا ئێستە نەبێژراون.

ئارام پێشمەرگەی تیپی سەفین دۆخی تێکچوو ووتی ناتوانم بڕۆم، پێیان ووت هەر کەس ڕابوەستێ دەمرێ، ئارام ووتی بشمکوژن ناتوانم بڕۆم، ئارامیان خستە سەر پشتی ووڵاخێک و شەهید بوو هەر لەوێدا گیانی سپارد.

پێشمەرگەکان بە چاو ساخی هێزەکەیان ووت دابەزەرە خوارەوە چوونکە هەر چەند دابەزیت بەفرەکە کەم دەبێتەوە، چاو ساخەکە دابەزی ئەوانیش بەدوایدا بەرە بەرە بەفر کەم بووەوە.

بەرە بەیان گەیشتنە شوێنێک کانییەکی لێبوو ئاوێکی زۆری لێ هەڵدەقوڵا ئاوەکە هەڵمی لێهەڵدەستا، شینە چووە ناو کانییەکە گەرم بوو ماوەی (١٠) دەقیقە لە ناو کانییەکەدا خەوی لێکەوت.

هێزەکە لە یەکتری دابڕابوون ڕێگەکە دیار بوو دۆڵێک بوو بەرەو سولاوک دەڕۆیشت، ڕێگەکە بەرزایی بوو ئەم بەرزییەیان دەبڕی دەیانووت ئێستە دەگەینە سەر جادە، بەرزاییەکیتر دەهاتە پێشیان، ڕێگەکە تولانی بوو تەواو نەدەبوو.

ئەو زستانە بەفر تا ئەژنۆ کەوتووە هێندە سارد بوو پێشمەرگە تەقەیان دەکرد بە لوولەی تفەنگەکەیان دەستیان گەرم دەکردەوە.

وەفا میزی دەهات ووتی چۆن دوخێنەکەم بکەمەوە خەریکە میزەڵدانم دەتەقێت ووتیان بیکە بە خۆتا کە ئەو میزکردنە زۆر خراپ بوو سەرەتا کەمێک گەرم دەبوونەوە دواتر دەیبەست خەلیل بەو جۆرە شەهید بوو.

وەفا دوخێنەکەی کردبووەوە نەیدەتوانی بیبەستێتەوە بە بەکری سووری ووت چی بکەم بەکر ووتی خوا بۆت قایم بکاتەوە بە منیش ناکرێت.

شینە برسی بوو حەیدەر هاتە تەنیشتی ووتی برسیتە شینە ووتی زۆر، حەیدەر

ووتی یەک پارچە خورمات دەدەمێ بەڵام بە کەس مەڵێ چوونکە خۆشم پارچەیەکی بچوکم پێیە، شینە خورماکەی خواردوو گەشایەوە حەیدەر ووتی هەندێک نۆکم لە گیرفاندایە دەتوانی دەریبێنی من ناتوانم، شینە دەستی بردە گیرفانی بۆی دەرنەهات، حەیدەر بە شینەی ووت برۆ ئەگینا دەمریت.

جەمال و سیروان بە یەکەوە بوون سیروان لە ڕۆیشتن کەوت جەمال کردیە کۆڵی کە جەمال ماندوو بوو کەوت سیروان بۆی هەڵنەگیرا، جەمال لە ناو بەفردا شەهید بوو فرمێسک بە چاویدا هاتبووە خوارەوە فرمێسکەکە بەستبووی.

ئیبراهیم مشاری لە سەرمادا ئاگای لەوە نەمابوو کە پێڵاوی لە پێدا نەماوە هێندە لە سەر بەفر بە پێی پەتی ڕۆیشتبوو هەر دوو قاچی ڕەش ببوو.

ڕزگـار هەولێری سەرما تەزاند بـووی هەنگاوەکان بـەرەو دۆڵـی هەورینەی نزیک زیارەت هەڵیگرت لە دوورەوە کەسێکی بینی لە سەر بەردێک نزیک جادەکە دانیشتووە کە لێی نزیک بووەوە جەمال بوو هەموو سنگی دادڕیبوو گیانی سپارد بوو، ببووە گوڵە بەفری شەهید.

جەمال ببوو بە هەورێکی سپی سپی لە سەرمادا ببوو بە پەیکەری ئەوین، بە پەیکەری جوانترین مرۆڤی زەمین.

ڕزگـار دەستی خستە سەر شانی جەمال بـەلادا هات و کەوتە سەر زەوی، ڕزگار سەرما تەزاندبووی ئەویش لە هۆش خۆی چوو لە نزیک جادەکە کەوت، پێشمەرگەکان لە جادە نزیک بوونەوە ڕۆژی پێشتر نانیان کردبووە عەلاگەوە لەوێ دایاننابوو، نانەکەیان هەڵگرتەوەو خواردیان کردیان بە تریت.

تیپی بەڕانەتی ئیڤایەکیان هێنابوو بەڕێگەکەدا دەهاتن هەر پێشمەرگەیەکیان دەبینی دەیانبردە مزگەوتی زیارەت لە بەردەم زۆپاکەدا دایاندەنا هەتا گەرم بێتەوە.

دەیان پێشمەرگە لە بەردەم زۆپای مزگەوتی زیارەت و سولاوکدا کەوتبوون تا گەرم بنەوە، شۆربایان بۆ پێشمەرگە سەرما بردووەکان دروست کردبوو دەیانکرد بە دەمیانەوە وردە وردە پێشمەرگەکان بوژانەوە.

تیپی ٩١ی سەفین لە زیارەت بوون ناردیانن سولاوک، تیپەکان بەشێکیان لە سولاوک و بەشێکیان لە زیارەت بوون.

ئەو پێشمەرگانەی لە زیارەت و سولاوک بوون زۆر خزمەتی پێشمەرگە سەرما بردووەکانیان کرد جلەکانیان لە بەرداکەندن جلی تازەیان کردە بەریان، جلەکانیان بۆ وشک کردنەوە.

پێشمەرگەکان قاچیان لە سەر قاچی یەک بوو لە یەکتری هاڵابوون، لە بەردەمی زۆپای مزگەوتی زیارەت و سولاوکدا بە سەریەکدا کەوتبوون.

تـــیپی بـــــەڕانەتی

شەهیدەکان زۆریان بە سەرما شەهید بوون عوسمان مامەند پێشمەرگەی تیپی بەڕانەتی لە نزیک قەڵاسنج لە بەفردا شەهید بوو، عوسمان مامەند سێوەکەیی پێشمەرگەی تیپی بەڕانەتی لە ناو بەفرو بارانی ئەو زستانە تووشەدا پێڵاوی لە پێ نەمابوو نزیک قەڵاسنجی خواروو لە سەرمادا ڕەق هەڵات و شەهید بوو ڕێباز عەزیزو هیوا براغی تەرمەکەیان خستە ناو ئیڤایەک و بردیان.

سولاکەو نـاودارۆکـان و سوسێ و زیـارەت بوونە پەناو نـوای گەرمی ئەو پێشمەرگانەی بەفر بڕستی لێبڕین و گیانی لێسەندن، بەفر بێ ئامان بوو دەرفەتی ڕزگار بوون کەم بوو.

پێشمەرگەکانی تیپی بەڕانەتی هەر چەند هیلاک بوون بەڵام ماوەیەکی زۆر ئەو پێشمەرگانەیان گواستەوە کە سەرما کەسیرەی کردبوون.

ڕزگار لە تەنیشت جادەکە کەوتبوو بڕستی لێبڕا بوو ئەو پێشمەرگانەی بە لای ڕزگاردا تێدەپەڕین وایانزانی ڕزگار شەهید بووە هەر بۆیە بە بەتانییەکی تەڕی سەربازی دایانپۆشی.

ڕزگار کاتێک بە ئاگا هاتەوە لە ناو ئۆتۆمبێلێکدا بوو دوو پێشمەرگەی ڕێکخراوی کۆمەڵە کە بینیبوویان لە قەراخ جادە کەوتووە هەڵیانگرتبووەوە ڕزگار بە گەرمی ناو ئۆتۆمبیلەکە بە هۆش خۆی هاتەوە.

ئەو ڕێگایە دەتووت بە دیواری تەرم هەڵچنراوە هێندە پێشمەرگەی کەنفت و تەزیوی دەم زریان و بەفر لەو ڕێگایە کەوتبوون، ئەوەی هەرەسی بەو دیواری

تەرمە هێنا ئازایەتی ئەو پێشمەرگانە بوون کە بە ڕێگەکاندا دەگـەڕان و دەیان پێشمەرگەیان لە چنگ بەفر دەرهێنا و ڕزگارکرد.

دەیان پێشمەرگە لە ناو بەفردا کەوتبوون یەخەی خۆیان دادڕیبوو هەڵیانگرتن و بردیانن دێی حاجی ئەحمەد خۆیان گەرم کردەوە بەو جۆرە لە مردن ڕزگار بوون دوو سەربازی شەبەک کە بە دیل گیرابوون لە ناو بەفردا ڕەق بوونەوە.

گرتنی سەری ڕەش و گەڕانەوەیان بە ناو بەفردا دەیان چیرۆکی حەزین لە خۆدەگرێت ئەوەی نووسیومانە مشتی خەرواڕێکە.

زیـــــانەکانی دوژمـــــن

* کوژرانی ٣٠٠ سەربازو جاش، لە نێو قوڕولیتەی سەری ڕەشدا سەریان پانکرایەوە.
* بەدیلگرتنی (٤٠) جاش و سەرباز.
* سووتاندنی ١١٥٠ کابینەی سیاحی.
* تەقاندنەوەی گازینۆی سیاحی کۆنە قەسری مەلیک فەیسەڵ.
* تەقاندنەوەی قەسری صـدام بە سـەدان کیلۆ (TNT) لە لایـەن دەستەی هەندەسەی مەڵبەندی (٣).
* تەقاندنەوەو خستنی دوو بورجی ٧٥ مەتری.
* سووتاندنی فندق جاهز.
* تەقاندنەوەی مرسد، دیفاع جەوی.
* تەقاندنەوەی سێ جیهازی وێستگەی ڕادیۆ ڕیل، کە ئیعادەی بەشی فەیلەقی (٥)ی ئەمامی لە دیانەو مقەڕ فەیلەقی (٥)ی خەلفی لە هەولێر دەکرد.
* تەقاندنەوەی محطه ی ڕادار.
* سووتاندنی بازاڕی مەرکەزی سەری ڕەش.
* تەقاندنەوەی جیهازی تەشویش.
* تەقاندنەوەی محطه ی کارەبا.
* سووتاندنی هەموو مۆڵگەو ڕەبیەو مقەڕ فەوجەکانیان.

هاوکات لە گەڵ گرتنی سەری ڕەشدا هێزێکی دوژمن لە سەڵاحەدینەوە بەڕێکەوتن، هێشتا (٥٠٠) مەتر ڕێگەیان نەبڕیبوو لە نێوان مەسیف و سەری ڕەش کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوەو دەیان کەلاک لە نێو ئۆتۆمبێلەکاندا سووتان و بەرەو سەڵاحەدین هەڵاتن.

دەســـــــتکەوتەکـــــان

لە داستانی سەری ڕەشدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستکەوتی زۆریان هەبوو، لە کاتی گەڕانەوە لە داستانەکەدا هەر پێشمەرگەیەک جگە لە چەکەکەی خۆی دوو چەکیتری هەڵگرتبوو، دەستکەوتەکان زۆر بوون بەمجۆرە:

* دەبابەیەکی بەڕازیلی گەیەندرایە ناوچە ڕزگارکراوەکان.
* ڕەعیلێکی مودەڕەعە کە پێکهاتبوو لە چوار مودەڕەعە گەیەندرایە ناوچە ئازاد کراوەکان.
* سێ ئۆتۆمبێلی هەمە جۆر کە پێکهاتبوو لە جێب قیادەو ئیڤاو ڕیو لاندرۆڤەر، قەمەرە.
* ڕەشاشێکی کالیبەری گەورە.
* چوار ڕەشاشی گرینۆف.
* دوو ڕەشاشی B.K.C.
* پانزە RBG.
* ١١٠٠ پارچە چەکی هەمە جۆر کە پێکهاتبوون لە (٥٠) ڕەشاشی دکتاریوف، ٥٠ ڕەشاشی ئاربیکەی، (٩٩٥) کلاشینکۆف و چوار دەمانچەو یەک پەڕەشوت.
* یەک هاوەنی ٨٢ ملم.
* سێ بێتەلی گەورە، یەک ڕاکاڵ بە وەحدەی قودرە، یەک تۆبزۆنی فەڕەنسی، یەک شین وا.
* دوو موەجەهی تەوجیهی کەتیبەی مەدفەعی.
* کەلوپەلێکی زۆری سەربازی هەمە جۆر.

یـــــانزە شـــــەهید، یـــــانزە ئـــــەستێرە

داستانی سەری ڕەش بە خوێنی ١١ گوڵە ئەستێرەی ئاسمانی نیشتمان، یانزە گوڵی خوێن تێجماوی کوردەواری، یانزە ئاسکی خۆشڕۆی پێدەشتەکانی هەولێرو یانزە هەڵۆی کەپک و قۆپەکانی سەفین و باواجی تۆمار کرا کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید فەخرەدین حەمە سالّح فەرماندەی کەرتی (٣)ی تیپی ٩٣ی کۆیە.

٢/ شەهید عەلی مەحموود مام عەلی، جێگری فەرماندەی کەرتی (٣)ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.

٣/ شەهید نادر نەعمان فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٩٣ی کۆیە.

٤/ شەهید هاشم ڕەشید پێشمەرگەی کەرتی (٥)ی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ.

٥/ شەهید ڕەمزی جەبار عەلی پێشمەرگەی کەرتی (٣)ی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ.

٦/ شەهید سۆران پێشمەرگەی کەرتی یەکی تیپی ٩٣ی کۆیە.

٧/ شەهید عەدنان حەمەد ناسراو بە (ئارام) پێشمەرگەی تیپی ٩١ی سەفین.

٨/ شەهید جەمال پێشمەرگەی تیپی ٩١ی سەفین.

٩/ شەهید عەزیز مەولود پێشمەرگەی کەرتی (٣)ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.

١٠/ شەهید عوسمان پێشمەرگەی کەرتی چواری تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.

١١/ شەهید کەمال عەزیز کەرتی (١) تیپی ٨٦ خەڵکی هەولێر.

داستانی سەری ڕەش بە شێوەیەک دەنگی دایەوە نەک لە سەر ئاستی ناوخۆ، بەڵکو لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئاژانسی جیهانیدا بە گرنگیەوە باسکرا.

لە گەڵ هەڵمەتەکانی سەری ڕەش و چوونە ناو ڕەبیەو مۆڵگەو قولەکان، کاک کۆسرەت کە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و چاودێری شەڕەکەی دەکرد هاتە قەسری مەلەکی کۆن، هەنگاو هەنگاو لە گەڵ دەنگی ترپەی دڵی پێشمەرگەدا بوو، لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندی لە گەڵ فەرماندەکاندا بەردەوام بوو کە چوو بوونە سەر قەسرو مۆڵگەکانی سەری ڕەش، ڕێباز لە ناو قەسری سەدامەوە قسەی لە گەڵ کاک کۆسرەت دەکرد، کاک کۆسرەت پێی وتبوو لە کوێوە قسە دەکەیت ڕێبازیش وتبووی لە ناو ماڵی کاکم سەدامم.

بـــــۆسە

تاقمە جاشێک لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٢ کەوتنە بۆسەی قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرەوە لە ناوچەی شەمامک.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٤ جاش

دەستکەوت:

١ کلاشینکۆف

قوربانی:

شەهید بوونی پێشمەرگەیەک بە ناوی ڕەشاد پێشمەرگەی ناوچەی شۆڕشگێڕان- دەشتی هەولێر.

گـــرتنی ڕەبـــــییەیەک

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە کاتژمێر (٩)ی شەوی ١٩٨٩/١/٣١/٣٠ هەڵمەتێکی کتوپڕیان بردە سەر ڕەبییەی دێی باڵەبان لە بەستی شەرغەی ناوچەی دێدەوان و لە ماوەیەکی کورتدا دەستیان گرت بە سەر ڕەبییەکەداو بە سەر جاشەکاندا وێرانیانکرد.

زیانی دوژمن:

کوژرانی (٣) جاش

بریندار بوونی (٢) جاش

ڕووخاندنی ڕەبییەیەک

دوژمن مەفرەزەی جاشی دروستکردبوو بە دێیە وێرانەکاندا دەسوڕانەوە ڕۆژی ١٩٨٩/٢/٢ جاشەکانی کۆیە کەوتنە بەر چاوی پێشمەرگە.

پێشمەرگەکان بۆسەیەکیان بۆ دانان و لێیاندان زیانی دوژمن کوژرانی ٣ جاش و ئەوانیتریش هەڵاتن.

تـــــیپی 87ی قـــــــەرەچوخ
دوو

تـــیپی 87ی قـــــەرەچوخ
1984

تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر فراوان ببوو ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە لە دەوری تیپەکە کۆببوونەوە، لە سەر بڕیاری مەڵبەند تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر کرایە دوو تیپ، تیپی ٨٧ی قەرەچوخ دروووست کراو سەفین مەلا قەرە کرایە فەرماندەی تیپەکە.

دەســـــتە- ئـــــەنجوومەنی تـــیپ

- سەفین مەلا قەرە فەرماندەی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ
- ڕێباز جێگری تیپ
- مامۆستا تەحسین ڕێبەری سیاسی
- عەول لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە
- محسن کەریم لێپرسراوی کۆمەڵایەتی
- هاشم جیهاز عەدەد جیهاز (بێتەلەوان)

فـــــەرماندە کـــــەرتەکان

- عەلی دیبەگە فەرماندەی کەرتی تیپ
- محەمەد حەسەن (محەمەد شینە) فەرماندەی کەرت
- سەڵاح شینە فەرماندەی کەرت
- نوری قادر باریکە فەرماندەی کەرت
- مامەند مەنتک فەرماندەی کەرت
- ڕەنجدەر فەرماندەی کەرت

تیپی قەرەچوخ لە سەرەتای دروووست بوونی و لە گەرمەی گفتوگۆدا چەند جارێک تووشی ڕووبەڕووبوونەوە بوون لە گەڵ هێزەکانی دوژمن لە جاش و سەرباز.

دوای تێکچوونی گفتوگۆی نێوان (ی ن ک) و ڕژێمی عێراق تیپی ٨٧ی قەرەچوخ دەیان زەبری گەورەیان لە دوژمن وەشاند چەندین داستانی گەورەیان تۆمارکرد.

گوزەرێک بە ناو نەبەردی و داستانەکانی تیپی قەرەچوخ و چالاکییە هاوبەشەکانی تیپی قەرەچوخ لە گەڵ تیپەکانیتردا دەکەین.

گـــرتنی دوو ڕەبـــیە

هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی ٨٧ی قەرەچوخ، ٨٦ی دەشتی هەولێر لە کاتژمێر هەشتی شەوی ١٩٨٥/٣/٣/٢ هێرشیان کردە سەر دوو ڕەبیە لە نزیک دێی بەرزەوار دوای نیو کاتژمێر شەڕ دەستیان بە سەرداگرت، دوو چەکدار لە ناو ڕەبییەکاندا کوژران شەش چەکداریش بە دیل گیران.

دەستکەوت:

١٠ کلاشینکۆف

بێتەلێکی هۆکی تۆکی

سەدان فیشەکی هەمە جۆر

سووتاندنی هەر دوو ڕەبییەکە

چـــالاکی ناوشـــار

مەفرەزەیەکی تیپی ٨٧ قەرەچوخ لە شەوی ٢٣-١٩٨٥/٣/٢٤ چوونەناو شاری هەولێر و دەستیان گرت بەسەر محطەی کارەبای ڕەئیسی و ٣ پۆلیس و ڕەیس عورەفایەکیان دەستگیرکرد

دەستکەوت

٢ کلاشینکۆف و ٤ مەخزەن

٣ سەمنیۆف

١ تەلەفۆن

کـــەرکوك-هـــەولێر

کاتژمێر دوانزەو نیوی شەوی ١٢-١٩٨٥/٤/١٣ هێزێکی هاوبەش لە کەرتەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ هێرشیانکردە سەر سەیتەرەی نێوان کەرکوک و هەولێر لە ماوەی دوو کاتژمێر شەڕوپێکاندا دەستیان بەسەرداگرت

زیانی دوژمن

کوژرانی ٧ کەس

بەدیلگرتنی ٥ کەس

تێکشکاندنی ناقیلەیەک و دوو ئۆتۆمبێل
دەستکەوت
گرینۆفی سەر ناقیلەکە
٥ کلاشینکۆف
٢ دەمانچە
٣ جیهاز
لەگەڵ هەندێک کەلوپەلیتر

نـــێوان گـــوێر- هـــەولێر

کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٥/٦ هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرەچوخ بۆسەیان لە نێوان هەولێر- گوێر دانا کاتژمێر ٣:٣٠ دەقیقە قافلەیەک پاسەوانی دوژمن کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانی هەولێرو قەرەچوخەوە، پێشمەرگەکان دایاننە بەر گوللەی چەکەکانیان و شەڕ دەستیپێکرد، کاروانی پاسەوانییەکەی دوژمن وەحدەی ٣٤٨٠ی سریەی پێنج بوو زیانی زۆری بەرکەوت و دەست گیرا بە سەر چەک و ئۆتۆمبیلەکانیاندا.

زیانی دوژمن:
- کوژرانی ١٥ سەربازو ئەفسەر
- ٨ دیل
- تێکشکاندن و سووتاندنی زیلێک
- لە بەریەک هەڵوەشاندنی ئیڤایەک
- تێکشکاندنی ٤ گەڵابە

دەستکەوت:
- ٣ RBG
- ٢٠ گوللەی RBG
- ٢٠ کلاشینکۆف

- پاسێکی گەورە
- ٨٠ مەخزەنی کلاشینکۆف
- دوو سندوق فیشەکی کلاشینکۆف
- ئۆتۆمبێلێکی تانکەرو ئەلبی

پـــــردێ- ئـــــاڵتون کـــــۆپری

شەوی ١٩٨٥/٥/٧/٦ دوای شەڕەکەی ڕێگای گوێر هەولێر هێشتا شەکەتی ڕێگەو وریشەی R.B.G لە جەستەو بینیندا نەڕەویبوو، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوخ هەڵمەتیان بردە سەر «٥» ڕەبییەی دوژمن لەو هەڵمەتەدا دوو ڕەبییە کەوتە دەست پێشمەرگە و سێ ڕەبییەکەی تریش خاپوور کران.

کاتژمێر یەکی نیوەشەو وادەو بەڵێنی پێشمەرگە بوو لە گەڵ داگیرکەردا، لە ماوەی دوو کاتژمێر شەڕو پێکادانی بەردەوام نە گوللە دەسرەوت نە پێشمەرگە لە هەڵمەت بردن دەکەوت.

لەو هەڵمەتە شێرانەیەدا دوو ڕەبییە کەوتە دەست پێشمەرگەو سێ ڕەبییەش خاپوور کران هەرچی تیادا بوو کوژران.

زیانی دوژمن لە هەر دوو ڕەبییە دەست بە سەردا گیراوەکە جگە لە سێ ڕەبییە خاپوور کراوەکە:

_ کوژرانی ١٦ جەیشی شەعبی

_ بە دیلگرتنی جەیشی شەعبییەک کە تەمەنی ١٣ ساڵ بوو

دەستکەوتەکان:

- ١٥ کلاشینکۆف، ٦٠ مەخزەن، چوار هەزار فیشەکی کلاشینکۆف
- دوو ڕەشاشی R.B.K ڕەشاشێکی ڕووسی
- دوو سندوق نارنجۆکی دەستی
- یەک تەلەفون و بێتەلی کۆڵە پشت

قوربانی پێشمەرگە:

- شەهید بوونی ڕەسوڵ ئەبو زەید
- بریندار بوونی دوو پێشمەرگە

شـــــەهید بوونی سێ پـــــێشمەرگە

مەفرەزەیەکی تیپی ٨٧ قەرەچوخ لە شـەوی ١٥-١٩٨٥/٦/١٦ لەگەڵ لیژنەی دارایی چوونە ناوچەی کەندیناوا مەفرەزەیەکی جاش و حزبی شیوعی بە هاوبەشی بۆسەیەکیان بۆ پێشمەرگەکان دانا لە دێی هیلەوە لە ئەنجامدا سێ پێشمەرگەیان شەهید کرد بەم ناوانە

*شەهید ئیبراهیم ئەنوەر برای شەهید حەسەن ناسراو بە مامۆستا کاوە

*شەهید ستار حەسەن

*شەهید لوقمان خەڵکی قوشاغلو

ســـێ چـــالاکی

مەفرەزەیەکی تیپی ٨٧ قەرەچوخ لە ڕۆژی ١٩٨٥/٧/٢٣ بۆ سەیەکیان لەسەر جادەی گشتی گەیارە دانا لە ئەنجامدا ملازم طیارێک و جاش شەعبییەک کەوتنە بۆ سەکەوە و دەستگیرکران

مەفرەزەیەکیتری تیپی ٨٧ قـەرەچـوخ لـە ١٩٨٥/٧/٢٩ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی گشتی مەخمورەەولێر دانا، لەو بۆسەیەدا ڕەیس عورەفایەک دەستگیرکرا بە دەمانچەیەکی چواردە خۆرەوە، مەفرەزەیەکی قەرەچوخ لە ڕۆژی ١٩٨٥/٧/٣٠ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی قەرەچوخ دانا و نائیب ضابطێک کەوتە بۆسەکەوە و دەستگیرکرا

دەستکەوت

کلاشینکۆفێکی مزەللی

شـــینه-شـــیوەنی دوژمـــن بوو

ڕژێمی عێراق و بەکرێگیراوە دەستڕەشەکانی هەمیشە بە دوای ماڵ و کەسووکاری پێشمەرگەدا دەگەڕان تا ئازاریان بدەن و بیانخەنە زیندان هەر بەوەشەوە نەوەستان کەوتنە تێکدان و ڕووخاندنی ماڵە پێشمەرگەو کەسووکاریان.

ساڵی ۱۹۸۵ شینە* لە گەڵ خەڵکی گەڕەک بەدیار تێکدانی ماڵە پێشمەرگەیەکەوە وەستا بوو بە چاوی خۆی دیمەنی دڵهەژێنی ڕووخاندنی ماڵە پێشمەرگەیەک و بە قژ ڕاکێشان و سوکایەتی پێکردنی ماڵەکەو هاوارو زریکەی تا کەشکەلان فەلەک ڕۆیشتووی منااڵنی ئەو ماڵە پێشمەرگەیەی بینی، ئەو دیمەنە ئاسەواری ڕقێکی گەورەو پیرۆزی لە هەستی شینەدا جێهێشت، ڕقێک کە لە زوڵمێکی گەورەوە سەرچاوەی گرتبوو، ڕقێک دەیان پرسیاری لە مێشکی شینەدا دەوروژاند ئەم ماڵە بۆچی دەڕوخێنن، بۆچی ئەو کچە ڕوو سوورە بە قژ ڕادەکێشن ئەو منااڵنە بۆچی دەزریکێنن، ئەو خێزانە بۆچی لە مافی ژیان بێبەشدەکرێن، ئەو پرسیارو دیمەنانە سەرتاپای گیانی شینەیان داگرتبوو.

شینە[۲] هێشتا بە دیار دیمەنی ڕووخاندنی خانوویەک و زاک و زریکی خێزانێکەوە تاسابوو لە ناکاو لە کەسێکی پرسی ئەوە چییە بۆ وا لەو ماڵە دەکەن کەسەکە ووتی ئەوە ماڵێکیتریش هەیە بەنیازین ئەوانیش بەگرتن و خانووەکەیان بە ڕووخاندن بدەین شینە تێگەیشت مەبەستیان ماڵی ئەوانە چوونکە مامێکی شینە پێشمەرگە بوو.

ڕووخاندنی ماڵە پێشمەرگەیەک بە بەرچاوی شینەوەو قسەی ئەو سیخوڕەی ووتی ماڵێکیتر هەیە بە نیازین بە گرتیان بدەین هەستی تۆڵەکردنەوەی لە گیانی شینەدا گەورە کرد.

ڕۆژی تـــــۆڵە

۱۹۸۵/۷/۲٤ نیوەڕۆیەکی گەرم و گەرمای تەموزی هەولێر بوو شینە دەگەڕایەوە ماڵەوە لە سیلەی قەبرانی شێخ مەعروف لە گەڕەکی باداوان ئەو جاش و سیخوڕەی

---

۲ شینە ناوی (عبدالقهار محسن) ە دایکی بە سەر لە دایک بوونی شینەوە گیانی سپاردووە، لە ناوچەی شەمامک بە گریان لە خۆدان دەڵێن شیوەن لەو کاتەوە عبدالقهار نازناوی شینەی لێنرا بە بۆنەی شیوەنی دایکییەوە.

بەدیکرد کە چەند ڕۆژێک پێشتر لە وەڵامی پرسیارێکی شینەدا ووتبووی ئەوە ماڵە پێشمەرگەیە دەیڕوخێنن ماڵێکیتریش هەیە ئەوانیش بە گرت دەدەین و ماڵەکەیان دەڕوخێنین.

شینە هەستیکرد کە ئەو جاشە چاودێری ماڵی ئەوان دەکات تا هەمان کارەساتیان بە سەر بێنێ کە بە سەر ماڵە پێشمەرگەکەی چەند ڕۆژ لەوەو بەریاندا هێنابوو.

شینە بێ ئەوەی پرس بە کەسووکاری بکات یان خێزان و کەسووکاری ئاگادار بکاتەوە دەمانچە ویلتەرە حەوت خۆرەکەی باوکی لە ناو قەدی نوێنەکاندا دەرهێناو خستیە بەر پشتی و هاتە دەرەوە، باوەژنی بینی شینە بە خێرایی بەرەو دەرەوە دەڕوات ووتی ئەوە چییە، شینە ووتی هیچ.

شینە بـەرەو سیلەی گۆڕستانی شێخ مەعروف ڕۆیشت، ڕقی تۆڵە تەمێکی ئەستوور بوو بەرچاوی شینەی گرتبوو، شینە دەمانچەکەی دەرهێناو ڕایکێشا پەنجەی لە بەلەپیتکە ترازاند نەتەقی میلی ڕاکێشایەوە فیشەکێک کەوتە خوارەوە شینە فیشەکەکەی هەڵگرتەوە جاشەکە پاسەوانێکی لە گەڵدا بوو ڕایکرد، شینە چوار فیشەکی لە جاشەکەداو خستی لەو کاتەدا لاندکرۆزێکی جاش هاتن جاشەکەیان ڕاکێشا، جاشەکان سەیری شینەیان دەکرد یەکێک لە جاشەکان ووتی کوڕە وازی لێبێنن ئەوە منداڵە، جاشەکان بڕوایان نەدەکرد ئەو مێرد منداڵە تەقەی کردبێت.

شینە ئەو کاتە تەمەنی شانزە ساڵ بوو جاشەکان گومانیان نەدەکرد بەو تەمەنەوە بتوانێت تەقە لە جاشێک بکات دوای تەقە کردن لە جاشەکە شینە بەرەو ماڵەوە گەڕایەوەو ووتی من لێمدا، من تەقەم لێکرد دەمانچە حەوت خۆرەکەی شینە یەک فیشەکی تیا مابوو کردی بە بەر پشتی داو ڕۆیشت.

تەکسییەکی بەڕازیلی لە بەردەم ماڵێکدا وەستابوو شینە چووە ماڵەکەو بە خاوەن تەکسییەکەی ووت دایکم نەخۆشە وەرە لە گەڵم بمانگەیەنە نەخۆشخانە، پیاوەکە لەوە دەچوو تازە زاوا بێت ژنەکەی پێیووت ئەو منداڵە گوناحە فریایکەوە بیگەیەنە نەخۆشخانە.

شینە جووتێ نەعلی لە پێدا بوو بۆ ئەوەی خاوەن تەکسییەکە نەبینێ کە پێڵاوی لە پێدا نییە چووە ناو تەکسییەکە دانیشت.

شۆفێری تەکسییەکە سەرکەوت و لە شینەی پرسی ئەو تەقانە چیبوو تۆ بوویت، شینە ووتی نا من بۆ تەقە دەکەم منی چی، شینە کیفی دەمانچەکەی بە دەستەوە بوو شۆفێری تەکسییەکە ووتی ئەوە چییە، شینە دەمانچەکەی خستە سەر سەری و ووتی دەمبەیتە تووە ڕەق یان بتکوژم، شۆفێرەکە ووتی کاکە منیش کەسووکاری پێشمەرگەم، شۆفێرەکە تەکسییەکەی هاژوو شینەی بردە تووە ڕەق و گەڕایەوە، شینە لە تووە ڕەق چووە ماڵی ئازادی خزمیان، ئازاد کە شینەی بینی لە دوورەوە ووتی ئەوە بۆ پێڵاوت لە پێدا نییە شینە شەرحی حاڵی خۆی بۆ کرد.

لە هـــەر دوو لا یـــاپراخ بـــوو

ئەو ڕۆژە ماڵی شینە لە هەولێر یاپراخیان هەبوو بەڵام فریانەکەوت بیخوات و بەرەو تووە ڕەق ڕۆیشت کە چووە تووە ڕەق لەوێش یاپراخ بوو لەوێش نەیخوارد جووتێ پێڵاویان بۆ هێناو بەرەو شێخ شەروان بەڕێکەوت ماڵی براکەی لەوێ بوو.

شینە گەیشتە ماڵی براکەی لە شێخ شەروان دۆخەکەی بۆ باسکردوو ووتی دەمەوێت ببم بە پێشمەرگە براکەی ووتی نابێت ببیت بە پێشمەرگە.

ئێوارە پێشمەرگە هاتنە شێخ شەروان وردەکاری چالاکییەکەیان کردە بروسکەو دایانە ئیزگە ڕۆژی دواتر لە ئیزگەوە خوێندرایەوە.

شینە ئەو شەوە لە شێخ شەروان مایەوە پێشمەرگەکان نەیانبرد لە گەڵ خۆیاندا ووتیان بەیانی دێینەوە، بۆ ڕۆژی دواتر پێشمەرگەی حزبی شیوعی هاتنە شێخ شەروان شینە لە گەڵیان کەوت ووتی دەبمە پێشمەرگە شیوعییەکان متمانەیان بە شینە نەبوو دەیانووت هەموو کەسووکاری پێشمەرگەی یەکێتییە.

شینە لە گەڵ حزبی شیوعی چووە دێی دارە خورما بەڵام چەکیان نەدایە بۆ بەیانی هێزەکانی ڕژێمی عێراق پەلاماری دارخورمایاندا کۆپتەر دارخورمای دەبێژا

بەڵام تەقەیان لێنەکرد زیاد لە حەوت ئۆتۆمبێلی پێشمەرگەکانی شیوعی سووتاند.

بۆ بەیانی شۆڕش و عادل و شینە چوونە لەتیفاوا پیکابێکی جاشیانگرت بەرانبەر مامزاوا ئۆتۆمبیلێکی کرۆنایان گرت کە دوو مغاویری تیابوو.

دوای دوو شەو مانەوە لە گەڵ حزبی شیوعی کەسووکاری شینە هاتن بەدوایدا، شینە وازی لە حزبی شیوعی هێناو بووە پێشمەرگە لە کەرتی (١)ی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ بەشداری لە شەڕەکانی دەشتی هەولێری کرد، دوای چەند مانگێک چووە تیپی ٩١ی سەفین.

چـــارەنووسی مـــاڵی شـــینە

دوای ئەوەی شینە تەقەی لە جاشەکە کردوو چوار گوللەی لێدا ماڵی باوکی شینە شاری هەولێریان بەجێهێشت و چوونە قۆریتان پاش ماوەیەک چوونە ناوچەی خۆشناوەتی و لە دێی هەرتەل گیرسانەوە دواتریش چوونە گولەک لە بن چیای هەریر.

گـــرتنی ئەفسەرێکی فـــڕۆکەوان

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ و ٨٥ بەڕانەتی لە ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٣ لەسەر جادەی گوێر-هەولێر ضابط طیار (جاسم عەبد تەها)یان دەستگیرکرد کە خەڵکی کەرکوک و ژمارەی ناسنامەی ٦١٠٢٥١٢ بوو دەستکەوت دەمانچەیەکی قادسیە بوو.

مەفرەزەیەکی هاوبەشی هەردوو تیپ لە ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٣ لە ناو شاری هەولێر تەقەیان لە محەمەد حەمید ئەندامی مەجلسیی کارتۆنی و پاسەوانەکەیکرد لە بەردەم ماڵی خۆیاندا لە ئەنجامدا ئەندامەکەی مەجلیسی کارتۆنی بریندار بوو.

کـــوشتنی دوو جـــاش

ڕۆژی ١٩٨٥/٨/١٥ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە بۆسەیەکدا تاوانباریکیان بەسزا گەیاندوو کوشتیان کە یەکێک بوو لە پیاوەکانی

ڕژێم لە ناوچەی قەراج، ئەم تاوانبارە ئامر قائیدی قادسییەی جاشی شەعبی و ڕەفیق حزبی و لێپرسراوی مونەزەمە و سەرۆکی لیژنەی نەقابە یوو، جگە لەو پلە حیزبیانە پیشەی خۆی موزەمید بوو لە کەرکوک

دەستکەوت

یەک دەمانچە

یەک ئۆتۆمبێل

یەک جانتا

هەر لە شەوی ١٩٨٥/٨/١٥ چەند پێشمەرگەیەک چوونە ناو شاری مەخموور و نارنجۆکیان هەڵدایە ناو مۆڵگەی جاشەوە جاشێک کوژرا و جاشێکی تر بریندار بوو.

ڕەوە کـــــۆپتەر

ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٣١ ڕەوە کۆپتەرێکی ڕژێم کە پێک هاتبوون لە ٢١ کۆپتەر لە کاتژمێر ١٠ تا ٥ی ئێوارە لە ئاسمانی ناوچەکە سوڕانەوە و دێیەکانی (میرکە و بانیماران و میرسەیی) یان بۆردومان کرد، چەند کۆپتەرێک لە دێی مێرکە نیشتنەوە، دێیەکانیان سووتاندوو تاڵان کرد.

لە میرکە، بانیماران، بەردە سپی، میرسەیی، دوو پێشمەرگە و دوو شوان بریندار بووین.

نـــــزیك مەخموور-چـــــالاکی

هێزێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە شەوی ١٩٨٥/٩/٣-٢ چوونە سەر ڕەبییەی حیمایەی معمل قیری نزیک سەیتەرەی مەخموور، لە کاتژمێر یەک و نیوی شەودا هێرشیانکردە سەر ڕەبییە و معمل قیرەکە و دەستیان بەسەردا گرت سەربازەکان هەڵاتن و کەسیان نەکوژرا.

زیانی دوژمن

سووتاندنی کارگەی قیرو ١٠ شۆفڵاو گەڵابە و مەکائین

دەستکەوت

٢ کلاشینۆف و ٢ مەخزەنی حەفتا و پێنجی، ٤ مەخزەنی چل خۆر، شەش مەخزەنیتر، ٢ سندوق فیشەکی ڕووسی، ١ ئۆتۆمبێلی لاندکروز

چـــــالاکی-بـــــۆسە

ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٤ مەفرەزەیەکی تیپی ٨٧ قـەرەچـوخ لەسەر جـادەی گشتی کەرکوک-موسڵ بۆسەیەکیان دانا، ئیستخیاراتێک کەوتە بۆسەکەوەو کوژرا

دەستکەوت

١ دەمانچەی چواردە خۆر

یەک سۆپەر

بـــــۆسە

ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٥ مەفرەزەیەکی تیپی ٨٧ی قـەرەچـوخ لەسەرجادەی گشتی هەولێر کەرکوک بۆسەیەکیان دانا، کاتژمێر یەکو نیوی دوانیوەڕۆ هینۆیەکی جەیشی ناشەعبی کەوتە بۆ سەکەوە لە ئەنجامدا دوو کەس کوژران و دوانیتر بریندارببوون.

لـــێدانی زاگـــە، شـــەمشولە، مـــــشار

ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/٢٧ بە ئامادە بوونی ڕێبان، فاروق عەلی مەولوود، مام غەفورو بە سەرپەرشتی شێخ جەعفەر لە دێی سێکانیان کۆبوونەوەیەک ئەنجامدرا بۆ لێدانی جاشەکانی زارگە، شەمشولە، مشار هێزەکان کرانە دوو بەش هێزێک بۆ شەمشولە و زارگە، هێزەکەیتر بۆ مشار.

سەر لە ئێوارە بەڕێکەوتن بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکە، لە جـادەی هەولێر کەرکوک، هەولێر مەخموور پەڕینەوە.

ئێوارەی ڕۆژی دوایی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو کەرتی دووی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ گەیشتنە دێی شەمشولە و زارگە لەوێش بوونە دوو بەش بەشێک بە فەرماندەیی ڕێبازو بەشەکەیتر بە فەرماندەیی مام غەفور.

لە کاتژمێر ٨:٤٥ دەقیقە چوونە ناودێ و هێرشیان کردە سەر جاشەکان دوای دوو کاتژمێر شەڕو پێکادان دەستیانگرت بە سەر دێیەکەدا، دوانزە جاش کوژران، ٢٠ پارچە چەک دەستکەوت بوو، پێشمەرگەش سەرکەوتوو بێ زیان گەڕانەوە.

پێش ئەوەی بچنە ناودێ بڕیاری کوشتنی ژن و منالّی جاشەکانیاندا بەلّام لە ناو دێ بڕیارەکەیان هەلّوەشاندەوەو ئاگاداری پێشمەرگەکانیانکرد شتی وا سزای قورس دەبێت.

هەمان شەوو بە پێی ئەو نەخشەیەی دانرابوو هێزێکی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ هێرشیانکردە سەر دێی مشار لە ناوچەی قەراج لەوێش گورزی کوشندەیان لە جاشەکان وەشاند.

لێدانی عەرەبی هاوردە
1986

حکوومەتی عێراق عەرەبی هێنابووە دێیەکانی دەشتی شەمامک تا دەست بە سەر زەوی و زاری خەلّکی ناوچەکە بگرێت.

هەر دوو تیپی قەرەچوخ و دەشتی هەولێر چوونە سەر عەرەبە هاوردەکانی دێی مشارو لێیاندان، بە لێدانی عەرەبەکانی مشار تێکڕای ئەو عەرەبانەی هاتبوونە دەشتی شەمامک هەلّاتن و دێیەکانیان چۆلّکرد.

ڕەبیەی تۆپزاوا

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ قەرەچوخ لە شەوی ٣-١٩٨٦/٢/٤ هێرشیانکردە سەر ڕەبیەی تۆپزاوە و لە ماوەی ١٠ دەقیقەدا دەستان بەسەردا گرت

دەستکەوت

١ ئاڕ بی جی
١ جیهازی ١٠٥
١ سندوق فیشەک
٤ گوللە ئاڕ بی جی

بـــۆسە
هـــــەولێر-کـــــۆیە

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٢/٤ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی هەولێر کۆیە دانا، جێب قیادەیەک کەوتە بۆسەکەوە و گوللە بارانیان کرد لە ئەنجامدا ٣ سەرباز و ٤ جاش کوژران

دەستکەوت

١ ئاڕ بی کەی

٤ کلاشینکۆف

١ ئۆتومبێل

گـــــرتنی 7 جـــاش

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە شەوی ٧-١٩٨٦/٢/٨ چوونە ناو شاری هەولێر و ٧ جاشیان دەستگیر کرد.

دەستکەوت

١ ئاڕ بی کەی

٧ کلاشینکۆف

١ دەمانچەی قادسییە

٤ نارنجۆک

دوو چـــــــالاکی

مەفرەزەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٢/٢٧ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی گشتی گیارە-سولتان عەبدوڵڵا دانا، ئۆتۆمبێلێکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگەکان دایانە بەر دەستڕێژی گوللە.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢ جەیشی نا شەعبی و سووتاندنی ئۆتۆمبێلەکە

هەمان ڕۆژ پێشمەرگەکانی قەرەچوخ لە نێوان دێی زمارەو گوێر لە هێزێکی

دوژمانیاندا و ژمارەیەکیان لێکوشتن، هێزەکانی دوژمن ویستان لە گوێرەوە بە هانای شەڕەکەوە بێن پێشمەرگەکان لە وانیشیاندا

زیانی دوژمن

کوژرانی دەیان جەیشی ناشەعبی و پۆلیس

دەستکەوت

١ کلاشینکۆف، ٣ سندوق فیشەکی بی کەی سی، ٢ کۆلە پشت، ٤ گوللە ئاڕ بی جی، ٤ ئۆتۆمبێل

هــــەولێر پـــــردێ
زســـــتانی 1986

کەرتی (١،٢،٣)ی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ دەستیانگرت بە سەر خاڵی پشکنینی (هەولێر پردێ) دا ژمارەیەک پۆلیس و سەرباز لە ناو خاڵی پشکنینی پردێ- هەولێر کوژران و بریندار بوون، پێشمەرگەکانیش سەرکەوتووانە و بێ زیان بوون.

دەشـــــتی قـــــەراج

پێشمەرگە قارەکانەکانی تیپی ٨٧ قەرەچوخ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٣/١٥ بۆسەیەکییان لەسەر جادەی مەخموور-ناحیەی باقرت لە دەشتی قەراج دانا چەند ئۆتۆمبێلێکی دوژمن کەوتنە بۆسەکەوە و گوللە بارانکران.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٢١ کەس

بریندارببوونی ٢٠ کەس

دەستکەوت

١ ڕەشاشی بی کەی سی

٧ کلاشینکۆف و ٢٥ مەخزەن

١ دەمانچەی چواردە خۆر

٢ ئۆتۆمبێل

گـــرتنی مـــقەڕ ســـریەی گـــەروەتە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپەکانی ٨٧ی قەرەچوخ و ٨٦ی دەشتی هەولێر لە کاتژمێر ١١ی شەوی ١٩٨٦/٥/١٣/١٢ هەڵمەتیان بردە سەر مقەڕ سریەی گەروەتە کە لە ساڵی ١٩٧٤ ەوە مقەڕ سریە بوو لە سەر جادەی هیران-شەقڵاوە لە بناری چیای سەرکەشی سەفین و لە ماوەی دە دەقیقەدا دەستیان بە سەرداگرت.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ١٠ جاش

سووتاندنی سێ ئۆتۆمبێل

دوو شۆفڵ،

یەک عادیلە

یەک گرێدەر

٤ خێمە

گرتنی دوو جاش

دەستکەوتەکان:

یەک R.B.G

١١ کلاشینکۆف

٣٠ مەخزەن

٣٠ هەزار فیشەک

یەک جیهازی بێتەل ماک فەڕەنسی و یەک موجەفیرەی ڕاکاڵ

قوربانی هێزی پێشمەرگە دوو شەهید:

١/ شەهید ئەیوب فەتاح ناسراو بە مام قادر پێشمەرگەی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ دوو مانگ لەوەوبەر لە گرتنی ڕەبیەکەدا بریندار بوو، شەهید ئەیوب خەڵکی دێی عەرەب کەندی شەمامک و خاوەنی (١٠) منداڵ بوو.

٢/ شەهید جەوهەر محەمەد پێشمەرگەی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ بوو.

ڕێـــگا گـــشتییەکان

• دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٢٥ لە سەر ڕێگای گشتی موسڵ بۆسەیەکیان دانا، ئۆتۆمبێلێکی جاش کەوتە بۆسەکەوە جاشێک کوژراو ئۆتۆمبیلەکەش سووتێندرا.

• دەستەیەک پێشمەرگەی هەمان تیپ لە ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٢٩ جاشێکیان بە کلاشینکۆفێک و پێنج مەخزەنەوە دەستگیرکرد.

• دەستەیەکی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە سەر ڕێگای گشتی هەولێر کەرکوک بۆسەیەکیان بە دووری ٥٠٠ مەتر لە سەیتەرەی کەرکوک دانا، کاتژمێر ١١:٣٠ دەقیقەی نیوەڕۆ ئۆتۆمبێلێکی هینۆ کەوتە بۆسەکەوەو دوو جەیشی شەعبی کوژران و هینۆکەش سووتێندرا.

داســـتانی هـــەولێر
مـــــانگی 10ی 1985

بۆ بەرگرتن بە چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەو چاودێریکردنی جموجۆڵی خەڵک و ڕێکخستنەکانی ناو شار دامووەزگاکانی دوژمن لە ناو شاری هەولێردا هێزێکیان لە ئەمن و ئیستخبارات، سووپا، پۆلیس، جەیشی شەعبی دروستکرد وەکو هێزی خێراو لە ناکاو (تـەواری) بۆ هەر شوێن و بۆ هەر شەڕێک بەرانبەر پێشمەرگە بیویستایە بە کاری دەهێناو دەیکردە هێزی پاڵپشت بۆ ئەو هێزانەی لە دەرەوەی شار لە گەڵ پێشمەرگە تووشی شەڕ دەبوون.

ڕێکخستنەکانی ناو شار دۆخەکەیان تاووتوێ کردبوو پەیوەندییان بە تیپی ٨٧ی قەرەچوخەوە کردوو نەخشەی چالاکییەک دانرا تا گورزێک لە هێزەکانی دوژمن بدەن.

پێشمەرگەکانی تیپی قەرەچوخ چوونە دێی بێستانە ڕێبازو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە بێستانە بوون لە گەڵ تیپی قەرەچوخ کۆبوونەوەیەکیانکرد نەخشەو پلانی چالاکییەکەیان بە هاوبەشی دانا، بەمجۆرە:

• هێزێک بچێتە سەر خاڵی پشکنینی هەولێر مەخموور لێیان بدەن تا هێزی

تەواڕی بێت بە هانایانەوە.

- هێزێک هێرش بکاتە سەر جادەی گشتی هەولێر- مەخمور
- هێزێک هەڵمەت بەرێتە سەر کارگەی قیری هەولێرو پۆلیسەکان دەستگیر بکات.

نەخشەو پلانی شەڕەکە وەکو خۆی و لە کاتی خۆیدا جێبەجێکرا، مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی بەکر گردە سووری بە ئاربیجی لە خاڵی پشکنینیاندا، هێزی تەواری هەولێر بە هانای خاڵی پشکنینی مەخمورەوە هاتن کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەی تیپی قەرەچوخ و دەشتی هەولێر لە ماجیداوا دوای شەڕێکی کورت هێزەکەی دوژمن پاکۆدران چەند کوژراوێکیان لێجێما خەڵکی هەولێر تەماشاچی شەڕەکە بوون، لەو داستانە کەم وێنەیەدا ١١٧ ئەمن و ئیستخبارات کوژران و بوونە سووتەمەنی بۆ ڕژێمی داگیرکەری عێراق.

لەو شەڕەدا چەند پێشمەرگەیەک بریندار بوون، شایەنی باسە هێزە تەواریەکە هەموویان تکریتی و صدامی بوون، خەریکی هەلهەلە لێدان بوون کاتێک کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوە.

ڕێـــگە گـــشتییەکان

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە کاتژمێر ٤ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٦ چوونە سەرجادەی گشتی هەولێر- کەرکوک لە گەڵ چەند ئۆتۆمبیلێکی ئەمن دا بەرەنگاری یەکتر بوون پێشمەرگەکانی قەرەچوخ تەقەیان لێکردن و ئۆتۆمبیلێکیان پێکاو «٥» ئەمنی تیادا کوژراو ئەوانیتر هەڵاتن.

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە شەوی ١٩٨٥/١١/٧/٦ چوونە سەر ڕێگای ماویلیان و بۆسەیەکیان دانا جێب قیادەیەک کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگەکانی قەرەچوخ دەستڕێژیان لێکردو دەستیانگرت بە سەر جێبەکەدا.

ڕەبیەکانی ماویلیان کەوتنە تەقە، پێشمەرگەکانی قەرەچوخ وەڵامیان دانەوەو دەمکوتیان کـردن لە هەمان کاتدا ئیڤایەکی سـەربـازی کەوتە نـاو بۆسەکەوە دەستڕێژیان لێکردوو وەرگەڕا.

هـــێرش بۆ ســـەر ســـماقوڵی

لە سەر چیای کێشکەوە ڕوانییان دوژمن کەتیبەیەکی تۆپخانەی لە ئاریانا جێگیر کردبوو کە پێکهاتبوو لە ١٨ تۆپ، بە سەدان ئۆتۆمبێلی جاش و سەربازی بەرەو گۆمە سپان دەهاتن هەندێکیش بەرەو کۆیە بەشێک لە هێزەکانی پێشمەرگە بە فەرماندەیی ڕێباز لە سەر چیای کێشکە دامەزران بەڵام دوژمن لەو قۆڵەوە پەلاماری نەدا.

کاتژمێر ٥ی بەیانی لە نزیک زیارەت تەقە دروست بوو هێزەکانی دوژمن سەرانسەری بنە باوێیان دەست بە سەرداگرت کە بە سەر سماقولییەکاندا دەڕوانێت لە چەند لاوە پەلاماری دەستپێکرد.

لە قۆڵی کۆیە و باواجی سەر بنەباوێ کەوتبوو لە دەربەندی گۆمە سپان، زیارەت، چیای باواجی بۆ گرۆژو بنەباوێ، دۆڵی ئەسحابان بۆ سماقوڵی و گەلی و چیای گچکە، گرتگی حەمەدئەمین، سەلام بۆجەلی، هیزۆپ و کۆلکە ڕەش و کاموسەک، هیران بۆ نازەنین، لە هیرانەوە بۆ پشتی نازەنین گەروەتە و قۆپی سوسێ

لەو هێرشە بەرفراوانەدا تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرەچوخ،٩٣ی کۆیە، ٩١ی سەفین، ٨٥ی بەڕانەتی کە نزیک بە ٤٠٠ پێشمەرگە بوون لە بەرانبەر ٧ هەزار جاش و سەربازو قوات خاسەو دەیان تۆپ و کۆپتەرو زرێپۆش و دەبابەی دوژمن وەستانەوەو شەڕی کەم وێنەیانکرد.

هێزەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە سەر چیای کێشکەوە بوون، هێزەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ بەرەو گەلێ سوسێ ڕۆیشتن.

پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر کە لە چیای کێشکە سەنگەریان گرتبوو بەرەو سماقولی ڕۆیشتن، هێزەکانی داگیرکەر گەمارۆی هێزی پێشمەرگەیاندا بوو، هێزەکەی دەشتی هەولێر لە گەڵ هێزی مەڵبەند یەکیان گرتەوە.

*دوژمن چەند جارێک هێرشی کردبووە سەر سماقولی لە پێشدا پەلاماری قۆپی کێشکێی دەدا بەڵام ئەمجارەیان دزەی کردوو بەرنامەی گۆڕی بە جادەی گشتیدا ڕۆیشت کە پێشمەرگەی لێ نەبوو بەرگری بکات.

تا ئێوارە تۆپخانەکانی دوژمن سەنگەرەکانی پێشمەرگەو ناو سماقولی و چیاکانی دەکوتا پێشمەرگەکانی مەڵبەندی چوارو تیپەکانی کە دنیا تاریکی پۆشی لە چیای ئاوە گردەوە شۆڕ بوونەوە بۆ نازەنین ماندوو شەکەت و برسی بوون ماڵەکان چۆڵیانکردبوو هەر چۆنێک بێت خواردنیان پەیدا کرد.

ژن و ماڵ و منااڵی دێیەکان لە گەڵ پێشمەرگەدا بوون جاش و سەرباز بۆسەیان لە سەر ڕێگەکان دانابوو لە بۆسەی دوژمن ڕزگاریان بوو گەیشتنە دێی « فریز».

لەو شەڕەدا کە چەند ڕۆژێکی خایاند دێیەکانی سماقولی، گرتک، کرۆژ، سێ جان، سماقولی، جەلی، سەروچاوە، سوسێ، زیارەت، حاجی ئەحمەد، عەلیاوە، لە لایەن هێزەکانی دوژمنەوە سووتێندران و تااڵنکران.

لەو شەڕەدا ٩ پێشمەرگە شەهید بوون چەند پێشمەرگەیەک بریندار بوون و کەوتنە دەست دوژمن، هێزەکانی دوژمن لە ١٩٨٦/١/٨ کشانەوەو پێشمەرگەکانیش لە ١٩٨٦/١/٩ گەڕانەوە شوێنەکانیان لە مەڵبەندی چوار.

چـــوونە ناو شـــار- چـــالاکی

لە شەوی ١٩٨٦/٣/٥/٤ هێزێک لە پێشمەرگەکانی قەرەچوخ لە سەعات ٧ی ئێوارەدا چوونە ناو شاری هەولێرو ماوەی پێنج سەعات دەستیان گرت بە سەر گەڕەکێکدا دوژمن نەیدەتوانی نزیک گەڕەکەکە بکەوێتەوە پێشمەرگەکانی قەرەچوخ کەوتنە گەڕان بە دوای جاش و ئەڵقە لە گوێکانی ڕژێمدا.

زیانی دوژمن:

کوژرانی (١) جاش

دەستگیرکردنی (٣) جاش

ئۆتۆمبێلێک و ٢ ماڵە جاشیان ئاگر تێبەردا

دەستکەوت:

(١) ڕەشاشی ئاربیکەی

(٢) کاڵاشینکۆف و ١٠ شانە

بـــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی قەرەچوخ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٣/١٥ کاتژمێر ١٢ی دوانیوەڕۆ لە سەر ڕێگای قەزای مەخمور ناحیەی باقرتە بۆسەیەکیان دانا.

لە کاتژمێر ٢:٣٠ دەقیقەی دوانیوەڕۆدا چوار ئۆتۆمبێلی قووە تەواری و جاشەکانی مەخمورو قایمقام کەوتنە بۆسەکەوە، پێشمەرگەکانی تیپی قەرەچوخ ئاگربارانیان کردن و بە نارنجۆک هەڵمەتیان بردە سەریان و دوو ئۆتۆمبێلی یەکەم بە تەواوی ئیبادە بوون.

هێزێکیتری دوژمـن بە پشتیوانی چەند زرێپۆش لە مەخمورەوە هاتن پێش ئەوەی بگەنە مەیدانی شەڕ کەوتنە بۆسەیەکیتری هەڵۆکانی قەرەچوخەوە لە نێوان (مەخمورو گردە قۆشەنە) ئەوانیش پاش شەڕێکی چەند سەعاتی هەڵاتن و دەشتی پان و بەرینی قەراجیان لێ ببووە چەرمی چۆلەکە.

هێزێکیتری دوژمن لە ناحیەی باقرتەوە بەرەو مەیدانی شەڕ هاتن، هێزێکیتری تیپی قەرەچوخ وەک بروسکە لە هێزی سێهەمی داگیرکەر ڕاپەڕین و ئاگربارانیانکردن هێزەکەی دوژمن بەرەو ناحیەی باقرتە هەڵاتن پێشمەرگەکانی قەرەچوخ تا ناو مۆڵگەکانیان ڕاویاننان، دوژمن پەنای بردە بەر کۆپتەر لە کاتژمێر ٥:٣٠ دەقیقەی ئێوارەوە دوو کۆپتەری جەنگی هاتنە سەر ئاسمانی شەڕەکە ئەوانیش لە قوڵایی ئاسمان توند کران.

زیانی دوژمن:

کوشتنی دەیان جاش و قوات خاسە و تەواری

دەستکەوت:

٧ کلاشینکۆف و ٢٥ شانە

١ دەمانچەی چواردە خۆر

٢ ئۆتۆمبێل

١ لاندکرۆز

١ تویوتا پیکاب

گـــرتنی دوو ڕەبـــییەی زمـــار

هێزێکی هاوبەشی هەر دوو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوخ لە کاتژمێر یانزەی شەوی ١٩٨٦/٦/٣٠/٢٩ لە سەر ڕێگای گشتی هەولێر موسڵ هەڵمەتیان بردە سەر دوو ڕەبییەی زمار لە ماوەی هەشت دەقیقەدا دەستیان بە سەردا گرت، ١٠ جاشی شەعبی کوژران و بریندار بوون، ژمارەیەکیش بە دیل گیران.

دەستکەوت:

٢ ڕەشاشی R.B.K

١٢ کلاشینکۆف و ٦٠ شانە

یەک سندوق نارنجۆکی دەستی

شەش هەزار فیشەکی کلاشینکۆف

دوو تەلەفون

لە کاتی گەڕانەوەی پێشمەرگەکان بە دیل و دەستکەوتەوە تاقمە جاشێک لە دێی «ساتووە» ویستیان ڕێگە لە پێشمەرگەکان بگرن، پێشمەرگەکان لێیاندان و جاشێک کوژراو سێ جاش بریندار بوون.

ڕێـــگای مـــوسڵ

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە ڕۆژی ١٩٨٦/٧/١ چوونە ناو شاری هەولێر و خۆفرۆشێکیان لە گەڕەکی لەتیفاوا دەستگیرکرد.

تـــێکشکاندنی پەلاماڕێکی دوژمـــن

ڕۆژی ٩٨٦/١٠/٢٤ هێزەکانی دوژمن لە سێ لاوە پەلاماری پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخیاندا

قۆڵی یەکەم

لە قەزای مەخموورەوە بەرەو کێلە شین و مشار و زمارە هێزی دوژمن لەم قۆڵەوە پێکهاتبوو لە ٣ دەبابە ١٥٠ ئۆتۆمبێل مغاویر و چەکدار.

قۆڵی دووەم

لە بازارگەوە بەرەو مەلەک ئاغاو کە پەنگ ڕەش و کورتان دروو ملیهۆرد ڕۆیشتن، هێزی دوژمن لەم قۆڵەوە پێکهاتبوو لە ٣ دەبابە و زیاتر لە ١٠٠ ئۆتۆمبێلی چەکدار.

قۆڵی سێیەم

لە دیبەگەوە بەرەو تەلەلخێم و زمارە بەڕێکەوتن، هێزی دوژمن لەم قۆڵەوە نزیکەی ١٠٠ ئۆتۆمبێلی چەکدار بوون.

هێزی دوژمن لە قۆڵی یەکەوە تووشی پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ قەرەچوخ و مەفرەزەیەکی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوون شەڕ لە کاتژمێر ١ی دوانیوەڕۆوە لە دێی زمارەی سابیر دامەزرا، لەگەڵ یەکەم دەسڕێژی پێشمەرگەدا سێ ئۆتۆمبێلی پڕ لە سەرباز لەناو بران و دەبابەیەکی بەڕازیلیش سوتێندرا.

کاتژمێر ٥ی ئێوارە هێزێکیتری تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە دێی تەلەلخێمەوە بەهانای شەڕەکەوە هاتن، لە پشتەوە گەمارۆی هێزەکانی دوژمنیانداو ژمارەیەکی زۆریان هەڵاتن، لاشەی ١٥ کوژراو لەبەر پێی پێشمەرگەدا بوو.

لە قۆڵی دووەمی شەڕەکەوە لە کاتژمێر دووی دوا نیوەڕۆوە هێزێکی دوژمن لە دێی ملیهۆرد کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ و شەڕ دامەزرا، هەر لەگەڵ یەکەم دەستڕێژیدا ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە چەکدار هەرچی تیابوو کوژرا.

هێزێکی پێشمەرگە لە کاتژمێر چواری ئێوارە هێرشیانکردە سەر هێزەکانی دوژمن و لە دوو لاوە گەمارۆیاندان، بۆیە دوژمن دوای جێهێشتنی چواردە کوژراو هەڵاتن و لە جادەی موسڵ–کەرکوکەوە گەڕانەوە ناحیەی دیبەگە، لە کاتژمێر ٣:٣٠ دەقیقەی دوانیوەڕۆش کۆپتەرێک پێکراو کەوتە خوارەوە، هێزی دوژمن لە قۆڵی سێیەمی شەڕەکەو لەدوای تێکشکاندنی هێزەکانیان لە قۆڵەکانیترەوە نەیانوێرا لە پێشمەرگەکان نزیک ببەنەوە، بۆیە کوێرانە و بە دووڕە تەقە کەوتنە گیانی ژن و منداڵ و پیری ئەو دێیانەی لە ترسی تۆپباران و پەلاماری کۆپتەر چووبونە بناری چیای

قەرەچوخ، پێشمەرگەکانی قەرەچوخ بەرەو هێزەکەی دوژمن چوون بەڵام لە بەردەم وەرەی پێشمەرگەدا هەڵاتن و لە گوێر گیرسانەوە

شەڕ لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی ئێوارە بە هەڵاتنی دوژمن و سەرکەوتنی پێشمەرگە کۆتایی هات.

زیانی دوژمن

کوشتنی زیاتر لە ٧٠ مغاویر و ئەفسەر کە لاشەی ٣٠ کوژراوییان لەبەر پێی پێشمەرگەدا جێمابوو، چەند ئەفسەر و دەرەجەدار لەناو کوژراوەکاندا بوون بە دیلگرتنی ٣ کەس

دەستکەوت

٢ ڕەشاشی بی کەی سی

٣ هاوەنی ٦٠ ملم بە ٢٥ گوللەوە

١ ئاڕ بی جی

١٤ کلاشینکۆف

٢ جیهازی ڕاکاڵ بە موجەفیرە و وەحدەی تەجهیز قوودەرەوە

١ جیهازی ڕاکاڵی کۆڵە پشت

٢ جیهازی ڕاکاڵی دەستی

١ جیهازی هۆکی تۆکی ١ دووربین

٢ دەمانچەی تەنویر

زیانی مالّی دوژمن

خستنە خوارەوەی کۆپتەرێک

شکاندنی یەک دەبابەی بەڕازیلی

سووتاندنی دوو ئیڤا، یەک بەڕازیلی، تێکشکاندنی ١٠ ئۆتۆمبێل

قوربانی پێشمەرگە شەهیدێک بوو بە ناوی مەریوان عەبدولفەتاح محەمەد لێپرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتی تیپی ٨٧ قەرەچوخ.

تـــێکشکاندنی پـــەلاماڕێکی سێ قـــۆڵی

هێزێکی گەورەی دوژمن لە ڕۆژی ١٩٨٦/١١/١٢ و لە سێ قۆڵەوە پەلاماری ناوچەی (شەمامک) یدا.

قۆڵی یەکەم لە هەولێرەوە بەرەو دێیەکانی خەزنە و تەرجان و سیراوا و سیاو لە ماستاوە بۆ سیاو، کاتژمێر ٩ی بەیانی هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن لە دێی سیاو کەوتنە بەرهەڵمەتی پێشمەرگەکانی کەرتی ٣ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و هەرێمی ٨ی حزبی سۆسیالیستی کوردستان.

قۆڵی دووەم لە ناحییەی گوێرەوە بۆ دێی عەلی مەلا داود و عەوێنی و شێخ شەروان، لە کاتژمێر ١٠:٣٠ دەقەی بەیانی لە دێی شێخ شەروان کەوتنە بەر هەڵمەتی کەرتی ١و٢و٤ی تیپی ٨٧ قەرەچوخ و مەفرەزەیەکی تیپ و هەرێمی حزبی سۆسیالیت.

قۆڵی سێیەم لە هەولێرەوە بۆ دێی گرد عازەبان و عەلیاوا و هێلەوە، لەو قۆڵەوە کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراقی.

شەڕ لە هەر سێ دێیەکە دامەزرا دوو فڕۆکەی پیلاتۆس و ٧ کۆپتەر بەردەوام سەنگەری پێشمەرگەکانیان بۆردوومان دەکرد، بەم جۆرە شەڕ تا کاتژمێر ٦ی ئێوارەی خایاند پێشمەرگە قارەکانەکانی قۆڵی شێخ شەروان لە کاتژمێر چواری ئێوارەدا هێرشیانکردە سەر هێزە بەزیوەکانی دوژمن و تا نزیک عەوێنە ڕاویاننان، هاوکات لە دێی سیاویش هێزی دوژمنیان تا نزیک سیراوا ڕاونا.

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ٧٠ چەکدار لاشەی ٢٩ کوژراویان لە بەردەست پێشمەرگەدا بوو.

دەستکەوت

٢ ئارپی جی و ٢٠ گوللە

٢١ کلاشینکۆف و ٨٠ مەخزەن

٣ ئیڤا، یەک جیپ قیادە یەک تۆیۆتا، ٣٠ بەتانی، ٢٠ قەمسەڵە

سووتاندنی سێ ئیڤا و شەش ئۆتۆمبێلی هەمەجۆر

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو بە ناوی یاسین ئەحمەد مەولود ناسراو بە یاسین شێخ شەروانی پێشمەرگەی کەرتی دووی تیپی ٨٧ قەرەچوخ.

چـــوونە هـــەولێر

کەرتی (١،٢،٣،٤) مەفرەزەیەکی کەرتی تیپ، تیپی ٨٧ی قەرەچوخ و مەفرەزەیەکی بارەگای مەڵبەندی چوار لە شەوی ١٩٨٦/١٢/٢٠/١٩ چوونە شاری هەولێر.

پێشمەرگە قارەمانەکان لەچەند لایەکەوە هەڵمەتیان بردە سەر گەڕەکەکانی لەتیفاوا، حی صدام، حی عمال، پێشمەرگەکانی قەرەچوخ و دەشتی هەولێر بۆ ماوەی سێ کاتژمێر لە ماڵ و مۆڵگەی جاشەکانیاندا، لە گەڵ قوە تەواریدا بە شەڕ هاتن.

هەمان شەو تۆپەکانی تۆپخانەی شۆڕش گەیەندرانە ناو شاری هەولێرو ئەم شوێنانەیان تۆپبارانکرد:

١/ دور الامن

٢/ دور الضباط

٣/ مەجلیسە کارتۆنییەکانی تەشریعی و تەنفیزی

٤/ مودیرییەی تەبیبی ئەمن

٥/ شوعبەی ئینتساری بەعس

٦/ ماڵی ئەمنی سڕی فەرعی هەولێر

٧/ شوعبەی عەسکەری

٨/ معەسکەری هەولێر

٩/ دورالرفاق بەعسیین

گوللە تۆپی تۆپەکانی پێشمەرگە شوێن مەبەستەکانیان پێکا، خەڵکی هەولێر هاتبوونە سەر بانەکان و سەیری لێدانی دوژمنیان دەکرد.

لەو شـەوەدا کۆپتەرو پیلاتۆز دەوروبـەری شـارو شوێنی پێشمەرگەکانی بـۆردومـان دەکـرد، شەڕ لە ئێـوارەوە تا کاتژمێر ١:٣٠ دەقیقەی شـەوی خایاند ژمارەیەکی زۆر جاش و قوات خاسە و تەواڕی کوژران، شەش جاش دیل گیران و گەیەندرانە ناوچە ئازادکراوەکان.

بۆ سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٢٠ هاتووچۆی نێوان سەربازگەو دورالامن و شوعبەی ئینتسار قەدەغە کرا.

تـــیپی 87ی قـــــەرەچوخ
1987

دەستەی تیپ:

- مام غەفور فەرماندەی تیپ
- دەشتی جێگری تیپ

فەرماندە کەرتەکان:

- فاقە مەخموورى فەرماندەی کەرتی (١)
- نوری قادر باریکە فەرماندەی کەرتی (٢)
- عومەر ناسر فەرماندەی کەرتی (٣)
- عەریف ئەکرەم فەرماندەی کەرتی (٤)
- مەناف فەرماندەی کەرتی (٥)
- عومەر عەوێنە فەرماندەی کەرتی (٦)

دوای شەهید بوونی مەناف و عومەر عەوێنە

- کەریمە ڕەش کرایە فەرماندەی کەرتی (٥)
- هاشم شەمامکی کرایە فەرماندەی کەرتی (٦)
- دوای شەهید بوونی دەشتی نوری قادر جێگری تیپی قەرەچوخ
- دکتۆر ڕەشید کرایە فەرماندەی کەرت لە جێگەی نوری قادر

دوو چـــــالاکی

مەفرەزەیەکی کەرتی ٢ی تیپی ٨٧ قەرەچوخ لە ١٩٨٧/١/٥ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی هەولێر-کەرکوک دانا و جاشێکیان دەستگیر کرد.

هەمان مەفرەزە لەسەر جادەی گشتی کەرکوک-هەولێر دەستڕێژیان لەئۆتۆمبێلێکی سۆپەر کردوو ملازمێکی ئەمن کوژرا.

ڕەبـــییەکانی قـــوشتەپە- پـــردێ

لە ڕۆژی ۱۹۸۷/۳/۱ کاک کۆسرەت هاتە دەشتی هەولێر بڕیاری لێدانی زنجیرە ڕەبییەکانی نێوان (قوشتەپە و پردێ) درا.

لە شەوی ۱۹۸۷/۳/٤/۳ تیپەکانی هەولێرو قەرەچوخ لە چەندین لاوە هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەکانی نێوان قوشتەپە- پردێ و بارەگای جەیشی شەعبی و دەستیان بە سەرداگرت.

لەو هەڵمەتەدا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی داگیرکەر کوژران و لاشەکانیان جێما، دەستکەوت ۸۰ پارچە چەکی هەمە جۆر بوو قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی «ڕەوەند» جێگری فەرماندەی کەرت بوو.

ڕەبـــییەکانی تـــەق تـــەق- کـــۆیە

زستانی ساڵی ۱۹۸۷ تیپی ۸۷ی قەرەچوخ هەڵمەتیان بردە سەر زنجیرە ڕەبییەکانی جادەی گشتی تەق تەق- کۆیە و دەستیان بە سەرداگرت.

لە گرتنی زنجیرە ڕەبییەکانی جادەی گشتی تەق تەق- کۆیە دوژمن کوژراوو بریندارێ زۆری هەبوو پێشمەرگەکانیش سەرکەوتووانە و بێ زیان بوون.

خـــاڵی پـــشکنینی مـــەخمور(ســـەیتەرە)
هـــاوینی 1987

کەرتی (۱)ی تیپی ۸٦ی دەشتی هەولێر و کەرتی (۲)ی تیپی ۸۷ی قەرەچوخ بە هاوبەشی هەڵمەتیان بردە سەر خاڵی پشکنینی مەخموور، لەو هەڵمەتەدا:

- ۲۵ ئەمن کوژران
- ناقیلەیەک گیرا
- ۱۲ کلاشینکۆف
- ۱ بیکەیسی
- ئاربیجی
- قەناس

- هاوەنی ٦٠ ملم
- ئۆتومبێلێک دەستکەوت بوو

شـــا داستانی ســـماقولی
گـــەورە داســـتانی پـــێشمەرگە

برووسکە بۆ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوخ کرا هەر ئەمشەو دەبێ بگەنە (سوسێ) چوونکە دوژمن هێزی هێناوەتە سەر سماقولی و بارەگای مەڵبەندی (٣).

تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٧ی قەرەچوخ پێکەوە بەڕێکەوتن، بە ئەستەم لە جادەی هەولێر کۆیە پەڕینەوە، قۆپیەکانی سەر پیرەرو باوە قوب و گۆمەتاڵ گیرابوون، کاتژمێر ١٢ی شەو بە سەر چیادا سەرکەوتن، لە قورتە لاس و کانی بی جاشی لێبوو، خۆیان لە بۆسە نابوو، هەر دوو تیپی دەشتی هەولێرو قەرەچوخ لێیاندان و ڕاوێاننان گورزی پێشمەرگانەیان لێوەشاندن.

لە ڕێگەی بێتەلەوە لە گەڵ کاک کۆسرەت قسەیانکرد تا فەرمانی لێوەرگرن و شوێنیان بۆ دەست نیشان بکات، کاک کۆسرەت شوێنی بۆ دیاریکردن.

* تیپی ٨٧ی قەرەچوخ بۆ بنەباوێ، کروژ، تاکو بەرانبەر عەلیاوا.

* تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بۆ سەر قۆپی (سوسێ) و (وشکۆر) نزیک زیارەت هەتاکو بەرانبەر (ونکە) هەر دوو تیپەکە لە ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٨ شوێنەکانی خۆیانگرت، دوژمن بە هەموو چەکێک لێی دەدان بەڵام نەیانهێشت پێشڕەوی بکات.

هێرشەکانی دوژمن فراوان و بەر بڵاو بوون لە چەند لایەکەوە هێرشی دەهێنایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە هەندێک شوێنی گرتبوو.

ناوچەکە بە سەر چەند قۆڵێکدا دابەش کرا بوو یان چەند شەرگەیەک کرابووەوە.

* پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٩١ی سەفین و ٧٨ی کارۆخ بەرگریان لە هیران و بەرزاییەکانی دەوروبەری جادەی هیران شەقلاوەو قۆپیەکانی ئاوە گردی دەکرد، لەم قۆڵەوە هەڤاڵانی فەرماندە سەفین مەلا قەرە، حسێن بندایزانی، سامان گەرمیانی سەرپەرشتیان دەکرد.

* لە بەرەی سولاوکەوە هێزەکانی دوژمن هێرشیان هێنایە سەر دێیەکانی (ناودارۆکان و بیرۆکان) پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بە فەرماندەیی تەحسین کاوانی، عوسمان بانیمارانی، بورهان سەعید سۆفی و ئاسۆ ، بەرگری بێ وێنەیانکرد، چەندین هێرشی دوژمنیان تێکشکاندو بە سەری شۆڕەوە ناردیانەوە.

* پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ی کۆیە بە فەرماندەیی مامۆستا بەکر لە قۆڵی لیسەتاس[٣] (١) بەرانبەر سولاوک و پشتی سوسێ بەرگری شێرانەیانکرد، پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٥ی بەڕانەتی ڕێگەی بەرزاییەکانیان لە دوژمن گرتبوو.

* قۆڵی بەنەباوێ و گردە چاک لە لایەن پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەرگری لێدەکرا، بەرەی شەڕی تیپی ٨٦ لە گەڵ دوژمن فراوان و بەرین بوو تێکڕای بەرەکان ڕێباز سەرپەرشتی دەکردن.

* قۆپی گراو کەرتی دووی تیپی ٨٦ لە گەڵ مەلا سلێمان جێگری تیپ دامەزرا بوون.[٤]

ئەسحابەکانی هەشتاو شەش
ئەسحابەکانی تیپی 86ی دەشتی هەولێر [5]

پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە هاوکاری و هاوبەشی مەفرەزەیەکی کاک کۆسرەت ماوەی دە ڕۆژی بەردەوام شەوو ڕۆژ بەرگریان لە قۆپی گراو کرد، هێزەکانی داگیرکەر لەو ماوەیەدا زیاتر لە (٢٠) هێرشیان کردە سەر لوتکەو بەرزایی (قۆپی گراو) بەڵام سەرجەم هێرش و پەلامارەکانی داگیرکەر تێکشکان و سەریان لە لوتکەی قۆپی گراوداو لوتیان شکا.

+ داری جۆخین[٦] یەکێک لە سەنگەرەکانی دیکەی هێزی پێشمەرگە بوو، کەرتەکانی

---

٣ لیسەتاس شوێنێکی ستراتیژیە دەڕوانێتە سەر ڕێگای گشتی زیارەت- سماقوڵی لە بەشی سەرەوەش دەڕوانێتە دۆڵی بیرۆکان و ناو دارۆکان.

٤ قۆپی گراو دەڕوانێتە سماقولی سەروچاوە لە زنجیرە چیای بنە باوێ و دێی عەلیاوا زنجیرەیەکی گرنگ و ستراتیژیە ، بە سەر سماقولیەکان و سوسە و لیتاس دەڕوانێ.

٥ لە سەردەمی ئیسلامدا بە پیاو چاک و قوربانیدەرو پاک و خۆشەویستەکانیان دەوت ئەسحابە.

٦ داری جوخین دەکەوێتە خوار لوتکەی (گراو) لە سەر ڕێگەی سوسەو ونکە، بە سەر سوسەو ونکەدا زاڵە.

٣ و ٦ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی جەلال ئیلینجاخی و مامەند مەنتک لەو سەنگەرە دامەزرا بوون.

قـــۆپی نـــیشتی

پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی سواره جەلال لە قۆپی نیشتی دامەزرابوون، پارێزگاریان لەو قۆپە دەکرد، سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە قۆپی نیشتی بەرانبەر دەبابەکانی دوژمن بوون کە لە وشکۆر جێگیر کرابوون.

قـــۆپی گـــردە چـــاك[7]

هێزەکانی دوژمن لە گۆڕی (خێوەتی) بوون، چەند جارێک دوژمن هێرشی هێنایە گۆڕی خێوەتی، بە هاوکاری و هەماهەنگی پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ی کۆیە کە لە سەر لیسەتاس دامەزرابوون هێرشەکان تێکشکان هەمان شێوە لە ڕۆژی ١٩٨٧/٩/١٧ دوژمن هێرشێکی دیکەی هێنا بەڵام بە سەختی تێکشکا.

پـــەلاماری بـــنەباوێ

هێزەکانی داگیرکەر دەیانویست لە کانی بی و قورتە لاسەوە سەرکەونە سەر بەنە باوێ، قارەمانەکانی قەرەچوخ بە فەرماندەیی غەفور ئەحمەدو دەشتی حەمەدەمین، ڕووبەڕوویان بوونەوە ڕێگەیان لێگرتن، دوای چەندین هێرشی داگیرکەر هێزێکی قوات خاسە دزەی کردە ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگە، دوای بەرگریەکی گەورە دوژمن سەنگەرەکانی داگیرکرد، لەو شەڕە خوێناویەدا پێشمەرگە و فەرماندەی قارەمان دەشتی حەمەدەمین شەهید بوو.[8]

٧ گردە چاک گردۆلکەکانی پێش (سوسێ)یە.
٨ شەهید دەشتی فەرماندە تازە زاوا بوو تەنها ٨ ڕۆژ بوو ژنی گواستبووەوە لە پێناو کوردستان گیانی بەخشی و خۆشەویستەکەی ئەمانەتی کوردستان کرد.

شـــەهید بوونی حـــسێن بـــندایزانی

دوژمن هێرشی بەربلاوی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بە ئاگرو ئاسن، ناڵەو گرمە، هەموو چەکێکی قەدەغەکراو دەیان کۆپتەرو پیلاتۆز سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکوتاو گڕ و دوکەڵ و ئاگری دەبارانده سەر سەنگەرەکان.

فەرماندەی قاڵبووی ڕۆژە سەختەکانی شۆڕش، کوڕی کاروخ و هەڵەموند و گەرووی مەنجەڵ، تێکۆشەری سەر ڕاست و دڵسۆزی باڵەکایەتی، خۆشەویستی قەندیل و هەڵگوردو مامە ڕووت حسێن بندایزانی لە دۆڵی هیران نازەنین گیانی سپاردە کوردستان و شەهید بوو.

هێزەکانی داگیرکەر لە سەر چیای سەفین هاتبوونە پێش گەروەتە و قۆپی دارەبەنی داگیر کردبوو، پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی حسێن بندایزانی هەڵمەتیان بردنە سەرو قۆپی دارە بەنیان لێ پاککردنەوە، لەو هەڵمەتە شێرانەیەدا پێشمەرگەی ڕۆژە سەختەکانی شۆڕش، فەرماندەی تیپی ١٩ی کۆڕەک حسێن بندایزانی شەهید بوو گیانی سپاردە کوردستان و (ی ن ک) بوونە مەشخەڵی داگیرساوی سەر سەفین.

پێشمەرگە لە تێکڕای بەرەکانی شەڕەوە بەرگری کەم وێنەو دلێرانەیانکرد، لە ژێر تۆپ و کۆپتەرو ئاگر باراندا خۆیان ڕاگرت، ئەوان سەفینیان فێری خۆڕاگری و نەبەزین کرد، هەزاران جاش و قوات خاسە و سەرباز بە پاڵپشتی سەدان تانک و دەبابەو زرێپۆش، بە پشتیوانی کۆپتەرو فڕۆکە بەردەوام سەنگەرەکانی پێشمەرگە و دۆڵی هیران نازەنین و سماقولیان بۆمباران دەکردو پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەدا، بەڵام سەریان لە تاشەبەردەکانی سەفین و قۆپی گراوو گردە چاک و بەنەباوێ دەکوتا و پەلامار لە دوای پەلامار دەشکان و وردو خاش دەبوون.

ئەو شاخ و کێوو لوتکانە پڕ بوون لە کەلاک و لاشەی قوات خاسە و سەربازو خۆفرۆش، واشەی ئەو کێوانە بە خوێناوی جگەری تەرمی بۆنکردووی داگیرکەر تێر دەبوون و سەربازەکانی دوژمن ببوونە خۆراکی قەل و داڵ.

دوای ئەو هەموو هێرشە بەر بلاوانە، دوای ئەوەی لە تێکڕای قۆڵەکانەوە خوێن پژان بوو لە ناو باخچەکانی سماقولی و گرتک و سێنان، کوڕانی تیپی قەرەچوخ

شەڕی ناو دارستانیان لە گەڵ هێزە بەزیوەکانی داگیرکەر کردو هێزەکانی داگیرکەر لە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەدا خۆیان ڕانەگرت و پاشەکشەیانکرد، دوای شەڕێکی گەرم و گەورەو فراوان، دوای (١٠) ڕۆژ بەرگری و فیداکاری لە ڕۆژی ١٩٨٧/٩/١٦ لە سەر بڕیاری مەڵبەند هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کرد.

تـــۆپخانـەی شـــــۆڕش

لە شەڕی گەورەو دوژمن شکێنی سماقولی، تۆپخانەی شۆڕش ڕۆڵی گرنگی بینی لە لێدان و پێکان و تۆپبارانکردنی سەنگەرو مۆڵگەکانی داگیرکەر لە تێکڕای مۆڵگەو قوتەو بارەگاو ڕەبیەکانیان، تۆپەکانی مەڵبەندی (٣) وەکو بروسکە ئەیدا لە مۆڵگەکانی دوژمن ئەو لوتکەو قۆپ و شاخانەیان پڕ کردبوو لە لرفەو هاژە و ناڵە، وەک هەوری بەهارو شوانترسێن دەیانگرماندو دادەبارینە سەر مۆڵگەکانی دوژمن، تۆپخانەی مەڵبەندی (٣) تۆپەکانیان بە فیڕۆ نەئەدا، چوونکە تۆپەکانی تۆپی تۆڵەو تۆپی ئیرادەو تۆپی بەرگری لە گەلێکی چەوساوە بوون، هەر شوێن باران بیگرتایەو باران دیدە بوایە تۆپەکانی مەڵبەندی (٣) دەیانگرتەوە نەک هەر مۆڵگەو قۆپ و قوتە و قەڵاو پەناگە، بەڵکو هێندە وردبین و وریا بوون تۆپەکانیان دەخستە ناو باوەش و دڵ و گیرفانی دوژمنەوە.

تۆپخانەی مەڵبەندی (٣) لە لایەن کاک ڕێبوار و کاک بێستوون، کاک تەلعەت خدرو مامۆستا سەیفەدین سەرپەرشتی دەکرا.

ڕێکخراوی (ی ن ک) بە لێپرسراوێتی کاک شاخەوان ڕۆڵی دیاریان بینی لە بەرەی شەڕی لیسەتاس و تەلان.

لە داستانی سماقولی جگە لە ڕۆڵی دیارو سەرەکی تیپەکانی مەڵبەندی (٣) و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی کاک کۆسرەت وەکو لێپرسراوی مەڵبەندو سەرپەرشتیاری یەکەی شەڕگەکە، هەر یەک لە حزبی شیوعی عێراق و حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبە ئیسلامیەکان بە گوێرەی ئامادەیی و قەبارەی خۆیان لەو شەڕەدا بەشداریانکرد و ڕۆڵی جوامێرانەیان بینی.

هێزی پێشمەرگە لە قوتە و لوتکە و قۆپیەکانی لیسەتاس و سوسێ، قۆپی گراو، داری جۆخین، قۆپی نیشتی و ژمارەیەک قۆپ و کەپک و قوتەی دیکە بە فەرمانی لێپرسراوی تیپ و مەڵبەند کشانەوە دواوە، کە زۆربەی کشانەوەکان لە ١٩٨٧/٩/١٦ بوو.

ڕۆژی ١٩٨٧/٩/١٧ دوژمن هێزەکانی کێشایەوە دوای ئەوەی گاڵەو نااڵەی پێکرا.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کوڕانی مەڵبەندی (٣) ئازاو دلێرەکانی، هەولێر، قەرەچوخ، سەفین، کاروخ و کۆیە، لوتکەو ترۆپکی ئازایەتی و کوڕی ڕۆژانی سەخت و تەنگانە بوون، هەر بۆیەش بە زیندوویی لە دڵی خاک و نیشتماندا دەمێننەوە.

شەهیدێك

پێنج بریندار لە نازەنین لەناو باخچان بوون پێشمەرگەیەک ئێشکگری شەو بوو دوای خۆی دەبووایە هاوڕێیەکی بێتە جێگەی.

گەرمەی شەڕی سەفین بوو شەهیدێکیان هێنایە خوارەوە لە جێگەی ئەو پێشمەرگەیە دایاننا و دایانپۆشی کە دەبوایە بچێتە جێگەی هاوڕێکەی ئێشکگربێت.

پێشمەرگە ئێشکگرەکە هات هاوڕێکەی لە خەو هەستێنێ دەیووت هەستە نۆرەی تۆیە بەڵام وەڵامی نەبوو، چەند جارێک دووبارەی کردەوە هەستە سەرەی تۆیە ئێشکگربیت بەڵام دەنگ نەبوو ناچار بەتانییەکەی لەسەر لابرد کەبینی تەرمیی شەهیدێکە پڕ بە گەروی هاواریکرد چۆن شەهید بووە بریندارەکان پێیان ووت ئەوە ئەو هاوڕێیە نییە کە تۆ دەیڵێیت، پێشمەرگەیەکە لە سەفین شەهید بووە ئێوارە هێناویانەتە خوارەوە بۆ ئێرە .

ســـەروەری بۆ داستانە مەزنەکەی دێگەڵە و هیران

(پوختەی بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی)

شەوی ٣-١٩٨٧/٩/٤ هێزەکانی مەڵبەندی ٣ تیپە قارەمانەکانی ٨٣ هەورێ، ٨٥ بەڕانەتی، ٨٦ دەشتی هەولێر، ٨٧ قەرەچوخ، ٩٠ باواجی، ٩١ سەفین، ٩٣ کۆیە هێرشێکی کتوپڕیان کردەسەر ناحییەی دێگەڵە کە ٣٥ کیلۆمەتر لە شاری هەولێرەوە دوورە و کەوتووەتە سەر ڕێگای گشتی هەولێر-کۆیە.

لەو هەڵمەتە شێرانەیەدا مەرکەزی ناحییەکە و بارەگای فەجی سووکی ١٥٣ گیرا، مودەڕەعەیەک و نزیکەی ٢٠٠ پارچەیەک و ٥ ئاڕ بی جی و ٩ ڕەشاشی دکتاریۆف و ڕەشاشێکی گرینۆف و دەزگایەتی بێتەلی ڕاکاڵ بە موجەفیرەکەیەوە و دەزگایەکی بێتەلی تۆمسۆن و دانەیەکی شینواو هەموو کەلوپەلی بارەگاگە کەوتە دەست پێشمەرگە و چل جاش و سەربازیش بە دیلگیران، زیاتر لە ٢٦٠ جاش و سەربازیش لە شەڕەکەدا کوژرا و کەلاکی ١٥٢یان لەبەر دەستی پێشمەرگەدا بوو لەناو کوژراوەکاندا حسێن شێخکی ئامر فەوجی سووکی جاش (فەوجی ١٥٣) ملازم اول علی کاظم حسن ژمارەی هەویەکەی (٢٨٤١٨) ملازم حسین وائل بەدر ژمارەی هەویەکەی(٤٥٤١٦).

ڕۆژی ٩/٥ لە کاتێکدا دوژمن هێشتا هەر سەرسامی هەڵمەتەکەی دێگەڵە بوو، تیپەکانی ٨٥ بەڕانەتی، ٩١ سەفین هێرشیانکردە سەر ناحیەی هیران و توانیان دەستی بەسەردا بگرن و دوژمن تا شەقڵاوە ڕاوبنێن.

شکستی دوژمن ئەوەندە کاریگەر بوو ناوچەیەکی بەربڵاو کەوتە دەشت پێشمەرگە دوژمن بۆ تۆڵە سەندنەوە و گرتنەوەی ناوچەکە هێزێکی زۆری کۆکردەوە کەپێک هاتبوو لە سێ فەوجی جاش و فیرقەی ٤٥ی فەیلەقی پێنج و هێزەکانی تەلحە و لیوایەکی مغاویری سەر بە فەیلەقی پێنج و کەتیبەیەکی هەندەسەی فەیلەق و مەدفەعی قورس و کەتیبەیەکی لیوای صواریخ و زرێپۆش.

ڕۆژی ٩/٦ هێزەکانی دوژمن بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی عەدنان خەیرولاّی وەزیری دیفاع لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

*لە قۆڵی گۆمەتاڵ بەرەو زنجیرە چیای بنەباوێ بە سەرکردایەتی عەمیدی ڕوکن

عەبدالله و عەقید زەید بۆ سەرپەرشتیکردنی جاشەکان.

*قۆڵی سەری ڕەش و دەربەندی گۆمە سپان بەرەو زیارەت و سوسێ و سولاک بە سەرکردایەتی لیوا ڕوکن طالع دووری فەرماندەی فەیلەقی پێنج.

*قۆڵی چیای سەفین بەرەو کەپکی شیلانە و چیاکانی دەوروبەری هیران.

*قۆڵی شەقڵاوە-هیران

تیپەکانی ٨٣ هەوریێ، ٨٥ بەڕانەتی، ٨٦ دەشتی هەولێر، ٨٧ قەرەچوخ، ١٩ کۆڕەک، ١٢ سۆران، ٧٨ کاروخ، ٩٠ باواجی، ٩٩ بتوێن و تیپی تایبەتی مەڵبەندی سێ و چەند مەفرەزەیەکی ٣١ ی ئازار و بە تالیۆنی حزبی شیوعی عێراق و هێزی باواجی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و چەند مەفرەزەیەکی پارتی ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و بەرەنگاریان بوونەوە.

ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٧ لە هەموو قۆڵێکەوە دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا، لەو پەلامارەدا دوژمن پەنایبردە بەر تانک و فڕۆکە و قومبەلەی عەنقودی پێشمەرگەکان بەرگری سەختیانکرد.

شەوی ٧-١٩٨٧/٩/٨ بەشێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ کاروخ، ١٩ کۆڕەک لە ناوچەی دەرگەڵەی نێوان چۆمان و ڕەواندوز هێرشێکی خێرایان کردە مۆڵگەی جاشەکان و ٣ ڕەبییەی سەر بە هێزەکانی فەهد و ٧ ڕەبییەی دۆڵی خانەقا و دەستییان بەسەرداگرتن لەو هێرشەدا ٧٥ جاش کوژران لەگەڵ ئامرەکەیان شەش جاشیش دەستگیرکران.

دەستکەوت

٥١ کلاشینکۆف بوو.

ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٨ دوژمن توانیبووی نەختێک بێتە پێشەوە بەرەو زیارەت، بەڵام ئەمەش تەرازووی هێزی بەلای دوژمندا نەشکاند، بەڵام ئەم هێرشەش چارەنووسی هێرشەکەی پێشخۆی بوو.

لەم شەڕەدا کە یانزە ڕۆژی خایاند هێزی پێشمەرگەی کوردستان داستانێکی وای تۆمار کرد لە هەموو شۆڕشی کوردستاندا نموونەی کەمە و سەرەتا دوژمن

بەتەمابوو بەسێ ڕۆژ هەموو ئاواتەکانی خۆی بێتە دی، دەیویست بەسێ ڕۆژ هیران دۆڵی سماقولی بگرێتەوە و جەزرە بەیەکیش بسرەوێنێتە هێزی پێشمەرگە بەلام ئەم پیلانە وردە نەهاتەدی و بۆ دوژمن دەرکەوت کارێکی وای پێ ئەنجام نادرێت دوژمن لە تاو شکستەکانی هێزێکی بەربڵاوی کۆکردەوە هیستریانە کەوتە هێرشکردن، ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/٩/١٥ دوژمن لە گرتنی چەند بەرزاییەکی چیای ڕووتەنی بنەباوێ سەرکەوتنێکی کەمی بەدەستهێنا، بۆ ڕۆژی دوایش هێرشێکی دیکەی کردە سەر هەردوو گوندی کروژو سماقولی سێنان، لەوێشدا تووشی شکستێکی تر بوو، ئیتر خۆی پێنەگیراو زۆری نەخایاند هێرشەکەی دوژمن بەبەزینێکی بێوێنە کۆتایی هات، ئەمجارە پێشمەرگە کەوتە هێرشکردن و ڕاونان و ڕەتاندنی دوژمن.

شـــــەڕی مـــــیشراق

نیوەی مانگی سالّی ١٩٨٧ بوو پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرەچوخ بەرەو بناری قەرەچوخ بەڕێکەوتن.

پەلامارەکانی دوژمن بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان بەردەوام بوو، خاک و نیشتمانی کوردی وێران دەکرد مەرگی دەچاند، لە لوتکەی لوت بەرزی و بوغرایی خۆیدا پێی وابوو پێشمەرگە ناتوانێت بگاتە بەر لوتی هەناسەی ئەو ناوچانەی بە عەرەب کراون و لە کوردستان دابڕاون، یان قوڵایی جوگرافی و ستراتیژییان هەیە بۆ داگیرکەر، بەڵام تیپەکانی هەولێر و بەڕانەتی و قەرەچوخ ئەو خەیاڵەیان پووچەڵکردەوەو لە بن لووت و هەناسەی دوژمن گەیارەو میشراق و شەڕگاتیان یان کردە ئامانج و دڵی دیکتاتۆریان پێکاو لەرزاند.

پێشمەرگەکانی هەولێر بە ناو مۆڵگەکانی دوژمندا تێپەڕین ڕێگەی شەوێکی دردێژی پایزیان بڕی، بە ئۆتۆمبێل لە جادەی گشتی کەرکوک هەولێر- هەولێر مەخموور- گوێر موسڵ پەڕینەوە گەیشتنە بناری چیای قەرەچوخ، کاک کۆسرەت لە گەڵ هێزەکەدا بوو نان و هێلکەیەکی زۆر بۆ هێزەکە ئامادە کرابوو چوونکە ئەو ناوچەیە ئاوەدانی لێنەبوو.

ئەو ڕۆژە تا نیوەڕۆ لە بناری قەرەچوخ مانەوە دوای نیوەڕۆ بەرەو ناو دڵی دوژمن بەڕێکەوتن تا وانەیەکی گرنگ بە داگیرکەر بدەن پێی بڵێن کام ڕێگەو تولە ڕێ، جادەو سەرە ڕێ، کام کون و پەناگەو سەربازگە و مۆڵگە ڕێ و جێگەیەی ئێوە تەنیوتانە و بە مووڵکی تاپۆ کراوی خۆتانی دەزانن و پێتان وایە کەس بێ ئاگاداری ئێوە ناتوانێت پیایدا تێپەڕێت، ئەوا هێزی پێشمەرگەی کوردستان و کوڕانی بەڕانەتی و قەرەچوخ، پڵنگەکانی هەولێر دەیگەنێ و دەیبڕن و لێتان دەکەنە دۆزەخ و کونە مشک، ئەو کونە مشکەی پێشمەرگە لە دوژمنی دەکاتە قەیسەری.

پێشمەرگەکانی بەڕانەتی قەرەچوخ هەولێر گەیشتنە بن مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن زرمەو وریشانەوەی ئاربیجی و ڕەهێڵەی گوللە گەیارە و میشراق و شەڕگاتی هێنایە لەرزین، لە پەنا موسڵ و لە سەر سەری پاڵەوانانی عروبە لوولەی چەکی پێشمەرگە داستانی سەرکەوتن و کوردستانی بوونی کەرکوکی دەنووسییەوە.

شەڕی میشراق بە گیانی پاکی یانزە پێشمەرگە یانزە پەڵە خوێن، یانزە گوڵاڵە سوورەی پێدەشتەکانی قەراج و کەندیناوا، یانزە مێرخاسی قەرەچوخ، یانزە هەڵۆی بەرزە فڕی نیشتمان تۆمار کرا یانزە پێشمەرگەش بریندار بوون.

یانزە چۆڕەی خوێن لە یانزە جەستەی یانزە گوڵە شەهیدو یانزە بریندار دەتکا بە سەر زەوی و ئاڵای کوردستانی دەنەخشاند، لەو شەڕەدا ٢٥ چەکداری دوژمن کوژران و دەستکەوتیش زۆر بوو، شەهیدەکان لە دێدەوان بە خاک سپێردران.

شـــەڕی مـــــەجلوبە

لە ڕۆژئـاوای هەولێر نزیک بە چل کیلۆمەترێک لە دووری پیرە هەولێرێ دێی مەجلوبە هەڵکەوتووە ئەو سەردەمە ژمارەیەک خێزانی عەرەب لە مەجلوبە دەژیان سەروکاریان لە گەڵ ئەمن و مەنزومە و ئیستخبارات هەبوو لە گەڵ دەزگا سیخوڕیەکانی کاریاندەکرد.

هەڵەبجە نوێترین زامی جەستەی کورد بوو لە دوا دواییەکانی سەدەی بیستدا، بەعس کەڵبەی لە جەستەی هەڵەبجە و دێهاتەکانی کوردستان ژەنیبوو کۆمەڵکوژی

ئەنجامدەدا گازی قەدەغەکراوی کیمیایی دەڕشت بە سەر شارو دێهاتی کوردستاندا.

پێشمەرگەکانی هەولێر بە نیازی چوونە سەرکردایەتی بوون ڕێباز لە ڕێگەی «بێتەل» ەوە لە گەڵ کاک کۆسرەت قسەیکرد کاک کۆسرەت پێیووت لە شوێنی خۆت بمێنەرەوە بەڵام بروسکەکەی کاک نەوشیروان جێبەجێبکە، لە گەڵ کاک کۆسرەت لە سەر بابەتەکە قسەیانکردوو لە یەکتر گەیشتن[٩]

هێزەکان یەکیان گرتەوە، ڕێباز، مام غەفور، مامۆستا بەکر لە دەشتی هەولێر کۆبوونەوەو بڕیاری لێدانی (مەجلوبە)یاندا.

شەوی ١٩٨٨/٣/٢٧/٢٦ بوو لە سێ لاوە بەرەو دێی مەجلووبە بەڕێکەوتن هەر قۆڵە و لە شوێنی خۆیەوە پێشڕەوییانکرد بۆ ناو دێیەکە.

مالّەکانی مەجلوبە سەگی پاسیان هەبوو دەستیانکرد بە لورەو وەڕین چوونکە دێیەکە بەعسی بوون شەوان پاسەوانیان هەبوو بە دەم لورەو وەڕینی سەگەکانەوە تەقەیان دەکرد.

پێشمەرگەکان سەرەتا لە کۆشکێکی سەر پەڕی دێیەکەوە چوونە ناوەوە شەڕ دەستیپێکرد شەڕێکی گەرم دووکەڵ و ئاگر لە مالّەکان هەڵدەستا، شەڕی مالّ بە مالّ و خانوو بە خانوو شەڕ پەرەیسەند لە ناو گڕو دووکەڵدا منالّێکی حەوت ساڵان خۆی هاویشتە باوەشی ڕێبازەوە جزداشەیەکی لە بەردابوو ڕەنگی پەڕیبوو لە ترسا، زمانی نەدەگەڕا، چۆقە چۆقی ددانی بوو، ڕێباز دەستی بەسەریدا هێناو ووتی مەترسە.

تەقە گەرم بوو مەجلوبە گۆمی خوێن بوو هاوارو نالّە دەگەیشتە کۆشکی دکتاتۆری خوێن ڕێژ دەگەیشتە ئاسمانەکان بەڵام ئیتر شەڕە هەر پێشمەرگەیەک گیانی دەیان شەهیدی هەڵەبجە و بالیسان و شێخ وەسانی لە گەردن بوو گەردنی ئاهو نالّەو سکالّای هەزاران قوربانی و شەهید.

منالّەکە هەر خۆی لە ڕێباز دەهالّاند نەیدەویرا لە ڕێباز دوورکەوێتەوە، هەوالّ گەیشت سێ پێشمەرگە لە خانوویەکدا شەهید بوون عەرەبێک یاخی بووە، ڕێباز

٩ کاک نەوشیروان بە بروسکە ئاگاداری هێزەکانی کردبووەوە کە پێویستە تۆڵەی هەڵەبجە بکرێتەوە، ئەم بروسکەیە بەردەست نییە بەڵام ڕێباز لە کتێبی «قەندیل بەغدای هەژاند» وا دەڵێت.

منالّەکەی لە گەڵ خۆی برد هێرشیانکردە سەر ماڵە عەرەبەکە کە چوونە ژوورەوە سێ پێشمەرگە بریندار بووون، بریندارەکانیان هێنایە دەرەوە، خوێن جۆگەلەی بەستبوو مەجلوبە شەڵاڵ بوو لە خوێندا هەر هاوارو زریکە بوو دەستیان لە کەس نەدەپاراست، ژن، منالّ، پیر، گەنج، ئەوەی هەناسەیدابوو هەناسەیان بڕیبوو.

منالّەکە لە ڕێباز دوور نەدەکەوتەوە ڕوویکردە ڕێبازو ووتی « عمی والله مو سوچی سوچ صدام» ڕێباز منالّەکەی ماچکردوو ووتی کامە ماڵەکەتانە منالّەکە ئاماژەی بۆ یەکەم کۆشکی سەرپەڕی دێ کرد کە یەکەمجار پێشمەرگەکان لێیی هاتنە ژوورەوە.

لێرەدا دوو وێنە و تابلۆ دێنە بەرچاو، وێنەیەک تابلۆیەکە لە کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان تانوپۆی تابلۆکە بە خوێن نەخشاوە خوێنێکی مەییوو ئەستوور بوو کە مێژوو دیرۆکی سەدەیەک لە قوربانیدان و کوشتن و زیندوو بەچاڵکردن دەگێڕێتەوە لە سەر دەستی داگیرکەران و حزبی بەعس بە تایبەت.

تابلۆی دووەم تابلۆیەکە لە تارمایی تەنها چەند خاڵێک بەدیدەکرێت ئەویش تۆڵەی ناچاری لە ژن و منالّ و ڕەشە شەڕ.

لە ناو تابلۆکەدا هێشتا سۆزو بەزەیی و هەست و لێبوردەیی بەدیدەکرێت، تابلۆی دووەم گەواهیدەری ئەوەیە بابەتێکی لەمجۆرە کاردانەوەی کۆمەڵکوژییەکی گەورەیە لە مێژووی ئێمەدا کە لە دوا وێنەو دوا لەوحەی هەڵەبجەدا خۆی نیشان دەدات، بەڵام دووەم لە شۆڤێنیزم و تووندو تیژییەک کە بە ئایدۆلۆژیا کرابێت و ڕەگی داکوتا بێت و بووبێتە بەرنامەو پلان و ئایدیاو ستراتیژی کورد بەرانبەر نەتەوەی سەردەست.

تـــیپی 88ی شـــەمامك

دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سنوورەکان تیپی ٨٨ی شەمامک دروست بوو هاشم شەمامکی کرایە فەرماندەی تیپەکە.

دەســـتەی تـــــیپ

- هاشم شەمامکی فەرماندەی تیپ
- مامۆستا تاهیر لێپرسراوی ڕێکخستن
- نەریمان باشتەپەیی فەرماندەی کەرت
- عوسمان عەلی سوور فەرماندەی کەرت
- سەعدی چاوشین فەرماندەی کەرت
- نەبەزە کەڕ فەرماندەی کەرت

تیپی ٨٨ی شەمامک لە ساڵی ١٩٨٩ بەشداری شەڕەکانی چەکوچ و سادریان کرد، لە زەڵێ، ناوزەنگ، سەری مامەندە، بارەگای سجن ئەرکیان پێسپێردرابوو.

دوای شەهید بوونی هاشم شەمامکی هەر دوو تیپی ٨٧ی قەرەچوخ و ٨٨ی شەمامک تێکەڵ کران مام غەفور کرایە فەرماندەی تیپەکە.

دەســـــتەی تیپ

- مام غەفور فەرماندەی تیپ
- سوارە بێستانەیی جێگری تیپ
- فاقە مەخموری جێگری تیپ

فەرماندە کەرتەکان

- ڕەشۆ مەخموری فەرماندەی کەرت
- نەبەزە کەڕ فەرماندەی کەرت
- نەریمان باشتەپەیی فەرماندەی کەرت
- عوسمان عەلی سوور فەرماندەی کەرت

تیپی ٨٧ی قەرەچوخ دەورەی تایبەتیان بینی سازو ئامادە بوون بۆ ڕاپەڕین.

تـــیپی 85ی بـــــەڕانەتی ســـــێ

تـــیپی 85ی بـــــەڕانەتی

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە دوو مێژووی جیاوازدا پێکهاتووە:

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی وەکو باقی تیپەکانیتر لە ساڵی ١٩٨٢ پێکهات بەمجۆرە:

- سمکۆ دزەیی فەرماندەی تیپ
- فاروق عەلی مەولود جێگری فەرماندەی تیپ
- بەهرام خۆشناو فەرماندەی کەرت
- عەلی مەسیفی فەرماندەی کەرت
- مامۆستا حسێن ڕێبەری سیاسی

لە شەڕی بێتواتەداو لە کۆتایی مانگی ١٩٨٣/١٠ تیپی ٨٥ی بەڕانەتی هەڵوەشایەوە.

بۆ جاری دووەم و لە ١٩٨٤/١/١ تیپی ٨٥ی بەڕانەتی پێکهێنرایەوە بەمجۆرە:

- شاخەوان عەباس فەرماندەی تیپ
- ڕێباز جێگری فەرماندەی تیپ
- مەجیدە سوور فەرماندەی کەرت
- بەکرە قیت فەرماندەی کەرت
- عەلی مەسیفی فەرماندەی کەرت
- مەلا سلیمان فەرماندەی کەرت .

دوای گفتوگۆ لە قۆناغە جیاوازەکاندا هەر یەک لە هێمنە ڕەش، تەحسین کاوانی فەرماندەی تیپ بوون.

مەجیدە سوور، عەلی مەسیفی، ئاسۆ مامەند جێگری فەرماندەی تیپ بوون.

فەرماندە کەرتەکان:

- بورهان سەعید سۆفی
- سەردار سەعید سۆفی
- ئەحمەد جەمیل
- عوسمان بانیمارانی
- میکائیل

ڕێبەرە سیاسییەکان:

- غازی قادراغا
- سۆران مەسیفی
- شێخ خالید

دکتۆری تیپ:

- دکتۆر هیوا
- دکتۆر غازی

بێتەلەوان:

- کەمال وەرشە
- چالاکی موهەندیس
- فەیسەڵ عەباس

کـــــۆژرانی دووجـــــاش

پێشمەرگە قارەمانەکانی بەڕانەتی لە ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٦ لە نزیک گەلیاواو گەرباواو بەردیان بەرەنگاری تاقمە جاشێک بوون خۆفرۆشەکان هەڵاتن و دوو جاش کوژران.

پـــــەلاماری دوژمـــــن

لە ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٩ هێزێکی دوژمن هێرشیکردە سەر دێی گەرەویان پێشمەرگە قارەمانەکانی بەڕانەتی بەرەنگاریان بوون و لە سەعات (٤)ی ئێوارەدا هەتا ٩:٣٠ دەقیقەی شەو شەڕ بـەردەوام بوو بۆ بەیانی هێزێکیتری دوژمـن بە هاوکاری هێزەکەی ڕۆژی پێشوو هێرشێکیتری هێنایەوە دیسان پێشمەرگە نەبەزەکانی بەڕانەتی لێیاندانەوەو شکاندیانن.

دوو چـــالاکی
نـــاوشار-مـــەسیف

ڕۆژی ١٩٨٥/١/٣١ مەفرەزەیەکی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی چوونە سەرجادەی مەسیف سەری ڕەش ئۆتۆمبێلێکی جاشەکانی تۆفیق بێرێژی کەوتە بۆسەکەوە و درایە بەر دەستڕێژی گوللەو جاشێک بریندار بوو.

ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٣ پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ بەڕانەتی چوونە ناو شاری هەولێر و نارنجۆکێکیان فڕێدایە ناو بەڕێوەبەرایەتی ئالیاتی شورتە.

زیـــانی دوژمـــن

کوژرانی جاشێک و بریندار بوونی (٨) جاشیتر گرتنی ئۆتۆمبیلێک و سووتاندنی.

پـــەلاماری دوژمـــن

ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٢ تاقمە خۆفرۆشێک هێرشیانکردە سەر ئارماوان، ڕەبییەکانی دەوروپشت بە تۆپ هاوکارییان دەکردن پێشمەرگە قارەمانەکانی بەڕانەتی لێیاندان و لە شەڕێکی (٥) سەعاتیدا شکاندیانن کە لە ٤:٣٠ دەقیقەی پاش نیوەڕۆ تا ٨:٣٠ دەقیقەی شەو درێژەی هەبوو.

زیانی زانراوی دوژمن:

کوژرانی (٢) جاش

بریندار بوونی (٤) جاش

قوربانی پێشمەرگە:

شەهید بوونی فەرماندەی مەفرەزە عومەر قادر بوو لە گەڵ دوو بریندار

نـــەخشەی گرتنی نـــاحیەی هـــیران

ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٢٧ بەرنامەی دەستبەسەرداگرتنی شارۆچکەی هیران داڕێژرا تیپی ٩١ی سەفین و ٨٥ی بەڕانەتی چوونە سەر ناحیەی هیران و لە مونەزەمەی حیزبی بەعس و ڕەبیە و دامودەزگاکانی ڕژێمیاندا.

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەیەکدا بەڵام نەتوانرا دەست بگیرێت بە سەر ناحیەکەدا.

تـــــۆڵەی دێهاتە سووتاوەکان

لە تۆڵەی دێهاتە سووتاوەکانی کوردستان-باقلان،باداوان، خەلەکان.

هێزێکی هاوبەش لە کەرتی یەکی تیپی مەڵبەندی چوار و کەرتی ٣ تیپی ٨٥ بەڕانەتی و کەرتی ٣ی تیپی ٨٦ هەولێر و کەرتی ٢و٣و٤ی تیپی ٨٧ قەرەچوخ و تیپی ٩٣ کۆیە و مەفرەزەیەکی کەرتی دووی تیپی ٩٣ لە شەوی ٣-١٩٨٥/٣/٤ هێرشیانکردە سەر سەرجەم ڕەبییەکانی جەیشی ناشەعبی لە نێوان دێگەڵە و کۆیە، لە ئەنجامدا چوار ڕەبییە گیراو چواریشیان بەسەردا ڕووخاندن

زیانی دوژمن کوژرانی ١٤ کەس

بەدیلگرتنی ٨ کەس

دەستکەوت

١ هاوەنی ٨٢ ملم و ١٢٥ گوللە ٢ قەناسی ڕوسی، ٤ ئاڕ بی کەی ، ٢٤ کلاشینکۆف، ٤ جیهازی ڕاکاڵی بچووک، بی کەی سی، ٤ تەلەفون، ١٢ سندوق نارنجۆک، ٣ بەتانی، ١ هێستر

قوربانی پێشمەرگە، شەهید بوونی دوو پێشمەرگە بوو.

١-شەهید نەجات ئەحمەد عەبدوڵڵا خەڵکی دبس، پێشمەرگەی کەرتی ٣ی تیپی ٨٦

٢-شەهید سەباح هەمزە سلێمان خەڵکی خەرابەی کەندیناوا پێشمەرگەی کەرتی ٤ی تیپی ٨٧ بەڕانەتی.

سماقولی - بەرانەتی

کاتژمێر یەکی دوا نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٦ پێنج کۆپتەر و سەمتی و دوو هەنتەر هێرشیانکردە سەر سماقولی سەروچاوە، سماقولّی گرتگ، سماقولّی سێنان بەسەختی بۆردومانیانکردن لە ئەنجامدا سێ شوان شەهیدبوون بەمناوانە .

١- حسێن حاجی عەزیز تەمەن ١٨ ساڵ
٢- جەلال سالح اسماعیل تەمەن ١٥ ساڵ
٣- سەعدی عەزیز حاجی تەمەن ١٠ ساڵ
چوار منداڵ و پیاوێکی پیر بریندارببوون

شـــەڕی کـــەپەنگ ڕەش
شەهید بوونی 8 پـــێشمەرگە

ڕۆژی ١٩٨٥/٤/٢١ هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێکهاتبوو لە چەندین ناقیلە و ئۆتۆمبێلی سەربازی لە کەرکوکەوە هاتن پەلاماری هەردوو دیوی ڕۆژهەلاتی قەرەچوخیاندا پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ و ٨٥ بەڕانەتی کە تێکڕا ٣٥ پێشمەرگە بوون بەرەنگاری هێزە پەلامار دەرەکەی دوژمن بوونەوە کاتژمێر ١٠ی بەیانی شەڕ لە کەپەنگ ڕەش دەستپێکرد کە تەنها چوار ماڵ بوو هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن بە پاڵشتی شەش دەبابە و چەند ناقیلە و تۆپ و بە هاوکاری تۆپی قورس و دوور هاوێژ کە لە دیبەگە دانرابوو دێیەکەیان خاپوور کرد، دوژمن کوژراو و بریندارێکی زۆری هەبوو، قوربانی پێشمەرگە لەو شەڕەدا شەهیدبوونی هەشت پێشمەرگە بوو کە شەش پێشمەرگە یان بەبریندارێکی کەوتنە دەست دوژمن و شەهیدکران

١-شەهید مەجیدە سوور جێگری تیپی ٨٥ی بەڕانەتی
٢-شەهید دکتۆر هەمزە عوسمان
٣-شەهید ئەحمەدە سوور پێشمەرگەی ناوچەی شۆڕشگێڕان
٤-شەهید یاسین
٥-شەهید بەختیار
٦-شەهید جەمال ئەحمەد عەزیز پێشمەرگەی تیپی ٨٧
٧-شەهید سەیفە دین ئەحمەد سلێمان تیپی ٨٧
٨-شەهید عەبدولڕەزاق ساڵح پێشمەرگەی تیپی ٨٧

لە کاتی کشانەوەی دوژمندا لەبەرزۆری کوژراو و بریندار و شپرزە بوونیان ئۆتۆمبێلێکی بەڕازیلیان جێهێشت و کەوتە دەست پێشمەرگە.

شـــــەهید بوونی سێ پـــــێشمەرگە 1985

ڕۆژی ١٩٨٥/٦/١٠ دوو پێشمەرگەی تیپی ٢١ کەرکوک بە ئیشووکاری شۆڕش بەرەو ناوچەی کۆیە ڕۆیشتن لە گەلی تۆپزاوای نزیک کۆیە تووشی هێزێکی حزبی شیوعی بوون، چەکدارەکانی حزبی شیوعی هەردوو پێشمەرگەکەیان دەستگیرکردوو شەهیدیانکردن:

١-شەهید شەوکەت حسێن خەڵکی قەرەبەگ

٢-شەهید بورهان ڕەزا ناسراو بە ئاکۆ خەڵکی پیرەسپان

هەمان ڕۆژ چەند پێشمەرگەیەکی تیپی ٨٥ بە مۆڵەت ڕۆیشتبوون لە ماڵە ڕەشماڵەکانی نزیک باواجی تووشی هەمان چەکدارەکانی حزبی شیوعی بوون کە نزیکەی ٧٠ چەکدار بوون، شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکانی بەڕانەتی و شیوعی دامەزرا تا کاتژمێر ١١ی شەوی خایاند لە ئەنجامدا (مام بێبەش) جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٥ و خەڵکی مام قلینج شەهید بوو، چەکدارەکانی شیوعی بەرەو تۆپزازاوا و کۆیە هەڵاتن، دوو لاشەیان جێماو زیانی زۆریان بەرکەوت.

هـــــاوینە هەواری ســـەڵاحەدین

ســـــەری ڕەش

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٥ بەڕانەتی، ٨٦ دەشتی هەولێر، ٨٧ قەرەچوخ، ٩١ سەفین و تیپی مەڵبەندی چوار لە شەوی ٢١-١٩٨٥/٦/٢٢ کۆنترۆڵی شەقامەکانی هاوینە هەواری سەڵاحەدین و سەری ڕەشیان کرد بە هەموو جۆرە چەکێک گوللە بارانی مۆڵگەکانی بەعس و جاشەکانیان کرد.

زیانی دوژمن

کوژرانی عەریفێکی شورتە

پێکرانی ئۆتۆمبیلێکی سیخورەکانی سەر دێی گەڕاو کە چەکی جاشایەتیان هەڵگرتبوو پێشمەرگەکان لێیاندان و ژمارەیەکیان کوشت و بەدیلگرت.

***دەستکەوت**

١٠ کلاشینکۆف، ٢ تفەنگی پەڕەشووت

قوربانی پێشمەرگە

شەهید بوونی قارەمان محەمەد بوو.

گـــــرتنی چوار ڕەبـــــیە

هێزێکی هاوبەش لە تیپە قارەمانەکانی ٨٧ قەرەچوخ، ٩١ سەفین، ٨٥ بەڕانەتی لەسەر ڕێگەی کۆیە هەولێر دەستیانگرت بەسەر چوار ڕەبیەی دوژمنداو حەوت جاشیان بە دیلگرت .

دەستکەوت

٢ ئاڕ بی جی

٨ کلاشینکۆف

٢ پەڕەشووت

٦ سندوف فیشەک

١ سندوق نارنجۆک

لـــــێدانی جاش-ئـــــاشگە

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە ڕۆژی ١٩٨٥/٦/٢٦ لەسەر جادەی ئاشگە و کۆڕێ بەرەنگاری تاقمە جاشێک بوونەوە و ١٠ جاشیان کوشت

دەستکەوت

٣ کلاشینکۆف

یەک پەڕەشووت

ڕەبییەکانی خانزاد نێوان بەستۆرەو هەولێر 1985/7/20

زنجیرەیەک ڕەبییەی جاش لە خانزاد نێوان بەستۆرەو هەولێر بوون، تیپی ٨٥ی بەڕانەتی ماوەی دوو ڕۆژ لە دۆڵی قەڵەمان خۆیان پەناگرت بەڵام لە گرتنی ڕەبییەکان سەرکەوتوو نەبوون.

دۆڵی هێران

مانگی ١٩٨٥/٧ تیپەکانی ٨٥ی بەڕانەتی، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٩١ی سەفین، ٨٧ی قەرەچوخ هاتنە دۆڵی هیران و ماوەی هەفتەیەک لەوێ مانەوە لە حوجران تا شەقڵاوە ڕەبییەی لێبوو، تیپەکانی مەڵبەندی چوار هەفتەیەک لە ناوچەکەدا بوون دوژمن بە هاتنی پێشمەرگەکانی زانیبوو هێزێکی زۆری هێنابووە ناوچەکە.

تیپەکان بەرنامەی دەست بە سەرداگرتنی ڕەبییەکانی حوجران شەقڵاوەیان داڕشتبوو بەڵام هاتنی ئەو هێزە زۆرەی دوژمن بەرنامەکەی هەڵوەشاندەوەو ڕەبییەکان دەستیان بە سەردانەگیرا.

ڕێگەی دڵۆپە هەولێر بۆسە

مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٥ کەرتەکانی (٢،٣،٤) تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و مەفرەزەیەکی تیپی ٩١ی سەفین لە ڕێگەی دڵۆپە هەولێر بۆسەیەکیان دانا.

کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ کاروانێکی ئۆتۆمبیلی جاش کەوتنە بۆسەکەوەو ژمارەیەک جاش کوژران، ژمارەیەکیش بەدیل گیران.

دەستکەوت:

ژمارەیەک ئۆتۆمبێل دەستکەوت بوو.

لـــــێدانی جـــــاش

کاتژمێر ٧,٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٨ پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٥ بەڕانەتی لە نێوان زیارەت و خۆران تووشی تاقمە جاشێک بوون و لێیاندان لە ماوەی پێنج دەقیقەدا دوو جاشیان کوشت و ئەوانیتر هەڵاتن.

ســـــزادان

ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٢٢ دوو پێشمەرگە چوونە ناو شاری هەولێر کاتژمێر ٧ی بەیانی موختاری گەڕەکی سەیداوایان بەسزا گەیاند کە سەر بە ئەمنی هەولێر بوو دەستی هەبوو لە بەگرتدانی کەسووکاری پێشمەرگە.

دوو چـــالاکی
هـــــەولێر-ســـــەڵاحەدین

ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٢٣ مەفرەزەکی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی چوونە سەر جادەی هەولێر-مەسیف سەڵاحەدین بۆ سەیەکیان دانا، ئۆتۆمبێلێک کەوتە بۆ سەکەوەو لێیاندا

زیانی دوژمن

کوژرانی ١ نائب ضابط

دەستکەوت

یەک ئۆتۆمبێل

شەوی ٢٢-١٩٨٥/٨/٢٣ مەفرەزەیەکی تیپی ٨٥ بەڕانەتی چوونە ناو هاوینە هەواری سەڵاحەدین و تەقەیان لە دوو ئەمن کرد یەکێکیان کوژراو ئەویتریان بە سەختی بریندار بوو.

چـــالاکی هـــاوبەش

هێزێکی هاوبەشی تیپی ٩١ سەفین و ٨٥ بەڕانەتی کاتژمێر دوانزەی شەوی ٦-١٩٨٥/٩/٧ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی فەوج لەسەر جادەی مەسیف-شەقڵاوە، لە ماوەی سێ دەقەدا دەستیان بەسەردا گرت.

زیانی دوژمن

کوژرانی دوو سەرباز

دەستکەوت

١ ئارپی بی جی ١١ بە ١٢ گوللەوە

٣ کلاشینکۆف

١ جیهازی بێتەل

بـــــۆسە

دوو مەفرەزەی هاووبەشی تیپی ٨٥ بەڕانەتی لە کاتژمێر چواری ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٩ لەسەر جادەی هەولێر-کۆیە نزیک کەسنەزان بۆسەیەکیان دانا ٣ ئۆتۆمێلی پڕ لە جاش کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانەوە و گوللە بارانیان کردن.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٦ جاش

بەدیلگرتنی ٧ جاش

تێکشکاندنی ٣ ئۆتۆمبێل

بـــــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە شەوی ١٩٨٥/٩/٢١/٢٠ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی کۆیە هەولێر داناو دوو جاشی شەعبی دەستگیر کران.

ڕەبـــییەی کـــۆڕی

لە سەعات ١٢ی شەوی ١٩٨٥/٩/٢١ کەرتێک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی هێرشیانکردە سەر ڕەبییەیەکی نێوان سەلاحەدین کۆڕێ، پاش ٢٠ دەقیقە شەڕ چەکدارەکان هەلاتن و پێشمەرگەکانیش چوونە ناو ڕەبییەکەوە هەرچی کەلوپەلێکی تیابوو سووتاندیان.

ســـەلاّحەدین-شـــــەقلاّوە
گرتنی ڕەبـــــیبە

کاتژمێر دوانـزەی شەوی ٢٤-١٩٨٥/٩/٢٥ پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ بەڕانەتی هێرشیانکردە سەر ڕەبیبەیەکی جەیشی ناشەعبی لەسەر جادەی مەسیف سەلاّحەدین-شەقلاّوە، پێشمەرگەکانی بەڕانەتی لە ماوەی ١٠ دەقیقەدا دەستان بەسەرداگرت

زیانی دوژمن

کوژرانی یەک جەیشی ناشەعبی

دەستکەوت

١ کلاّشینکۆف

١ جیهازی سویدی

٢ سندوق فیشەکی ڕووسی

٢ سندوق فیشەکی قەناس

٦ بەتانی

کـــــاوانیان-لێدانی جـــــاش

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ بەڕانەتی لە کاتژمێر چواری ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/٣ لە نزیک دێی کاوانیان تووشی گەلە جاشێک بوون تەقەیان لێکردن و بەرەو مۆلگەکانیان ڕاویاننان.

زیانی دوژمن

بریندارببوونی جاشێک

دەستکەوت

١ کلاّشینکۆف

ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/٥ مەفرەزەیەکی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی تووشی گەلە جاشێک بوون، پێشمەرگەکانی بەڕانەتی ڕوو بە ڕوویان بوونەوە و جاشەکان هەلاّتن

زیانی دوژمن

کوژرانی دوو جاش کە لاشەکانیان جێما بوو.

گـــــرتنی ڕەبییە-ســـپلیك

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ بەڕانەتی لە شەوی ٢٧-١٩٨٥/١١/٢٨ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی سپیلک لە گردی ئارمانج و دەستیان بەسەردا گرت.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٣ جاش

بەدیلگرتنی ٥ جاش

دەستکەوت

٧ کلاشینکۆف

١ ئاڕ بی جی

١ ئاڕ بی کەی

١ پەڕەشووت

لـــێدانی مـــونەزەمەی مـــەسیف

مانگی ١٩٨٥/١١ تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە بارەگای مونەزەمەی مەسیفیاندا لە ناو گەڕەکێکی مەسیفدا چەند جاشێکیان بە چەکەوە دەستگیر کردوو سەرکەوتووانە گەڕانەوە.

شەڕی زیارەت

ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/١٥ هێزێکی زۆری سەرباز و جاش بە پاڵپشتی ناقیلە و کۆپتەر و تۆپی قورس پەلاماری ناوچەی زیارەتی سنووری مەڵبەندی چواریاندا پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٥ بەڕانەتی، ٨٣ هەورێ، ٨٧ قەرەچوخ، بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕێکی قورسیان لەگەڵدا کردن.

زیانی دوژمن

کوژرانی ٣٢ سەرباز و جاش

بەدیلگرتنی ١ جاش

دەستکەوت

٢ کلاشینکۆف

١ پەڕەشووت

ئۆتۆمبێلێکی پیکاب

مەفرەزەیەکی تیپی ٨٧ دەشتی هەولێر بەپیر شەڕەکەوە هاتن، مەفرەزەیەک لەسەر ڕێگەی هەلێر کۆیە لەگەڵ هێزی دوژمن تووشی شەڕ بوون و گورزی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند

زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە ٥ جاش و بریندرا بوونی ژمارەیەکیتر تێکشکاندنی ناقیلەیەک، ئۆتۆمبێلێک

دەستکەوت

٤ کلاشینکۆف

لە هەمان کاتدا مەفرەزەیەکی تیپی ٨٧ قەرەچوخ لە سەربازگەی گۆمە سپانیاندا قوربانی پێشمەرگە لە سەرجەم ئەو شەڕانەدا شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە بوو

١-شەهید مامۆستا ئەمیر پێشمەرگە و کادری تیپی ٨٧ قەرەچوخ خەڵکی گەلیاوەی بناری سەفین.

٢-شەهید سەرکەوت پێشمەرگەی تیپی ٨٥ بەڕانەتی

لەو شەوەدا دێی زیارەت بەدەستی دوژمن سوتێندرا

کۆیە-دێگەڵە

بۆسە

ڕۆژی ١٩٨٦/١/٢ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ بەڕانەتی لە کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ تا شەشی ئێوارە بۆسەیەکیان لەسەر جادەی کۆیە-دێگەڵە دانا و زیاتر لە ١٠٠ ئۆتومبێلیان ڕاگرت-دوای ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش بە ڕێزەوە بە ڕێیان کردن.

لەو بۆ سەیەدا پێنج کەس دەستگیرکران

دەستکەوت

٣ کلاشینکۆف

١٨ مەخزەن

یەک ئۆتۆمبیلی بەڕازیلی ژمارە ٨٤٠٥

کوشتنی دوو ئەفسەر

مەفرەزەیەکی تیپی ٨٥ بەڕانەتی لە ڕۆژی ١٩٨٦/٢/١٣ لە بەردەم مقەڕی فیرقەی هەولێر دوو ئەفسەریان گوللە باران کرد.

١-رائید ئەنوەر بەشیر عەبدولکەریم

٢-نەقیب محەمەد وەلی ئەشرەف

دەستکەوت

٢ دەمانچە، ئۆتۆمبێلێکی سۆپەر، ٢٥٠٠ دینار،٢ جانتای پڕ لە ئەوراق.

بـــــۆسە-ڕێگەی هـــــــەولێر

مەفرەزەیەک پێشمەرگەی تیپی ٨٥ بەڕانەتی لە ڕۆژی ١٩٨٦/٥/٣ بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگەی هەولێر-مەسیف لە ئاستی لۆفەکانی خانزاد دانا، ئۆتۆمبێلێکی جاشی شەعبی کەوتە بۆ سەکەوە و نەوەستا، پێشمەرگەکان گوللە بارانیان کرد و دوو جاشی تیابوو کوژران.

شـــــەقلاوە- ســـــەلاحەدین

لە کاتژمێر ٣:٣٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/٤/١٨ دەستەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی بەڕانەتی و سەفین چوونە سەیرانگای شێرە سوار لە سەر جادەی گشتی شەقلاوە سەلاحەدین و دوو ئیستخباراتیان دەستگیر کرد.

دەستکەوت:

١ کلاشینکۆف و ٦ شانە

١ ئۆتۆمبیلی سەلاحەدین

شـــەهید بوونی چوار پـــێشمەرگە

ڕۆژی ١٩٨٦/٥/٦ مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی تەحسین عوسمان فەرماندەی کەرت لە تیپی ٩١ی سەفین پەڕینەوە، لە نێوان دۆڵی سماقولی و هەناره کەوتنە بۆسەی جاشەوەو چوار پێشمەرگە شەهید بوون.

١/ شەهید تەحسین عوسمان دیبەگەیی فەرماندەی کەرت

٢/ شەهید تەحسین چێشکەیی

٣/ شەهید ئازاد

٤/ شەهید سەلیم

حەوێز بە بریندارى ڕزگارى بوو

لـــێدانی جـــاش

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەی تیپەکانی ٨٥ی بەڕانەتی، ٨٦ دەشتی هەولێر، ٨٧ قەرەچوخ، لە شەوی ٨-١٩٨٦/٥/٩ هێرشیانکردە سەر دێی قۆریتان دوای سێ کاتژمێر شەڕ ٩ کەسیان لە چەکدارەکانی دوژمن کوشت

*دەستکەوت

٢ کلاشینکۆف

سووتاندنی ٥ ماڵە جاش

قوربانی پێشمەرگە

شەهید بوونی پێشمەرگەیەک بوو بە ناوی نامیق حاجی عومەر

لـــێدانی ڕەبـــیە

هێزێکی هاوبەشی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ و ٨٥ بەڕانەتی لە شەوی ٢٠-١٩٨٦/٥/٢١ چوونە سەر ڕەبیەکانی بیرە نەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی کەندیناوا و پێنج چەکداریان کوشت

دەستکەوت

٣ کلاشینکۆف

کـــەوتنە بۆسەی جـــود

ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢٠ هێزێکی هاوبەشی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و ٨٦ دەشتی هەولێر لە دێیەکانی غەمیرەت و کەندنیاوا کەوتنە بۆسەی حزبی شیوعی عێراق (قیادە) و ئاش و جەماعەتی دکتۆر ڕەشید شەڕ لە نێوان پێشمەرگەکانی بەڕانەتی و هەولێر و چەکدارەکانی ئەو سێ لایەنە دروست بوو دوای ئەوەی پێشمەرگەکان بەسەر شەڕگەکەدا زاڵبوون لە سێ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەریان و دەستیان گرت بەسەر دێیەکەدا

زیانی جود لە شەڕەدا

کوژرانی ٦ چەکدار

بریندارببوونی پێنج چەکداریتر

دەستکەوت

یەک ڕەشاشی بی کەی سی، یەک ئاڕ بی جی، یەک ناتۆ، ٤ کلاشینکۆف، ٢ ژێر سێ

قوربانی پێشمەرگە لەو شـەڕەدا شەهید بوونی پێشمەرگەیەک بوو بە ناوی (عەبدولقادر سەعید) لەگەڵ بریندارببوونی دوو پێشمەرگەیتر.

چـــوونە نـــاو شـــار

ڕۆژی ١٩٨٦/٦/٢٣ لە کاتێکدا جێگری سەرۆک کۆماری عێراق لە هەولێر بوو دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی چوونە ناو شاری هەولێر لە کاتژمێر ٥:١٠ دەقیقەی ئێوارەدا تاوانبارێکیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و کوشتیان.

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە ڕۆژی ١٩٨٦/٧/٢ چوونە ناو شاری هەولێرو جاشێکیان کوشت.

بـــــۆسە

دەستـەیـەک لـە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ی بـەڕانـەتـی لـە ڕۆژی ١٩٨٦/٧/٢ تاوانباریێکیان بە سزا گەیاند کە دەستی هەبوو لە شەهید بوونی هاوڵاتی حاجی قادر خەڵکی سەلاحەدین پێشمەرگەکانیش سەرکەوتووانە و بێ زیان بوون.

شـــــەڕی ســـێگردکان

ڕۆژی ١٩٨٦/٧/٩ زانیاری گەیشت دوژمن پەلاماری سێگردکان دەدات، ١٩٨٦/٧/١٠ دوژمن پەلاماری سێگردکانیدا ڕەنجە تەلخێمی فەرماندەی کەرتی (٢) ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە پۆڕیجە بوو لە گەڵ کەرتەکەیدا دەپەڕینەوە شەمامک کە هەوالّی پەلاماری دوژمنی زانیبوو بەرەو سێگردکان هات.

بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٧/١٠ دوژمـن پەلاماری سێگردکانیدا، کەرتی نورە قالە باریکەیی و سەلاح شینە لە سێگردکان بوون ڕەنجەش هاتە سێگردکان، شەڕێکی قورس لە سێگردکان دروست بوو هێزەکەی دوژمن پشتی سێگردکانی گرت و شەڕ کەوتە ناو سێگردکان.

دوای بەرگرییەکی سەخت چوار پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون ڕەنجە یەکێک لە شەهیدەکان بوو.

لە شەڕی گەورەی سێگردکان ئەم چوار پێشمەرگەیە شەهید بوون:

١/ شەهید ڕەنجە تەلخێمی فەرماندەی کەرتی دووی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە بریندارى کەوتە دەست دوژمن و شەهید بوو.

٢/ شەهید یاسین معلم

٣/ شەهید شاکر سۆربەشی

٤/ شەهید عەبدوڵڵا ئۆمەر گومەتی

(٣) پێشمەرگەش کەوتنە دەست دوژمن

هـــــەولێر- کـــــۆیە

مەفرەزەیەکی کەرتی (۳)و کەرتی تیپی (۸۵)ی بەڕانەتی لە سەعات یەکی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ۱۹۸٦/۷/۲۱ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی هەولێر کۆیە دانا، دوای ڕاگرتنی چەند ئۆتۆمبێل و پشکنینیان هێزێکی دوژمن بەرەو بۆسەکە هات، پێشمەرگەکان لێیاندان و شەڕ تاکو حەوت و نیوی ئێوارەی خایاند.

زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە (٥) جاش و سەربازو تێکشکاندنی دوو ئۆتۆمبێل.

ســـــزاو لـــــێدان

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ۸٥ی بەڕانەتی و تیپی ۹۱ی سەفین کاتژمێر (۳)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ۱۹۸٦/۹/٦ چوونە ناو شاری هەولێرەوەو لە گەڕەکی (۷)ی نیسان دوو ئیستخباراتیان بە سزای گەل گەیاند کە باوک و کوڕ بوون و خەڵکی بەغدا بوون.

دەستکەوت:

یەک دەمانچەی چواردە خۆرو (۲٥) گوللە و یەک سۆپەری (۸٥)و ۳٥۰۰ دیناری سویسری.

هەمان دەستەی هاوبەشی تیپەکانی سەفین و بەڕانەتی لە ڕۆژی ۱۹۸٦/۹/۷ کاتژمێر ۱۰:۳۰ دەقیقەی پێش نیوەڕۆ لە ناو شاری هەولێرو لە نزیک حەمامی ژنان بەرەنگاری نەجدەیەک بوون و دایانە بەر دەستڕێژی گوللەو سەرنشینەکانیان کوشت.

لە هەمان کاتدا لە بەردەم قەسر شیمالدا ڕووبەڕووی چەند نەجدەیەک بوونەوەو کۆڵان بە کۆڵان ڕاویاننان لە دوایدا لە گەڕەکی حەی زراعین بەرەنگاری نەجدەیەکیتر بوون و ئەویشیان ئیبادە کرد.

زیانی دوژمن:

تێکشکاندنی ۲ نەجدە

کوژرانی ۸ ئەمن و شورتە و بریندار بوونی ژمارەیەکیتر

ســـەلاّحەدین- شـــــەقلاّوە

دەستەیەک لە پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە کاتژمێر ١٢:٣٠ دەقیقەی نیوەڕۆی ١٩٨٦/٩/١٢ لە سەر جادەی سەلاّحەدین شەقلاّوە لە جێبێکی سەربازیانداو ئەفسەرێک بە پلەی ڕائیدو سەربازێک کوژران.

بـــــە سزا گەیانـــــدن

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٨٥ی بەڕانەتی لە ڕۆژی ١٩٨٦/٩/١٧ چوونە ناو شاری هەولێر، لە سەعات ١٢ی نیوەڕۆدا تاوانبار ڕەئیسی مەجلیسی شەعبی دهۆکیان لە ناو شاری هەولێردا بەسزاگەیاند.

بـــــۆسەی غـــــەدر

پایزی ساڵی ١٩٨٦ کەرتی چـواری تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بـەرەو گـۆڕە شێر بەڕێکەوتن حزبی شیوعی و پارتی هاتن لە هێزەکەی یەکێتی بدەن.

حزبی شیوعی و پارتی لە نێوان سەری ڕەش و قەلاّسنج بۆسەیان بۆ کەرتی چواری تیپی ٨٥ی بەڕانەتی دانا، پێشمەرگەکانی بەڕانەتی کەوتنە بۆسەکەوەو دوو پێشمەرگە شەهید بوون:

١/ شەهید کارزان گڕاوی

٢/ شەهید شێرکۆ گەریاوایی

کـــــۆیە – دێـــــگەلّە

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە سەعات (٢)ی پاشنیوەڕۆ تا ئێوارەی ١٩٨٧/١/٢ جادەی نێوان کۆیە دێگەلّەیان کۆنترۆلّکرد زیاتر لە (١٠٠) ئۆتۆمبێلیان ڕاگرت و (٥) جاش و تەواری دەستگیر کران.

دەستکەوت:

٣ کلاّشینکۆف ١٨ شانەو (١٠٠) فیشەک و (١) بەڕازیلی

بـــــۆسە

دەستەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە ساڵی ١٩٨٧ چوونە سەر جادەی گشتی هەولێر- هاوینە هـەواری سەڵاحەدین و دوو جاشیان دەستگیر کرد.

دەستکەوت: دوو ئۆتۆمبیلی لاندکرۆز

پـــــێکهاتەی تـــــیپەکە
ســـــاڵی 1987

دوای شەهید بوونی عەلی مەسیفی جێگری فەرماندەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە داستانی ڕزگاریدا، ئاسۆ مامەند کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.

مەلا سەلمان گواستراییەوە دەشتی هەولێرو کرایە جێگری تیپ، بورهانی سەعید سۆفی لە جێگەی کرایە فەرماندەی کەرت.

پـــــێکهاتەی تـــــیپەکە

- تەحسین کاوانی فەرماندەی تیپ
- ئاسۆ مامەند جێگری فەرماندەی تیپ
- سەردار سەعید سۆفی فەرماندەی کەرتی تیپ
- ئەحمەد جەمیل فەرماندەی کەرت
- میکائیل کۆیی فەرماندەی کەرت
- سەنگەر فەرماندەی کەرت

بـــــە سزا گەیانـــــدن
ڕۆژی 1987/6/23

لە کاتێکدا جێگری سەرۆککۆماری عێراق لە ناو هەولێر بوو دەوروپشتی شار بە هێزی دوژمن تەندرا بوو ڕۆژی ١٩٨٧/٦/٢٣ دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە سەعات ٥:١٠ دەقیقەی ئێوارەدا تاوانبارێکیان دایە بەر

دەستپێژی گوللەو کوشتیان کە لە ساڵی ١٩٦٣ەوە حەرەس قەومی بوو دواتر ڕەفیق حزبی و ئەندامی شوعبەو دەستی هەبوو لە ئازاردانی خەڵک و ماڵی پێشمەرگەدا.

شـــەهید بوونـــی
ســـەرداری سەعید ســـۆفی و ئـــیسماعیل ســـولاوکەیی
1987/6/30

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی یەکێک لە تیپە ئازاو دەستوەشێنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و مەڵبەندی (٤) و دواتریش مەڵبەندی (٣) بوو زەبری کوشندەی لە دوژمن وەشاند بوو هەر بۆیە ڕژێمی عێراق داخ لە دڵ و ڕق ئەستوور بوو بەرانبەر تیپی بەڕانەتی، سەرداری سەعید سۆفی و هاوڕێکانی جگە لە شەڕی پێشمەرگانە و دەیان نەبەردی و داستان، لە ناو شاری هەولێریشدا چەندین چالاکی گەورەیان ئەنجامدابوو سوێیان کردبووە دڵی دوژمنەوە هەر ئەوان بوون لە ناو جەرگەی شاری هەولێردا لە پارێزگاری هەولێریاندا، جاش و بەعسییەکانی ناو هەولێر پیاوانی دامود دەزگاکانی داپڵۆسین زەندەقیان لە سەردارو هاوڕێکانیان چوو بوو ئاخر ئەوان ئیزرائیلی سەرسەری داگیرکەران بوون، هەر بۆیە جارێک نا چەندین جار دوژمن پەلاماری بارەگاو سەنگەرەکانی تیپی بەڕانەتی دەداو هەموو جارێک بە سەری شۆڕەوە دەگەڕایەوەو تێکدەشکا.

ڕۆژی ١٩٨٧/٦/٣٠ هێزێکی دوژمن پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تیپی بەڕانەتیان دا بەختی ڕەشی خۆیان تاقیکردەوە.

هێزێکی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی کە پێکهاتبوون لە ئاسۆ مامەند، سەردار سەعید سۆفی، ئیسماعیل سولاوکەیی و ئـارام چاوشین تێکڕا (٨) پێشمەرگە لە سەر دەربەندی گۆمە سپان بوون.

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە سەر زنجیرە شاخی کێشکەو دەربەندی گۆمە سپان بوون، هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن لە ڕێگەی گۆمە سپان و بەردە باز بوون.

لە دەربەندی گۆمە سپانەوە سەدان جاش و مغاویر پەلاماری سەنگەرەکانی

پێشمەرگەیاندا چوار کۆپتەری باری و جەنگی پشتیوانی هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن بوون.

دوژمن هەموو هێزەکەی خۆی چڕ کردبووەوە بۆ پەلاماردانی پێشمەرگەکانی سەر دەربەندی گۆمەسپان بنکەی پێشمەرگەکانی لە سەر دەربەند سووتاند بەڵام نەیتوانی دەستی بە سەردا بگرێت.

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە ئێوارەدا دۆشکەیان سەر خستە سەر شاخی کێشکە، شەڕێکی قورس و گەرم لە نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمندا بەردەوام بوو تیپی مەڵبەندی (٣)و ڕێکخراوی کۆمەڵە هاتن بۆ پشتیوانی تیپی بەڕانەتی.

پەلاماری دوژمن بۆ سەر پێشمەرگەکانی بەڕانەتی لە سەر دەربەند چڕو پڕ بوو چوونکە دەربەند کلیلی هاتنەوە بوو بۆ دۆڵی سماقولی.

شەڕ تا ڕۆژئاوا بوون بەردەوام بوو کاتژمێر (٧)ی ئێوارە هێزی دوژمن دەستیگرت بە سەر سەنگەرەکانی دەربەندی گۆمە سپاندا (٨) پێشمەرگە قارەمانەکەی سەر دەربەندی گۆمە سپان پاشەکشەیانکرد بۆ شاخی کێشکە.

دوای تەنها (١٥) دەقیقە لە گرتنی دەربەندی گۆمە سپان هێزی پێشمەرگە لە دوو لاوە هێرشی پێچەوانەیان کردەوە سەر هێزەکەی دوژمن، سەرداری سەعید سۆفی و ئیسماعیل سولاوکەیی گەیشتنە سەر هێزەکەی دوژمن لە دەربەندو لە ناو ڕەبییەی دوژمندا هەر دووکیان شەهید بوون.

لەو هەڵمەتە شێرانەیەدا کە بە خوێنی سەردارو ئیسماعیل تۆمار کرا ڕەبییەکەی سەر دەربەندی گۆمە سپان کەوتەوە دەستی پێشمەرگەو هێزەکەی دوژمن هەڵاتن.

سەرداری سەعید سۆفی دوا پلەی پێشمەرگایەتی فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، دەیان جار مەرگی تاقی کردبووەوەو لە لێواری مەرگ و شەهید بوون گەڕابووەوە قارەمانی دەیان داستان و نەبەردی و چالاکی ناو شار بوو.

ئیسماعیل سولاوکەیی پێشمەرگەی قاڵبووی خەباتی شۆڕشگێڕانەو ڕۆڵەی بەوەفای تیپی بەڕانەتی بوو.

مـــەسیف-ســـەری ڕەش

هێزێکی هاوبەش لە کەرتەکانی ١و٢و٣و٤ مەفرەزەیەکی تیپی ٨٥ بەڕانەتی کاتژمێر ١١:٣٠ دەقیقەی شەوی ٦-١٩٨٧/٧/٧ چوونە ناو هاوینە هەواری مەسیف و سەری ڕەش و هێرشیانکردە سەر دوو ڕەبییە و دەستییان بەسەردا گرت دوای گرتنی ڕەبییەکان ٤ ئیستخباراتیان کوشت

زیانی دوژمن

کوژرانی ١٠ جەیشی نا شەعبی و ئیستخبارات گرتنی ٤ جەیشی نا شەعبی دەستکەوت

١ هاوەنی ٦٠ ملم، ٢ سندوق نارنجۆک، ٥ کلاشینکۆف، ٧٠٠ فیشەک کلاشینکۆف، ١ قەناس، ٣ تەلەفۆن، ١ دەمانچە، ١ جیهازی سویدی

سووتاندنی دوو ڕەبیە، ٣٠ کابینە، ٢ ئۆتۆمبێل

لـــێدانی جـــاش

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە سەعات دووی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٧/٨/٢٦ لە نێوان گوندی (ئاژگەو کۆڕێ)دا بەرەنگاری تاقمە جاشێک بوون و لە ماوەی چارەکە سەعاتێک شەڕدا جاشەکان شکان.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ١٠ جاش

دەستکەوت:

٣ کلاشینکۆف و ٧ شانە

١ تفەنگی پەڕەشووت

لـــێدانی فـــەوجی نـــورەدین

لە سەعات ٩:٣٠ دەقیقەی شەوی ١٩٨٧/١٢/١٢/١١ پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و ٩١ی سەفین هەڵمەتیانبردە سەر مقەڕ فەوجی هێزی نورەدین بەگ و ڕەبییەکانی حیمایەی فەوج و فەوجێکیتر، لە ماوەی تەنها نیو سەعاتدا قارەمانەکانی

سەفین و بەڕانەتی مقەڕ فەوج و دوو ڕەبییەیان ئاگر تێبەردا کە لە ناو هاوینە هـەواری سەلاحەدیندا بوون لە هەمانکاتدا هێزێکیتری بەڕانەتی و سەفین مالّی نۆکەرانی دوژمنیان ئاگربارانکردوو بە تۆندی کوتایانن.

زیانی دوژمن:

کوژرانی زیاتر لە ٣٠ جاش، لاشەی ١٥ جاش کەوتە دەستی پێشمەرگە، لە ناو کوژراوەکاندا دوو ئامر سریەو معاون مستەشارێک هەبوو، هەروەها چوار کوڕی غازی نورەدین بەگ مستەشاری فەوجەکە کوژران.

دەستکەوتەکان:

- ٣٠ کلاشینکۆف و ١١٠ شانە، ٢ شانەی هەفتاو پێنجی
- ٢ ڕەشاشی ئاربیکەی
- ١ بێتەلی ڕاکاڵ بە موجەفیرەو تەجهیز قودرەوە
- ٢ ڤیدیۆ
- ٢ تەلەفزیۆنی ملەوەن
- ١ عەلیزەی سینەمایی
- ١ تاپڕ
- ١ تەلەفون
- ٢ ڕیکۆردەر- مسەجەل
- ١٠ هەزار دیناری فەوجەکە

قوربانی هێزی پێشمەرگە:

شەهید بوونی فواد هادی قادر فەرماندەی کەرتی (١)ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی خەلّکی مەخمور

بەدیلگرتنی ٢٢ جاش کە دووانیان ئامر سریە بوون

گـــــرتنی جێگری پـــــاریزگار

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/١٦ مەفرەزەی شەهید سەرداری تیپی ٨٥ بەڕانەتی چوونە ناو شاری هەولێر و لە گەڕەکی شۆڕش دوو پیاوی ڕژێمیان دەستگیرکردوو گەیاندیانننە ناوچە ڕزگارکراوەکان

دەستگیرکراوەکان

١-عەبدوڵڵا خەفاف جێگری پاریزگاری هەولێر خەڵکی سلێمانی بوو.

٢-محەمەد مستەفا مودیر مبیعات الغذائیە فی اربیل.

لـــــێدانی دوژمـــــن

هێزێکی گەورەی دوژمن بە سەرپەرشتی قائیدی جەعفەلی خەفیفە و بە پاڵپشتی چەندین کۆپتەر و دەبابە ویستیان سەیتەرەی نێوان هەولێر-کۆیە لە دەربەندی گۆمەسپان دابنێنەوە هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەکانی کەرتی١و٢و٣و٤ و کەرتی تیپی ٨٥ بەڕانەتی و مەفرەزەیەکی ڕێکخراوی یەک هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن و دەستیان بەسەر مقەڕفەجەکەدا گرت.

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ٢٠ سەرباز و جاش و بەدیلگرتنی سەربازێک

دەستکەوت

١ ئارپی جی ١١

١٢ کلاشینکۆف

٣ ئۆتۆمبێل

٣ چادر و ژمارەیەکی زۆر تەقەمەنی و کەلو پەلی فەوجەکە.

تـــــیپی 91ی ســـــەفین
چـــوار

تـــــیپی 91ی ســـــەفین

تیپی ۹۱ی سەفین لە بناری چیای سەفینی سەرکەشدا پێکهات، سنووری چالاکی تیپی سەفین ناوچەکانی شەقڵاوەو هیران نازەنین و خۆشناوەتی بە گشتی دەگرتەوە.

پێکهاتەی تیپی ۹۱ی سەفین بەمجۆرە بوو:

- تۆفیق بێریژی فەرماندەی تیپ
- کارزان شەقڵاوەیی فەرماندەی کەرت
- تەحسین کاوانی فەرماندەی کەرت
- ڕەمزی مام برایم هیرانی فەرماندەی کەرت
- یوسف بیریژی فەرماندەی کەرت

دوای ماوەیەک تۆفیق بیریژی لە تیپی سەفین نەماو عەلی نەبی کرایە فەرماندەی تیپی ۹۱ی سەفین، ساڵی ۱۹۸۳ بەکر مستەفا کرایە فەرماندەی تیپی ۹۱ی سەفین، تەحسین کاوانی جێگری بوو.

دوای بریندار بوونی مامۆستا بەکر مستەفا، تەحسین کاوانی کرایە فەرماندەی تیپەکە، دواتر قادر خەبات بۆ ماوەیەک فەرماندەی تیپ بوو، دوای قادر خەبات جوامێر کرایە فەرماندەی تیپی سەفین، دوای شەهید بوونی جوامێر بە بۆردومانی فڕۆکە لە نازەنین، سەفینی مەلا قەرە کرایە فەرماندەی تیپی ۹۱ی سەفین.

هـــــەڵاتنی ســـــێ ســـــەرباز
ڕفـــاندنی ســـــێ چـــەك
1982/9/18

جەلال سوورکانی ، سەعید حسێن عوسمان، قاسم مەولود سەرباز بوون لە ڕەبیەی سەفین لە کەپکی دارناس، هەر سێکیان ڕێکەوتن بە چەکەکانیانەوە ببنە پێشمەرگە، شەو هاتنە کانی شیلان ئاویان خواردەوە دەبەیەک ئاویان بردوو چوونە ڕەزەکانی کانی شیلانە دوای ئەوەی تاریک داهات چوونە پونگینە ماڵەکانیان ڕەوانە کردو پەیوەندیان بە جەوهەر هیرانییەوە کرد کە فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ۸۳ی

هەوڕێ دواتر هاتنە تیپی ۹۱ی سەفین و بوونە پێشمەرگە، سێ کلاشینکۆفیان لە گەڵ خۆیاندا هێنابوو.

کـــوشتنی دوو ســـەرباز
مـــانگی 1982/11

جەلال و قاسم و سەعید دەیانزانی سەربازەکانی ڕەبییەی سەفین بە کوێدا دێنە خوار بۆ ئاو بردن.

مەفرەزەیەکی شەش کەسی بە فەرماندەیی جەلال سورکانی چوون بۆ لێدانی سەربازەکان، دوو پێشمەرگەیان دانا بۆ لێدانی ڕەبییەکە.

سێ سەرباز هاتنە سەر ئاوی کانی گوێز ئاوبەرن پێشمەرگەکان لێیاندان دوو سەربازیان کوشت و هاتنە پشتی خۆران لە سەر ئاوەکەی خۆران پشوویاندا، کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکەو دەسووڕانەوە.

دەستکەوت:

۲ کلاشینکۆف

بـــــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ۹۱ی سەفین لە بەرە بەیانی ۱۹۸۳/۷/۲۳ بۆسەیەکیان لە نێوان شەقلاوەو هیران دانا.

لە کاتژمێر (٥)ی سەر لە بەیانیدا (۳) جاش کەوتنە بۆسەکەوەو درانە بەر دەستڕێژی گوللە.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ۲ جاش

بەدیلگرتنی جاشێکیتر

چـــوونە ناو ســـەری ڕەش

دەستەیەکی قارەمانی تیپی ۹۱ی سەفین لە شەوی ۱۹۸۳/۷/۱۱/۱۰ چوونە هاوینە هـەواری سەری ڕەش دەستیانگرت بە سەر ڕێگای سەلاحەدین سەری ڕەشدا،

پێشمەرگەکان گەڕان بە دوای جاش و نۆکەرەکانی ڕژێمدا تێکڕای کابینەکانیان پشکنی، دوو کەسی سەر بە دەزگای موخابەراتیان دەستگیرکرد ژمارەی ناسنامەکانیان ٥٨٥-٣٣٥ بوو پاشان دەستیانگرت بە سەر گازینۆ و چێشتخانەی سەری ڕەشدا و دۆخی شۆڕشیان بۆ ڕوونکردنەوە، کۆمەڵێک جاشی شەعبی گەمارۆی گازینۆکەیاندا، پێشمەرگەکانی سەفین دوای شەڕێکی دەستەویەخە گەمارۆکەیان شکاند پاڕێزگاری تکریت و ئامرلیوا و چەند ئەفسەرێک لە ژێر چرپاو ژووڕەکاندا خۆیان شاردبووەوەو نەکەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگە.

زیانی دوژمن:

کوژرانی زیاتر لە (١٠) جاشی شەعبی

دەستکەوت:

١ کلاشینکۆفی شەعبی

نـــێوان مـیر ڕۆستەمەو شـــێخ مـــەمودیان
مـــانگی 1983/10

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بە فەرماندەیی جەلال سووركانی و ئەنوەر، ئارام، ڕزگار، مامۆستا مەهدی کاوانی چوونە سیساوا مامۆستایەکی ڕەفیق حزبی بگرن.

دواتر لە نێوان میر ڕۆستەمەو شێخ مەمودیان بۆسەیەکیان دانا کۆستەرێک هات جاشی شەعبی تێدا بوو دەستیان لێڕاگرت نەوەستا پێشمەرگەکان تەقەیان لێکرد، جەلال سووركانی لە سەر جادەکە مایەوە پێشمەرگەکانیتر پاشەکشەیانکرد.

جاش شەعبییەک لە ناو کۆستەرەکەدا ئاربیکەیەکی پێبوو سەری داخستبوو تەقەی دەکرد، ئیڤایەک و زرێپۆشێک بەرەو شوێنی شەڕەکە هاتن جەلال سووركانی لە جادەکە دووركەوتەوە سەربازەکان دابەزین و چوونە سەر کۆستەرەکە لە زرێپۆشەکەیان بەستوو بردیانە قاتعی جاشی شەعبی شێخ مەمودیان.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٤ جاشی شەعبی بوو

شـــەهید بوونی نۆ پـــێشمەرگە

سەر لە بەیانی ڕۆژی ۱۹۸۳/۱۲/۱۸ لە قوڕە بەرازەی دەشتی کۆیە (مینیک) لە ژێر ئۆتۆمبیلی پۆلیێک پێشمەرگەدا تەقییەوەو شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

۱/ شەهید مەلا غەفور
۲/ شەهید ئاشتی
۳/ شەهید زاهیر بالیسانی
٤/ شەهید حاجی ئەکرەم
٥/ شەهید هاوار بادینی
٦/ شەهید ئەنوەر نازەنینی
۷/ شەهید هۆشیار کۆیی
۸/ شەهید مامۆستا شەوقی
۹/ شەهید بەکر حەمە عەلی

ئەم پێشمەرگانەش بریندار بوون:

۱/ حاجی بەمۆ
۲/ مەهدی کاوانی
۳/ شەبیب دووگردکانی
٤/ یاسین حەمەد عەلی
٥/ جەوهەر

بـــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ۹۱ی سەفین کاتژمێر ۸ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ۱۹۸٥/٥/۳۱ بۆ ماوەی نیو کاتژمێر جادەی نێوان هەولێر دێگەلّەیان خستە ژێر دەسەلّاتی خۆیان و بۆسەیەکیان دانا ئیڤایەکی سەربازی کەوتە ناو بۆسەکەوەو درایـە بـەر دەستڕێژی گوللە و بـووە هـۆی کـوژرانـی ٤ سەربازو تێکشکاندنی ئیڤاکە.

تـــیپی 91ی ســـەفین
ســـاڵی 1985

- جوامێر فەرماندەی تیپ
- بەکرە سوور ڕێبەری سیاسی تیپ
- مامۆستا باپیر لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە
- کاروان سالّح فەرماندەی کەرتی (١)
- کارزان شەقلّاوەیی فەرماندەی کەرتی (٢)
- ئیسماعیل ونکە فەرماندەی کەرتی (٣)، دواتر شێخ خالید بووە فەرماندەی کەرتەکە
- عادل فەرماندەی کەرتی تیپ
- بارەگای تیپی ٩١ی سەفین لە ناو نازەنین بوو
- بارەگای تیپ و کەرتی تیپ لە ناو مەکتەبەکەدا بوون
- کەرتی (١) لە سناوە بوو
- کەرتی (٢) لە سماقولی بوو
- کەرتی (٣) لە تەنیشت مزگەوتی نازەنین بوو

ئـــەمنی هـــەولێر

دوو پێشمەرگەی تیپی ٩١ سەفین لە ڕۆژی ١٩٨٥/٤/٦ نارنجۆکێکی دەستیان فڕێدایە ناو ئەمنی بەلدەی هەولێر لە ئەنجامدا ئەمنێک کوژراو دوانیتریش بریندار بوون.

گـــــرتنی بـــیانی

کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٤/٧ چوار پێشمەرگە بۆسەیەکیان لە سپیلک بۆ خەبیرەکانی کوردەک دانا ، لە ئەنجامدا ئوتۆمبێلێک کەوتە بۆسەکەوە و دوو ئەندازیاری یابانی و دوو فەلەستینی و هەولێرییەکی تیابوو پێشمەرگەکان توانیان بە سەلامەتی بیانگەیەننە ناوچە ئازاد کراوەکان.

بـــۆسە - هـــــیران

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ۹۱ سەفین لە رۆژی۱۹۸۵/٤/۳۰بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگای هیران شەقڵاوە دانا ، ئێڤایەکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە و گوللە بارانیان کرد .

زیانی دوژمن کوژرانی سەربازێک و بریندار بوونی سەربازێکیتر و شکاندنی ئێڤاکە بوو.

گـــرتنی ئـــوتۆمبێل

پێشمەرگەکانی تیپی ۹۱ ی سەفین لە رۆژی ۱۹۸۵/٥/۲۹ بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا کاتژمێر (۳)ی دوای نیوەڕۆ ئوتۆمبێلێکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگەکانی سەفین دەستیان بەسەردا گرت . لەو بۆسەیەدا نائیب عەریفێک و چوار سەرباز و پێنج جاش کوژران ودەستگیر کران .

دەستکەوت

٥ کلاشینکۆف

١ پەرەشوت

بـــۆسە - هـــەولێر - دێـــگەلە

کەرتی (۱) تیپی ۹۱ ی سەفین لە رۆژی ۱۹۸۵/٦/۱ بۆ ماوەی نیو سەعات بۆسەیەکیان لەسەر جادەی هەولێر - دێگەڵە دانا ئێڤایەکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە .پێشمەرگەکانی سەفین دایانە بەر گوللە و (٤) سەرباز کوژران لەبەر نزیکی لەو ڕەبییە نەتوانرا دەست بەسەر چەکەکاندا بگیرێت.

چـــالاکی هـــاوبەش

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ۹۱ سەفین ،۸٥ بەڕایەتی ، ۸٦ دەشتی هەولێر،۸۷ قەرەچووخ و تیپی مەڵبەند لەشەوی ۲۱-۱۹۸٥/٦/۲۲ کۆنترۆڵی هەمووشەقامەکانی هاتووچۆی هاوینە هەواری سەلاحەدین و سەری ڕەشیان کردپێشمەرگەکان مۆڵگەی دوژمنیان دایە بەر دەست ڕێژی گوللە و بە ئاربی جی

لێیاندان ، لەئەنجامدا نائیب عەریفێک کوژاو ، لە هەمان کاتدا ئوتۆمبێلێکی دوژمن کەوتە بەر ورشەی ئاربی جی پێشمەرگە و ئەوەی تیایدا بوو کوژراو بریندار بوو مفەوزێک دەستگیر کرا . هاوکات جاشەکانی جەمیل ئاغا لە دێی گەراو و کۆڕێ چەکدارەکانی (حشع) یان دەشاردەوە و تەقەیان لە پێشمەرگەکان دەکرد ، پێشمەرگەکان لە گەڕانەوەدا چوونە سەریان و شەڕماوەی دوو کاتژمێری خایەند ، پێشمەرگە دلێرەکان دەستیانگرت بەسەر رەبییەی دێی گەراو دا .

زیانی دوژمن

کوژرانی ئامر سریەیەک

بەدیل گرتنی ٤ جاش

گرتنی ١٠ کلاشینکۆف و دوو پەڕەشوت

قوربانی پێشمەرگە

شەهید بوونی قارەمان محەمەد فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٩١ سەفین

گـــرتنی چوار ڕەبـــییە

هێزێکی هاوبەش لە تیپە قارەمانەکانی ٨٧ی قەرەچووخ ، ٩١ ی سەفین ، ٨٥ی بەڕانەتی لە شەوی ١٥-١٩٨٥/٨/١٦ هێرشیانکردە سەر چوار رەبییە لە سەر جادەی کۆیە – هەولێر دوای شەڕێکی کورت دەستیان گرت بەسەر چوار رەبییەکەدا ، لە ئەنجامدا (٧) جاش بە دیلگیران.

دەستکەوتەکان

٢ ئار بی جی ،٨ کلاشینکۆف ، ٢ پەڕەشووت ، ٦ سندوق فیشەک، سندوقێک نارنجۆک

بـــۆسە نـــێوان هەریر و شـــەقلاوە

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٩١ سەفین لە ڕۆژی ١٩٨٥/٩/٣٠ لە نێوان هەریر و شەقلاوە بۆسەیەکیان دانا. کاتژمێر ٦،٣٠ دەقیقەی سەر لە بەیانی ئیڤایەکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە (٣)ئوتۆمبێلی هاوولاتیان دوا بە دوای ئیڤاکە دەڕۆیشتن،

پێشمەرگەکانی سەفین ئیڤاکەیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە بەڵام لەبەر ئەوەی ئوتۆمبێلەکانیتر هاوواڵاتی و سەربازیان تیادابوو نەتوانرا چالاکییەکە بە تەواوی ئەنجام بدرێت لەبەر پاراستنی گیانی هاوواڵاتیان .

زیانی دوژمن

کوژرانی (٣) سەرباز

بریندار بوونی (١٥) سەربازیتر

بـــــۆسە

هـــــەولێر- کـــــۆیە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٩١ی سەفین و ٨٥ی بەڕانەتی لە کاتژمێر ٣:٣٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/١٠/٣ بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای گشتی هەولێر کۆیە سەر مەفرەقی گۆپتەپە دانا.

لە کاتژمێر چواردا تویوتایەکی جاش کەوتە بۆسەکەوە پێشمەرگەکان دایاننە بەر دەستڕێژی گوللە.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٤ جاش

بەدیلگرتنی ١ جاش

لە گەڵ لێدانی تیوتاکە جاشەکانی ڕەبیەکانی دەوروبەر ڕایانکرد پێشمەرگەکان چوونە ناو ڕەبیەکان کاتژمێر (٥)ی ئێوارە هێزێکی دوژمن لە جاشەکانی کۆیە بەرەو شەڕەکە هاتن پێشمەرگەکان لێیاندان، شەڕ ماوەی کاتژمێرو نیوێکی خایاند جاشەکان بەرەو کۆیە هەڵاتن.

دەستکەوت:

٤ کڵاشینکۆف

٢ دەمانچە

٢٠ شانە

سووتاندنی ٢ ئۆتۆمبێل

گـــــەڕان بە دوای جـــــاشدا

پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٩٣ کۆیە و ٩١ ی سەفین لە ١٩٨٥/١٢/٢٦ بە هاوبەشی چوونە ناو شاری کۆیە لە گەڕەکی گردی جەمعیە بە دوای جاش و پیاوانی رژێمدا گەڕان و مالّە جاشەکانیان پشکنی ٦ کەس لەکەسووکاری جاشەکانیان دەستگیر کرد لە کاتی گەڕانەوەدا جاشەکانی گوێر بۆسەیان بۆ پێشمەرگە دانا بوو ، پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست و شکاندیانن.

چـــــالاکی نـــــاو شـــــاری هـــــەولێر

پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی چوارلە کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/٢/٢٧ لەبەردەم نەخۆشخانەی (سدریە)ی شاری هەولێر بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا،ئوتۆمبێلێکی شۆفرلێتی ئیستخبارات کە (١٣) سیخوری تیابوو کەوتنە بۆسەکەوە، لەگەڵ یەکەم دەستڕێژ و گوللە ئاربی جی ئوتۆمبێلەکە ئاگری گرت و ١٣ ئیستخباراتەکەش لەناو ئوتۆمبێلەکە دا سووتان لە ئەنجامی چالاکییەکە دا یەکێک لەو سێ پێشمەرگەیە بە سوکی بریندار بوو پێشمەرگەکان سەرکەوتووانە گەڕانەوە ئەو چالاکییەدەنگدانەوەی گەورەی لەناو شاری هەولێر دا بە دوای خۆی دا هێنا و ترسی گەورەی خستە دڵی دوژمنەوە.

گـــــرتنی ڕەبـــــیە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە بە دەست و بردەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی ، تیپی ٩١ی سەفین، تیپی مەڵبەندی (٤)و مەفرەزەیەکی مەڵبەند لە شەوی ١٩٨٦/٣/٥/٤ لە سەعات ١٢:١٥ دەقیقەی شەودا هەڵمەتیان بردە سەر ٤ ڕەبیە لە سەر جادەی مەسیف سەڵاحەدین هەولێر لە نێوان لۆفەکانی خانزاد و دێی مەلا هۆمەر بە دووری ١٠ کیلۆمەتر لە شاری هەولێر لە گەڵ یەکەم بلّیسەی ئاربیجی جاشەکان هەڵاتن لە ماوەی تەنها ١٥ دەقیقەدا دەستیان بە سەر ٤ ڕەبیەکەدا گرت.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٤ سەرباز و بریندار بوونی ژمارەیەکیتر

١ دیل

سووتاندنی ٤ خێمەو کەلوپەلی ناو ڕەبییەکە

دەستکەوت:

١ کلاشینکۆف

٢٠ شانە

١ تفەنگی پەڕەشوت

٢ جیهازی بێتەل (١٠٥)

قوربانی پێشمەرگە:

شەهید بوونی دکتۆر سالار حەمە عەلی خەڵکی سلێمانی لە مەفرەزەی مەڵبەندی چوار

بـــــــۆسە

دەستەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگە بە هەڵمەتەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و تیپی ٩١ی سەفین لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٦/٤/٢٥ چوونە سەر جادەی گشتی هەولێر- مەسیف سەڵاحەدین و بۆسەیەکیان دانا دوو ئۆتۆمبیلی لاندکروزەر کەوتنە بۆسەکەوەو ڕانەوەستان پێشمەرگە قارەمانەکان لێیان هاتنە دەست و ئاگربارانیانکردن.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٣ کەس

دەستگیرکردنی ١ کەس

سووتاندنی هەر دوو ئۆتۆمبیلەکە

دەستکەوت:

١ کلاشینکۆف و ٧ شانە

١ سندوق فیشەکی کلاشینکۆف

١ سندوق نارنجۆک

بـــــۆسە

دەستەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی بەڕانەتی و سەفین لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٤/٢٥ بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای گشتی هەولێر نزیک سەیتەرەی هەولێر سەفین دانا.

ئۆتۆمبیلێکی بەڕازیلی کەوتە بۆسەکەوەو نەوەستا پێشمەرگەکان گوللەبارانیانکرد.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٤ ئەفسەر کە یەکێکیان پلەی نەقیب بوو

بریندار بوونی پێشمەرگەیەک

ڕەبـــــییەی گرد جـــــاسوسان
حـــــوزەیرانی 1986

ڕەبییەی گرد جاسوسان لە نێوان پونگینەو گەروەتەدا بوو لە جادە ڕێی هیران شەقلاوە، جاسەکانی ڕەبییەی گرد جاسووسان شەوانە ڕەبییەکەیان چۆڵ دەکردو بەیانی دەهاتنەوە ناوی.

مەفرەزەیەکی کەرتی ٣ی تیپی ٩١ی سەفین بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی ڕەبییەکە چوونە پونگینە و ژمارەیەک چەکداری خەفیفە پەیوەندیان لە گەڵ پێشمەرگە هەبوو شەو لای ئەوان مانەوە.

بەیانی ڕۆژهەڵاتن چوونە ناو ڕەبییەکەوە، بەرنامەکە وا دانرابوو کە جاشەکان هاتنە ناو ڕەبییەکەوە دەستگیریان بکەن، ئەو ئۆتۆمبیلەی ئازوقەیان بۆ دێنێ دەستی بە سەردابگرن و لە گەڵ خۆیاندا بیبەن بەڵام بەرنامەکە تێکچوو، ئیسماعیل و شینە لای پێشەوە بوون.

پێشمەرگەیەک لە دەرگای ڕەبییەکەدا دانرابوو بیکەیسی پێبوو، چوار دەوری ڕەبییەکەیان گەمارۆ دابوو.

بەیانی بوو شەش جاش هاتن لە ئۆتۆمبیلەکەیان دابەزین، پێشمەرگەکان ووتیان قسە ناکەین تا دەگەنە ناو ڕەبییەکە.

یەکێک لە جاشەکان لە خۆیەوە ووتی کێیی زەلام کێیی ئەتۆ لە ناو ڕەبییەی، پێشمەرگەی ناو دەرگای ڕەبییەکە وایزانی ئاشکرا بوون تەقەی لە جاشەکان کرد شەڕ لە نێوان جاش و پێشمەرگەدا دروووست بوو.

ئیسماعیل و شینەو و هێرش کۆڕی بۆ جاشەکان چوونە خوارەوە شوێنی جاشەکان یاخی بوو پێشمەرگەکان پشتیان لێگرتن ووتیان نەجولێن جاشەکان دەستیان هەڵبڕی و تەسلیم بوون، جاشەکانیان بردوو سەرکەوتن.

جاشەکان دوو دەبەی (سپی) یان پێبوو شینە وایزانی ئاوە دەمی نا بە دەبەیەکەوە خواردییەوە نەوت بوو، دۆخی تێکچوو هەڵیانگرت بردیانە ناو ڕەبییەکەوەو ڕشایەوە.

کات نیوەڕۆ بوو ڕۆژ گەیشتە تاقی ئاسمان کۆپتەر بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا باڵە فڕەی بوو، پێشمەرگەکان لە ڕەبییەکە هاتنە دەرەوە بەرەو بارەگاکانیان گەڕانەوە.

لەو چالاکییەدا ٦ جاش بەدیلگیران

٦ کلاشینکۆف دەستکەوت بوو

بـــۆسەو پـــشکنین
1986/6/18

چەند پێشمەرگەیەکی کەرتی ٣ی تیپی ٩١ی سەفین لە نێوان عاقوبان و چنێران دامەزران بۆ پشکنینی ئەو ئۆتۆمبێلانەی هاتوچۆ دەکەن چەند ئۆتۆمبێلێکیان ڕاگرت.

قەمەرەیەکی کرۆلا لە شەقڵاوەوە هات و وەستاندیان، ئامر سریەی سەربازی سریەی هیرانی تێدا بوو، ئامر سریەکەیان گرت و بردیان قەمەرەکەشیان لە گەڵ خۆیاندا هێنا.

وەستا عەلی، شینە، شاخەوان و پێشمەرگەیەکیتری کەرتی ٣ی تیپی سەفین بوون، کرۆلاکەیان هێنایە ئاقوبانی خوارەوە، شینە کرۆلاکەی لێدەخوڕی لە قوڕیان هەڵکێشا هەتا نەبیندرێت بە ڕێگەی چاڵی تراکتوردا کرۆلاکەی لێدەخوڕی.

شینە کرۆلاکەی بەرەو کولّکە ڕەش لێدەخوڕی (١٠٠) مەتر مابوو بگاتە جادەی قیر تەقەیان لێکرد شینە لە کرۆلاکە دابەزی بەرەو ناوارەکان ڕۆیشت گەیشتە

سەربەرزاییەک بە سەر ناوچەکەدا زاڵبوو سەربازەکان هاواریاندەکرد (سلم نفسک لا تحرک).

لە کاتژمێر دوانـزەی نیوەڕۆ هەتا دەمـەو ئێوارە شەڕ بـەردەوام بوو ، شینە بەرگریکرد تا دنیا تاریک بوو، گوێی لە دەنگێک بوو بانگی دەکردو ناوی دەهێنا، کە هاتە پێشەوە دوو پێشمەرگەی تیپی سەفین بوون هاتبوون بۆ ناو باخچان تا دنیا تاریک نەبوو نەیانتوانی بێنە ئەوێ.

دوای ئـەوەی دنیا تاریک بوو تەقە نەما وێستیان کرۆلاکە لە گەڵ خۆیاندا بەرن کرۆلاکەیان بە پاڵ هێنایە سەر ڕێگەکە سواری کرۆلاکە بوون سلفیان لێداو دەستڕێژیان لێکردن، بەڵام کرۆلاکەیان دەرباز کردو بێ زیان گەڕانەوە.

دەستگیرکردن

دەستەیەک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٩١ی سەفین لە ڕۆژی ١٩٨٦/٩/٢ خۆفرۆشێکیان دەستگیرکرد.

دەستکەوت:

١ کلاشینکۆف

٤ شانە

ئۆتۆمبیلێکی لاندرۆڤەر

بـــــۆسە

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٩١ی سەفین لە شەوی ١٩٨٦/٩/٧/٦ بۆ سەیەکیان لە سەر ڕێگای هەریر شەقلاوە داناو ئیڤایەک کەوتە بۆسەکەوە، پێشمەرگەکان دایانە بەر دەستڕێژی گوللەو تێکیانشکاند.

زیانی دوژمن:

کوشتنی (٥) سەرباز کە یەکێکیان ملازم بوو

هـــیران- شـــــەقلاوە

دەستەیەک لە پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی ۹۱ی سەفین لە ڕۆژی ۱۹۸٦/۹/۲۵ بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای شەقلاوە بە دووری کیلۆمەترێک لە هیران دانا.

لە کاتژمێر ٦:٤٠ دەقیقەی بەیانیدا ئیڤایەکی پڕ لە سەرباز کەوتە بۆسەکەوە، پێشمەرگەکانی سەفین لێیاندان.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ۳ سەرباز

گـــرتنی لانـــــدکرۆزێک

1987/2/4

وەستا عەلی و شینە بۆسەیەکیان لە سەر ڕێگای (دۆرە) دانا لاندکرۆزێکی حکومی کەوتە بۆسەکەوەو بە سێ سەرنشینەوە دەستیان بە سەردا گرت، سێ سەرنشینەکەیان لە ناو لاندکرۆزەکەدا ڕاکێشا.

تەنها ڕێگەی گەڕانەوە عاقوبان بوو کە هاتنە عاقوبان جاش لە سەر جادەکە بوو، وەستا عەلی ئۆتۆمبیلەکەی لێدەخورێ، شینە ووتی شەیالەکەت لابە وەستا عەلی شەیالەکەی لابردوو جاشەکان بینییان.

وەستا عەلی و شینە لە عاقوبان لایاندا جاشەکان تەقەیان لێکردن ئەمانیش تەقەیان لێکردنەوەو چوونە عاقوبانی خواروو لەوێوە بۆ بەرەکە، کە وەرتیان، فلیس، نازەنین.

بـــەزمی لانـــــدکرۆزەکە
حـــــوزەیرانی 1987

پێش ئەوەی بەرەو داستانی ڕزگاری بچن لە ڕۆژی ١٩٨٧/٢/٤ وەستا عەلی و شینە لاندکرۆزێکی حکومیان گرت.

دوای گەڕانەوەیان لە داستانی ڕزگاری شینە یەکێک لەو پێشمەرگانەی لە گرتنی لاندکرۆزەکە بەشدار بوو چووە هەولێر چالاکییەک ئەنجام بدات.

ئێوارەکەی لە گەڵ مەفرەزەیەک پێشمەرگە چووە هیران شەو لە مالّی یەکێک لە ڕێکخستنەکان مایەوە بەیانی لە گەراجی هیران سوار ئۆتۆمبیل بوو بۆ هەولێر، شینە لە ناوەڕاستی ئۆتۆمبیلەکە دانیشتبوو هاوڕێیەکی ڕێکخستن لە تەنیشتی بوو کەسێکیش لە پێشی ئۆتۆمبیلەکەدا بوو.

ڕێگای هیران هەولێر دوور بوو تا دەگەیشتن قسە دروست دەبوو، شۆفێرەکە ڕووی دەمی کردە ئەو کەسەی لە پێشەوە دانیشتبوو ووتی ئێ وەستا محەمەد چۆن بوو، وەستا محەمەد ووتی کاکە ئا لێرە دوو پێشمەرگە بوون یەکێکیان منالّ کار بوو ئەویتریان جامانەی لە سەر بوو لاندکرۆزەکەیان لێسەندین.

وەستا محەمەد ئاوڕیدایەوە بۆ شینە ووتی یەکێکیان منالّکارێکی وەکو، کە سەیریکرد ئەو منالّکارەیە کە لاندکۆزەکەیان لێسەندبوو وەستا محەمەد بێدەنگ بوو ئیتر قسەی نەکرد.

شینە بە برادەرەکەی تەنیشتی ووت ئەوە من بووم با دابەزم برادەرەکە ووتی دامەبەزە قسە ناکات.

شۆفێرەکە هەر دەیـووت وەستا محەمەد بۆمان تـەواو بکە وەستا محەمەد دەیمڕاندو هیچی نەدەوت، تا دەگەیشتنە هەولێر چەند خالّێکی پشکنینی لێبوو، شینە بە سەلامەت دەرچوو وەستا محەمەدیش مالّی ئاوا بێت قسەی نەکرد کە لە هەولێر دابەزین شینە ووتی وەستا محەمەد، وەستا محەمەد مڕەیەکیتری لێهات و هیچی نەوت، شینە چالاکییەکەی ئەنجامداو گەڕایەوە.

گرتنی سێ ڕەبییە

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی (٣) ی تیپی ٩١ی سەفین لە کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٧/٦/١٩ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی گشتی شەقڵاوە هیران داناو دوو جاشیان دەستگیر کرد . لە کاتژمێر (٣)ی دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ دەستیان گرت بەسەر ڕەبییەکدا و ٩ کەسیان بە دیلگرت.

دەستکەوت ١ ئار بی جی ،٩ کڵاشینکۆف، ١٤ نارنجۆک، ٤٧ مەخزەن و هەموو کەلووپەلی ناو ڕەبییەکە

پێشمەرگەکانی کەرتی(٣) ی تیپی ٩١ی سەفین لە کاتژمێر(٥) ئێوارەی ڕۆژی ٦/٢٠بۆسەیەکیان لەنێوان هیران شەقڵاوە دانا ،هێزێکی دوژمن کە خەریکی گۆڕینی ڕەبییەکان بوون کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانەوە ،دوای چەند دەستڕێژێک پێشمەرگەکان هەڵمەتیان بردە سەریان و دەستیان گرت بەسەر دوو ڕەبییە دا .

زیانی دوژمن

کوشتنی ژمارەیەکی زۆر

بەدیلگرتنی ١٤ چەکدار

دەستکەوت

١ ڕەشاشی بی کەی سی ، ٢ ئاربی جی ، ٣ ڕەشاشی دکتاریۆف، ٨ کڵاشینکۆف گرتنی(٥) جاش

مەفرەزەیەکی کەرتی (٣) ی تیپی (٩١) سەفین لە ڕۆژی ١٩٨٧/٦/٢٣ بۆسەیەکیان لە سەر جادەی گشتی شەقڵاوە هیران دانا ، لە ئەنجامدا (٥) چەکداری دوژمن دەستگیرکران.

دەستکەوت

٥ کڵاشینکۆف و ٣٠ مەخزەن

سـووتانی دێـیەکان
1987/7/3

زانیاری گەیشتبوو دوژمـن بە نیازە دێیەکانی ناوچەی سماقولی تێکبدات و بسوتێنێ، تیپی ٩١ی سەفین بۆ ڕێگری لە پەلاماری دوژمـن بۆ سەر دێیەکانی سماقولی لە نازەنینەوە بەڕێکەوتن چوونە خوران لەوێ دامەزران چاوەڕێی هاتنی هێزی دوژمنیان دەکرد.

بە پێچەوانەی چـاوەڕوانـی پێشمەرگەکانی تیپی سەفینەوە هێزەکانی ڕژێم ڕوویانکردە هیران و نازەنین و دێیەکانی ئەو ناوچەیەیان سووتاند.

دوای گەیشتنی هەواڵی سووتاندنی دێیەکانی ناوچەکە پێشمەرگەکانی تیپی سەفین گەڕانەوە سەر سەفین تا لە کاتی گەڕانەوەی هێزەکانی دوژمن لێیان بدەن و نەهێڵن دەربازیان بێت.

هێزەکەی تیپی سەفین دابەزینە سەر جادەی گەروەتە سێ مەفرەزەیان لە سێ شوێنی لە یەک دوورتر دانا.

هێزەکەی دوژمن بەشی زۆری گەڕابوونەوە بەڵام پاشماوەی هێزەکە مابوو دوو ئیڤای سەربازی هاتن کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی تیپی ٩١ی سەفین و لێیاندان پێشمەرگەکانی سەفین ئیڤاکانیان تێکشکاندو زیانی زۆریان پێگەیاندن.

زیانی دوژمن:

١٨ کوژراو

ژمارەیەک چەک دەستکەوت بوون

شـــەهید بوونی حـــەوت پـــێشمەرگە
تـــیپی 91ی ســـەفین

بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/٧/٢٦ لە دێی نازەنینی نزیک هیران لە بناری چیای سەرکەشی سەفین دا پۆلێک پێشمەرگەی تیپی ٩١ی سەفین کەوتنە بەر هێرشی ڕۆکێتی فڕۆکەی داگیرکەر لە ئەنجامدا فەرماندەی تیپی سەفین و شەش پێشمەرگەیتر

لە تیپی ٩١ی سەفین شەهید بوون و گیانیان بە نیشتمان بەخشی.

شەهیدەکان

١/ شەهید یاسین سەعید ناسراو بە جوامێر فەرماندەی تیپی ٩١ی سەفین

٢/ شەهید خەبات

٣/ شەهید ئاوارە

٤/ شەهید سیدۆ

٥/ شەهید موسلیح

٦/ شەهید سامی

٧/ شەهید حسێن

بەڕۆکێتی فڕۆکەکانی دوژمن (١٥) پێشمەرگە بریندار بوون.

لە کاتی ڕۆکێت بارانکردنی فڕۆکەکانی دوژمن لە نازەنین، پێشمەرگەکانی تیپی ٩١ی سەفین لە بەردەم دارچنارەکەی مزگەوتی نازەنین کۆببوونەوە.

جوامێر قاچی پەڕیبوو، قاچی بە دەستی خۆی گرتبوو بردیانە خەتێ بۆ لای دکتۆر بەڵام لە ڕێگا شەهید بوو.

دوای شەهید بوونی کاک جوامێر سەفین مەلا قەرە کرایە فەرماندەی تیپی ٩١ی سەفین.

تـــیپی 91ی ســـەفین

- سەفین مەلا قەرە فەرماندەی تیپ
- مەولود حاجی و ئەحمەد کوردە بە دوای یەکدا جێگر تیپ بوون
- بەکرە سوور ڕابەری سیاسی تیپ
- جەلال سورکانی فەرماندەی کەرت
- شێخ خالید فەرماندەی کەرت
- کارزان شەقڵاوەیی فەرماندەی کەرت
- عەول فەرماندەی کەرتی تیپ

بـــــریندار بوونی شـــــینە
1987/8/14

١٤ی ئاب لە نازەنین بەڕێکەوتن چوونە سماقولی لە کەرتی سجن مانەوە، ڕۆژی ١٥ی ئاب بەرەو کانی بی و گۆمە تاڵ بەڕێکەوتن، لە گۆمە تاڵ چەند ئۆتۆمبیلێکیان وەستاندو ناسنامەیان لێوەرگرتن.

قەمەرەیەکی کرۆلا هات و ناسنامەی جاشایەتی پێبوو هێنایانە خوارەوە لە گەڵ خۆیان بردیان چوونە دەشتی هەولێر، ئۆردوگای دارەتوو دواتر چوونە ناو هەولێر.

پێشمەرگەیەکیان لە گەڵ کەوت ناوی جەرگۆ بوو شارەزای ڕێگا بوو لە گەڵ جەرگۆ چوونە ناو دارە توو بنەسڵاوە بەڵام لەوێ نەمانەوە چوونە نێوان بنەسڵاوەو باداوان شینایی لێبوو ووتیان دەچین شتێک دەخۆین، سەیتەرەی ڕژێمی لێ نزیک بوو، خاوەن شینایییەکە هەر ئیشارەتی دەکرد مەیەن ئەمان هەر دەڕۆیشتن، پیکابێکی دەبڵ دەرکەوت جلی سەربازیان لە گەڵدا بوو پێشمەرگەکان کرۆلاکەیان پێبوو گەیشتنە ئاستی یەکتری شینەو سەربازێک دابەزین و میلیان ڕاکێشا.

پێشمەرگەکان دەیانویست تەقە دروست نەبێ بە سەربازەکەیان ووت چەکەکەت فڕێدە سەربازەکە چەکی فڕێداو پیکابەکە هەڵات سەربازەکەیان خستە ناو کرۆلاکەوەو هاتنە مۆرتکە و کرۆلاکەیان شاردەوە.

پێشمەرگەکان لە ناو ماڵە ڕووخاوەکانی مۆرتکەدا دامەزران کۆپتەر هاتە سەر مۆرتکە بە دوای پێشمەرگەکاندا دەگەڕا و بۆردومانی دەکرد بەڵام نەیدۆزینەوە.

شوانێک لە بەرزاییەک بوو جامانەکەی بۆ کۆپتەرێک هەڵدەسوڕاند کۆپتەرەکە دابەزیە سەری و کوشتی.

سێ کۆپتەر بە سەر ئاسمانی مۆرتکەدا دەسوڕانەوە پێشمەرگەکان دەیانزانی دوای (٤٥) دەقیقە کۆپتەرەکان دەڕۆن، کۆپتەرەکان ڕۆیشتن بەڵام پێشمەرگەکان لە شوێنی خۆیان نەجوڵان هێندەی نەبرد گەڕانەوە دەستڕێژیان لە ناو مۆرتکە کرد بەڵام هیچیان دەست نەکەوت.

دوای ڕۆیشتنی کۆپتەرەکان پێشمەرگەکان سواری کرۆلاکە بوون و بەرەو پردی حاجی وسوو ڕۆیشتن.

ڕۆژی ١٩٨٧/٧/١٦ سەربازەکەیان ئازاد کردو شەوەکەی پەڕینەوە شەمامک، شەوی ١٨ی مانگ لە دەوروبەری هەولێر بوون بۆ بەیانییەکەی چوونە ناو شاری هەولێرەوە ئەمنێکی عەرەبیان کوشت، دوای ئەنجامدانی چالاکییەکە، شاخەوان، شینە، جەرگۆ، هێرش کۆڕی گەڕانەوە.

لە گەڕانەوەدا هاتنە سەرجادەی کوران تا بچنەوە لەتیفاوا، پیاوێک بە سەر تراکتۆرێکەوە بوو ئیشارەتی بۆ کردن، شاخەوان دابەزی چووە لای پیاوەو گەڕایەوە ووتی ئەو ڕێگەیەی بەیانی لێوەی هاتووین کەمینی دوژمنی لێیە.

لە نێوان ماجیداواو لەتیفاوا بەرەو مەخفەرێک ڕۆیشتن فەوجێکی جاشی لێبوو لوولەی تفەنگەکانیان لە پەنجەرەکانەوە دەرهێناو سڵاویان لێکردن ووتیان چی هەیە، ووتیان هیچ نییە ماکو مخرب.

پێشمەرگەکان لەوێ دەرچوون گەیشتنە سەر چاڵێکی گەورە چەند مەترێک پان و درێژ بوو کابرایەک لەو بەرەوە بوو چاوی بە پێشمەرگەکان کەوت ووتی من دەتانپەڕێنمەوە، دەڕابەیەکیان لە ناو چاڵەکەدانابوو بە سێ چوار کەس بەرزیان کردەوەو پردێکیان پێ دروست کرد پێشمەرگەکان پەڕینەوە ئەو بەرو پردەکەیان لابردەوە گەیشتنە ناوچەی ئازاد کراو ڕێگەکەیان دەچووەوە سەر حەساری تووڕەق لەوێوە لایدەدا بۆ دەشتی شەمامک، دەبووایە لەوێوە برۆن.سێ ئۆتۆمبێل بە خێرایی بەرەو ڕوویان دەهاتن ئۆتۆمبیلەکەی پێشەوە گەیشتە ڕاستی پێشمەرگەکان و ووتی ئەوە کەمینە.

ناوچەکە وەرد بوو شاخەوان کرۆلاکەی لێدەخوڕی شینە لێپرسراوی مەفرەزەکە بوو بە شاخەوانی ووت بچۆرە ناو وەردەکە جاشەکان دیار بوون شینە تەقەی لێکردن جاشەکانیش تەقەیان کردەوە فیشەکێک لە قۆڵی شینەیداو بریندار بوو.

لە ناو وەردەکەدا ئەگزۆزی کرۆلاکە لێبووەوە لە نزماییەک وەستان جاشەکان بە دوو ئۆتۆمبیلی پڕ چەکدارەوە دوایانکەوتن، شینە گوللەکەی لە قۆڵی دەرکرد خوێن نەدەوەستا جاشەکان تەقەیان دەکرد پێشمەرگەکانیش تەقەیان لێدەکردنەوە جاشەکان ئۆتۆمبیلەکانیان جێهێشت و هەڵاتن.

پێشمەرگەکان سوار کرۆلاکە بوونەوەو بە ناو تووڕەقدا ڕۆیشتن خەڵک هات بە پیریانەوە کچێک سەرپۆشەکەی سەری دایە شینە و برینەکەی پێ بەست.

پێشمەرگەکان لە ڕۆیشتن بەردەوام بوون کۆپتەر هات دەستڕێژی لە ناوچەکە دەکرد بەڵام پێشمەرگەکانی نەبینی، پێشمەرگەکان چوونە شەمامک لە ناو شینایی و کەپرێک مانەوە.

نەعمان قاسم و سولەو سەردار چاو ڕەش هاتن بە هانایانەوە، نەعمان پێداویستی پزیشکی پێبوو برینەکەی شینەی پاککردەوەو خوێنەکەی وەستاند.

شینەیان بردە مالّی سولە لە ماستاوە خواردنیان بۆ دروست کردن و قەلیان بۆ سەربڕین، ئێوارەکەی پەڕینەوە دەشتی هەولێر چوونە بارەگای تیپی قەرەچوخ بۆ ڕۆژی دوایی هاتنەوە نازەنین، چارەسەری برینەکەیان بۆ کرد.

بـــــارەگاو جـــــەوله

ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٢٧ بارەگای تیپی ٩١ی سەفین گواستیەوەو چووە دۆرێ، تیپی سەفین بە ئەرکی پێشمەرگانە بەڕێکەوتن ڕۆژی ١٩٨٧/١٠/٢١ گەیشتە قەرەنگوێ ماوەی مانگێک لەوێ مانەوە.

لە گەڕانەوەدا بڕیار بوو لە ڕەبیەکانی کانی خان بدەن بەڵام ڕۆژهەڵات و نەیانتوانی لێببدەن گەڕانەوە بارەگاکانیان.

چـــالاکی مەسیف- شـــــەهید بوونی فـــــوادە ڕەش 10ی کـــــانوونی یـــــەکەم 1987

فەوجێک لە مەسیف بوو بڕیار بوو دەستی بە سەردا بگرن، دەبووایە لە جادەی هەولێر مەسیف بپەڕنەوە شەوێک بمێننەوە.

لە ١٠ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٧ بەڕێکەوتن بۆ دۆرێ، چوونە هەناری، گەلیاوا، لە شێخاوی زیارەت شەو مانەوە، دواتر پەڕینەوە چوونە ئاژگە.

لە شەوی ١٢/١١ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٧ لە گەڵ تیپی بەڕانەتی بەیەکەوە لە ڕەبیەو فەوجی (مەسیف)یاندا.

تیپی سەفین و بەڕانەتی بە سەر فەوج و ڕەبییەکانی (مەسیف)دا دابەشبوون لە کاتی دیاریکراودا شەڕ دەستپێکرد لە هەموو لایەکەوە هێرشکرایە سەر ڕەبیەو فەوج و مۆڵگەکانی دوژمن.

لەو شەوەدا پێشمەرگەی قارەمانی تیپی سەفین فوادە ڕەش شەهید بوو، ئۆتۆمبیلی مالێکیان وەرگرت و فوادیان گواستەوە ئاژگە بەڵام لە بەر سەختی برینەکەی شەهید بوو، فواد پێش شەهید بوونی وەسیەتی کرد ئاگاداری منداڵەکانی بن کە پێنج کچ و دوو کوڕ بوون.

گـــرتنی فەوج و دوو ڕەبـــییە

شەوی ١١-١٩٨٧/١٢/١٢ پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ بەڕانەتی و ٩١ سەفین چوونە سەر هاوینە هەواری سەلاحەدین و هێرشیانکردە سەر بارەگای فەوجی نورەدین بەگ و دوو ڕەبییە لە ماوەی نیو کاتژمێر دا دەستیان گرت بەسەر بارەگای فەوج و دوو ڕەبییەکەدا.

زیانی دوژمن کوژرانی ٣٠ جاش بوو کە دوانیان ئامر سریە بوون

پاش گرتنی فەوجەکە پێشمەرگەکان کابینە سیاحیەکانیان سووتاند کە کۆمپانیایەکی فەرەنسی بۆ عێراقی دامەزراند بوو. دوای ئەنجامدانی چالاکییەکە پێشمەرگەکان بە ٢٣ دیلەوە گەڕانەوە.

گـــرتنی تـــاوانباربێك
1988/1/1

مەفرەزەیەکی کەرتی ٣ی تیپی ٩١ی سەفین کە پێکهاتبوون لە دارا، ئەحمەد، شینە و پێشمەرگەیەکیتر چوونە ناو شاری شەقڵاوەو پیاوێکی ڕژێمیان دەستگیرکرد و هێنایان.

بەرەبەیان گەڕانەوە لە نزیک دەواجنەکەی بەرەکە جاش بۆسەیان بۆ دانابوون تەقەیان لە پێشمەرگەکان کرد شەڕ لە نێوان جاش و پێشمەرگەدا دروست بوو

ماوەی نیو کاتژمێری خایاند، پێشمەرگەکان بۆسەی جاشەکانیان شکاندو هاتنە بەرەکە، ئاقوبان، دۆرێ.

شـــەهید بوونی ئـــاشتی و خـــەلیل 1988/1/5

ئاشتی و خەلیل فەرماندەی مەفرەزە بوون لە تیپی ٩١ی سەفین چوو بوون بۆ سەرکردایەتی لە گەڵ تیپی قەرەچوخدا گەڕانەوە.

هێزەکەی تیپی قەرەچوخ لە گەڕانەوەدا دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکانی (کانی خان)دا خەلیل و ئاشتی بەشداری شەڕەکەیانکرد، لەو شەڕەدا خەلیل بریندار بوو.

دوای تەواو بوونی شەڕەکەو بەڕێکەوتنی هێزەکە ئاشتی هەواڵی خەلیلی پرسیبوو ووتبوویان لەو خوارەوە بریندار بووە، ئاشتی بە تەقەکردن بۆ لای خەلیل ڕۆیشت ڕزگاری بکات بەڵام ئەویش شەهید بوو لە پاڵ خەلیلدا ڕاکشا.

ئاشتی لە پێناو ڕزگارکردنی خەلیلی هاوڕێی شەهید بوو کە ئەوەش لە خەسڵەتە بەرزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی بوو لوتکەی جوامێری نیشان دەدا، ئاشتی و خەلیل بوونە دوو ئەستێرەی گەشی ئاسمانی کوردستان.

لـــێپرسراوی پـــێڵاو

شەوێکی زستانی ساڵی ١٩٨٨ مانگی دوو بوو شینە و شاخەوان چوونە بارەگای حزبی شیوعی لە بەرەکە شەو لەوێ مانەوە.

برادەرانی حزبی شیوعی زۆر بە بەرنامە بوون، بەتانی و دۆشەک و خواردن هەریەکە کەسێک سەرپەرشتی دەکرد.

بەیانی لە خەو هەستان شاخەوان تاکە پێڵاوێکی دیار نەبوو هاواریکرد مەسئولی پێڵاو لە کوێیە، شینە ووتی کورە عەیبە، شاخەوان ووتی کاکە لێپرسراوی دۆشەک و بەتانی و خواردن هەیە دەبێ لێپرسراوی پێڵاویش هەبێت.

شـــــاخی ســـوور

١٩٨٨/٢/٢٥ هێزێکی جاشی ڕژێمی عێراق پەلاماری شاخی سوریاندا، داوا لە تیپی سەفین کرا بە پەلە بگەنە شاخی سوور.

کەرتی (٣)ی تیپی سەفین بە سەرپەرشتی وەستا عەلی سەرشاخ کەوتن گەیشتنە نزیک شاخی سوور جاشەکان دەهاتن، پێشمەرگەکانی کەرتی ٣ بە ناو قەدی شاخەکەوە بوون جاشەکان تێپەڕین وەستا عەلی هێزەکەی وەستاند سەیریکرد سەر شاخ جوولّەی تیایە جاش چووبوونە ناوی پێشمەرگەکانی کەرتی ٣ی تیپی سەفین لەودیوەوە سوڕانەوە ماوەی چەند کاتژمێرێکیان پێچوو.

پێشمەرگەکان سەرکەوتنە سەر شاخی سوور چەند جاشێکی لێبوو تەقەیان لێکردن و ڕاویاننان، لە خوارەوە گەلە جاشێک هاتن لە ناو دوو دۆلّدا گەمارۆ دران تا ئێوارە شەڕ بوو جاشەکانیان تێکشکاند.

بـــــۆسە

مەفرەزەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (١)ی تیپی ٩١ی سەفین لە شەوی ١٩٨٨/١٠/٢٧/٢٦ بۆسەیەکیان لە نێوان سەروچاوە چوارقورنە دانا لە کاتژمێر ١١ی شەو ئیڤایەکی پڕ لە سەرباز کەوتنە بۆسەکەوەو درایە بەر دەستڕێژی گوللە لە ئەنجامدا چوار خۆفرۆش کوژران و چواریتر بریندار بوون ئیڤاکەش تێکشکێندرا.

هەمان مەفرەزەی کەرتی (١)ی تیپی ٩١ی سەفین لە شەوی ١٩٨٨/١٠/٤/٣ هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەیەکی دوژمن لە یەکەم وریشەی ئاربیجی و قرمژنی گوللەدا ڕەبییەکەیان بە سەردا سووتاندن .

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٣ جاش

بریندار بوونی ٣ جاش

لە کارخستنی ئۆتۆمبیلێک

تـــیپی 90ی بـــاواجی
پـــێنج

تـــیپی 90ی بـــاواجی
تـــیپی مـــەڵبەندی چـــوار
1988-1982

لە ساڵی ١٩٨٢ تیپی ٩٠ی باواجی پێکهات، بەڵام ماوەی ساڵێکی خایاندو لە ساڵی ١٩٨٣ هەڵوەشایەوە.

ساڵی ١٩٨٣ تیپی مەڵبەندی چوار پێکهات، تیپی ٩٠ی باواجی بۆ جاری دووەم پێکهاتەوەو بەشێکی زۆری تیپی مەڵبەندی چوار تێکەڵ بە تیپی باواجی کراو تا سەردەمی ئەنفال تیپەکە بەردەوام بوو.

تـــیپی 90ی بـــاواجی

ساڵی ١٩٨٢ تیپی ٩٠ی باواجی پێکهات سنووری چالاکی تیپی ٩٠ی باواجی لە نازەنین، سناوە، جەلی، گرتک، سکتان، دۆڵی سماقولی، هیزۆپ، چنارۆک، بەشێکی کۆیە لە گەڵ بناری کۆیە بوو .

پـــێکهاتەی تـــیپەکە

- سمکۆ تایەر ئاغای دزەیی، ملازم سمکۆ فەرماندەی تیپ
- مەجید مەلا فەتاح جێگری فەرماندەی تیپ
- مەلا حەسەن ماوەیەکی کەم جێگر تیپ بوو
- بارام ڕەسوڵ خۆشناو فەرماندەی کەرتی تیپ
- دڵزار بەکر ئاغای حەوێزی فەرماندەی کەرت
- ئەکرەم مەلا فەتاح فەرماندەی کەرت
- خالید ڕۆستەم فەرماندەی کەرت
- جەنگی فەقیانی فەرماندەی کەرت
- دکتۆر کەریم ڕەئوف سەراج ڕێبەری سیاسی و دکتۆری تیپ

تیپی باواجی لە سەرەتای دروستبوونییەوە چەندین چالاکییان ئەنجامدا

لـــێدانی ڕەبـــییەی گـــردی چـــادر

گردی چادر ڕەبییەیەکی لێبوو سەربازگەیەکی لێوە نزیک بوو، تیپی باواجی هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکەو دوو سەربازیان کوشت قەناسەیەکیش دەستکەوت بوو.

دوای لێدانی ڕەبییەکە پێنج کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکەو پێشمەرگەکان بەرەنگاری کۆپتەرەکان بوونەوە.

- لە چالاکییەکەدا تیپی باواجی بە ئاربیجی لە مقەڕ لیوایاندا، کاتژمێر (٩)ی بەیانی هاتنە سەر جادەی کۆیەو لە گەڵ هێزێکی دوژمن تووشی شەڕ هاتن، شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو ژمارەیەک تەواری کوژران.
- لە چالاکییەکیتردا تیپی باواجی لە مونەزەمەو ئیستخباراتی کۆیەیاندا
- تیپی باواجی لە ناو کۆیەدا هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییەیەک لە حەمامۆک.

بـــرێندار بوونی دڵـــزار بـــەکراغا

١٩٨٣/٤/٢٧ گەرمەی پیلان و شەڕفرۆشی بەرەی جود بوو هەر ڕۆژە لە لایەکەوە پەلاماری بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەیاندەداو لێرەو لەوێ بە ناغافڵ پێشمەرگەیان شەهید دەکرد تا وای لێهات پەلاماری مەڵبەندی چواریاندا لە بالیسان، هاوکات لە ناوچەکانیتریش شەڕ دەستپێکرد.

لە شەڕی نێوان بەرەی جودو هێزەکانی (ی ن ک) لە مەلەکان دڵزار بەکراغا فەرماندەی کەرت لە تیپی ٩٠ی باواجی بریندار بوو هەر دوو چاوی لەدەستدا هەر لەو شەڕەدا شیروان مەحموود جێگر کەرتی دڵزاری بابەکراغا شەهید بوو.

دوای پەلاماری بەرەی جود بۆ سەر مەڵبەندی چوار لە بالیسان و ناوچەکانیتر سەرکردایەتی (ی ن ک) بڕیاری شەڕی یەکلاکەرەوەیداو لە ڕۆژی یەکی ئایاری ١٩٨٣ و تەنها لە ماوەی چوار کاتژمێردا دەستگیرا بە سەر سەرکردایەتی بەرەی جود لە قەڕناقاو پشت ئاشان.

کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ تیپی ٩٠ی باواجی هەڵوەشایەوەو دواتر لە ساڵی ١٩٨٦ دروستکرایەوە.

دروستبوونەوەی تیپی باواجی
1986

لە گەڵ دروستبوونەوەی تیپی ٩٠ی باواجی بەشێک لە کەرتەکانی تیپی مەڵبەندی چوار خرانە سەر تیپی باواجی، جگە لە دوو کەرت کە لە دەوروبەری مەڵبەند مانەوە، تیپی باواجی جێگەی تیپی مەڵبەندی گرتەوە.

پێکهاتەی تیپەکە
1988-1986

- جەنگی فەقیانی فەرماندەی تیپ
- دڵشاد مام ڕەزا (کوێخا) جێگری فەرماندەی تیپ
- سەڵاح حەوێز فەرماندەی کەرت
- حەمە ڕەشید فەرماندەی کەرت
- جوامێر فەرماندەی کەرت
- قاسمە سوور فەرماندەی کەرت (قاسم عبدالله فتاح)
- ئازاد چاوشین فەرماندەی کەرت
- دەشتی حەمەدەمین ڕابەری سیاسی
- خەسرەو شێرە کادری کۆمەڵایەتی
- سەید مەغدید بێتەلەوان

چالاکی

ساڵی ١٩٨٧ پێشمەرگەکانی تیپی باواجی چوونە سەر جادەی هەولێر و بۆسەیەکیان دانا جاش پەلاماری بۆسەکەیاندا شەڕ لە نێوان جاش و پێشمەرگەکانی باواجی دروست بوو، لە نێوان پیرەرو بلوەقوب بۆسەیەکیان دانا.

قانع پێشمەرگەی باواجی لەو شەڕەدا شەهید بوو.

تیپی ٩٠ی باواجی لە چەندین داستان و نەبەردی گەورەدا بەشدار بوون و جێگە دەستیان دیار بووە وەکو داستانەکانی:

- لێدان و گرتنی ناحیەی دێگەڵە
- لێدان و گرتنی ناحیەی تەقتەق
- شەڕی ١١ ڕۆژەی سماقولی
- شەڕەکانی بەنە باوێ
- داستانی ڕزگاری
- شەڕی قوشتەپە هەولێر بە هاوبەشی لە گەڵ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر
- لێدان و گرتنی سەری ڕەش

* بارەگای تیپی ٩٠ باواجی لە سماقولی گرتک بوو پەیوەندیان لە گەڵ کاک کۆسرەت بوو کە لە سماقولی سەروچاوە بوو.

* کەرتی سجن لە ناو سماقولی گرتک بوو

* کەرتێک لە سێنان بوو

سنووری چالاکی تیپی باواجی لە کۆیەوە تا خوار دێگەڵە، دۆڵی کانی بی، عەلیاوا، دۆڵی سماقولی، هەتا هیزۆپ و جادەی چنارۆک بوو.

لـــێدانی ڕەبـــیيەی گـــردی چـــادر
کـــۆتایی مـــانگی 1ی 1988

دوای بەشداریکردن لە گرتنی سەری ڕەشداو تۆمارکردنی ئەو داستانە مێژوویيە تیپی ٩٠ی باواجی بە هاوبەشی لە گەڵ تیپی ٩٣ی کۆیە بەرنامەی دەستبەسەرداگرتنی ڕەبیيەی گردی چادری نزیک شاری کۆیەیان داڕشت.

پێش ئەوەی دنیا تاریک بێ بۆشێ لە بەرزایی شێخەروانەوە تەماشای ڕەبیيەکەیانکرد تا بزانن لە کوێوە هێرشبکەنە سەری.

ڕەبیيەکە جاش و سەربازی تیابوو ڕەبیيەیەکی پتەو بوو بازنەی ڕەبیيەکە بە (مین) چێنرا بوو تەنها تووڵە ڕێیەک هەبوو بۆ چوونە ناو ڕەبیيەکە.

کەمال تۆپزاوایی چاو ساغی پێشمەرگەکانی باواجی و کۆیە بوو شارەزای ڕەبیيەکە بوو دەیزانی بە مین چێندراوە.

شەوێکی تەمومژوو تاریک و سەرما بوو پێشمەرگە گەیشتنە نزیک ڕەبییەکە و دابەشبوون، لە پێش ڕەبییەکە مەفرەزەیەکی تیپی ٩٣ی کۆیە دانرا تا ئەگەر لە کۆیەوە هێزی دوژمن هاتن بە هانای ڕەبییەکەوە تەقەی لێبکەن ڕەبییەیەک نزیک تۆبزاوا بوو لەوێش بدرێت، ڕەبییەیەک بەرانبەر گردی چادر بوو پێشمەرگە بۆ ئەوێش دانرابوو لێیبدەن.

دە پێشمەرگە کە پێکهاتبوون لە پێنج پێشمەرگەی تیپی کۆیە و پێنج پێشمەرگەی تیپی باواجی جیابوونەوە بۆ هێرشکردنە سەر ڕەبییەکە.

پێشمەرگەکانی تیپی ٩٠ی باواجی بە فەرماندەیی قاسمە سوور لە گەڵ مامە قالە، کەمال تۆبزاوایی، هاوڕێ، نیاز پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ی کۆیە بە فەرماندەیی فریاد قەسرۆکی، خالید قادر، ئەنوەری ناسکە و دوو پێشمەرگەیتر.

لە کاتی دیاریکراودا هێرشیانبردە سەر ڕەبییەکە، باریکە ڕێیەک بوو نزیک ڕەبییەکە بوونەوە (ئاربیجی)یان لە ڕەبییەکەداو هێرشیانکردە سەری، جاش و سەربازەکانی ناو ڕەبییەکە هەڵاتن.

لە گەڵ هێرشکردندا مینەکانی بازنەی ڕەبییەکە دەیان مین بە دوای یەکدا تەقینەوە، لە ئەنجامی تەقینەوەی مینەکاندا دوو پێشمەرگە شەهید بوون و چەند پێشمەرگەیەک بریندار بوون.

شەهیدەکان:

١/ شەهید هاوڕێ غەفور پێشمەرگەی تیپی باواجی

٢/ شەهید قادر ڕەسوڵ ناسراو بە مامە قالە پێشمەرگەی تیپی باواجی

تەرمی شەهید هاوڕێ لە ناو دەرگای ڕەبییەکەدا جێما، بەیانی تەرمەکەیان بردبووە کۆیەو کەسووکاری تەرمەکەیان وەرگرتەوە.

بریندارەکان:

١/ قاسمە سوور

٢/ خالید قادر

٣/ ئەنوەر ناسکە

٤/ کەمال

تیپی باواجی لە مێژووی پڕ سەروەری خۆیدا چەندین شەهیدی بەخشیوە:

- کاوە مام قادر لە سماقولی شەهید بوو
- هەڵمەت لە بۆسەی پارتیدا شەهید بوو
- سەفین سەعید مام ڕەزا لە ناو شاری کۆیەو لە بۆسەی جاشەکانی قاسماغادا شەهید بوو

بـــرێندار بوونی قـــاسمە ســـوور

ساڵی ١٩٨٨ ژمارەیەک کادیری پێشکەوتووی (ی ن ک) بەشداریان لە خولێکی شەش مانگیدا کرد لە تاران کە تیایدا چەندین وانەی تیۆری و پراکتیکی زانستی سەربازی دەوترانەوە.

ڕۆژێک وانەی نارنجۆک و چۆنیەتی بەکارهێنانی بوو، لە کاتی ڕاهێناندا قاسمە سوور نارنجۆکێک بە دەستیدا تەقییەوەو بریندار بوو لە ئەنجامدا دەستێکی لە دەستدا.

تـــیپی مـــەڵبەندی چـــوار شـــەش

تـــیپی مـــەڵبەندی چـــوار

سەرەتای دروستبوونی تیپی مەڵبەندی چوار پێش ئەوەی مەڵبەند بچێتە دۆڵی سماقولی عەلی نەبی کرایە فەرماندەی تیپەکە.

پـــێکهاتەی تـــیپی مـــەڵبەند

عەلی نەبی فەرماندەی تیپ دواتر مەلا ئاراس، جەنگی فەقیانی فەرماندەی تیپ بوون

کـــــەرتەکان

- جوامێر شەقڵاوەیی فەرماندەی کەرت
- حەمە ڕەشید فەرماندەی کەرت
- مەجید میرخان فەرماندەی کەرتی سجن، دواتر سەڵاح حەوێز کرایە فەرماندەی کەرت

تیپی مەڵبەندی چوار ئەرکی سەرەکییان پاراستنی مەڵبەندی چوار بوو جگە لەوەش چالاکی جۆراوجۆریان ئەنجامدەدا.

ڕۆژانە چەند جارێک کۆپتەرو پیلاتۆس و سیخۆی موشەک و ڕۆکێت بارانی بارەگاکانی مەڵبەندی چواریان دەکرد لە سماقولی پێشمەرگەکانی مەڵبەندی چوار تەنها ئاربیجی و گرینۆفیان هەبوو دواتر کاک کۆسرەت دۆشکای بۆ پەیدا کردن.

کەرتی سجن هەندێک گیراوی بیانیان لابوو ڕژێمی عێراق دەیویست هێز دابەزێنێ و گیراوەکان لە دەست هێزی پێشمەرگە دەربێنێ بەڵام نەیتوانی.

مـــەڵبەندی چـــوار
تـــیپی مـــەڵبەند

مەفرەزەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٢) کەرتی (٣) تیپی مەڵبەند لە شەوی ١٩٨٣/١/٢٣/٢٢ چوونە ناو شاری چوارقورنە و کەوتنە گەڕان بە شوێن چلکاوخۆرەکانی ڕژێمدا، لە کاتی گەڕانەوەیاندا جاشێکیان دەستگیرکرد دواتر لە سەر داوای خەڵکی ناوچەکە ئازادکرا.

بە ســـزا گـــەیاندن

دەستەیەک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی چوار لە شەوی ۱۹۸۵/۵/۱۹/۱۸ چوونە ناو شاری هەولێر تاوانبار مدیری مەعهەدی مامۆستایانیان بە سزای گەل و شۆڕش گەیاندو کوشتیان، ئەم تاوانبارە برای مودیری موخابەراتی موسڵ بوو چەندین خوێندکاری فەسڵ کردبوو لە سەر ئەوەی نەبوون بە جەیشی شەعبی و بەعسی، ئەم چالاکییە لە تۆڵەی تیرۆر کردنی شەهید مامۆستا عبدالخالق معروف بوو.

خـــستنە خـــوارەوەی ســـیخۆیەك مـــەڵبەندی چـــوار

دوای ئەوەی قارەمانانی تیپی ۱۲ی سۆران لە گەرەوان فڕۆکەیەکی سیخۆیان خستە خوارەوە، لە کاتژمێر (۱)ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ۱۹۸٦/٦/٥ چوار فڕۆکەی گەورەی شەڕکەری سیخۆ گەیشتنە ئاسمانی مەڵبەندی چوارو بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بارەگاکانی مەڵبەندیان بۆردومانکرد.

پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی چوار بە هەموو جۆرە چەکێک لێیاندان و لە ئەنجامدا فڕۆکەیەکی سیخۆ پێکراو خرایە خوارەوە.

(٥) پارچەی گەورەی فڕۆکەکە بە درێژی (٢ تا ٣) مەتر لە گەڵ داینەمۆکەیدا کەوتە سەر بارەگاکانی مەڵبەند کە ژمارەی سەر پارچەیەکی کەوتووی (K,SP,Z٥٠) بوو لەگەڵ ژمارەی ١٥٨٧.

زیانی پێشمەرگە بۆ سەر بارەگاکانی مەڵبەندی چوار، سووتاندنی چەند خانوویەک و بریندار بوونی دوو پێشمەرگە بوو بە سووکی.

تـــیپی 93ی کـــۆیه
حـــەوت

تـــیپی 93ی کـــــۆیە

قووەتـی کـۆسـرەت هـەڵـوەشـایـەوە لـە جێگەیدا تیپی ٩٣ی کـۆسـرەت- کۆیە درووستکرا دواتر تیپەکە بە ناوی تیپی ٩٣ی کۆیە ڕەنگیگرت.

تیپی ٩٣ی کۆیە-کۆسرەت:

- شێخ شەمااڵ فەرماندەی تیپ
- دڵشاد مام ڕەزا فەرماندەی کەرت
- سوارەی سابیر ئەمۆل فەرماندەی کەرت

دوای گـەڕانـەوەی کـاک سـەربـاز بۆ نـاو ڕیزەکانی (ی ن ک) کرایە جێگری فەرماندەی تیپەکە.

سنووری چاالکی تیپی ٩٣ی کۆیە- دێگەڵە، خاڵەکان، دووکان، ناو شاری کۆیەو دەوروبەری بوو.

مەغدید کوێخا عەبدوڵاڵ بە فەرماندەی کەرت نێردرا بۆ تیپی کۆیە بەاڵم پێش ئەوەی بگاتە تیپەکە لە سەرکەپکان شەهید بوو.

لە گەڵ دروستبوونی تیپی ٩٣ی کۆسرەت- کۆیە، تیپەکە جمووجۆڵ و چاالکی دەستپێکرد، هەروەکو چۆن لە سەردەمی قووەتدا جموجۆڵ و چاالکی زۆری هەبوو.

شـــــەڕی کانی وەتـــــمان
مـــــانگی 1982/2

زستانی ساڵی ١٩٨٢ تیپی ٩٣ی کۆیە بە فەرماندەیی شێخ شەمااڵ هاتنە کانی وەتمان

شەوێکی تۆف و سارد بوو باران و تۆفان ڕێگەی پەڕینەوەی نەدان هێزەکە بوونە دوو بەش شێخ شەمااڵ فەرماندەی تیپی کۆیە لە گەڵ هێزێک چوونە باقلان.

هێزێک لە گەڵ دڵشادی مام ڕەزا لە کانی وەتمان مایەوە

ڕەهبەری سەید برایم لێپرسراوی ناوچەی کۆیە لە گەڵ هێزەکە بوو

ناقیلەیەک و دوو ئیڤا پارێزگارییان لە جادەکە دەکرد هەموو ڕۆژێک دەهاتن و ئێوارە دەگەڕانەوە

پێشمەرگەکانی تیپی کۆیە بۆسەیەکیان بۆ دانا
هێزێک بە فەرماندەیی شێخ شەماڵ لە سەر جادەی باقلان دامەزران
هێزێک بە فەرماندەیی دڵشادی مام ڕەزا لە جادەی کانی وەتمان دامەزران
کاتژمێر ٢:٣٠ دەقیقەی دوانیوەڕۆ ناقیلەیەک و دوو ئێڤای پڕ لە سەربازی هاتن لە باقلان لە ناقیلەکەیاندا بەڵام بەرنەکەوت بە نارنجۆک ئەندازیاندا بەرنەکەوت.
دوو ئێڤاکە کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکان و هەموویان کوژران، هێزێکیتری دوژمن هاتە خەڵەکان پێشمەرگەکانی تیپی کۆیە لەوانیشیاندا شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو، لەو شەڕەدا ٢٢ سەرباز کوژران ١١ کڵاشینکۆف دەستکەوت بوو لە گەڵ بێتەلێکی ڕاکاڵ.
ڕەهبەری سەید برایم لێپرسراوی ناوچەی کۆیە بەشداری شەڕەکە بوو کاغەزو قەڵەمی دەرهێناو ژمارەی ئێڤاکانی نووسی و ناسنامەی کوژراوەکانی هەڵگرتەوە.
لەو سەردەمەدا گرنگ بوو ژمارەی ئێڤاو هەر ئۆتۆمبیلێکی سەربازی و ناسنامەی کوژراوەکانی دوژمن بدرێتە ئیزگە، لەو شەڕەدا فەرهاد نافیع ئاغا بریندار بوو.

گـــرتنی ڕەبیيەی کانی مـــازوو

مەفرەزەی تیپی ٩٣ کۆسرەت لە شەوی ١٨-١٩/١٠/١٩٨٢ هێرشیانکردە سەر ڕەبیيەی ژمـارە(١٠)ی فەوجی (٧١١٨) ی (کانی مـازوو) دوایی شەڕێکی سەخت ڕەبیيەکەیان بەسەر سەربازەکاندا ڕووخاند.
زیانی دوژمن کوژرانی ٤ سەرباز، ڕووخاندنی ڕەبیيەکە
بریندارببوونی سەربازێک و بەدیلگرتنی ٥ سەرباز.
دوای ڕوونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش بریندارەکان ئازادکران
دەستکەوت ١ ئاربی جی٧ ، یەک سندوق فیشەکی ڕووسی، ٤ سندوق نارنجۆکی دەستی ، ٤ کڵاشنکۆف و دوو مەدخزەنی (٧٥) و ٥ مەخزەنی چلی، دەمانچەیەکی ویلتەری ژمارە ٥٤٢٢، جیهاز و تەلەفون.

شێخ شەمااڵی باخ، سەرباز، سەعدی، کامەران

چوار پێشمەرگەی تێکۆشەر ، شەمااڵی فەرماندەی تیپی ٩٣ کۆسرەت ، سەرباز ئەحمەدی جێگری فەرماندەی تیپ و سەعیدی و کامەران لە ١٩٨٣/٤/١٥ بەناهەق شەهید کران.

دووکـــان- خـــەلەکان- هـــەیبەت ســـوڵتان

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک و کەرتی یەکی تیپی ٩٣ی کۆیە لە کاتژمێر ١١ شەوی ١٩٨٣/٦/٢٨/٢٧ هەڵمەتێکی شێرانەیان کردە سەر ڕەبییەی ژمارە (٢٠)ی بارەگای سریەی (٤)ی فەوجی (٣)ی لیوای ٦٠١ نزیک ئاوایی شێخ هادی لە سەر ڕێگای دووکان خەلەکان، کە تەنها پێنج دەقیقە لە خەلەکانەوە دوور بوو.

پێشمەرگە دلێرەکانی کەرکوک و کۆیە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکەدا.

زیانی دوژمن:

کوژرانی چوار سەرباز

دەستگیرکردنی ٣ سەرباز

دەستکەوتەکان:

گرتنی هاوەنێکی ٦٠ ملم و ٤٣ گوللە

گرتنی ڕەشاشێکی R.B.K و چوار مەخزەن

گرتنی ٦ کاڵاشینکۆف

گرتنی ١٤ سندوق فیشەکی ڕووسی

گرتنی ٣ سندوق نارنجۆکی دەستی

گرتنی ٢ مەخزەنی حەفتاو پێنجی و تەلەفونێک

پێشمەرگەکان سەرکەوتووانەو بێ زیان بوون

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ دانای ئەحمەد مەجید بۆ ماوەیەکی کورت فەرماندەی تیپ بوو ڕەهبەری سەید برایم کرایە جێگری تیپ.

فـــەرماندە کـــەرتەکان

- دڵشاد مام ڕەزا (کوێخا)
- شەهریار موفتی
- تۆفیق کانی وەتمانی
- مەولود مام قلنجی
- ئاشتی سابیر میرە

لە گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ ڕەهبەری سەید برایم کرایە فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە و چەند ساڵێک فەرماندەی تیپەکە بوو

دێـــگەڵە- کـــۆیە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی چوار، قارەمانەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٨٧ی قەرەچوخ، ٩٣ی کۆیەو کەرتێکی تیپی مەڵبەند، لە کاتژمێر ١٢ی شەوی ١٩٨٥/٣/٤/٣ ڕەبییەکانی نێوان کۆیە- دێگەڵە کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەو خاپوور کران.

لە ماوەی دوو کاتژمێر شەڕو هەڵمەتی دلێرانەی تیپەکانی بەڕانەتی و کۆیە و قەرەچوخ و هەولێر چوار ڕەبییە دەستیان بە سەردا گیراو چوار ڕەبییەی تریش خاپوور کران چەڕە دووکەڵ تا بینە قاقایان چوو بوو.

دوژمنی هارو دڕندەی بەعس کە بە ڕۆژی ڕووناک لاف و گەزافی لوت بەرزی و لە خۆبایی بوون مەستی کردبوون لە ژێر هەڵمەتی پێشمەرگەدا سەریان نەوی و لوتیان دەکەوتە سەر زەوی.

لەو هەڵمەتەدا ١٦ سەربازی دوژمن کوژران و ١٦ سەرباز دیل کران.

دەستکەوتەکان

- هاوەنێکی ٨٥ ملم، ١٢٥ گوللە
- ٤ ڕەشاشی ئاربیکەی
- ٢ قەننـاس

- ٣ جیهازی ڕاکاڵ و جیهازێکی هۆکی تۆکی
- ١١ سندوق نارنجۆک
- ٤ تەلەفون، ٣ بەتانی، هێستریێک
- ٣٠ هەزار فیشەکی ڕووسی و قەنناس

قوربانی هێزی پێشمەرگە دوو شەهید بوو

- شەهید نەجات ئەحمەد ئەولا ڕێبەری سیاسی کەرتی (٣) تیپی ٨٦ خەڵکی دوبز
- شەهید سەباح هەمزە سلێمان پێشمەرگەی کەرتی چواری تیپی ٨٧ی قەرەچوخ خەڵکی کەندیناوا.

بۆردوومانی فڕۆکە

کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٥ فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق بۆردومانی دێیەکانی داربەسەر و سێگردکان و ئۆمەر گومەت و گۆمە سپانیانکرد، لەئەنجامدا پێشمەرگەیەک شەهیدبوو، ئۆتۆمبێلێکی خەڵکی سێگردکان سووتا.

شکاندنی جیهازی تەشویش

کاتژمێر یانزەو نیوی شەوی ١٩٨٥/٣/٦ دەستەیەک پێشمەرگەی تیپی کۆیە بە ئاربی جی جیهازی تەشویشی ڕەبییەی هەیبەت سوڵتانیان تێکشکاند کە بەردەوام تەشویشی دەخستەسەر ئێزگەی گەلی کوردستان .

بۆردومانی فڕۆکە

کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ١٩٨٥/٣/٦ فڕۆکەکانی دوژمن بۆردومانی گۆپتەپەیانکرد، ژنێک بەناوی فەوزیە جەوهەر شەهیدبوو یەکێکیتر بریندار بوو.

ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٦ فڕۆکەیەکی دوژمن بۆردومانی دێی سماقەیانکرد، بووە هۆی بریندار بوونی (٣) شوان.

ڕۆژی ١٩٨٥/٣/٧ فڕۆکەیەکی دوژمن دێی بانە موردیان بۆردومانکردوو بووە هۆی شەهید بوونی (٣) کەس

١- فارس عومەر
٢- عوبێد مستەفا ئەحمەد
٣- لۆقمان قارد حسێن
منداڵێک بەناوی ئەیوب بریندار بوو.

لـــۆفەکەی چـــــنارۆك
1985/4/24

١٦ پێشمەرگەی تیپی ٩٣ ی کۆیە بە فەرماندەیی ڕەهبەری سەید برایم لە لۆفەکانی چنارۆک دامەزران.

هینویەکی سەربازی هاتە خوارەوەو تەقەیان لێکرد سەرۆکی قاتعی جەیشی شەعبی لە ناو ئۆتۆمبیلەکەدا بوو لە گەڵ چەند چەکدارێکیتر دەستگیر کرا سەرۆکی قاتعی جەیشی شەعبییەکە ناوی محەمەد بوو خەڵکی بەلەد بوو.

چەکدارەکانی ڕژێم لە کۆیەوە هاتنە شوێنی شەڕەکە قائید فیرقەی چوارقورنە بە دەبابە و زرێپۆش و هێزێکەوە بەرەو شوێنی شەڕەکە هات، پێشمەرگەکان لە شوێنی خۆیان نەجووڵان شەڕ لە نێوان هێزەکانی دوژمن و پێشمەرگە گەرم بوو.

لەو شەڕەدا ئەنوەر سوارە پێشمەرگەی تیپی ٩٣ی کۆیە شەهید بوو، ئەنوەر لە هێزەکە دابڕا بوو پێشمەرگەکان بە دوایدا دەگەڕان.

سەربازێک تێکەڵاو بە پێشمەرگەکانی کۆیە بوو ووتی ئێوە کێن مام سیامەند ووتی ئێمە لە گەڵ قاسماغاین، سەربازەکە ووتی مادام لە گەڵ قاسماغان ئاربیکەیەکم پێیە دەچم دەیهێنم، سەربازەکە ئاربیکەکەی هێناو گەڕایەوە لای پێشمەرگەکان، سەربازەکەیان بردو چوونە دۆڵی سماقولی- میر سەید، ئەنوەر سوارە کەوتە دەست دوژمن و شەهیدیانکرد.

دەســـتگیر کردنی ســـەید بـــرایم

دوای چالاکی لۆفەکانی چنارۆک سەید برایمی باوکی کاک ڕەهبەر دەستگیرکراو بردیانە فیرقەی چوارقورنە لەوێ زۆر ئازاریاندا.

دەزگـــیرانەکەی کـــاك ڕەهـــبەر

ڕەهبەری سەید برایم فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە دەزگیراندار بوو، دەزگیرانەکەی مودەڕیسە بوو لە هەولێر، مارەی کردبوو هەر هێندەی مابوو بیگوازێتەوە ئەمنی هەولێر دەزگیرانەکەیان دەستگیرکرد هەڕەشەیان لێکردبوو نابێت شوو بەو تێکدەرە بکات کەفالەتیان لێوەرگرتبوو ئەگەر شوو بە ڕەهبەری سەید برایم بکات دەیکوژن.

گـــرتنی ڕەبیبە

پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ کۆیە لە شەوی ٨-٩ /١٩٨٥/٥ لە هەڵمەتێکی خێراوکتوپڕدا دەستیانگرت بەسەر ڕەبیبەیەکی دوژمندا .

زیانی دوژمن کوژرانی چوار سەرباز و گرتنی چواریتر

دەستکەوت ١ ئاربی جی و ١١ گوللە، ١ کلاشنکۆف، ٢ ڕەشاشی ئاربی کەی ، جیهازێکی فەڕەنسی، داینەمۆیەکی کارەبا .

قـــۆپی پەسیوان- شاوڕێ

سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٦/١ گەلەجاشێک بەپاڵپشتی تۆپ و دەبابە هێرشیانکردە سەر قۆپی پەسیوان و گردی شاوڕێ و دوڵی پڵنگان ، بەڵام لەبەردەم وردەی پۆڵاینی پێشمەرگەدا شکان و هەڵاتن زەرەرو زیانی زۆریان پێگەیشت.

دوای زیاتر لە (١٠) کاتژمێر تۆبارانی ناوچەکە لە چوارقورنە و ماکۆک و ڕانیەوە ڕۆژی ١٩٨٥/٦/١ گەلەجاشێک بە پاڵپشتی تۆپ و دەبابە و ناقیلە پەلاماری دۆڵی پڵنگان و قۆپی پەسیوان و گردی شاوڕێیاندا، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٩٣ کۆیە و ٢١ کەرکوک و ٥١ گەرمیان و مەفرەزەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتی لە

هێزەکەی دوژمنیاندا و شەڕ تا کاتژمێر چواری ئێوارە بەردەوام بوو .

هاوکات لەگەڵ گورزی کاریگەری پێشمەرگەدا تۆپخانەی شۆڕش بە تۆپی (١٢٠، ٨١، ٨٢ ملم) هێزەکەی دوژمنیان تۆپبارانکردوو زەرەروزیانی زۆریان پێگەیاندن لە کاتژمێر چواری ئێوارە دوژمن شکاو بەرەو مۆڵگەکانیان هەڵاتن .

کەنێر و پڵنگان چالاکی هاوبەش

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ کەرکوک و تیپی ٩٣ کۆیە و پێشمەرگەکانی ناوچەکە و تیپی مەڵبەدی (٣) و دەزگای پێشمەرگایەتی لەشەوی ٨-١٩٨٥/٦/٩ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی جاشەکان لە زنجیرە شاخی کەوبێن و دارەبەن و پڵنگان و کەنێرو کەرەک، دەستیانگرت بەسەر (١٠) ڕەبییەدا .

زیانی دوژمن کوژرانی ژمارەیەک جاش تەرمی هەندێکیان کەوتە دەست پێشمەرگە کە یەکێکیان ئامر سریە بوو.

دەستکەوت ٢ کلاشنکۆف، ژمارەیەک گوللە ئاربی جی، ٢ سندوق نارنجۆک، ژمارەیەک فیشەک

قوربانی شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە بوو

چـــالاکی هـــاوبەش

لە شەوی ١٩٨٥/٦/٦/٥ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک و تیپی ٩٣ی کۆیە و پێشمەرگەکانی باڵەیان و دۆڵە ڕەقەو مەفرەزەیەک لە دەزگای پێشمەرگایەتی هێرشیانکردە سەر مۆڵگەی جاشەکان لە کەوبێن و دارەبەن و ڕەبییەکانی سەر شاخی کەنێر.

لەو هەڵمەتەدا دەستگیرا بە سەر سێ ڕەبیەداو جاشەکان هەڵاتن.

دەستکەوت:

١ کلاشینکۆف

یەک جیهازی کۆڵەپشت و هەندێک فیشەک

پێشمەرگە قارەمانەکانیش سەرکەوتووانە و بێ زیان بوون.

چـــــالاکی هـــــاوبەش

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٦/١١ گەلە جاشێک بە پالْپشتی تۆپ و دەبابە و ناقیلە پەلاماری دۆڵی پلْنگان و قۆپی پەسێوان و گرچاویاندا.

دوای دە کاتژمێر تۆپبارانی ناوچەکە هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی ٩٣ی کۆیە و ٢١ی کەرکوک و ٥١ی گەرمیان و مەفرەزەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتی لێیان هاتنە دەست و شەڕ لە هەموو لایەکەوە دەستیپێکرد و چەندین پەلاماری جاش تێکشکاو ڕایانکرد.

هـاوکـات تۆپخانەی شـۆڕش بـە تۆپی ١٢٠ ملم، ٨١ ملم، ٨٢ ملم مۆلْگەو سەربازگەکانی دوژمنی دەکوتا.

لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک بریندار بوو

سووتاندنی جیهازی تەشویش

کاتژمێر یانزەو نیوی شەوی ١٩٨٥/٧/٦ پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٩٣ کۆیە بەئاربی جی هێرشیانکردە سەر جێهازی تەشویشی ڕەبییەی هەیبەت سولْتان و سووتاندیان جیهازی تەشویشەکە لەسەرو چنارۆک بوو ڕژێم بۆ ئەوەی دانابوو دەنگی ئێزگە نەگاتە گوێی خەلْک

ئەوە دووەم جار بوو لەمسالْدا جیهازی تەشویشەکەی هەیبەت سولْتان بکەوێتە بەر ڕەحمەتی ئاربی جی پێشمەرگەو لەکار بخرێت

تەقتەق – کۆیە

کاتژمێر ٨ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٤ دەستەیک پێشمەرگەی تیپی ٩٣ کۆیە لەسەر جادەی گشتی تەق تەق کۆیە لە نزیک ڕووباری کۆیە بۆسەیەکیان دانا ئۆتۆمبیلێکی جاش شەعبی کەوتە بۆسەکەوە .

زیانی دوژمن کوژرانی ٥ کەس و سووتاندنی ئۆتۆمبێلەکە

گرتنی چورا ڕەبییە

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٩٣ کۆیە ، ٩٩ بیتوێن لە نیوەی شەوی ٤-٥ / ١٩٨٥/٨ هێرشیانکردە سەر شەش ڕەبییە لە دۆڵی خەلەکان لەو هەڵمەتدا چوار ڕەبییە دەستیبەسەرداگیرا و دوو ڕەبییەش سووتنێدران.

زیانی دوژمن کوژرانی ١٥ جاش، بەدیلگرتنی ٦ جاش

دەستکەوت ١ ئابی جی ، ١ ڕەشاشی دکتارێوف ، ١ ئابی کەی، ١١ کلاشینکۆف و یەک سندوق فیشەک، ١ جیهازی کۆڵە پشت.

قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی مامۆستا ئەمیر عەبد ئەندامی کەرتی ڕێکخستنی کۆیە بوو .

چەند چالاکییەك کەرکوك - خالّخالاّن

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢١ کەرکوک و ٢٥ خالّخالاّن لە شەوی ٧-١٩٨٥/٨/٨ هێرشیانکردە سەر مقەڕ سریەی مەنسوری فەوجی ٤٤ خەفیفە و لەماوەی (٧) دەقیقەدا دەستیان بەسەرداگرت .

زیانی دوژمن کوژرانی ٧ جاش ، بەدیلگرتنی ١ جاش

دەستکەوت ١ ئاربی جی ، ١٢ کلاشینکۆف، ١ تەلەفون

هەموو کەلوپەلەکانی ناو مقەڕ سریەکە ئاگری تێبەردرا.

هاوکات لەگەڵ گرتنی مقەڕ سریەکە دەستیەکیتر لە پێشمەرگە قارەمانەکان هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییەی سەر شیوی هەناران و لەماوەی (١٠) دەقیقەدا دەستیان بەسەرداگرت

زیانی دژمن کوژرانی ٥ جاش و بەدیلگرتنی ٥ جاش و ژمارەیەک لە جاشەکان کەوتنە ژێر ڕەبییە ڕووخاوەکەوە.

پێشمەرگەکان دوو ڕەبییەی تریان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و بەسەریاندا ڕووخاندن

قوربانی پێشمەرگە لە گرتنی مقەڕ سریە و ڕەبییەکە و سووتاندنی دوو ڕەبییەکەیتر (٨) شەهیدی قارەمان بوو بەم ناوانە.

١- شەهید محەیدین قەمبەر عەزیز ناسراو بە هیوا خەڵکی کەرکوک
٢- شەهید عەلی صابر ناسراو بە عەلی کەرکوکی
٣- شەهید محەمەد عەلی ناسراو بە ئامانج خەڵکی چەمچەماڵ
٤- شەهید عەبدوڵڵا عەلی خەڵکی باوەفەتی
٥- شەهید کەمال تاهیر خەڵکی کەرکوک گەڕەکی تەپە
٦- شەهید حەکیم حازم محەمەد خەڵکی کەرکوک گەرەکی ئیمام قاسم
٧- شەهید جوامێر خورشید حەیدەر خەڵکی ئۆمەرمەندان
٨- شەهید عومەر خورشید حەسەن ناسراو بە شاهۆ خەڵکی بیبانی

گرتنی چوار ڕەبییە کۆیە – هەولێر

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٧ قەرەچۆخ، ٩١ سەفین، ٨٥ بەڕانەتی و مەفرەزەیەکی مەڵبەند و ڕاگەیاندن کاتژمێر یەک و نیوی شەوی ١٥-١٩٨٥/٨/١٦ چوونە سەر چوار ڕەبییە لەسەر جادەی کۆیە – هەولێر کە دووەم جار بوو دەستی بەسەردابگیرێت هێزە هاوبەشەکە دەستیانگرت بەسەر چوار ڕەبییەکەدا

زیانی دوژمن

کوژرانی ژمارەیەک جاش، گرتنی ٧ جاش کە سەر بە فەوجی ٤٦ بوو

دەستکەوت ٢ ئاربی جی ، ٨ کلاشنکۆف ، ٢ پەڕەشووت، ٣ تەلەفون، ٦ سندوق فیشەکی ڕووسی، ٢٥ مەخزەنی کلاشنکۆف، ١ دووربین، ١ دەمانچەی تەنویر

لێدانی ڕەبییە

کاتژمێر یەکی شەوی ٢-١٩٨٥/٩/٣ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ کۆیە هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی نێوان چادر – شێخ شەروان لەسەرجادەی کۆیە – دێگەڵە لە ماوەی (١٠) دەقیقەدا دەستیان بەسەرداگرت .

زیانی دوژمن کوژرانی ٥ جاش ، بەدیلگرتنی ٣ جاش
دەستکەوت ١ ئاربی جی و ٩ گوللە، ٧ کلاشینکۆفی سینی و ٣٣ مەخزەن، ١ جیهازی ١٠٨ کۆلەپشت ، ٢ سندوق فیشەک
قوربانی شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو بەناوی سەلام قادر

ناو شاری کۆیە تەقەی جاش

لەشەوی ١٧-١٩٨٥/٩/١٨ جاشەکانی کۆیە لەناو شاری کۆیەدا دەستیانکرد بە تەقە بەنیازی فیشەک فرۆشتن و هەڵهاتن لە شەڕگەی عێراق - ئێران لەئەنجامی تەقەی جاشەکاندا ٦ هاوولاتی بریندار بوون، وەستا عوسمان یەکێک لەو هاوڵاتیانەبوو، دوان لە بریندارەکان ژن بوو، جاشێکیش بریندار بوو.

بۆسە

لە ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٩ هەژدە پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٩٣ کۆیە لە کەلاوەکانی کانی وەتمانی دۆڵی خەڵکان بۆسەیەکی مەحکەمەیان بۆ هێزەکانی دوژمن دانا و سیانزە ئیڤای سەربازی کەوتنە بۆسەکەوە ، پێشمەرگەکانی تیپی کۆیە گەللەبارانیانکردن.

زیانی دوژمن کوژرانی ٢٣ سەرباز و بەدیلگرتنی ٦ سەرباز
دەستکەوت ٢٢ کلاشنکۆف و یەک دەمانچە
قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی کاوە عەبدوڵڵا محەمەد دکتۆری تیپ بوو.

شەهید کردنی 21 هاوولاتی

ڕۆژی ١٩٨٥/١١/٢٨ ڕژێمی عێراق بە هێزێکی زۆروو بەربڵاوەوە هێرشیانکردە سەر ناوچەکانی تیپی ٩٣ کۆیە. پێشمەرگە قارەمانەکانی کۆیە بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و لە بەیانی تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو جاشەکان نەیانتوانی پێشڕەوی بکەن بۆیە کەوتنە گیانی دێ نشینەکانی ناوچەکە ژمارەیەک هاوولاتیان شەهیدکرد کە ئەم ناوانە بوون

لە قۆریتان

دوای سووتاندن و وێرانکردنی هەر ٣٠ ماڵی دێیەکە ١٧ هاوواڵاتیان شەهیدکرد

١- شەهید ئەحمەد کەریم تەها تەمەن ٦ ساڵ

٢- شەهید مەحموود کەریم تەها تەمەن ٦ ساڵ

٣- شەهید کیژان کەریم تەها تەمەن ٧ ساڵ

٤- شەهید کابان کەریم تەها تەمەن ١٦ ساڵ

٥- شەهید حەمید کەریم تەها تەمەن ١٣ ساڵ

٦- شەهید فەخرەیە دەرویش محەمەد دایکی ئەو پێنج شەهیدەی سەرەوە بوو هەموویان منااڵ و خێزانی هاوواڵاتی کەریم تەها بوون

٧- شەهید حاجی قادر

٨- شەهید ئیبراهیم بایر

٩- شەهید ئەنوەر عەزیز

١٠- شەهید فارس هەمزە

١١- شەهید سابیر پور حەنیف

١٢- شەهید بوونی ٤ منااڵی هاوواڵاتی سابیر مەولود و دایکیشیان

دێی شەوگێر

لەشەوگێڕ دوو هاوواڵاتی شەهیدبوون بەم ناوانە

١- شەهید ڕەمەزان ڕەزا

٢- شەهید قەمەر عومەر

لە دێی ناسر ئاغا هاوواڵاتی بەکر ئەحمەد تەمەن ٦٠ ساڵ شەهید بوو

لەکفرە دۆڵ ئایشە ئیسماعیل تەمەن ٦٠ ساڵ شەهیدبوو ژمارەیەک ماڵیتر لە دێیەکانیتر ڕووخێندران

پەلاماری بەرفراوانی دوژمن

کاتژمێر چواری بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١/٥ هێزێکی گەورەی دوژمن هێرشیان هێنایە سەر ناوچەکانی مەڵبەندی چوار کە پێکهاتبوون لە ٢٥ فەوجی سوک، ٤ ڕەتڵ دەبابە و چەندین ناقیلە بە پالپشتی (١٠) کۆپتەر و ٤ فڕۆکەی پیلاتۆس، سێ سریەی ناقیلەی جەبەلی و سێ کەتیبەی مەتفەعی هەموو مەفرەزە خاسەی جاش لە کوردستان هێزێکی زۆر لە مغاویرو مەشات لەم قۆڵانەوە پەلاماری هێزی پێشمەرگەیاندا

*لەکۆیەوە بۆسەر باواجی و سەفین و میر سەید، کرۆژە

*لەهیزۆپەوە بۆ کامۆسەک و گەلی و جەلی

*لەهیرانەوە بۆ نازەنین و کاموسەک و شاخی ئاوە گردوو قۆپی گەروەتان

*لەدێگەڵەوە بۆ عەلیاواو قۆرتەلاس و کانی بی

لەکاتژمێر چواری بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١/٥ شەڕ دەستیپێکرد، دوژمن بەو هێزە گەورەیەوە تەنها توانی بێتە ناوچەند دێیەکی ناوچەکەوە نەیانتوانی سەر شاخ و شوێنە بەرزەکانی بگرن، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و زیانی زۆریان پێگەیاندن

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ٨٠ جاش هەرکی ، سورکی، گۆران، مزوری

بریندارببوونی زیاتر لە ١٥٠ جاش

ڕۆژی ١٩٨٦/١/٧ هێزێکی تیپی ٩٩ بتوێن و تیپی ٢١ کەرکوک کۆنترۆڵی جادەی کۆیە هەولێریانکرد، لەکاتژمێر ٩تا ١٢ی نیوەڕۆ چەند ئۆتۆمبیلێکی جاش کەوتنە بۆسەکەوە و پێشمەرگەکان لێیاندان، لەو بۆسەیەدا ١٠ جاش کوژران و ٣ جاش بەدیلگیران

دەستکەوت ٧ کلاشنکۆف و ٤ ئۆتۆمبیل بوو

قوربانی پێشمەرگە لە هەموو قۆڵەکانەوە شەهییدبوونی ٥ پێشمەرگە بوو

١- شەهید جەمال سکتانی فەرماندەی کەرتی (٣)ی تیپی ٩١ سەفین

٢- شەهید کاوە قادر پێشمەرگەی تیپی مەڵبەند
٣- شەهید دڵشاد والی پێشمەرگە تیپی بەڕانەتی
٤- شەهید فاخیر پێشمەرگەی مەکتەبی ڕێکخستنی شۆرشگێڕان
٥- بریندارببوونی ١٠ پێشمەرگە

هەولێر - کۆیە بۆسە

کاتژمێر ١,٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٦/١/١٦ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ کۆیە بۆسەیەکیان لەسەر جادەی گشتی هەولێر کۆیە داناو چەند ئۆتۆمبیلێکیان ڕاگرت و پشکنی لە ئەنجامدا پیاوێکی ڕژێمیان بەدەمانچەیەک و ئۆتۆمبیلێکی مۆدیل (٨٥) هوە دەستگیرکرد کە ژمارەی ناسنامەکەی (٥٥٥١٨٨٦) سەر بە لیوای (٢٩) و خەڵکی حلە بوو

کوشتنی جاشێك

ڕۆژی ١٩٨٦/١/١٨ پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ کۆیە لەسەر ڕێگەی هەولێر - کۆیە بۆسەیەکیان دانا جاشێک کەوتە بۆسەکەوە و داوای خۆ بەدەستەوەدانیان لێکرد بەڵام جاشەکە خۆینەدا بەدەستەوە پێشمەرگەکان تەقەیان لیکردوو کوشتیان.

دۆڵی شاڵبەگیان

مەفرەزەیەک لە پێشمەرگە ئازاکانی تیپی ٩٣ کۆیە لە ڕۆژی ١٩٨٦/٢/١٧ بۆسەیەکیان لەسەر جادەی دۆڵی شاڵبەگیان دانا ئۆتۆمبیلێکی تیۆتاو هینۆیەکی جاش کەوتنە بۆسەکەوە، پێشمەرگەکانی کۆیە گوللەبارانیانکرد.

زیانی دوژمن کوژرانی ١٠ جاش
دەستکەوت ٤ کلاشنکۆف و ١١ مەخزەن

دوو چالاکی - کۆیە

هیزێک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٩٣ کۆیە لە شەوی ٢٢-١٩٨٦/٥/٢٣ هێرشیانکردە سەر پرۆژەی ئاوی کۆیە لەسەر جادەی کۆیە و پرۆژەکە گڕیگرت، دوژمن کوژراو بریندارێ زۆری بوو.

هەمان کات هێزێکیتر لە پێشمەگەکانی کۆیە بۆسەیەکیان لەسەر جادەی کۆیە نێوان مقەڕلیوای سەیتەرەی کۆیە دانا (٩) ئۆتۆمبێلی پڕ لە چەکدار کەوتنە بۆسەکەوە و گوللە بارانیانکردن، هێزەکەی دوژمن بە ئۆتۆمبێلەکانەوە سووتان و تێکشکان.

زیانی دوژمن هێندەی زانرابوو

*کوژرانی ١٥ چەکدار و بریندرابونی ١٧ چەکداریتر

دەستکەوت یەک دۆشکەی ١٢,٧ ملم، یەک ڕەشاشی دکتاریۆف، یەک ڕەشاشی ئار بی کەی، سێ کلاشنکۆف و ١٠ مەخزەن و مەخزەنێکی حەفتا وپێنجی .

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو بەناوی (سالار وەستا کەریم ناسراو بە سالارە سوور) .

گرتنی ڕەبییەیەك

هێزێکی هاوبەش لە تیپە قارەمانەکانی ٩٣ کۆیە و ٨٥ی بەڕانەتی لەشەوی ٢٨-١٩٨٦/٥/٢٩ هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی نزیک دەربەندی گۆمە سپان لە ئەنجامدا دەستیان بەسەرداگرت

دەستکەوت ١ ئاربی جی و ١٠ گوللە، ٥ کلاشنکۆف و ١٧ مەخزەن، ٣ جیهاز، ٢ دووربین، ١ ماتۆڕی کارەبایی، ١ تەلەفون، ١٠ نارنجۆک، ١٥ قومبەلەی فاس.

چـــالاکی کانی وەتـــمان
نـــــۆزدەکان
1986/6/19

١٩ پێشمەرگەی تیپی ٩٣ی کۆیە بە فەرماندەیی ڕەهبەری سەید برایم لە ١٩ی مانگدا لە کاروانێکی سەربازییاندا ١٩ ئیڤایان سووتاند، ١٩ سەربازیان کوشت.

لەو شەڕەدا دکتۆر کاوە پێشمەرگەی تیپی ٩٣ی کۆیە شەهید بوو، ٢٣ کلاشینکۆف دەستکەوت بوو.

شـــەڕی کـــانی مـــازو

هێزێک لە پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٩٣ی کۆیە لە ڕۆژی ١٩٨٦/٧/٢ لە ئاستی کانی مازو دامەزران.

لە کاتی هاتنە خوارەوەیان لە چیای هەیبەت سولّتان ڕەبیەی سەرتاکە سوران هەلّاتن، پێشمەرگەکان لێیاندان و چوار جاشیان دەستگیر کرد.

دەستکەوت:

١ کلاشینکۆف و ٩ شانە

١ ماتۆڕ سکیل (MZ)

١٠ بەتانی و هەندێک کەلووپەل

پـــــەلاماری دوژمـــــن
1986/10/24/23

دوای شکستەکانیان لە بەردەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تیپی ٩٣ی کۆیە، دوژمن بۆ بەرزکردنەوەی هێزە بەزیوو جاشە تەزیوەکانی پەلاماڕێکی بەربلّاویان کردە سەر پێشمەرگەکانی کەرتی یەکی شەهید ئەحمەد برنەو، پێشمەرگەکانی تیپی کۆیە بێدەنگ بوون تا هێزەکەی دوژمن گەیشتە بن لوولەی تفەنگەکانیان، پێشمەرگەکانی کەرتی شەهید ئەحمەد برنەو لێیاندان و تا ناو مۆلّگەکانیان ڕاویاننان.

هەمان شەو هێزێکیتری دوژمن بە پالّپشتی سێ دەبابەو سێ ناقیلە پەلاماری شاخی هەیبەت سولّتانیاندا لە بەر ئەوەی ناوچەکە هێزی پێشمەرگەی لێنەبوو

دوژمن توانی دەست بە سەر قوتەو لوتکەکانی قازبەگیان و سەر شیواندا بگرێت، بەڵام لە کاتژمێر ٤:٣٥ دەقیقەی بەیانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کۆیە ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوەو شەڕ دامەزرا، پەلاماری یەک لە دوای یەکەکانی دوژمن تێکشکێندرا تۆپەکانی دوژمن تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکرد، کۆپتەر لە سەر ئاسمانی شەڕەکە بوو.

پێشمەرگە قارەمانەکان بە پلانی وردوو نەخشەی ڕێکوپێک لە قۆڵێکەوە هێرشیان کردە سەر هێزەکەی دوژمن و تێکیان شکاند.

لە قۆڵێکی تردوە تیپی ٩٣ و تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو قەرەچوخ حزبی شیوعی و هێزی پشتگیری هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن و گورزی گەورەیان لێدان.

هێزی دوژمن لە هەر دوو قۆڵەکەوە شکان و هەڵاتن لاشەی کوژراوێکی جاش لەبەر دەستی پێشمەرگەدا جێمابوو.

هەمان شەو ١٩٨٦/١٠/٢٤/٢٣ هێزێکی دوژمن لە کاتژمێر دووی شەودا وێستیان پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگە بدەن، پێشمەرگەکانی کەرتی یەک و کەرتی دووی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو تیپی ٧٨ی قەرەچوخ و تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و هێزی پشتگیری لێیاندان و کوژراوو بریندارییان پێجێهێشتن، هێزەکەی دوژمن ڕایکردەوە مۆڵگەکانیان.

دوای تێکشکاندنی هێزەکانی دوژمن کۆپتەرەکانی دوژمن هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکەو دەیانووێست سەر چیای سارتک و کەڵکە سماق و قازبەگیان بۆردومان بکەن، پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ی کۆیە و ٢٥ی خاڵخاڵان و هێزی پشتگیری لێیاندان و ئاسمانی ناوچەکەیان لێکردنە ئاگر لە ئەنجامدا کۆپتەرێک پێکراو بە بەرچاوی خەڵکەوەو بە دوکەڵی ڕەشەوە گەڕایەوە بەڵام نەیتوانی بگاتەوە شوێنی خۆی و لە گۆپاڵەی بازیان کەوتە خوارەوە.

قارەمانەکانی تیپە دلێرەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوخ و ٩٣ی کۆیە و ٢٥ی خاڵخاڵان و حزبی شیوعی و هێزی پشتگیری وانەیەکی مێژوویی دوژمنیانددا.

قوربانی هێزی پێشمەرگە:

١/ شەهید یوسف جەمیل (خاڵە یوسف) فەرماندەی کەرتی دووی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

٢/ شەهید مەغدید خدر تیپی ٨٧ی قەرەچوخ

٣/ شەهید خالید ڕەمەزان ناسراو بە توانا تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

٤/ شەهید ئەسکەندەر مەناف تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

٥/ شەهید شێرکۆ حەمەدەمین تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر

٦/ شەهید عوزێر حسێن «هاووڵاتی» خەڵکی ئیلینجاخ

٧/ شەهید عەبدولفەتاح محەمەد ناسراو بە مەریوان لێپرسراوی کۆمەڵایەتی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ

شەهید عەبدولفەتاح کاتژمێر ٤:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ١٩٨٦/١٠/٢٢ گوللەی دوژمن لە حاویەکانی زمارەوە پێکایی و شەهید بوو.

چەند ڕۆژێک پێش شەهید بوونی لە گەڵ چوار پێشمەرگەیتردا لە ناحیەی قوشتەپە هێزێکی دوژمنیان شکاندو دوانزە لاشەیان پێجێهێشتن کە یەکێک لە کوژراوەکان مدیر ناحیەی قوشتەپە بوو.

پـــــەلاماری بـــــەربلاّدو

ماوەیەک بوو ڕژێمی عێراق هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی زنجیرە شاخی هەیبەت سوڵتانی دەدا تا ڕەبییەی لێدروست بکات بە مەبەستی پاراستنی وێستگەی کارەباو شارۆچکەی دووکان.

هێزێکی زۆری مغاویر و جاش بە پاڵپشتی دەیان دەبابەو ناقیلەو تۆپی قورس و ڕاجیمە لە کاتژمێر ٩ی شەوی ١٩٨٧/١/٩/٨ لە سێ لاوە پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تیپی ٩٣ی کۆیەیدا.

ڕێبین محەمەد سۆفی ڕێکخەری کۆمەڵە لە سنووری تیپ،مام شوان فەرماندەی کەرت، حاجی ئەسعەد ماوەرانی جێگیر، جەمال هەروتی فەرماندەی کەرت، نەجات قادر جێگر حەماغا فەرماندەی کەرت، بەکرە گۆج جێگر، عوزێر فەقیانی فەرماندەی کەرت ئەنوەر ئاکۆیی جێگیر، مام قاسم بلەیی فەرماندەی کەرت، محەمەد سەعید جێگر، حسێن خدر گەرەوەیی فەرماندەی کەرت، محەمەد حاجی قادر ئاکۆیی جێگر.

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ٣٥ سەرباز و چەکداری دوژمن

گرتن و سووتاندنی سێ دەبابە و حەوت ئۆتۆمبیلی پیکاب و بەڕازیلی و هەموو کەلوپەلی ناو مقەڕ سریەکەو ڕەبییەکان.

بەدیلگرتنی ١٧ سەرباز و چەکدار

دەستکەوت

١٩ کلاشینکۆف

١ قەناس

١ ئاربی کەی
١ هاوەنی ٦٠ ملم
١ پەڕەشوت
١ جیهازی ١٠٥
قوربانی
شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو بەناوی (عەبدۆ عومەر شارسینەیی)

گرتنی مقەڕ فەوجی 128-2 مقەڕ سریە 13 ڕەبییە (2)

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەقارەمانەکانی مەڵبەندی (٣) لە کاتژمێر ٢,٥ی شەوی ١٠-١٩٨٧/٢/١١ لە دوو قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر مۆڵگەکانی دوژمن بەمجۆرە.

قۆڵی یەکەم

پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ کەرکوک و ٧٨ی کاروخ و ٨٣ هەوڕێ و کەرتی ١و٢و٣و٥و مەفرەزەیەکی تیپی ٨٦ی هەولێر و کەرتی ١و٢و٣ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و مەفرەزەیەکی مەڵبەندی (٣) و هێزی پشتگیری سنووری تیپی ١٢ی سۆران و ٧٨ی کاروخ هێرشیانکردە سەر مقەڕ فەوجی ١٢٨ی ڕەواندز و هەموو ڕەبییەکانی دەوروپشتی کە پێکهاتبوون لە ١١ ڕەبییە، لەماوەیەکی کەمدا دەستیان گرت بەسەر مقەڕ فەوجەکە و ١١ ڕەبییەکەدا، تا کاتژمێر ٦ی بەیانی مانەوە

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ سەرباز و چەکدار
بەدیلگرتی ٨ چەکدار

زیانی دوژمن

سووتاندنی مقەڕ فەوجەکە و ڕەبییەکە
تەقاندنەوەی مەشجەبێکی گەورە
گرتنی ٣ دەبابە و سووتاندنیان

گرتن و سووتاندنی ٣ دۆشەکەی چوار لولە
تێکشکاندنی یەک تۆپی دوور هاوێژ
دەستکەوت
٤ دۆشکە ١٢,٧ ملم
٢ ئاربی جی
٢ دیکتارێۆف
١ ڕەشاشی گرینۆف
٢٧ کلاشنکۆف و مەخزەن
دەمانچەی تەنویر

قۆڵی دووەم

پێشمەرگەکانی ئەم قۆڵە پێکهاتبوون لە تیپی ١٩ی کۆڕەک و کەرتێکی تیپی ٩٩ بیتوێن و بەشێک لە تیپی ٨٧ی قەڕەچۆخ، پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەم قۆڵە هێرشیانکردە سەر مقەڕ سریەی پشتی شەڕکان لەسەر جادەی جۆلە مێرگ و شاخەکانی کۆڕەک لەگەڵ ڕەبییەی حیمایەی سریەکە، لەماوەی ١٥ دەقەدا دەستیان بەسەرداگرتن

زیانی دوژمن

کوژرانی ٣٥ سەرباز و چەکدار
گرتن و سووتاندی ٣ دەبابە و ٧ ئۆتۆمبێل و کەلووپەلی ناو مقەڕ سریەکە و ڕەبییەکان
بەدیلگرتنی ١٧ سەرباز و چەکدار

دەستکەوت

١٩ کلاشینکۆف
١ قەناس
١ ئاربی کەی

١ هاوەن ٦٠ ملم
١ پەڕەشووت
١ جیهازی ١٠٥
قوربانی پێشمەرگە لە هەردوو قۆڵەکە چوار شەهید بوو
هاوکات لەگەڵ هێرشی پێشمەرگە تۆپخانەی شۆڕش بەخەستی تۆپبارانی بارەگاکانی دواوەی فەیلەقی (٥)ی دەکرد لە دەشتی دیانە، هەروەها تۆپبارانی حامیەی ڕەواندز و مونەزەمە و مەشروعی ئاوەکەیان کردوو زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند.

هەریر- شەقلاوە

دەستەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ١٩و بارەگای مەڵبەندی (٣) ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٢٣ بۆسەیەکیان لە لۆفەکانی سپیلک دانا ناقیلەیەک کەوتە بۆسەکەوەو ئاگربارانیانکرد لە ئەنجامدا ناقیلەکە تێکشکێندرا.
مەفرەزەیەکی بارەگای مەڵبەندی (٣) لە سەر جادەی گشتی هەریر شەقلاوە لە چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازیانداو بووە هۆی تێکشکاندنی (٢) جێب قیادەو بریندار کردنی سەرنشینەکانی.

شەهید بوونی ڕەسوڵی حەمەد ئاغا

تیپی ١٩ی کوڕەک هاوشانی تیپەکانیتری مەڵبەندی (٣) لە شەوی ١٩٨٧/٥/٢٩ لە داستانی گرتنی ناحیەی تەقتەق و داموودەزگاکانی ئەو شارەدا بەشدار بوو.
لەو داستانەدا ڕەسوڵی حەمەد ئاغا جێگری تیپی ١٩ی کوڕەک بە تەقینی (مین) شەهید بوو.
هەمان شەو عوزێر فەقیانی فەرماندەی کەرت (مین)ی لە ژێر پێدا تەقی و بریندار بوو.
دوای شەهید بوونی ڕەسوڵی حەمەد ئاغا حسێن بندایزانی کرایە فەرماندەی تیپی ١٩ی کوڕەک لە هەمان ساڵدا ئەویش شەهید بوو.

شەهید بوونی حسێن بندایزانی

لە شەڕی ٩ ڕۆژەی سماقولی تیپی ١٩ی کوڕەک بەشداری کاریگەریان کرد لە تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لە یەکەم پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لە یەکەم پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی تیپی ١٩ی کوڕەک لە قۆپی گەروەتەو دارەبەن و سەندنەوەی قۆپی دارەبەن لە دوژمن لە ڕۆژی ١٩٨٧/٩/٨ حسێن بندایزانی فەرماندەی تیپی ١٩ی کوڕەک شەهید بوو.

پێش شەهید بوونی حسێن بندایزانی فەرمانی سەر تیپی ١٩ی کوڕەکی بۆ دەرچوو بوو بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا وەکو فەرماندەی تیپ دەست بە کار بێت.

چوونە ناو خەلیفان
1987

دوای شەهید بوونی حسێن بندایزانی فەرماندە لە شەڕی سماقولی ئامر سریەیەکی جاش لە خەلیفان وتبووی من حسێن بندایزانیم کوشتووە لە سەفین.

کەرتێکی تیپی ١٩ی کوڕەک بە فەرماندەیی عوزێر فەقیانی شەوێک چوونە ناو خەلیفان ئامر سریەکە بکوژن بەڵام بەردەست نەکەوت.

پێشمەرگەکانی تیپی کوڕەک لە ناو خەلیفاندا تووشی شەڕ بوون، پێشمەرگەیەک بە ناوی عومەری حاجی مەلا شەهید بوو.

تیپی کوڕەك لە ساڵی 1988

ساڵی ١٩٨٨ گۆڕانکاری لە فەرماندەی تیپی کوڕەک کرا، جەلال حاجی کرایە فەرماندەی تیپەکە.

دەستەی تیپ

- جەلال حاجی فەرماندەی تیپ
- جەمال هەرووتی جێگری فەرماندەی تیپ
- ڕێبین محەمەد سۆفی لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپ

چەکی کیمیایی

مانگی (٧)ی ساڵی ١٩٨٨ (١٢) فڕۆکەی سیخۆ لە شەڕگەی قۆپی جوانەگا-ڕەشکی لە سەر دووکەڵی (سپی)یان بەردا ئاڕاستەی بایان وەردەگرت تا بە کیمیایی لێبدەن.

فڕۆکەکان لە سەر خەتێ، بناویە، شارستێن بۆردومانیان دەکرد کیمیایی لە شارسێنەی دا بەڵام ئاڕاستەی بایەکە بەرەو خەلیفانی برد لەوێ خەڵکی بریندار کرد.

هەر لەو ڕۆژانەدا فڕۆکەکانی دوژمن لە جیاتی سەنگەرەکانی پێشمەرگە بە بۆمبی کیمیایی لە فەوجێکی جاشیاندا فەوجەکەیان بە پەلە گواستەوە.

دوای ئەنفال

دوای ئەنفال و کۆتایی هاتنی شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) تیپی ١٩ی کوڕەک وەکو باقی تیپەکانیتر بەرەو سنوور پاشەکشەیانکرد، بەشێکیان بە پارتیزانی مانەوە.

شەهیدانی تیپی 19ی کوڕەك

تیپی ١٩ی کوڕەک لە ساڵانی خەبات و تێکۆشانیدا قوربانی زۆری بە کوردستان و (ی ن ک) بەخشی، کە هەریەکە لە چالاکییەک و لە سەنگەرێکدا شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید حسێن بندایزانی فەرماندەی تیپی کوڕەک

٢/ شەهید سەلاح خوشکانی ڕابەری سیاسی تیپی ١٩ی کوڕەک- لە چەقەری بێرمێ شەهید بوو

٣/ شەهید نەجات قادر هەرووتە کۆن لە کێڵ کێڵ شەهید بوو

٤/ شەهید کەریم عەولا سەر ڕەش گەرەوانی لە کونە کۆتر شەهید بوو

٥/ شەهید عەبدولموتەڵیب ئەسعەد ماوەرانی لە خوڕ خوڕە شەهید بوو

٦/ شەهید عەبدوڵڵا شارسینەیی لە بناری کوڕەک لە سەر گۆڕان شەهید بوو

٧/ شەهید عوسمان عەبۆ فەقیانەیی لە ئەنفالی یەکدا لە خوڕ خوڕە شەهید بوو

٨/ شەهید حسێن فەقیانەیی لە کێڵ کێڵ سەری جوانەگا لە ساڵی ١٩٨٨ شەهید بوو

٩/ شەهید کامەران گەردی لە چیای پیربایز و لە ئەنفالی یەکدا شەهید بوو

١٠/ شەهید مەهداوی لە خورخورە شەهید بوو
١١/ شەهید ئارام لە خورخورە شەهید بوو
١٢/ شەهید ئازاد دیبەگەیی لە خورخورە شەهید بوو
١٣/ شەهید ڕەمەزان حەمەد ڕەسوڵ لە خورخورە شەهید بوو
١٤/ شەهید محەمەد قادر ئاکۆیی لە دەشتی کۆیە شەهید بوو
١٥/ شەهید ڕەسوڵی حەمەد ئاغا جێگری تیپی ١٩ی کوردەک لە گرتنی ناحیەی تەقتەق شەهید بوو
١٦/ شەهید تەقییەدین گەرەوەیی لە بناوێ شەهید بوو
١٧/ شەهید عومەر ڕماوێژی لە ناو خەلیفان شەهید بوو
١٨/ شەهید مەلا محەمەد شێخ وەسانی ناسراو بە مەلا ڕەش لە کیمیابارانکردنی شێخ وەسانان شەهید بوو
١٩/ شەهید باپیر مەلەکی لە سەرکردایەتی شەهید بوو
٢٠/ شەهید کەریم فەرەج ڕەواندزی دوای ئەنفالەکان دەستگیر کراو دواتر لە سێدارە درا.

ڕاپەڕینی 1991

پێشمەرگەکانی تیپی ١٩ی کوردەک لە چوارچێوەی تیپ و بەتالیۆنەکاندا لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەشداری کاریگەریانکرد لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

داستانی کۆڕێ
1991/4/11 1991-/4/7

دوای ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە ناویاندا یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە ڕۆڵی پێشەنگ و سەرەکی و ئەندازیاری ڕاپەڕینی بینی، تێکڕای شـارو شارۆچکەکانی کوردستانیان لە دوژمـنی داگیرکەر پـاککـردەوەو تاجی سەرکەوتنەکانیان خستە سەر سەری کەرکوک، ڕژێمی دڕندەی عێراق هێرشی پێچەوانەو بەربڵاوی کردەوە سەر شارو شارۆچکەکانی کوردستان و بۆ ماوەیەکی

کاتی هەندێک لەو شارو شارۆچکانەی داگیرکردەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان سنورێکیان بۆ پێشڕەوی هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن داناو ڕێگەی پێشڕەوی زیاتریان لە دەست دەرهێناو پەکخست.

پەلامارەکانی ڕژێمی عێراق بووە هۆی ئاوارە بوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ڕەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستانی لێکەوتەوە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی گیانی خەڵکی ڕەوکردووی ئاوارە بووی کوردستان و دانانی سنورێک بۆ هاتنە پێشی هێزی داگیرکەر لە ئەزمڕو کۆڕێ بەرگری کەم وێنەیانکردوو ڕێگەیان لە هاتنە پێشی هێزی داگیرکەر گرت و وەستاندیانن، بەمەش پەیامی سەرکەوتنی ڕاپەڕین زیندوو ڕاگیراوو خەڵکی کوردستانیش لە دەست درندەیی هێزە پەلاماردەرەکەی عێراق پارێزرا.

داستانی کۆڕێ ئەو داستانە پڕشکۆیە بوو کە بە خوێنی (٩) شەهیدی (ی ن ک) و دوو شەهیدی بزووتنەوەی ئیسلامی تۆمارکراو بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسوڵ و حەسەن کوێستانی و فەرماندەکانی (ی ن ک) و بەشداری لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی بوو کە تیایدا (ی ن ک) ڕۆڵی سەرەکی و پشکی شێری بەرکەوت لە بەرگری و قوربانیداندا.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٤/٧ هێزی دوژمن لە ڕێگەی هەولێر شەقڵاوە پەلاماری دەستپێکرد بەرەو گردوو تەپۆڵکەکانی خانزادو دەستیبەسەرداگرت لە هەمانکاتدا بۆردوومانی توپ و فڕۆکە بۆ سەر زنجیرە چیای پیرمام دەستیپێکرد، دوژمن لە هاوینە هەواری سەڵاحەدینەوە بە هاوەن ناوچەکەی دەبێژا.

هێزەکانی (ی ن ک) و هێزەکانیتری ناو بەرەی کوردستانی لە ناو سەنگەرەکاندا دامەزرابوون ئەو ڕۆژە دوژمن هاتە سەر پیرمام، هێزی پێشمەرگە کشانەوە دواوەو لە کۆڕێ یەکیانگرتەوە، سەر لە نوێ خۆیان ڕێکخستەوەو سەنگەریان دامەزراندەوە، دوو پشتێنەی بەرگرییان دروستکرد لە دەربەندی کۆڕێ و چیای زێوکە و ڕۆژئاوای دەربەندی کۆڕێ و زنجیرە چیای کانی گردە چاڵ و پشتێنەی پشتیوان لە زنجیرە چیای سەفین.

ڕێبازو هێزێک لە کۆڕێ بوون، سەفین مەلا قەرە لە چیای زێوکە بەرەو دەربەندی کۆڕێ بەڕێوە بوون، ڕەحمان سەیدە و هێزێک لە ناو دار سنەوبەرەکانی چاکی شێرە سواران دامەزرابوون.

هێزی دوژمن لە پردی کۆڕێ نزیک بوونەوە دەبابەکان لە دەربەندی کۆڕێ دەرکەوتن هێزی پێشمەرگە هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن و دەبابەکانیان پێجێهێشتن.

هاوکات لە گەرمەی شەڕی کۆڕێدا هێزی پێشمەرگە بڕیاریاندا هێرشبکەنە سەر هێزە بەزیوەکەی دوژمن و تانک و دەبابەکانیان لە ماوەیەکی کەمدا هێزەکەی دوژمن تا ئەو بەری پردی کۆڕێ ڕاونران سێ دەبابە و چەند ئۆتۆمبیلێک کەوتنە دەست پێشمەرگە، دوای تەواو بوونی شەڕەکە پێشمەرگەکان لە حوجران یەکیانگرتەوە.

لە گەڵ سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە بە سەر دوژمندا هێزەکان ڕێکخرانەوەو بنکەی مەیدانیان داناو هێزەکانیان بە سەر سەنگەرەکاندا دابەشکرد و فەرماندەیان بۆ دیاریکردن بەمجۆرە:

دانانی بنکەی تایبەتی لە حوجران و مانەوەی لێپرسراوی هێزەکان بەمجۆرە:

- حەسەن کوێستانی لە (ی ن ک)
- حەمیدە فەندی لە (پ د ک)
- دکتۆر سەردار لە حزبی زەحمەتکێشان

بنکەی هێزەکان لە حوجران دانراو هێزەکان بە سەر سەنگەرەکاندا دابەشکران.

- زنجیرە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی دەربەندی کۆڕێ، چیای سپی و چیای زێوکە بۆ هێزەکانی (ی ن ک) دیاریکراو دابەشکرا بە سەر بەتالیۆنەکانی سەفین مەلا قەرە، ڕێبان، ڕەحمان سەیدە، لە نێوان سەنگەرەکانی (ی ن ک) سەنگەرێکی حزبی زەحمەتکێشانی لێبوو.
- زنجیرە چیای ڕۆژئـاوای دەربەندی کۆڕێ چیاکانی گردە چاڵ دابەشکرا بە سەر پێشمەرگەکانی حزبی کۆمۆنیستی عێراق، بزووتنەوەی ئیسلامی، پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان.

دوا سەنگەری ڕۆژئاوای دەربەندی کۆڕێ هێزێکی (ی ن ک)ی بە فەرماندەیی خالید هەرکی لێدامەزرا بوو.

- بەتالیۆنێکی ئامادەی (ی ن ک) لە ناوچەی پیشەسازی شەقڵاوە بە سەرپەرشتی کاک عەبدوڵڵا لە نێوان حوجران و کاوانی بوو.

هێزێکیتر بە دۆشکەو دیمترۆفەوە لە دامێنی چیای سەفین بە ڕووکاری حوجراندا ئامادە بوون.

- دوو بنکەی پشتیوانی بۆ شەڕگەکە دانرا
- بنکەیەک بە سەرپەرشتی مەلا نەجم لە شەقڵاوە
- بنکەیەک بە سەرپەرشتی کەریم سنجاری لە دیانە
- بۆ پەیوەندی لە گەڵ تێکڕای فەرماندەکان بێتەل دانرا، نەهێنی و جفرەکان دابەشکران.
- هێزێکی تایبەت ئامادەکرا تا لە کاتی پێویست بە کاربهێنرێت

دوژمن هێزی گەورەی لە زنجیرە چیای پیرمام و دەربەندی گۆمە سپان و کۆڕێ و تێکڕای ناوچەکە مۆڵدا بوو، لیوای (١٠)ی دەبابەی هێنابوو، سەدان تۆپ و هاوەنی دابەستبوو.

لە بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٩١/٤/١١ هێزی دوژمن لە چەندین لاوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیداو دەستیگرت بە سەر زۆربەی سەنگەرەکانی زنجیرە چیای کانی گردە چاڵ، دەبابە بەرەو حوجران سەرکەوتن.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی دوژمن لە زنجیرە چیای سپی و شکاندیانن، سێ دەبابە دەستیبەسەردا گیرا.

لە چەند لاوە هێرشیانکردە سەر دەربەندی کۆڕێ و زنجیرە چیای کانی گردە چاڵ ئەو هێزەی لە پیشە سازی شەقڵاوە بوو لە گەڵ هێزەکەی سۆسیالیست یەکیانگرتەوەو لە ئاستی خۆیانەوە سەرکەوتن، پشتیان لە هێزەکەی دوژمن گرت.

دوای زنجیرەیەک هەڵمەتی شێرانەی پێشمەرگە هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن تێکشکاو ڕاونران زیانی زۆریان بەرکەوت.

داستانی کۆڕێ بە خوێنی ١١ شەهیدی سەربەرز تۆمارکرا کە (٩) شەهیدیان پێشمەرگەی یەکێتی بوون.

١/ شەهید موحسین عەبدولکەریم مەخموری
٢/ شەهید فاخیر عەبدولڕحمان مەخموری
٣/ شەهید فاروق حسێن عوسمان (خاڵە فاروق گڕاوی)
٤/ شەهید فەرهاد ئەحمەد ئەمین
٥/ شەهید یونس ئیبراهیم حەسەن
٦/ شەهید کاروان مەخموری
٧/ شەهید هەمزە
٨/ شەهید سەڵاح سابیر
٩/ شەهید فەرەج مەغدید مەولود
١٠/ شەهید مەلا عومەر هەولێری (بزووتنەوەی ئیسلامی)
١١/ شەهید شیروان عوسمان (بزووتنەوەی ئیسلامی)

ڕێبازی نوێ - پاشکۆی ڕێبازی نوێ

زنجیرەیەک ژمارەی (ڕێبازی نوێ)ی سەر بە دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) لە شاخ لەبەردەستە.

لەکۆتایی ئەم بەرگەدا دەیانخەینەوە بەر دیدەی ئێوەی خوێنەر، بەتایبەتی پاشکۆی ڕێبازی نوێ کەتیایدا ژمارەیەک چالاکی پێشمەرگانە و بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری داگیرکەری لەخۆگرتووە.

پاشکۆی گۆڤاری ڕێبازی نوێ (ژمـارە ٢ -٣ – ١٩٨٢) ئامـاری شەهیدانی ساڵەکانی(١٩٧٧ – ١٩٨١)

عیراقیکی دیموکرات و سەربەخوو
کوردستانیکی ئوتونوم

ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی ی کوردستان

ڕێبازی نوێ

ژمارە ۳۰۲ خولی سی یەم شوبات و مارت ۱۹۸۲

لەم چەرخەدا شۆرشی نیشتمانی کورد شۆرشێکی ڕزگاری خوازانە و دیموکراتی نوێیە، هەر پارتێکی پێشڕەوی شۆرشگێر کەتوانی دەوری پێشڕەوی تیا بگێڕی (نەک ڕابەرایەتەکەی خۆیەکی)، وە کەبێ خاوەنی ئایدیۆلۆژی هەر لەگەڵ هێزە دۆستەکاندا وەهێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و ئێران و تورکیا بکەوێ (نەک لەگەڵ کۆمەڵ و حکومەتە گوناهبەرست و دیکتاتۆریەکان) وەلەگەڵ هێزەکانی شۆرشی سۆشیالیزمی جیهانی لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی شۆرشگێڕو بزوتنەوەی شۆرشگێڕانەی چینی کرێکارو وڵاتە سۆشیالیستەکان (نەک ئیمپریالیزم وسەهیونیەتو داوو دەزگا بورجوازیەکان).



٥٨

ئازاد عمر	١٨	٣ /
زیاد محمد	١٨	٣ /
کاظم حمەامین	١٨	٣ /
قادر رسول	١٨	٣ /
غفار شهیر محمد	٢٠	٣ /
اسماعیل حسن عبدالله	٢١	٣ /
محمد کریم	٢١	٣ /
حسن احمد سعید	٢١	٣ /
سیروان رشید	٢١	٣ /
حسن کویخا علی	٢١	٣ /
خدر عبدالرحمن حارس	٢٥	٣ /
احمد علی	٢٨	٣ /
فائق حاجی صابر	٢٨	٣ /
سه لامشیخ محمد	٢٨	٣ /
احمد عزیز علی	٢٨	٣ /

١٩٨١

شیخ فاضل شیخ قادر	٢	٣ /
علی حمه صالح	٢	٣ /
صدیق محمود	٦	٣ /
ئازاد مەلا محمد	٩	٣ /
خورشید حمه صالح	٩	٣ /
مصطفی قەلاتی	٢٤	٣ /
کاظم محمد امین	٢٤	٣ /

١٩٧٨

ناوی شەهید	رۆژی شەهید بوونی	
عثمان شفیق	٢	٢ /
عام رسول دلشاد	٢	٢ /
حسین رسول	٢	٢ /
خدر رسول	٢	٢ /
احمد کاکه مین	٢	٢ /
احمد حمەد عبدالله	٢	٢ /
محمد عجم	١٠	٢ /
خالد صابر	١٠	٢ /
لطیف احمد	١٠	٢ /
سلمان داود حسین	١٠	٢ /
جوامیر سیامیر	١٠	٢ /
عبدالسلام عبدالرزاق	١٠	٢ /
شیروان مەدەد سعید	١٠	٢ /
حمه سور	١٢	٢ /
حمەامین رشید علی	١٢	٢ /
عزیز عبدالله	١٠	٢ /
سید مرسل حسین	١٩	٢ /
قادر حمەامین گەروتەی	٢٠	٢ /
بکر صالح	٢٠	٢ /
یونس محمد علی	٢٠	٢ /
حسین محمد قادر	٢٠	٢ /
علی محمد قادر	٢٠	٢ /
بختیار سعید والی	٢١	٢ /
فاتح حمه امین	٢٢	٢ /
فاتح قادر	٢٤	٢ /
ئازاد صالح عبدالله	٢٥	٢ /
ابوبکر عبدالله	٢٥	٢ /
فائق مصطفی	٢٥	٢ /
علی احمد عزیز	٢٥	٢
حامد حمەامین صابر	٢٥	٢ /

٥٩

١٩٧٩

عزیز فرج حمکول	١	٢ /
علی احمد محمد	١	٢ /
مجید حمه عزیز	٢	٢ /
رحمان حسین مارف	٢	٢ /
طاهر عبدالغفور	٢	٢ /
علی حسین	٢	٢ /
سلام حمه شوان	٣	٢ /
عزیز حمه فرج	٣	٢ /
رسول عام علی	٣	٢ /
مصطفی یعقوب	٣	٢ /
محمد مصطفی	٩	٢ /
مصطفی حاجی نبی	١٠	٢ /
عبدالرحمن احمد عبدالله	١٢	٢ /
شادمان عثمان مجید	١٧	٢ /
صالح عباس	١٩	٢ /
برهان لبی	١٩	٢ /
رسول عمر خمیات	٢٠	٢ /
حسین عمر	٢٠	٢ /
رقیب عثمان	٢٠	٢ /
حمه سعید حسین سواره	٢٠	٢ /
طاهر حمه سعید	٢٠	٢ /
اسماعیل ملا کریم	٢٠	٢ /
خالد عبدالقادر	٢١	٢ /
رحمن عمر کریم	٢٤	٢ /
رشید همزه وسو	٣٠	٢ /
فیصل رشید طالبانی	٣٠	٢ /
صدیق محمد	٣٠	٢ /
حسن احمد محمد	٣٠	٢ /
علی چلپی	٣٠	٢ /
نجاه رحیم کریم	٣٠	٢ /
محمد حاجی کریم	٣٠	٢ /
حمەامین علی	٣٠	٢ /
حاجی حمەامین مصطفی	٣٠	٢ /
خدر احمد نبی	٣٠	٢ /

١٩٨٠

علی احمد محمود	١	٢ /
عبدالله حاجی محمود	٢	٢ /
فرج رشید	٢	٢ /
عبدالله صالح	٢	٢ /
قادر کریم	٢	٢ /
رشید حاجی محمود	٢	٢ /
واحد حاجی محمود	٢	٢ /
جلال قادر فرج	٢	٢ /
حسین حاجی فرج	٢	٢ /
عبدالله محمود رحیم	٢	٢ /
محمد امین رحین	٢	٢ /
سامان قادر	٢٧	٢ /
طارق عبدالکریم	٢٧	٢ /

١٩٨١

سلیمان خدر سوراو	١٠	٢ /
نصرالدین اسماعیل	١١	٢ /
غفور اسماعیل	١٥	٢ /
نعیمه محمود عبدالرحمن	١٨	٢ /

١٩٧٧ ——— مارت

عبدالله حسن	١	٣ /
کویخا نبی محمد	١	٣ /
نقی عبدالله خدر	١	٣ /
عمر فتاح	٣	٣ /
مارف فتاح	٣	٣ /
عزیز عبدالله	٩	٣ /

شوبات

١٩٧٧ ناوی شەهید	روژی شەهید بوونی	
عبدالله حسن	١	٢
کویخا نبی محمد	١	٢
فقی عبدالله خدر	١	٢
حمه فرج تریفەیی	١	٢
انور توفیق هەوراس	٢	٢
حسن سعدون	١١	٢
عبدالرحمن ابراهیم	١٢	٢
بایز حسن محمد	١٨	٢
احمد حاجی عثمان	١٨	٢
عزیز حمه کریم	٢٠	٢
اسماعیل قاسم علی	٢٢	٢
محمد قاسم علی	٢٢	٢
خسرو عبدالله حمه صالح	٢٢	٢
نصرالدین نجم‌الدین	٢٢	٢
یاسین مامند رسول	٢٣	٢
فائق محمد توفیق	٢٣	٢
صالح احمد شمیم	٢٣	٢
مصطفی قادر بەخشا	٢٦	٢
یاسین محمد حسن	٢٦	٢
صلاح مجید قادر	٢٦	٢
فریدون عبدالقادر	٢٦	٢
محمد حسین غفور	٢٦	٢
طاهر محمد احمد	٢٦	٢
عبدالله اسعد	٢٦	٢
فوزی نجم نوری	٢٦	٢
مولود محمد خوشناو	٢٦	٢
اکرم حمید	٢٧	٢
رفیق ظاهر کریم	٢٧	٢
سعید خدر	٢٧	٢
کمال پتونی	٢٧	٢
نعمان ابراهیم	٢٧	٢
رسول علی	٢٧	٢

١٩٧٧ ناوی شەهید	روژی شەهید بوونی	
عمر حمه فرج	١٠	٢
وهاب حاجی عثمان	١١	٢
محمد ملا توفیق	١١	٢
ناصر حمه رشید	١١	٢
محمد رشید حاج سعید	١١	٢
مخدید طه محمود	١١	٢
حاجی مصطفی مەلا	١٢	٢
انور عباس محمد	١٩	٢
حمه خان اسماعیل رضا	١٩	٢
ولی علی بابیر	١٩	٢
کریم صابر میکائیل	١٩	٢
محمد حمه فرج	٢٠	٢
علی احمد رسول	٢٨	٢
عولا احمد عبدالله	٢٩	٢
خدر صوفی مەلا	٢٩	٢
سلیم خدر علی	٢٩	٢
محمد سردشتی	٢٩	٢
عبدالرحمن حسن	٢٩	٢
رشید حمه عبدالرحمن	٢٩	٢
حسین احمد محمد	٢٩	٢
جاسم محمد احمد	٢٩	٢
عزالدین صدیق خوشناو	٢٩	٢
محمد سلمان سیتو	٢٩	٢
مەلا محمد اسماعیل	٣٠	٢
قادر مامه رمش	٣٠	٢
خورشید حسن	٣١	٢
مخلص جمیل	٣١	٢
حسن حاجی احمد	٣١	٢
حسن کویخا رسول	٣١	٢
احمد محمود	٣١	٢

١٩٧٨		
محمد امین شیخ علی	٣	٢
سعدی عزیز	٨	٢
فاروق صدیق	٨	٢
فرج قادر	٨	٢
فریق همزه	٨	٢
شاهین عزالدین	٨	٢
طاهر حمه علی	٨	٢
جبار اسماعیل	٨	٢
عزیز بابیر	٨	٢
سامی عبید	٨	٢
صباح جمیل	٨	٢
احمد محمد امین	٨	٢
احمد محمد کریم	٨	٢
صالح حاجی عبدل	٢٦	٢

١٩٧٩		
عبدالرحمن احمد	٢	٢
شیروان اسماعیل نادر	١١	٢
هوشیار حمه صالح	٢٠	٢
تازاد حمه بەگ	٢٤	٢
والی حمه امین قادر	٢٥	٢
علی حسن	٢٤	٢
سلام عارف	٢٦	٢
حسن محمد صالح	٣٠	٢

١٩٨٠		
محمد خدر کویخا حسن	١	٢
محمد احمد امین	١٠	٢
حاجی احمد حاجی	١٠	٢
حاجی کریم حاجی فرج	١٠	٢

عێراقێکی دیموکرات و سەربەخۆ و
کوردستانێکی ئوتۆنۆم
ڕێبازی
نوێ
نوێکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
ژمارە (١) ساڵی (٤) کانونی دووەم/١٩٨٣

لاپەرەیەکی تری

گەشی خەبات

بەکیک لەنیشانە
پرشنگدارەکانی شۆرشی نوێی
گەلەکەمان، بەپیرەوە چوونی
باڵنگەوازی هاوخەباتی و
هاوکارییەی بەپیرەوە چوونی
ڕووداوەکان و بەشداری
کاریگەرانەو پشتیوانی تەواوی
هێزە شۆرشگێڕەکانی جوڵانەوەی
ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانە
بو بەرگری لەخاکی نیشتمان و
کومەڵانی خەڵك.

لەکاتێکدا لەشکرو
بەندرمەکانی داگیرکەریکی
کوردستان لەبەشێکی تری
نیشتمانەکەمان دا بەهیرشی
بەربڵاو درندانە شالاوی بو سەر
گوندو دێهات و ناوچە
ڕزگارکراوەکان ئەهینا و نیازی
کاول کردنی زیاتروو شەهیدکردنی
خەڵکی کوردو سەرکوت کردنی
جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی
کوردستانیان هەبوو ..
پێشمەرگەکانی کوردستان بێ
گوێدانە سنووری دەسکردەکانی
دەستلەدەست و هاوسەنگەر بەری
شالاوی پەلاماردەرانیان ئەگرت و
هاوکار لەگەڵ یەك دوژمنیان
شکست و بەك کەوتە ئەکردو خاکی
بەرزوزی کوردستانیان بۆ
ئەکردنە گورستان

لەماوەی ٣ مانگیك شەرو
پیکادان ، لەکاتیکدا کە
تەراژووی هیزەکان لەمابەینی
دوژمن و داگیرکەرو هیزەکانی
گەل دا ناهاوتابووە دوژمن
بەلەشکری گەورەو چەکی
هەمە جوری قورس و ترسناك و
بەلاماری دڕندانە نیازی جیبەجی
کردنی پیلانە گلاوەکانیان بوو ،
قارەمانەکانی کوردستان ،
برایانی خەبات و تیکوشانیان
بەشانی یەك لەیەك سەنگەردا
دژی پەلاماردەران ئەجەنگین و
هەموو بستە ئەرزیکی
کوردستانیان ئەکردە مەتەریزی
بەرەنگاری و نەیان ..هیشت
پیلانی گلاویان بو بچیتە سەر ...
لەماوەی ٣ مانگ
شەری قارەمانانەی پولیك
پیشمەرگەی ئازاو نەبەز ،
دەستەیەك رولەی قارەمانو
کارامە لەپیشمەرگەکانی
ی . ن . ك بەوپەری لەخو
بردووبیو دلیریەوە مەزنترین
داستانی قارەمانیتیوجوامیریان
بەخوینی گەیان لەمیژووی

گەلەکەماندا تومار کردە بو
جاریکی تریش بو دوژمنانی
داگیرکەریان سەلماندەوە کە
پیشمەرگەی کوردستان ، رولەی
ئازاو بەوەفای خاکی
کوردستانن و هیچ نووروزو
باریکی ناهەموارلەیەکتریان
دانابری و هەمویان خاوەن
یەك مەسەلەن ، کەمەسەلەی
رەوای کومەلانی خەلکی
کوردستانە ، یەك ئەرکی نیشتانی
پیروزیش بەیەکیانەوە
ئەبەستیتەوە کەبەرگری لەخاکی
نیشتمان و کومەلانی خەلکی
کوردستان .

شەهید بوونی پولیك
پیشمەرگەی قارەمانی ی . ن . ك
لەبەشیکی تری نیشتمان دا ،
ئەگەر چی غەمو پەژارەیەکی
زوری لەدلی هەموماندا
خولقاندوە، بەلام لەهەمان
کاتدا بەشانازییەوە ئەلیین
کەشەهید بوونی ئەو پولە
نەبەزو دلیرە بوە مایەی سەر
بلندییەکی ئیجگار گەورەو
بەخالیکی گەش و پرشنگدار

دلسوزی و وەفـــــــاداری
بیشمەرگەکانمانیان بو خـاك و
کومەلانی خەلکی کوردستان لـە
میژووی گەلەکەمان دا تـومـار
کرد .. ئەو راستیەشیان چاکتر
دووپات کردەوە کەتا چرادەیـەك
بیشمەرگەکانمان بەرژەوەنـدی و
دەسکەوت و قازانجی سـەرجـەم
کومەلانی خەلکی کوردستان لەسەرو
هەموو ئیمتیازیکەوە دائەنین و
بەخوینی گەشیان راستی و دروستی
ئەسەلمینن .

ئەو قارەمانانەی گیانی
خوشیان لەپیناوی رزگـــاری
نیشتمان و بەرگری لەکومەلانی
خەلکی کوردستان دا بەخت کـردو
بوونە فیدای گـەل و نیشـتمان
بریتی بوون لەم شەهیدانە :

شەهیدەکان

١ـ عزالدین محی الدین /بیشمەرگەی
ت١١ هەورامان لـــە ١٠/٩
شەهید بوو .

٢ـ مستەفا عەلی /بیشمەرگەی
ت ٣٣ سلیمانی لـــە ١٠/٩
شەهید بوو .

٣ـ قادر حسن /بیشمەرگەی
ت ٤٣ ئاسوس لـــە ١٠/١٤
شەهید بوو .

٤ـ فیصل مەلا علی /فەماندەی
کەرت ت١١ هەورامان لـــە
١٠/١٧ شەهید بوو .

٥ـ سعدی ابوبکر /فەماندەی
مەفرەزە ت١١ هەورامـــان
لە ١٠/١٧ شەهید بوو .

٦ـ فاتیح مستەفا /فەماندەی
مەفرەزە ت١١ هـەورامـــان
لە ١٠/١٧ شەهید بوو .

٧ـ عمر حمە علی /فەماندەی
مەفرەزە ت١١ هەورامـــان
لە ١٠/١٧ شەهید بوو .

٨ـ عدنان عمر رسول /بیشمەرگەی
ت ٢١ کەرکوك لـــە ١٠/١٧٠
شەهید بوو .

٩ـ فاتیح رۆژوف /بیشمەرگەی
ت٥٢ سەگرمە لـــە ١٠/٢٢
شەهید بوو .

١٠ـ سەردار حسین عبداللـــە /
بیشمەرگەی ت ٨٢ هەوری لـە
١٠/٢٢ شەهید بوو .

١١ـ طالب حاجی عبداللـــــە /
یاریدەدەری فەرمانـــدەی
کەرت لە ت٣٧ شاربازیر .

١٢ـ سەربەست /پیشمەرگەی
ت ١٢ سوران .
١٣ـ حسین جگەرە /پیشمەرگەی
ت ٥١ گەرمیان .
١٤ـ محمد خدر /پیشمەرگەی
ت ٥١ گەرمیان .

سلاو بو ئەو گیانە نەمرانەی
کەهەموو پارچە داگیرکراوەکانی
نیشتمانیان کردە مەیدانی گیان
بازی و بەرەنگار بوونەوەی
دوژمن ، سلاو بو ئەو پیشمەرگە
شەهیدانەی کەبەخوینی خویان
کوردستانیتی ی . ن . ك پیان
سەلماندەوە، چەندین هەنگاوی
تر شورشی سەرتاسەر
کوردستانیان بەرەو پیشەوە
برد . یەك مەسەلەیی گیشەی
کوردیان روون تر کردەوە .

یەکێك لە بڕیارەکانی کۆنگرەی پارتی کرێکارانی بەریتانیا

١٥ ملیون کورد مافی سیاسی و
فەرهەنگی و زمانیان پێخیل کراوە، بەجورەها شێوەی
دڕندانە رەفتاریان لەگەل دەکرێت و داواکاریەکانیان
سەرکوت دەکرێتەوە . خەباتی ئەو ١٥ ملیون کوردە لە
پێناوی مافی چارەنووس دایە، شەرەکەشیان دژی ئەو
رژیمانەیە کەکوردیان بەسەر دابەش کراوە (عێراق ـ
ئێران ـ تورکیا ـ سوریا) .

ئێمە پشتیوانی لەخەباتی رەوای ئەو ١٥ ملیون
کوردە دەکەین بو بەئازادی دەربڕینی بیروڕای سیاسی و
ناسنامەی نەتەوایەتی خویان و یەك بوونەوەیان .

ژمارە ۱ ڕیبازی نوێ خولی ٤

هێزی گەل

مەلبەندی ۳

۱) لەشەوی ٥/٩/١٩٨٢دا مەفرەزەیەکی کەرتی ٤ی جەباری تیپی٥٧ی سەرمە هیرشیکی قارەمانانەیان کردە سەر ڕەبیەکانی قەرەهەنجیر ٠٠ لەم هەلمەتەدا ڕولە دلسوزەکانی ی ٠ ن ٠ ك شیرانە دەستیان گرت بەسەر ڕەبیەکەدا ٠

زیانی گیانی دوژمن و دەسکەوتی پیشمەرگە قارەمانەکان :-

أ- کوژرانی ۳ جاشی شەعبی ٠

ب- گرتنی ۸ مەخزەنی کلاشینکوف و ۷۰۰ فیشەکی ڕوسی ٠

باشان هەرچی لەڕەبیەکەدا بوو سوتینرا ٠

۲) لەشەوی ٨/٩/١٩٨٢دا پیشمەرگە نەبەزەکانی ك/٣ی تیپی ٥٧ی سەرمە هیرشیان بردە سەر ڕەبیەی (کەلەرەش) کەسەر بەلیوای ٦٠١ی وەحدەی ٧١١٦ فەوجی١ سریەی ١ و بەچەکی قورس و سوك بوو ماوەی ١٫٣٠ سەعات ئاگربارانیان کردن و لەئەنجامدا سەربازەکانی ناو ڕەبیەکە بەناچاری خۆیان دا بەدەستەوەو بەدیل گیران و

پیشمەرگەکانیش بەتەواوی دەستیان گرت بەسەر رەبیەکەدا .
زیانەکانی دوژمن :
أ- بەدیل گرتنی ١٠ سەربازی ئەمەش ناوەکانیانە :

١- فتح الله عبدالفتاح مصطفی	خەلکی چەمچەمال
٢- عزیز احمد رەمەزان	خەلکی عەربەت
٣- احمد عبدالکریم محمد	خەلکی کریچنە
٤- جمال حمد احمد	خەلکی نازەنین/هەولیر
٥- محمد رشید عزیز	خەلکی قەلاچوغە
٦- دارا محمد مصطفی	خەلکی سەنگاو
٧- جبار محمد رشید	خەلکی هەشەزینی
٨- محمد سید نوری سید قادر	خەلکی نورە/ چەمچەمال
٩- جلیل مدحت زوراب	خەلکی گوندی جنوکەی سەنگاو
١٠- عبدالله حسین	خەلکی گوب تەپە بەبریندداری

باس روونکردنەوەی ریبازی شورش و ی . ن . ک ئازادکران .
ب- دەسکەوت :
١- گرتنی ١٤ کلاشینکوفی سیخو و ٣٦ مەخزەن .
٢- گرتنی ١ رمشاشی آر . بی . کەی ژمارە (٦٨٦٠) و ٥ مەخزەن .
٣- گرتنی ٤ سندوق فیشەکی روسی .
٤- گرتنی ١ سندوق رومانەی دەستی .
٥- گرتنی ١ تەلەفون .
٦- گرتنی ١ جیپی راکالی بچوک .
لەگەل سوتاندنی ٢ خەیمەو چەندین بەتانیو کەلوپەلیکی تر .
هەروەها ٦ سەربازی دوژمن بریندار بوون .
٣) لەشەوی ١٠/١١/١٩٨٢/٩دا پیشمەرگە نەبەزەکانی ک/ەی جەباری تیپی ٥٧ی سەرمە هەلمەتیکی شیرانەیان کردە سەر رەبیەی (قەرەتامور) و بەچەکی قورس و سوک ئاگربارانیان کردن لەئەنجامدا دەستیان گرت ٣٠

ژمارە ۱ ڕیبازی نوێ خولی ٤

بەسەر ڕەبیەکەدا ٠

أ- دەستەوتەکان :

۱- گرتنی ٦ کلاشینکوفی سیخو ٠

۲- گرتنی ۱۲ هەزار فیشەکی ڕوسی و ۱۰ ڕومانەی دەستی ٠

۳- گرتنی ۱ جیپ هازی ۱۰۵ کەژمارەکەی (۳۳۷۵٦٦) بوو ٠

ب- بەدیل گرتنی ٤ سەرباز ئەمەش ناوەکانیانە :

۱- ناصح عارف خەلکی گوندی قەلاچوغە/چەمچەماڵ

۲- عباس محمد غریب خەلکی سەنگاو

۳- ولید مراد احمد خەلکی شارەبان

٤- عبدول عمر خەلکی سلیمانی

پاش ڕوونکردنەوەی ڕیبازی شۆڕش و یەکێتی ئازادکران ٠

هەروەها ۸ سەرباز بریندار بووە پاشان هەرچی لەڕەبیەکەدا بوو سوتێنرا ٠

مەڵبەندی ٤

٤) لەشەوی ۱۸/۱۹/۱۰/۱۹۸۲دا مەفرەزەیەکی ك/۱ تیپە تیپی/۹۳ی کۆمەڵەت هێرشیان بردە سەر ڕەبیەی ژمارە (۱۰) ی فەوجی (۷۱۱۸)ی (کانیماڕوو) بەچەکی قورس و سووک ئاگربارانکردن و دوای شەڕێکی سەخت ڕەبیەکەیان بەسەر سەربازەکاندا ڕووخاند پاش ئەوەی ئەم زیانانەیان لەدوژمن دا :

أ- ڕووخاندنی ڕەبیەکەو کوژرانی ٤ سەرباز ئەمەش ناوەکانیانە

١ـ ن • ع فتحی بدرالله خەلکی موصل
٢ـ ج • احتیاط محمد جاسم محمد خەلکی بغداد/ حی الشماعیه
٣ـ ج • احتیاط جابر خادم غازی خەلکی دیوانیه/ قضاء الشامیه
٤ـ ج • م عبدالحسین حمزه علی خەلکی کربلاء

بریندار بوونی سەربازیك بەناوی توفیق صالح فتاح و بەدیل گرتنی ٥ سەرباز ئەمەش ناوەکانیانە :

١ـ ج • م جلیل علی باوه خەلکی بغداد/ حی الجمیله / رقم الهویه ٣٠٩١
٢ـ ج • احتیاط جوده راضی حسین خەلکی بغداد الجدیده / الکمالیه/ رقم الهویه ٣٤٢٠
٣ـ ج • احتیاط ناجی هاشم محمود خەلکی بغداد/ مدینه الثوره رقم الهویه ٣٣٤٨
٤ـ ج • احتیاط علی جدعان احمد خەلکی بغداد/ صلیخ الجدید/ رقم الهویه ٣٤٤٠
٥ـ ج • احتیاط توفیق صالح فتاح خەلکی سەنگاو/ رقم الهویه/ بلا

باس روونکردنەوەی ریبازی شورش و یەکیتی ئازادکران •

بـ دەستکەوت :

١ـ گرتنی ١ آر • بی • جی ـ ٧ ـ ژمارە ٥٤٦١ مودیل ٩٨١ ٥ ٦ گوللە •
٢ـ گرتنی ٤ کلاشینکوف و ٢ مەخزەنی (٧٥) ی و (٥) مەخزەنی(٤٠)ی
٣ـ گرتنی دەمانچەیەکی ویلتەری ژمارە (٥٤٢٢) •
٤ـ گرتنی ٤ سندوق نارنجوکی دەستی •
٥ـ گرتنی ١ سندوق فیشەکی روسی •
٦ـ گرتنی ١ جیهاز و ١ تەلەفون •

پیشمەرگە قارەمانەکانیش سەرکەوتوانە گەرانەوە شوێنی خویان •

مەڵبەندی (۲)

٤) لەبەرەبەیانی ۱۹۸۲/۱۰/۲۲دا هێزێکی هاوبەش لەپێشمەرگە قارەمانەکانی ك/ تیپ و ك/۲ و ك/۳ی تیپی ۲۱ی کەرکوك چوونە سەر ڕەبیەی حمایەی مقر فەوجی ۲ی ئاغجەلەرو بەخەستی ئاگربارانیان کردن و پاشان سەربازەکان ناچار بوون خۆیان بدەن بەدەستەوە و پێشمەرگەکانیش دەستیان بەسەر ڕەبیەکەدا گرت و سەربازەکانیان بەدیل گرت کەئەمەش ناوەکانیانە :

۱ـ ن • ع نعمت یوسف یونس	خەلکی موصل
۲ـ ن • ع حسن جاسم	خەلکی ناصریە
۳ـ ج • م سلیم حیدر علی	خەلکی کربلاء
٤ـ ج • م عدنان خضیر	خەلکی بغداد
٥ـ ج • احتیاط رسول کریم شریف	خەلکی گوندی عەسکەر
٦ـ ج • احتیاط تمیم حمزە	خەلکی بغداد/ زعفرانیە
۷ـ ج • احتیاط سالم موسی	خەلکی بغداد

پاش ڕوونکردنەوەی ریبازی شۆرش و یەکێتی ئازادکران •

دەستکەوت :

۱ـ گرتنی ۱ دوشکای ئەڵمانی ژمارە (۲۸۰۵۵) و (۳۲) سندوق فیشەك •

۲ـ گرتنی ۸ کلاشینکۆفی سیخۆر و (۳۲) مەخزەن •

۳ـ گرتنی ۲ سندوق فیشەکی ڕوسی •

٤ـ گرتنی ۱ سندوق نارنجۆکی دەستی •

٥ـ گرتنی ۱ جیهازی ڕاکاڵ ژمارە (۷۸۰۲٥) •

٦ـ گرتنی ١ دەمانچەی مکاریۆف ژمارە (٢١٨) .
٧ـ گرتنی ١ تەلەفون و ١ دووربینی سەربازی .
پێشمەرگە قارەمانەکانیش سەرکەوتوانە گەڕانەوە شوێنی خۆیان .

مەڵبەندی ٣

× گەلە جاشێکی خۆفرۆش لەشەوی ٢٨/١٩٨٢/١٠ ٢٩دا هێرشیان کردە سەر بارەگای کەرتی شەهید حەمە زیادی تیبی / ١٢ی سوران لەگوندی فەقێیانی بناری چیای کورەك . شەر لەسەعات ٥ی بەیانییەوە دەستی پێکرد، دوژمن بەچەند کوبتەرێکی جەنگی و توپباران کردنێکی خەست پشتیوانی لەجاشەکانی کرد . بەڵام پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی شەهید حەمە زیادو خەڵکی شۆرشگێڕی گوندەکە دڵێرانە بەرەنگاری هێرشەکە بوونەوەو هێرشی دوژمنیان شکاند .
لەئەنجامی شەڕەکەدا زیانێکی زۆر لەبەڵامارەرەکانی دوژمن کەوت کەبەم جۆرەی خوارەوە بوو :ـ
أـ کوژرانی (١١) جاش کەئەمەش ناوەکانیانە بەپێی گرتنی ئەو ئەو کەڵاکانەی لەمەیدانی شەڕەکەدا بەجێ مابوون .

١ـ عبدالله احمد فقو — خەڵکی گوندی ساردار/موالیدی ١٩٤٥ .
٢ـ هادی محمد حسین — خەڵکی گوندی باپشتیان/موالیدی ١٩٥٧ .
٣ـ حسن احمد فریاد — خەڵکی گوندی هیشکەر/موالیدی ١٩٤١ .

٣٤

ژمارە ۱ ریبازی نوی خولی ٤

٤ـ عادل محمد عبدالرحمن — خەلکی ناحیەی سەید صلاح الدین/ موالیدی ۱۹۲۹ .

٥ـ محی الدین حسن خدر — خەلکی گوندی بالەکیان/موالیدی ۱۹٦۷ .

٦ـ محمد میرخان قادر — خەلکی گوندی ساردار / موالیدی ۱۹٦۷ .

۷ـ عمر مستەفا خدر — خەلکی گوندی بالەکیان/موالیدی ۱۹٥٥ .

۸ـ قادر عمر حسین — خەلکی گوندی بالەکیان/موالیدی ۱۹٦۳ .

۹ـ ملا خدر احمد — خەلکی گوندی بالەکیان/موالیدی ۱۹٦۳ .

۱۰ـ و ۱۱ـ ناوی ئەو دوو کەلاکەی تریان نەزانراوە لەبەرئەوەی دەست دوژمن کەوتوتەوە .

ب ـ بریندار بوونی (۱٥) جاش کە (۱۰) یان بریندەکانیان قورسە و (٥) یان لەخستەخانەی دیانە مردوون .

جـ ـ بەدیل گرتنی ۹ جاش و یەک جندی مخابر / کەئەمانەش ناوەکانیانە :ـ

۱ـ عبدالخالق محمد احمد — خەلکی گوندی بالەکیان/موالیدی ۱۹٦۰ .

۲ـ قادر نبی عمر — خەلکی گوندی بالەکیان/موالیدی ۱۹٥٥ .

۳ـ فاخر زیانک محمد — خەلکی گوندی بالەکیان/موالیدی ۱۹٥٤ .

٤ـ فرحان رزاق مستەفا — خەلکی گوندی ئینزی/ موالیدی ۱۹٥۲ .

۳٥

٥ـ ملا احمد احمد ئاغا — خەلکی گوندی ساردارو/موالیدی ١٩٥٥ .

٦ـ سەلام مەمو عەدو — خەلکی گوندی ساردارو/موالیدی ١٩٦٣ .

٧ـ فرحان مەمو عەدو — خەلکی گوندی ساردارو/ موالیدی ١٩٤٢ .

٨ـ مصطفی رمضان — خەلکی گوندی ساردارو/ موالیدی ١٩٥٨ .

٩ـ صلاح مولود — خەلکی گوندی مەزنی / موالیدی ١٩٦٣ لەبەرئەوەی بریندەکەی قورس بووە دراوەتەوە بەکەمرو کاری .

١٠ـ چەندی مخابر/علی جبر عزیز — خەلکی گەربەلا / موالیدی ١٩٦١ رەقەمی وەحدەکەی ٢٠٤٢، لیوای ٩٥ی دیالە .

دەسکەوت :ـ

١ـ گرتنی (١١) کلاشینکوف .
٢ـ گرتنی (٣) برنەو .
٣ـ گرتنی (٤٢) مەخزەنی کلاشینکوف .
٤ـ گرتنی (١) جهازی بیتەلی ژمارە (١٠٥) .
٥ـ گرتنی (٣) دووربین .

هەروەها بو بەیانی گەلەجاشیکی تر بەپشتیوانی کوپتەرو توپباران کردن هیرشیکی تریان کردەوە سەر گوندی ئاکویانی نزیک فەقیەتو لەسەعات ٦ی بەیانی شەر دەستی پیکردو پیشمەرگە قارەمانەکانی ك/ شەهید وەسمان بەگ و ك/ شەهید حەمە زیادو ك/ جبار سیدەو ك/ تیبی ١٢ی سوران و خەلکی گوندی ئاکویان بەرەنگاری هیرشەکە

بوونەوەو لەسەعات۷ی ئیوارەدا هیرشەکەی دوژمنیان شکاندو بەرەو مولگاکانیان راویان نان و ئەم زیانانەیان لەدوژمن دا :

أ- کوژرانی (٦) جاش کەئەمەش ناوی سیانیانە کەلەمەیدانی شەرەکەدا بەجی مابوون :

١- رەشید زیرو حارس خەلکی گوندی کەلەکین/ موالیدی ١٩٦٧ .

٢- مولود قادر مولود خەلکی گوندی دیانە / موالیدی ١٩٥٤ .

٣- محمد صالح محمد علی

٤- و ٥- و ٦- ناویان نەزانراوە لەبەرئەوەی کەلاکەکانیان دەست دوژمن کەوتوتەوە .

ب- کوژرانی (٦) قواتخاصە .

ج- بریندار بوونی (٦) جاش کەبرینی(٤) یان قورسە .

دەستکەوت :

١- گرتنی (٢) کلاشینکوف .

٢- گرتنی (١) برنەو .

٣- گرتنی (١) جهازی هوکی توکی .

زیانی ئیمەش بریندار بوونی ١ پێشمەرگەی ك/ شەهید هەمەد زیادە کە خوشبەختانە برینەکەی سووکە .

مەلبەندی ١

لەسەعات ٣٫٢٠ دەقیقەی رۆژی ١٩٨٣/١٢/٩ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی٣و کەرتی٤و کەرتی٥ی تێپی ٥١ ی گەرمیان بوسەیەکیان لەنزیک گوندی پیازە خر کە٢٠ دەقیقە لە مۆلگای سەربازی تیلەکووە دوورەوە بو ئەو کاروانە سەربازیە دانا کەهەموو رۆژی لەقەزای کفری و کەلارەوە بو تیلەکو دەگەرایەوە، پێشمەرگە قارەمانەکان لەکاتی گەیشتنی کاروانەکەدا- کەبریتی بوو لەئێنایەکی بر لەسەربازو زری پۆشیک شیرانە لێیان رابەرین و بو ماوەی ٣٣ دەقیقەی تەواو خستیانە ژێر لێزمەی گوللەی چەکە قورس و سوکەکانی خویانەوەو هێزەکەی دۆزمنیش لەبەردەم هەلمەتی قارەمانانەی پێشمەرگەکان دا بێدەنگ و بێجولە بوون و هیچیان بو نەکراوە بەم شێوەیە لەگەل یەکەم دەسریژی پێشمەرگەکانا زەنگی سەرکەوتن لێدرا و دەستگیرا بەسەر مەیدانی شەرەکەدا و ئەم زیانە گیانی و مالیو دەسکەوتانە لەمێژووی تێپی گەرمیان و خەلکی ناوچەکەدا تومار کرا .

١) زیانەکانی گیانی دۆزمن: کۆژرانی ٥ سەرباز ئەمەش ناوەکانیانە:

ا- صباح عبد علی	خەلکی عمارە
ب-خیرالله منصور	خەلکی بەغدا - حی الجمیلە
ج-سمیح عبدالصاحب	خەلکی عمارە
د-عبدالواحد صالح	خەلکی ناصریە - رفاعیە
هـ-شاکر محمد احمد	خەلکی بصرە

٢) بریندارِبوونی ٧ سەرباز کەهەمویان لەکاتی خوی دا تیمار کران.

ژمارە ۱ ریبازی نوێ خولی

۳) بەدیل گرتنی ۲۱ سەرباز ئەمەش ناوەکانیانە :

۱ـ عبدالهادی صالح	خەلکی عمارە ـ محلە سرای
۲ـ حمید عزیز محمد	خەلکی کربلاء ـ عباسیە الغربیە
۳ـ محمد حسین مجید	خەلکی خانەقین ـ محلە مزرعە
٤ـ توفیق صادق باقر	خەلکی بەغداد ـ راغبە خاتون
٥ـ احمد محمود احمد مراد	خەلکی عمارە ـ محمودیە حی الاکراد
٦ـ علی حسین شکری	خەلکی بصرە ـ محلە الفورسی
۷ـ علی عبدالرحمن کاظم	خەلکی بەغداد ـ حی الدولعی
۸ـ وصفی عبود صالح	خەلکی عمارە ـ محلە سرای
۹ـ جلیل سفر نوروز	خەلکی بصرە ـ محلە زبیر
۱۰ـ عباس احمد عبدالله	خەلکی کربلاء ـ محلە السلامە
۱۱ـ محمد عبدالغنی علی	خەلکی بەغداد ـ کاظمیە
۱۲ـ شوان فاضل تالەبانی	خەلکی کرکوك
۱۳ـ رانی میساك	خەلکی بەغداد ـ بغداد الجدیدە
۱٤ـ عبدالکریم ابراهیم	خەلکی بەغداد ـ کاظمیە
۱٥ـ سمیر شیخ علی	خەلکی کربلاء ـ عباسیە الغربیە
۱٦ـ مجید احمد محمد	خەلکی رمادی ـ خالدیە
۱۷ـ صالح علی غلوم	خەلکی کربلاء ـ عباسیە الغربیە
۱۸ـ علی حسین فرج	خەلکی رمادی ـ خالدیە
۱۹ـ عصام عبدالجبار حسون	خەلکی عمارە ـ محلە سرای
۲۰ـ عدنان تقی علی	خەلکی بەغداد
۲۱ـ نورایر ماهیك	خەلکی بەغداد

ئەم سەربازانە هەمویان سەر بەوەحدەی (۳۳٦) سریەی (٤) بوون پاش روون کردنەوەی ریبازی شۆرش و یەکیتی نیشتمانی کوردستان هەمویان ئازاد کران

٤) زیانەکانی دوژمن و دەسکەوتی پێشمەرگە قارەمانەکان

١ـ گرتنی مدرەعەکە بەدەست ـ دوای ئەوەی هەموو تجهیزاتەکانی لی دەرهینرا سوتینرا ٠
٢ـ ئیفا سەربازیەکە بەساغی گیـــــرا هەندی خواردەمەنی و کەل وپەلی تیابوو ٠
٣ـ گرتنی گرینوفیکی مودیل (٦١) ٠
٤ـ گرتنی یەک آر٠ بی ٠جی (١١) ٠
٥ـ گرتنی " ٩ " سندوق فیشەکی گرینوف ٠
٦ـ گرتنی جیهازیکی بیتەلی ژمارە (١١٢) ی روسی ٠
٧ـ گرتنی (١٥) کلاشینکوف کە (٣) کلاشینکوفی جوری سیخویـــــە و یەکیکی فاس و ئەوانی تر جوری صینی ٠
٨ـ گرتنی دەمانچەیەکی قانسیە بە (٢) شانەوە ٠
٩ـ گرتنی (٢) بەرمیل بەنزین ٠
١٠ـ گرتنی ژمارەیەک مەخزەنی کلاشینکوف ٠

ی ٠ ن ٠ ک ئەرکی نیشتمانی و فرمانی نەتەوەیی خوی بەجی هینا لەبەدەنگەوە چوونی شورشگیرانی گەلەکەمـــان لەپارچەیەکی تری نیشتمانەکەمان دا کەئیستا بـــوتـە سەنگەرو یەناگای ئازادیخوازانەی ئیران ٠ وەبـــەمـە هەر وەکو یەکیک لەسەرەتا بنچینەبیەکانـــــی خـــوی بەکردەوە جیبەجی کردوە نەریتیکی شورشگیرانەی تازەشی لەجولانەوەی کوردا داهینا و جیگیر کرد ٠

٤٠

٤٤٧

چالاکی کان	ژمارەی چالاکی	زیانی گیانی دوژمن			زیانی مالی دوژمن	دەستکەوتە کانمان	زیانەکانمان		
		کوژراو	بریندار	دیل			نیشتمان	بریندار	دیل
نیشتمان	٧٢	٩٥	٨٨	٢٥	تیك شكاندنی : (٤) ئیفا ، (٢) شوفرلیت ، سەیارەیەك ، رادارێك ، (١) ناقیلە . سووتاندنی : (٣) ئیفا ، (٢) جیپ قیادە ، (١) ناقیلە ، (٢) سەیارە ، رووخاندنی سەنگەرێك ، (٣) سەیارەی گەلاب ، (٣) خانووی سەفەری تیك دران ، (١) جهازی تەقویە ، (١) رەشاش ، خستنە خوارەوەی (١) هێلیکۆپتەر . سووتاندنی : (١) زیل ، (٢) باسی مەصلەحە .	(١٦) کالیبەنکوف و (٦٥) مەخزەن ، (٢) رەشاشی آر . بی . کەی ، (٢) دەمانچە ، (٢) گوللە آر . بی جی ، (٦) جهاز ، (٥٠٠) فیشەکی رووسی ، (٢) سندوق فیشەك ، (٤) نارنجوك ، (٦) سەیارە .	٥	٧	١
ماکس	١٢٥	٢٢٠	١٥٦	١٥	تیك شكاندنی : (٣) ئیفا ، (٢) جیپ قیادە ، (١) ناقیلە ، (١٠) سەیارەو رووخاندنی سەنگەرێك ، (٣) خانووی سەفەری تیك دران ، (١) جهازو (١) رەشاش ، خستەخوارەوەی (١) کۆبتەر سووتاندنی : (١) زیل و (٢) باسی مصلحە .	(١٦) کالیبەنکوف و (٢٠) مەخزەن ، (٢) دەمانچە ، (٣) تفەنگ ، (١) آر . بی . جی و (٣) گوللە ، (١) قەناصەو (٦) مەخزەن ، (٣) نارنجوك ، (٥) (٥) گوللە هاوەن ، (١٠٠٠) فیشەکی رووسی ، سەیارەیەکی تویوتا .	٧	١	١
حوزەیران	١٠٩	١٨٢	١١١	١٧	تیك شكاندنی : (١) ئیفا ، (٣) زیل ، (١) جیپ قیادە ، (١) مدرعە ، (١) تانگەر ، (٣) سەیارە . سووتاندنی : (١) زیل ، (١) تویوتا ، (٦) سەیارە ، (١) ناقیلە ، ئاگر تێبەردانی شەریکەی جەمەنتو لە لەیلان .	(١٨) کالیبەنکوف و (٥٨) مەخزەن ، (٣) دەمانچە ، (٢) رەشاشی دیکتاریوف و (٣) شریت ، (١) آر مبی . جی و (٣) گوللە ، (١١) نارنجوکی دەستی ، (١) جهازی راکال ، (٢) رەشاشی آر . بی . کەی ، (١) دەمانچەی تەنویرو (١٨) گوللە ، (١) دووربین ، (٣) مەخزەنی (٧٥)ی ، (٨) مەخزەنی (٤٠)ە (١١) سندوق فیشەکی دوشکا ، (٨) سندوق فیشەکی گریتوف ، جهازیکی (تەلەکوبی) فەحسی خوێن ، (٤) سەیارەی هیدانە دەرەوەی داوو دەرمانی خستەخانەی ئومەراوە .	٥	٧	١

ناوەندەکان	ژمارەی چالاکی	زیانی گیانی دوژمن: کوژراو	بریندار	دیل	زیانی مالی دوژمن	دەستکەوتەکانمان	زیانەکانمان: کوژراو	بریندار	دیل
ئەمۆز	١٠٣	١٩٩	٨٣	١٢	تێکشکاندنی: (٣) زێل، (٣) جێپ قیادە، (١) ئاقیلە، (٤) سەیارەی لەکارخستنی سەیارەیەکی نەجدە. سووتاندنی: (٣) زێل، (١) ئوتۆمبێل، (٢) کەمارەی (٣) سەیارە.	(٣٨) کالێبنکۆف و (٦٠) مەخزەن، (٣) دەمانچە، (١) جەهازی "کاشف الالغام"، (١٥) سەرمەرە، کۆمەڵێک مستەکات، سەیارەیەکی تۆیۆتا.	٨	٢	–
ئاکاب	١٨٩	٣٩١	٢٤٢	٤٣	تێکشکاندنی: (٥) زێل، (١) جێپ قیادە، (٤) ئێفا، (٦) سەیارە، (١) بەکاب، (٣) ئاقیلە، (٢) دۆشکا، (٢) مدرعە، لەکارخستنی فرۆکەیەکی جەنگی، تێکدانی سەربازگەیەک لەتانجەرو، لەکارخستنی سەیارەیەک. سووتاندنی: (١) زێل، (٢) جێپ قیادە، (١) ئاقیلە، (٣) سەیارە.	(١٤) کالێبنکۆف و (٢١) مەخزەن، (٧) دەمانچە، (٨٠٠) فیشەکی رووسی، (١) رەشاشی نیکتاریۆف، (٤) تایپ، (١) تۆیۆتا، تەجیلیکی ئاشنال، (٢) سەیارە.	٦٠	٥	–
ئەیلول	١٤٢	٢٣٠	١٤٧	٨٩	تێکشکاندنی: (٤) زێل، (١) جێپ قیادە، (١) ئێفا، (٦) سەیارە، لەکارخستنی سەیارەیەک، ڕووخاندنی (٢) ڕەبایە. سووتاندنی: (١) ئێفا، (٢) جێپ قیادە، (٦) سەیارە، سووتاندنی (٢) خیمەو چەند بەتانێک، تەقاندنەوەی عەمارێکی تەقەمەنی.	(٣٦) کالێبنکۆف و (٧٧) مەخزەن، (٤) دەمانچە، (١٥٠٠) فیشەکی رووسی، (١) رەشاشی آر. پی. کەی، (٣) سیمینۆف، (١) تفەنگی بەرهەشوتە (٥٠) فیشەکی برنەوە (٤) سندوق فیشەکی رووسی، (١) سندوق رومانەی دەستی، (١) تەلەفۆن، (١) جەهازی ڕاکالی بجوک، (١) جەهازی (١٠٥)، (٥) مەخزەنی (٤٠)ی، (٣) سەیارە، (١) جێپ قیادە، (١) ماتورە هینانەدەرەوەی داوودەرمانی خستەخانەی ئستاری ژمارە (١٤) لەسلێمانی، (١) سەیارەی لاندکروزەر.	٧	٥	–

ڕێبازی نوێ

ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ژمارە (٢) — شوباتی ١٩٨٥ — ٥٠٠ فلس

هەڵبژاردنەکانی حەساوەری شۆڕشگێڕانەی هاوبەش لەگەڵ هێزە بێتشکەوتنخوازەکانی عیراق و کوردستان، لەبێتاوی دیموکراسی بۆ عیراق و ماڤی چارەنووس بۆ کەلی کورد.

پاڵکردنەوەی زنجیرە چیای داباندا وڵێ شەدەڵە

گرتنی ١٧ ڕەبیە و ٣ مەقەری سەریە کوشتنی ٥٤٠ عەسکەر و بەدیلگرتنی ٩٨ عەسکەر و «جیشی شعبی» و ٥١٠ گرتنی پارچە چەک

حکومەتی عێراق، لەماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا، سەرباری بەکارهێنانی فڕۆکە و هێزی زرێپۆش و تۆپخانەی قورس، هێرشێکی گەورەی کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی ئەیلوول لە پارێزگای سلێمانی و هەوڵیدا بە هەموو شێوەیەک ئەو ناوچانە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. بەڵام هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە پشتیوانی جەماوەری خەڵکی ناوچەکە توانیان هێرشەکە بشکێنن و زیانێکی گەورە بە هێزەکانی حکومەت بگەیەنن.

لە ماوەی ئەو هێرشەدا، کە لە ١٧ ڕەبیەوە دەستی پێکرد و تا ٢٣ ڕەبیە بەردەوام بوو، حکومەت ٥٤٠ عەسکەری لە دەست دا و ٩٨ عەسکەری بەدیل گیرا. هەروەها ٥١٠ پارچە چەکی جۆراوجۆر و ٩ ئۆتۆمبێلی جۆراوجۆر و ٢ تانکی لە دەست دا. هەروەها ٣ فڕۆکەی جەنگی و ٢ هێلیکۆپتەر بە ڕاکێتی ئاسمان بە زەوی تێکدران.

لە بەرامبەردا، پێشمەرگەی کوردستان ٣٧ شەهید و ١٤٠ بریندار و ٢٣ ونبووی هەبوو.

ئەم هێرشە گەورەیە لە کاتێکدا ڕوویدا کە هێزەکانی حکومەت لە ماوەی ٢ مانگی ڕابردوودا هەوڵی زۆریان دابوو بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، بەڵام هەموو هەوڵەکانیان شکستیان هێنا. هەروەها لە کاتێکدا ڕوویدا کە ئێران هێرشێکی گەورەی کردبووە سەر ناوچەکانی باشووری کوردستان و هەوڵی دەدا ئەو ناوچانە داگیر بکات.

بڕیارە هەفتەی داهاتوو باسی ئەو هێرشە بکەین و ئەو ئەنجامانە ڕوون بکەینەوە کە بەدەستی هێنا.

سەروتار

هەڵبژاردنەکانی ئەوڕۆی هەموان ڕووەو کۆبوونەوەی ی. ن. ک دەبات، لەکاتێکدا حکومەت هەوڵ دەدات بە هەموو شێوەیەک ئەو کۆبوونەوەیە بشێوێنێت و بیشێلێت. ئەمە بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کە ئەم هەڵبژاردنانە بۆ حکومەت هیچ واتایەکیان نییە جگە لە هەوڵێک بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی گشتی و بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت لە تاوانەکانی دژ بە گەلەکەمان. ئەم هەڵبژاردنانە بۆ حکومەت هیچ واتایەکی دیموکراسی و ئازادییان تێدا نییە. ئەوەی حکومەت دەیەوێت ئەوەیە کە بڵێت ئێمە هەڵبژاردنمان کرد و گەلەکەمان بە ئازادی دەنگی خۆیان دا. بەڵام ئێمە دەزانین کە ئەم هەڵبژاردنانە بە هیچ شێوەیەک ئازاد و دیموکراسی نەبوون و ئەوەی دەنگی بە حکومەت داوە بە هۆی ترس و زۆرەملێی دەسەڵاتەوە بووە.

ئەم هەڵبژاردنانە بۆ ئێمە هیچ واتایەکی نییە جگە لە هەوڵێک بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی گشتی و بۆ ئەوەی بتوانێت بەردەوام بێت لە تاوانەکانی دژ بە گەلەکەمان. ئەم هەڵبژاردنانە بۆ حکومەت هیچ واتایەکی دیموکراسی و ئازادییان تێدا نییە. ئەوەی حکومەت دەیەوێت ئەوەیە کە بڵێت ئێمە هەڵبژاردنمان کرد و گەلەکەمان بە ئازادی دەنگی خۆیان دا. بەڵام ئێمە دەزانین کە ئەم هەڵبژاردنانە بە هیچ شێوەیەک ئازاد و دیموکراسی نەبوون و ئەوەی دەنگی بە حکومەت داوە بە هۆی ترس و زۆرەملێی دەسەڵاتەوە بووە.

بەردانی ١٥ دیل

لەم ڕۆژانەی ١٥ ی مانگدا، ٩٨ کەس لەهێزە جۆراوجۆرەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت بەدیل گیران و هەموویان بەپێی ڕێنمایی ڕێڕەوی نێودەوڵەتی لە گەڵ دا کراوە. دوا جار لە ١٥ ئەم دیلانە بریندارەکانیان دوای ڕەزامەندی لێکۆڵینەوە و تیمارکردنیان، لەڕۆژی ٢٠ ی مانگدا ئازاد کران و بەپێی (موفاسل) لەڕێگای خەڵکەوە تەسلیم بە ڕێکخراوەکانی کرا.

گۆڕەپانە جوانترەکە دەکەینەوە

ماوەی چەند مانگێکە هێزەکانی حکومەتی شۆڤێنی عیراق، کە وتووێژەکانی خۆکۆکردنەوە و خۆنواندن، بە شێوەیەکی ئەوتۆ مەگەڕێ، ئەری ئێران، یان ڕزگارکردنی هەڵەبجە بکەن. پەلاماری هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەوەکان و ناپەردانە کادیرە عەسکەرییەکانی شەهید دەکەن، ژن و منداڵ و پیر دەکوژن، دێهاتەکان تاڵان دەکەن و دەیانسوتێنن. هەرگیز

پاشماوەی

گۆپتەپە



دیارە حکومەتی عیراق هەر بەوە ناوەستێ وولاتەکەمانی داگیرکردووەو، سەروەت و سامانەکەی بەتاڵان شەبات و ئەبدرێ، بەڵکو ئەیەوێ میللەتەکەمان بترسێو بەرەوازە بکات و لەناوی بەرێت. بۆیە هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی بیانوویەکدا دەگەڕێت تا رەتەکۆژی بکەوێتە ناو جەماوەرو ماڵەکانیان تەخت بکات.

لەسەعات ٥ر٨ی رۆژی ٢/٧ دا هێزێکی کەورەی دوژمن کە پێکهاتبوو لە ١٧ دەبابەو ٢ موەدەرەعەو ٦ کۆپتەرو ٢ فڕۆکەی بیلانۆس و ١٥٠ ئۆتومبیلی پڕ لەجاش و سوپا بەپشتیوانی ٤ تۆپی دوور هاوێژ هێرشیان کردە سەر گوندی گۆپتەپە کە (دەکەوێتە رۆژئاوای ئاغجەلەر لەدەشتایەکی تەخت و، جادەی قیر دەکاتە بەر دەرگای ماڵان. گۆپتەپە نزیکەی ٣٠٠ ساڵ دەبوو، دوو مزگەوت و قوتابخانەیەکی سەرەتایی (ئێستا بوو.)

بەشێکی لەتیپە فارەمانەکانی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ی خانەقین و دەستەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتی و بەشی کۆمەڵایەتی شتراتە بەر سنگی هێرشەکەی دوژمنیان گرت، شەر تا سەعات ٥ر٤ی ئێوارەی خایاند.

لەو ماوەیەدا هێزەکەی دوژمن بەپێشرەوی دەبابە کە لەبەردەکانی شەری ئێران سەحیان کردبووە پێنج جار هێرشیان کردە سەر دێکە. بەکەمین جارە دەبابە یەم ئێوەیە بەکاربهێنرێت و، دەوری سەرەکی هەبێت لەشەری هـ. پ. ک لەسۆرنی نوێی گەلەکەمانـدا.

فڕۆکەو دەبابەکان ٣٠کەی ماڵەکانیان بەسەربەکا ڕووخاندو سووتاند، بەڵام نەیانتوانی بگەنە ناو گوندەکە بەڵکو دوای زیان و شکستێکی زۆر بەرەو ئاغجەلەر پاشەکشەیان کرد. سەرجەم زیانەکانی دوژمن: کوشتنی ٤٢جاش و ٢٩ سەرباز، برینداربوونی ١١٣ جاش و سەرباز، شکاندنی ٢ دەبابە، لانەی جوار جاشێکەوتە دەست پێشمەرگەکان. دەکەوت: ٣ کلاشینکۆف، ١ آر.پی.جەی، ١ دەمانجەی ستاری کەورە بوو.

قوربانی ئێمەش شەهیدبوونی ٣ پۆلێسەی قارەمانی گەلەکەمان بوو:

شەهید حاکم کەمال، شەهید زهیر سەعدون، شەهید ئیسماعیل عەزیز سالم، بۆ ڕوژی دوایی حکومەت بەهێزترکی زۆرتر بەڵامارێ گۆپتەپەی دابەوە، کانێ دڵنیا بوو کەپێشمەرگەی تیا نەماوە چوونە ناو دێیەکەو شەو خانوانەی بەپێوە مابوون تەختیان کرد.

ڕاستە دوژمن توانی دوای زەرەرو زیانێکی زۆر گۆپتەپە تەخت بکات، بەڵام نەیتوانی دەستەڵات بەسەردەرووسی دا نیشتوانەکەی دا قەرز بکات.

ڕاستە دوژمن توانی هەبوو دانیشتوانەکەی گۆپتەپە ئاوارە بکات، بەڵام نەیتوانی لە ووردەبان کەم بکاتەوە. خەڵکی قارەمانی گۆپتەپە لەجاران ووردە بەرزبوو، گۆپتەپەیەکی جوانتر دروست دەکەنەوە، چونکە بیانای کەشەکردنی گۆمەڵ ئەو ڕاستیەی سەلماندوە کە زەمانی لەناوجوونی گەلان نێزیکبوە، ئەمڕۆ زەمانی لەناوجوونی زۆردارو خوێنمژانە.

جوانتر

دروستدەکەینەوە

ژمارە (٢)

ماموە ریشە

لەکاروانی سەروەریدا

* ناوی (نجم الدین شکور رەشوف)ە، لەناو کۆمەلانی خەلکا و پێشمەرگەدا بە ماموە ریشە ناسراوە.
* ساڵی ١٩٥٣ لەخێزانێکی جوتیاری کوندی تالەبان لەدایک بووە.
* لەرستانی ١٩٧٨دا بەبوونەی بە هەڕێمی پێنجی قەرەداخی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کرد.
* بەشداری و رابەری دەیان جالاکی نەبەردانەی کردووە وەکو: حەمکا، زالمی خوێلێن، زالمی دەربەندە، سالمی، زەنگەنە، ماسە، سیامەنسور، تەبەلوو، تەرجیل، کۆلەبان، قەرەتاموور، قەرەهەنجیر، ناو کەرکوکا، جەمجەمال. هەر وەکا چۆن قارەمانی شەرەکانی سەر جادەی جەمجەمال - سەنگاو، کەرکوکا - لەیلان، کەرکوکا - سلێمانیو شەرەکانی ئێران، قرناقاو پشتاشان، قەندیل، بێتواتەو جەندین نەبەردی تریش بوو.
* لەم تۆڕەدا سێ جار و جارێکیش لەقەلەستێن کەفیدائی بوو بریندار کراوە.
* قەرمانەدەی کەرتی جواری جەباری شیبی ٥٧ی سەکرمەو پێشمەرگایەتی کۆنفرانسی دووەمو سێیەمی کۆمەلە بوو.
* رۆژی ١٩٨٥/١/٢٤ لەگەڵ هەڤالان محسن و سەردار بەبەیانێکی زستانیا رانی عەسکەری شەهید کران.

سروودی شۆڕش

مەشخەلانی شۆڕشی نوێی ئەبەرە
گۆی بچوای، رەنجەڕان و لەدژارە

کوردستانم، شاخ و دەشت و ڕێ و بانت
کوردستانم، پێشمەرگەیە داستانت

بەرگی شەهیدە ئەستێرەی سوور ئالاکەی
دۆشمان لەدەموو ئازادی خوای دنیایە

بۆ داگیرکەر خاک دۆزەخمە ئەسووڕێ
سەرکەوتنم، خوێن ڕۆژانە ئەبینووسێ

کوردستانم، شاخ و دەشت و ڕێ و بانت
کوردستانم، پێشمەرگەیە داستانت

چەک، قەڵەم، دوانەی خەباتی لاوێنم
لەچاو یانا پرێی ئازادیم ئەبینم

لەئاشتیا، کۆتری سپی و، شنەی بایین
لەشەڕیشدا، پلنگێن و، ڕەشەبایین

وەک ئاوێنەی بەرلەدەتاوە، ئامانج ڕوون
مافی ڕەوا، چارەنووسی ڕزگاربوون

قەڵای ئێمە شۆڕەوە پێشمان سەنگەرمان
هێزی گەلەوی. ن. ک رابەرمان

کوردستانم، شاخ و دەشت و ڕێ و بانت
کوردستانم، پێشمەرگەیە داستانت

لەبەڵەك مانگ دا

* گرتنی مەقەرسریەیێك و ٩ ڕەبیە.
* كوشتنی ٥٠ كەس لە دوژمن و بەدیل گرتنی ٥٣ كەس.
* سووتاندنی ١٦ ئوتومبیلی هەمەجۆرو (مودەرەعە و پێكرانی) ئكۆپتەر.
* دەسكەوت: ٧٩ كلاشینكۆف، RBK ٩، RBG ٥، هاوەنی ٦٠ ملم، (دیكتاریۆف)، ٣ قەناسە.

سزای گەل

دیارە لە مێژوی هەموو میللەتانی ژێردەستی دونیادا، ئان بەشانی ئەوەی ڕۆڵە تێكۆشەرو گیان لەسەر دەستەكانی لە ڕووی زولم و چەوسانەوەی داگیركەرو زۆردارانی دەوەستنەوەو، گیانی خۆیان دەكەنە سوپەری پاراستنی گەل و گەیشتن بە مافە رەواكانی خۆیان لە دیاری كردنی چارەنووسی خۆیاندا، كەسانی بودەڵەو نەفس نزم و سێ كەڵكیش هەن، خۆیان بە داگیركەرو دوژمنی نەتەوەكەی خۆیان دەفرۆشن و دەبنە نۆكەرو دەست و پێوەندی.

هەر بەم جۆرەی لە كوردستان دا لەمەو ڕۆژەوەی ساری چەوسانەوەو دەستی داگیركەران گەیشتۆتە وولاتەكەمان، نیشتمان پەروەرو شۆرشگێران لە ڕووی وەستانەوەو ڕێگای پیرۆزی پێشمەرگایەتیان بۆ خۆیان و گەلەكەیان هەڵبژاردووە، خۆفرۆش و نۆكەرانیش ئەوانەی بەرژەوەندیان لە گەڵ داگیركەران، یان هەڵپەرست و چاوچنۆك و پول پەرستن ڕێگای جاشایەتییان هەڵبژاردووەو لەسەنگەری دژی نەتەوەكەی خۆیان وەستاون و بوونەتە كەوا سووری بەر لەشكری داگیركەرو سەداسیان لە هاووڵاتی و هاورمانی خۆیان شەهید كردووە.

ئاسۆی عومری و نورە گۆپەو عەرەبە ئەلیش سێ لەو جاشین و خۆفرۆشانە بوون كە ماوەی چەند ساڵێكە بوو بوون بەسەگی هاری بەرەڵڵای دوژمن و كەوتبوونە ویژدانی نەتەوەكەی خۆیان، چەندین هاوڵاتییان ئازارو ئەشكەنجە داو دەیان ڕاكێشەردووی بەسەكەری یان گرت و تەسلیم بەفاشییەكانیان كردنەوە، دەیان ماڵی كەسوكاری پێشمەرگەیان بۆ دوژمن دەست نیشان كردو بە گرتنیان دان، بە هەزاران دینار بەرانەیان لە خەڵكی شارو دێهاتەكان ساند، خۆفرۆشی ئەو خائینانە گەیشتبووە ڕادەیەكی ئەوتۆ ترس و تامیان خستبووە دەروونی زۆربەی خەڵكی شار.

بەلام دیارە عومری سەگی هار ٤٠ ڕۆژ زیاتر تێپەر ناكات، چارەنووسی خائینانیش لە شەرمەزاری و سزای گەل زیاتریان بۆ نامێنێتەوە، بۆیە لە سەعات ٨ ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/٨/٢٤ دەستەیەك لە پێشمەرگە قارەمانەكانی كوردستان، ڕۆڵە جەربەزەو بەجەرگەكانی ی . ن . ك لەسەر شەقامی

بڕوانە ل (٢)

گرتنی مەقەرسریەیێك و ٩ ڕەبیەو سووتاندنی چواری تر

هێزێكی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەكانی تیپی ٢١ ی كەركوك و ٢٥ ی خالخالان لە شەوی ٢/١-١٩٨٥/٨ دا پەلاماری مقەر سریەی (منصور) ی فەوجی ٤٤ ی جاش عەشیقەیاندا . لە ٧ دەقیقەی یەكەمدا مقەری سریەكە گیراو ئەم زیانانە لە دوژمن كەوت : ١- كوژرانی ٧ جاش ٢- بەدیل گرتنی ٩ جاش.

دەسكەوتەكان : یەك ئار.پی.جی ٧، ١١ دوانزە كلاشینكۆف و تەلەفۆنێك.

هەموو گەل وپەلی ناو مقەر سریەكە ئاگری تێ بەردرا .

هەناران

هاوكات لە گەڵ گرتنی مقەر سریەكە دەستەیەكی تر لە پێشمەرگە قارەمانەكان پەلاماری ڕەبیەی سەرشیوی – هەناران – یان دا لە ماوەی ١٥ دەقیقە ڕەبیەكە گیرا. زیانی دوژمن كوژرانی ٥ جاش و بەدیل گرتنی ٣ ی تر بوو. ژمارەیەكی تریش لە جاشەكان كەوتنە ژێر كەلاوە بەسەریەكا تەپێنرا وەكەی ڕەبیەكە.

دەسكەوتەكان : ١- یەك ئار.بی.كەی، ٢- ٦ كلاشینكۆف . ٣- یەكا برنەو .

هەروەها پێشمەرگەكان دوو ڕەبیەی تریشیان دایە بەر شیلكی گوللەو بەسەر یەكیشیان ڕووخاندن .

قوربانی ئێمەش لە گرتنی ئەو مقەر سریەو ڕەبیەو سووتاندنی دوو ڕەبیەكەی تر ٨ شەهیدی هەرگیز نەمر بوون بەم ناوانە :

١- شەهید محی الدین قەمبەر عەزیز ناسراو بە هیوا رەش . خەڵكی كەركوك .

٢- علی صابر ناسراو بە علی كەركوكی خەڵكی مام رەش.

٣- محمد علی ناسراو بە قامانچ خەڵكی چاڵاوی چمچماڵ .

٤- عبداللە علی خەڵكی باوەفەتێ .

٥- كەمال طاهر خەڵكی كەركوك گەرەكی تەپە .

٦- حكیم حازم محمد خەڵكی كەركوك گەرەكی ئیمام قاسم .

٧- جوامێر خورشید حیدر خەڵكی قۆمەرەیدان .

٨- عمر خورشید حسن ناسراو بەشاهۆ خەڵكی بی باتی .

بڕوانە ل (٢)

سزای گەل ... (پاشماوە)

پێرەمێرد لای سێن ئەو سێ خاڵیمەیان دایە بەر دەمێرێژی گوللەو رواڵەتی بێتاوانێکە هەستەکانیان کون کون و لەجۆش گەوزێنران، لەم رەهەندانەی ئەو جالاکیەیە مەزەندە دا :

١- شاسوێ فوسری و

٢- سورە کۆپە بەسزای گەل و شۆڕش گەیەنران.

فەرماندەی ئەمنی بریندار کرا.

سلێمانی، جادەو کۆڵانی، ئەو کۆڕەپانەیە کە سێدارەی گەلی تیا هەڵدەواسرا، خاشین و چلکاوخۆڕاتی تیا لەسێدارە دەدرێت.

هەموو خۆفرۆشانیش ئەمڕۆ سێ یا سێیەی هەمان چارەنوسی حوکمی گەل بەرەنجام وشاکامیان دەبێت.

گرتنی مەفرەزەیەکو ٩ رەبیە (پاشماوە)

ئەی ئەهیدە بەمرەکانی ڕێگای ڕزگاری هەزار سڵاو لەگیانی پاکتان بێ و هەتا هەبین ڕێبازەکەتان بەر نادەین تا دەگەین بەئامانج.

فەقێ حاجی یان

بەفرەژەیەک لەتیپی ٥٢ ی سەرمە ڕۆژ ٨/١١/١٩٨٥ پەلاماری ڕەبیەی فەقێ حاجی یان دا لەسەر جادەی گشتی سەنگاو - چەمچەمال، لەدوای یەکێ سەعات شەردا دەستیان بەسەر ڕەبیەکەدا گرت.

ڕیبانی دوزمن : ٢- کوژرانی جاش و ڕەبیەی غەنی فتح اللە، ب- بەدیل گرتنی پێنج جاش.

دەستەوتەکان :

١- یەک ئار.پی.جی.

٢- پێنج کلاشینکۆف.

٣- دوو بەرەو ئوت.

٤- یەک تەلەفۆن و ٥٠٠ فیشەکی بەرتەو.

هەڵگر

پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥٧ ی سەرمە لەشەوی ٨/١١/١٩٨٥ پەلاماری ڕەبیەی (هەڵگر) یان دا کەدەکەوێتە سەر جادەی گشتی چەمچەمال - سەنگاو، بەڵام جاشە ترسنۆکەکان بەپانتیایی هۆپان لەبەردەم هێزنی پێشمەرگەکان بگرن بۆیە دوای شەوەی دوو جاشیان لێ بریندار کرا رایان کردو ڕەبیەکەیان جێڕۆل کرد. کۆرە ئازاکانیش دەستیان بەسەر ڕەبیەکەدا گرت و ئەم-دوو جاشە بریندارەشیان بەدیل گرت.

١- ئازاد حمید علی خەڵکی ساوجبڵاغی کەلار.

٢- علی محمود ماجد.

دەستەوت : یەک کلاشینکۆف و بەرەوتێکو تەلەفۆنێک.

تیمما ڕەبیەکەیان شاگر تێ بەردا.

گۆپانێ

هێزێکی هاوبەش لەپێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٧ ی سەرمە لەشەوی ١٩٨٥/٨/١٦ دا هێزێکی قارەمانانەیان سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا کە ڕکوکۆ، لەماوەی چارەکە سەعاتێکدا دەستیان بەسەردا گرتو، بەڵام بەهۆی گوللەبارانی زۆڕو، گوللەی ئار.پی.جی دارو بەردو تەقەقەی ئاو ڕەبیەکە شاگری گرت و زیاتر لە ١٠ پارچە چەکی دوزمنیش سووتا.

ڕیبانی دوزمن : ١- کوژرانی زیاتر لە ١٢ هەبێتی ئاشەبیی کەبەکێکیان شامر قاطع بووە. ٢- دەستەوتەکان : ٢- یەک ڕەشاشی ئار.پی.جی، سێ یەک بێتێ کلاشینکۆف، حـ- یەک جیهازی بێتێ ئەلە بەجەرەوە. ٤- یەک دووربینو تەلەفۆنێک.

فۆربانی ئێمەش لەم بەردەدا ئەهیدبوونی دوو ڕۆڵەی ئازای گەل و شۆڕشەکەمان بوو، ١- شەهید جەمال یونس کاکە سڵا هەڵگری بەردا ڕشاوا. ٢- شەهید عومەر کەریم سالح ئاسراو بە عومەر کێڵەسپی.

هێری زێڕۆ

بەفرەژەیەک لەتیپی ٢٣ ی سوردا ش لەشەوی ٨/١١/٨٤ دا پەلاماری ڕەبیەیێکی دوژمنیان دا لەهێری زێڕۆ، لەدوای هێزێکی کت و پڕ دەستیان بەسەر ڕەبیەکەدا گرت و ١٣ جاش کوژراو جواربیان بەدیل گرت.

دەستەوت : پێنج کلاشینکۆف، یەک بەرەشوت، ٣٠٠٠ فیشەکی کلاشینکۆف.

پەلامار بەدا خەوە چوار پێشمەرگەی هەمیشە بەسەر لەو شەرەدا شەهید بوون : ١- شەهید غەریب مریوە، جێنگری فەرماندەی کەرت. ٢- شەهید یاسین غریب فەرماندەی مەفرەزە. ٣- شەهید عمر محمود فەرماندەی مەفرەزە. ٤- شەهید ئیبڕ حالد گەرگەری فەرماندەی مەفرەزە.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی ئەو شەهیدانەو گەشتە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری.

دۆڵی خەڵکان

هێزێکی هاوبەش لەپێشمەرگە قارەمانەکانی هەردوو تیپی کۆپەو بێتوێن، لەنیوەی تاریکە شەوێکی ئەنگوستەچاودا هێزنیان کردە سەر شەش ڕەبیە لەدۆڵی خەڵکاندا. لەئەنجامی گرتنی چوار ڕەبیەو سووتاندنی دوو ڕەبیەی تر ئەم ڕیبانەیە لەدوزمن کەوت :

١- کوشتنی ١٥ جاش.

٢ بەدیل گرتنی ٦ جاشی تر.

دەستەوتەکان : ١- یەک ئار.پی.جی ١١، ٢- یەک ڕەشاشی دیکتاریۆف، ٣- یەک ئار.پی.گەی، ٤- پانزە کلاشینکۆف و یەک سندوق فیشەک، ٥- یەک جیهازی کۆڵەپشت و ٤ تەلەفۆن.

فۆربانی ئەو بەردەی ئێمەش خوێنی گەنجی پێشمەرگەی هەرگیز بەبەر ماوێستا ئەمیرعبداللە بوو. کەئەندامی کەرتنی ڕێکخستنی کۆپە بوو. هەموو ئازاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهید ئەمیرو هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.

خدری سەر

دەستەیەکی هاوبەش لەپێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ ی سەرمەو تیپی ٥١ ی گەرمیان لەشەوی ٨/١١/٢١ دا هێزێکی قارەمانانەیان سەردە سەر ڕەبیەی خدری سەر، کەئەمیا یەک کیلۆمەتر لەسەنگاو دوورە. دوای یەکێ سەعاتی شەڕو پێکدان و بەرەرای شەوەی ٩ هەمالی هەرگیز بەمرو قارەمان شەهید بوون، بەڵام کۆڕەئازاکان ئاکو ڕەبیەکەیان تەگرت لەهەڵمەتنی هۆپان بەکەوتن.

سەرەنجام ٨ جاشیان بەدیل گرت. دەستەوبێن : ١- یەک ئار.پی.جی ١١. ٢- ئەش کلاشینکۆف. ٣- یەک ڕەشاشی ئار.پی.گەی ٠. ٤- دوو تەقەنگی بەرەشوت. ٥- یەک جیهازی بێتێل ١٠٩.

فۆربانی ئێمەش گیانی پاکی ٩ هەمالی هێزاو حەسوری تیپی ٥٧ ی سەرمە بوو :

١- شەهید عمر علی ڕشید جێنگری ف. کەرت.

٢- شەهید عبداللە ڕشید ف. بەفرەژە.

٣- شەهید بەهادین ئاحمد حسین جێنگری ف. بەفرەژە.

بەردەوامە ل (٣)

لە تۆڵەی ۹ شەهیدەکەی تیپی ۵۷ی سەرمە گرمە

سەعات ١١٫٣٠ی شەوی ٥/٣١ دوژمن بەهێزێکی زۆرو بەپاڵپشتی ڕاجمەو تۆپ هێرشی کردە سەر سنووری تیپی ١٢ و ١٩ پێشمەرگەکانی سۆران و کاروخ و بەرانەتی هێرشەکانی دوژمنیان تێک شکاند . بەپێی هەواڵەکان ١٢ چەکداری زێباری کۆژراون لەگەڵ ژمارەیەک قوات خامە .

لەئەنجامی تۆپ باران کردنی هێزەکانی دوژمن لەڕۆژی ٥/٢٨ لەلایەن تۆپخانەی شۆڕش لەسنووری تیپی ٨٥ دوو دەبابەو چەند سیارەیەک تێک شکاوەو بەرەو معسکری‌هەریر بڕاوەتەوە .

شەڕگەی ٧٨ی کاروخ

هێزێکی گەورەی دوژمن بەپاڵپشتی تۆپی دوور هاویژ و ڕاجمەو کۆمپەرنەچەند قۆناغێکەوە هێرشیان کردە سەر ناوچەی رزگار کراوەکانی مەڵبەندی ٣ کەبەم شێوەی خوارەوە بوو :
یەکەم : هێزێکی گەورەی دوژمن ڕۆژی ٥/٢٦ هێرشی کردە سەر کێڵی . پێشمەرگەکانی کەرتی ٥ ی تیپی ٧٨ ی کاروخ و هێزی پشتگیری کەلێتە لێزیان هاتنە دەست و ٣ هێرشی لەسەریەکی دوژمنیان تێک شکاند .
زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە ٣٥ چەکدارو سەربازبوو کەلاکی ١٣ یان لەبەر پێڕی پێشمەرگەدا بوو کەیەکێکیان ئەفسەر بوو بەپلەی ڕائد .
دەسکەوت : ١ توپی ٥٧ملم / ٣ ئارپی‌جی/ ٧ کلاشنکوف/ هەندێ کەلوپەلی سەربازی .

لەئەنجامی توپ باران کردنی مولگاکانی دوژمن لە کلکەی شەکروک ڕۆژی ٥/٢٤ لەلایەن دەستەی کاتیوشای مەڵبەندی ٣ زیانی دوژمن بەم جۆرە بوو :
سووتاندنی ١ دەبابەو شکاندنی یەکێکی ترکتۆر/ کوژرانی ٦ چەکدارو بریندار کردنی ١٠ ی تر .

دووەم : دوژمن هێرشی کرد بۆ سەر جاوەڵ . قارەمانەکانی کەرتی ١ ی تیپی ٧٨ و پێشمەرگەکانی هەرێمی ٩ ی باڵەکی حزبی سوسیالست و هێزی پشتگیری ناوچەکە لێزیان ڕاپەڕین‌و تا سەر جادەی خانەقا ڕاویان نان ، ژمارەیەک کەلاکی دوژمنلەبەردەست هـ.پ.ک دایە .
سێیەم : هێزێکی دوژمن هێرشی کردە سەر سوڵتەی وەرتێ پێشمەرگەکانی کەرتی٤ ی تیپی ٧٨ و هێزی پشتگیری لێزیان دان و ٣هێرشی لەسەریەکیان تێک شکاندن . دوژمن زیانی زۆرە .
قوربانی ئێمەش ١ شەهید بەناوی مام عومەر پێشمەرگەی پارتی. هەزار سڵاو لەگیانی .
چوارەم : دوژمن لەقۆڵی زێنۆی سەرگەلیش هێرشی کردە سەر

ناوچەکە ، پێشمەرگەکانی پارتی و هێزی پشتگیری هێرشەکەی دوژمنیان تێک شکاندو زیانی گیانی باشیان لە دوژمن دا .
قوربانی تێچەش شەهید بوونی ٢ پێشمەرگەی پارتی بوو . هەزاران سلاو لەگیانیان .

* سەعات ٨ ی شەوی ٢٩/٥ دوژمن هێرشی کردە سەر شاخی هەڵەمون و گەروی مەنجەل ، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆری تۆپ و راجمەو هاوەن و فڕۆکەی بۆ پشتیوانی هێرشەکەی خۆی خستبووە کار بەڵام پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ و تیپی ٨٧ ی قەرەچوغ تێکیان شکاندن و هەتا پلنگان ڕاویان نان .
* سەعات ٢ ی پاش نیوەڕۆی ٥/٣٠ دوژمن دوای تۆپبارانێکی خەست هێرشی کردە سەر پێشمەرگەکان لەگەروی مەنجەل- چیای بی ترخی . پێشمەرگەکانی کاروخ و قەرەچوغ و تیپی مەڵبەندی ٣ و مەفرەزەیەکی مەڵبەندی ١ هێرشەکانی دوژمنیان تێک شکاندو زیاتر لە ٢٠ چەکدارو قوات خاصە کوژران و ژمارەیەکیش لەشاخ هەڵدێران . قوربانیئ شێمەش ٢ شەهید بەناوی :

١- یاسین مام شریف — کەرتی تیپی ٨٧ .
٢- محمد اسماعیل مراد — کەرتی ١/ تیپی ٧٨ .

* سەعات ٨ ی شەوی ٣٠/٥ دوژمن بەهێزێکی زۆرتروە سەرلەنوێ هێرشی کردەوە سەر ٣١/سەنگەری پێشمەرگەکان لەگەروی مەنجەل- چیای بی ترخی . پێشمەرگەکانی کاروخ و قەرەچوغ و مەڵبەندی ٣و مەفرەزەیەکی مەکتەبی ڕێکخستن هێرشەکانی دوژمنیان تێک شکاند . دوژمن زیانی زۆرە .
* دوای سەرنەکەوتنی هەموو هێرشەکانی دوژمن بۆ سەر سنوری تیپی ٧٨ ڕێڕەو ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر هێزی ئاسمانی . سەعات ١٠٫٣٠ ی ڕۆژی ٥/٣١ زیاتر لە ٢٠ کۆپتەر هێرشی کردە سەر سەنگەری پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ و ٨٧ بەڵام پێشمەرگەکان لێڕیان هاتنە دەست و کۆپتەڕێکیان خستە خوارەوە .
* دوژمن ڕۆژی ٥/٣١ بەتۆپی دوورهاوێژ بەخەستی تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کرد لەسنووری تیپی ٧٨ ی کاروخ .

بەپێی هەواڵەکانی قەزای شەقڵاوە ٣ منداڵی پێرلە کەلاکی چەکدارو سەربازە کوژراوەکانی شەرگەکانی تیپی٧٨ و تیپی ١٢ بەرەو هەولێر بەری کراون .

* سەعات ٥٫١٥ ی ڕۆژی ٥/٣١ دوژمن لەچیای هەڵەمونەوە بەرەو گەروی مەنجەل هێرشی کردە سەر سەنگەری پێشمەرگەکان . تیپی ٧٨ و ٨٧ و باواجی و تیپی مەڵبەندی ٣ و مەفرەزەی مەکتەبی ڕێکخستنی ی.ش.ک لێڕیان هاتنە دەست و تێکیان شکاندن . دوژمن کوژراو و بریندارێکی زۆری هەیە .

قوربانی تێچەش شەهیدبوونی ڕۆڵەی قارەمان ڕسول مولود جێگری فەرماندەی تیپی ٧٨ ، ئەندامی ی.ش.ک و بـرای شەهید احمد مولودە لەگەڵ پێشمەرگەیەک بەناوی محمد احمـد ناسراو بەهیوا ڕازانی ئەندامی ی.ش.ک . هەزاران سلاو لەگیانی ئەمریان .

* دوای تێکشکانی هێرشەکەی ڕۆژی ٥/٣١ دوژمن بەچەکی کیمیاوی تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کرد . هەروەها ٢فڕۆکەش بوردومانی ناوچەکەیان کرد .
* شەوی ٣١/٥ دیسان لەهەلەمونەوە بەرەو گـەروی مەنجەل هێرشی کرد . کورانی مەڵبەندی ٣ ، پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ و ٧٨ و تیپی مەڵبەندی ٣ لێڕیان دان و تێکیان شکاندن .

شەهیدگەی بەفی شەهید

سەعات ١٠٫٣٠ ی ڕۆژی ٥/٣١ دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە هێرشی کردە سەر پێشمەرگەکان لەکەپکی احمد ئالا . پێشمەرگەکانی کەرتی ١ ی تیپی ٩٣ و پێشمەرگەکانی تیپی ١٩ الە دوژمنیان دا و ڕاویان نان .

شەهیدگەی زیارەت

سەعات ٥ ی بەیانی ڕۆژی ٥/٣١ دوژمن بەهێزێکـی زۆرو بەپاڵپشتی دەیان بەتۆپ هێرشی کردەوە سەر گوندی زیارەت بەڵام پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ لێڕیان دان و یەک سەعات شەریان لەگەڵ کردن لەئەنجامدا دوژمن شکاو تا دەربەنـدی هیشکورو گومەسیان خۆیان نەگرتەوە .

شەهیدگەی شەکرۆک

هێزێکی گەورەی ڕژێمی بەفڕەقی شەوی ٢٥/٥ هێرشی کردە سەر سەنگەری پێشمەرگە لەقۆڵی شەکرۆکەوە . پێشمەرگـە قارەمانەکانی کەرتی٤ ی تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێرو مەفرەزەیەکـی تیپ لێڕیان ڕاپەڕین و لەچاوترۆکانێکدا هێرشەکەی دوژمنیـان تێک شکاندو تا مولگاکانیان ڕاویان نان . دوژمن کـوژراو و بریندارێکی زۆری هەیە .

سێ چالاکی لەناوشاری هەولێر

* سەعات ٥٫٣٠ ی ئێوارەی ڕۆژی ٥/٣٠ مەفـرەزەی شەهید سەردار چووە ناوشاری هەولێرو لەناوچەرگەی بـازار لەنزیک گورەپانی کۆنتری ناشتی تاوانبار (د . فواد کاظم حسون زبیر) یان دایە بەر دەستێڕێی گوللەو بەسزای گـەل و شۆڕشیان گەیاند . تاوانباری ناوبراو ڕفیق حزبی و ئەندامـی فرقەی برموک و لێپرسراوی حزبی بەعسی پەیمانگای تەندروستی هەولێرو مامۆستای وانەی (ثقافەی قوس) بوو .
* سەعات ٥٫٣٠ ی ڕۆژی١٩٨٨/٥/٦ لەبەردەم مدیریـەی ئەمنی هەولێر دەستەیەک لەپێشمەرگەکانی مەفرەزەی شەهید جەلالی تیپی ٨٥ ی بەرانبەتی دوو ئەفسەری ئەمنیان بەسـزای گەل و شۆڕش گەیاند . ناوی یەکیان ملازم ئەمن حسام خەڵکی ڕمادی بوو. هەر هەمان مەفرەزە شەوی ١٤/٥ سەیارەی (مدیـری مکافەحەی هەولێر) یان دایە بەر دەستـڕێژی گوللە . لەئەنجامدا دوو حمایەی مدیری مکافەحەیان بەم ناوانە :
١- عریف جوهره سوور .
٢- احمد حسین .
بەسزای گەل و شۆڕش گەیاند .

هۆشەکی تۆڵە

* سەعات ۱۲ ی نیوەڕۆی ۵/۱۳ پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی ۳ بەراجمەی قورس تۆپ بارانی سەربازگەو مۆلگاکانی دوژمنیان کرد لە :
* سەربازگەی سەرمیران کە دەکەوێتە ناو هاوینەهەواری قەزای شەقلاوە .
* مقری جەیشی ناشەعبی .
* دەوروبەری سەربازگەی سەرمیران کە مۆلگەای چەکدارە خۆفرۆشەکانە .
گوللە راجمەکانی شۆرش مۆلگا و سەربازگەکەیان پێکا و زیانی گیانی و مالێ زۆریان لە دوژمن دا .
* دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی ۳ سەعات ۱۱ ی پێش نیوەڕۆی ۵/۱۷ تا سەعات ۱ بەراجمە تۆپ بارانی مۆلگای خۆفرۆشانیان کرد لە کەلەکینی سەرچیا زیانێکی زۆریان بە خۆفرۆشان گەیاند .
سەعات ٦،۳۰ ی ئێوارەی ۵/۲۵ دەستەی موشەکی تۆڵە لە مەڵبەندی ۳ بەراجمە تۆپ بارانی مۆلگای دوژمنیان کرد لەگوندی زیارەت . گوللە راجمەکان بەچاکی شوێنەکانی پێکا و زیانی گیانی و مالێ باشیان بەدوژمن گەیاند .

* ڕۆژی ۵/۲۹ تاکو ئێوارە بەموشەکی تۆڵە موشەک بارانی تجمعی ئالیات و هێزی مەقەڵی لەچیای کورەک کرا . بورجی سەرچیای کۆرەک و کابینەو ئالیات و سیارەو مۆلگاکانی دوژمن شوێنەکانیان گوللە موشەکەکان بوو . لەئەنجامدا دوژمن زیانی گیانی و مالێ زۆری پێ گەیشت .
* سەعات ٤،۵ تاکو ۵،۳۰ ی ۵/۲۹ بەموشەکی تۆڵە موشەک بارانی تجمعی ئالیات و هێزی دوژمنیان کرد لەپلنگان .
* سەعات ۹ ی بەیانی ڕۆژی ۵/۳۰ موشەکی تۆڵەی مەڵبەندی ۳ موشەک بارانی تجمعی دوژمنیان کرد لەسەر بەنی هەریر کە ئەتیپەی ۱۲۰ ملمی لێ بوو لەئەنجامدا دوو هاوەنی ۱۲۰ ملم بە هەدەکانیەوە تێک شکێنران .
* هاوکات لەگەڵ توپخانەی شۆرش سەعات ٤ تا ۵ ی ئێوارەی ۵/۳۰ بەموشەکی تۆڵە بەخەستی موشەک بارانی تجمعی ئالیاتی دوژمن کرا لەپلنگان . موشەکەکان بەچاکی شوێنەکانیان پێکا .

دوای تێکشکانی هێرشەکانی دوژمن بۆ سەر بەنی هەریر لەڕۆژی ۵/۳۱ هێزەکانی مەقەڵی لەڕاکردن و پاشەکشە پاندا ئەوتنە ناو حەقلی ئەلغامی پێشمەرگە قارەمانەکانی دەستەی هندسەی مەڵبەندی ۳ لەئەنجامدا ژمارەیەکیان کوژران و ژمارەیەکی زۆریشیان سەقەت بوون .

* ڕۆژی ۵/۳۱ دەستەی موشەکی تۆڵەی مەڵبەندی۳ پردی خانەقایان موشەک باران کرد، لەئەنجامدا ۲۰ قوات خامەو چەکدار کوژران . سووتاندنی دەبابەیەک/سووتاندنی ۳ سەپارەی سەربازی پر لەقوات خامەو چەکدار .
* سەعات ۸،۵ ی بەیانی ۵/۳۱ موشەک بارانی خامەی ڕەواندزیان کرد .

* سەعات ۳،۳۰ ی ۵/۳۱ بەخەستی موشەک بارانی قەتیپەی مدفعی پاشتیانیان کرد لەئەنجامدا توپێکی ۱۷۵ملم تێکشکێنرا.

ئیعدامی شۆڕشگێڕانە

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی شۆرش ڕۆژی ۹۸۸/۳/۱۰ تاوانبار کمال محمود حمە علی یان لەناوچەی پشدەر گرت کە لەلایەن (مدیریەتی ئەمنی عامە) بۆ زانیاری کۆکردنەوە و دەست وەشاندن لە پێشمەرگە ڕەوانە کرابوو، دوای لێکۆڵینەوە و دان نانی تاوانبار بەتاوانەکانی دادگای بەرزی شۆرش بەسزای مەرگ حوکمی داو ڕۆژی ۵/۱۷ گوللە باران کرا .

لەتۆپخانەی شۆڕشەوە

* لەسەعات ۳ ی پاش نیوەڕۆی ۵/۲٤ توپخانەی شۆرش بەخەستی تۆپ بارانی مۆلگاکانی دوژمنیان کرد لەگوندی زیارەت مەڵبەندی ۳ . سەعات٦ تا ۷ ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ جارێکی تر تۆپخانەی شۆرش تۆپ بارانی دوژمنیان کرد لەزیارەت گوللە تۆپەکان شوێن مەبەستەکانیان پێکا و زیانی گیانی و مالێ باشیان بەدوژمن گەیاند .
هەروەها لەسەعات ۱۰ ی شەوی ۵/۲٤/۲۵ دوای تۆپ بارانێکی خەستی دوژمن پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ۸۵ ی بەرانبەر لەپێنج تۆڵەوە هێرشیان کردە سەر ڕەبیەو مولگاکانی دوژمن لە گوندی زیارەت . لەماوەی نیو سەعات شەردا پێشمەرگەکان هەموو شوێنانەیان لەدوژمن گرتەوە کەپێشتر گرتبووی، زیاتر دوژمن بەتێک شکاوی ڕای کرد .

* سەعات ۷ تا ۷،۵ ی ئێوارەی ڕۆژی ۵/۲۵ تۆپخانەی شۆرش لە مەڵبەندی ۳ بەخەستی تۆپ بارانی تەجەموعی دوژمنیان کرد لەگوندی زیارەت . گوللە تۆپەکان بەچاکی شوێنەکانیان دەپێکا و بڵاوەیان بەهێزەکانی دوژمن کرد، لەئەنجامیشەوە تۆپ بارانەدا دوژمن سیارەیەکی بەشکاوی بەجێ هێشت کە بەرگوللە تۆپەکانی شۆرش کەوتبوو .

* تۆپخانەی مەڵبەندی ۳ لەسنووری تیپی ۷۸ ی کاروخ سەعات ۲ تا ٤ ی پاش نیوەڕۆی ۵/۲۹ تۆپ بارانی تجمعی دوژمنیان کرد لە چیای هەڵەمون و زینۆی ئەستیروکان .
* دەستەی کاتیۆشای شەهید سیروان سەعات ۳ ی پاش نیوەڕۆی ۵/۲۹ بەخەستی تۆپ بارانی کونە فەوجی ئاکویانی کرد کە هێزەکانی دوژمن خۆیان تیدا مۆڵ دابوو.
زیانی دوژمن زیاتر لە ۲۰ کوژراو و چەندین بریندار .

* سەعات ٤ ی ئێوارەی ڕۆژی ۵/۲۹ تۆپخانەی مەڵبەندی ۳ لەسنووری تیپی ۸۵ ی بەرانبەر تۆپ بارانی دەبابەکانی دوژمنیان کرد لە هێشکورو دەربەند .

* سەعات ۵،۱ تا ٤ ی ئێوارە تۆپخانەی شۆرش بەخەستی تۆپ بارانی مولگا و هێزەکانی دوژمنی کرد لەسنووری تیپی ۷۸ ی کاروخ . دوژمن کوژراوی زۆری هەبە .

★

ڕێبازی نوێ

هەباتی چەماوەری شۆڕشگێڕانەی هاوبەش لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق و کوردستان لەپێناوی دیموکراسی بۆ عێراق و مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد .

ئۆرگانی بەکێتی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە (٦) حوزەیرانی ١٩٨٨ ٥٠٠ فلس

یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەمیشە ئاڵا هەڵگری رزگاری نیشتمانی و مافی چارەنوسی گەلی کوردە

ئەفالەکان لەچیا سەرکەشەکانی هەڵەبجەی ٢ زیندە بەچاڵ گران

١٣ ساڵ خەبات و فیداکاری

لەگەڵ ئێکا گەلی کوردستانی عێراق دووچاری دڕندانەترین هێرشی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی فاشی دەبێتەوە و فاشیەکان دەیانەوێ گەلەکەمان لەناو ببەن ، نیشتمانەکەمان بەسەرپەک دا دەروخێنن و تەرو وشک بەیەکەوە دەسوتێنن ، بەهەزاران ژن و منداڵ و پیرەسەر دەبڕن ، فوتبخانەو مزگەوت و گەنیساو تەخۆشخانە دەتەقێننەوە . لەگەڵ ئێکا ه . ب . ک جوابێتانە ئازایەتیەکی بێ وێنەی خۆڕاگری و فیداکاری تۆمار دەکەن لەتێکشکاندنی هێرشی هێزەکانی بەعسی عەرەبی عەفلەقی و ، بەست بەستی ئەو خاکە ڕزگار و بەموتەک کراوە بگەیانێ بەمەرجەنەبن پێشمەرگە دەبارێتن و سوپای ڕژێمی داگیرکەر هەتەر دەکەن ، تا ئەو کاتەدا لەای حوزەیرانی ئەم ماڵگەدا سیرەوەری ١٣ مین ساڵەی دامەزراندنی ی . ن . ک بەسەر گەلەکەماندا تێ دەپەڕێنێت . ئەو بەکێتیەیەی ئاماژەی بەسەر هەڕەس و لەبەکەمس ڕۆژی دامەزراندنیەوە ، لەسەردەمانێکی گەلی سەخت و دژواردا سەرکردەی خەباتی گەلەکەمانی گرتە ئەستۆ و ڕووبەڕووی ئەخشەو پیلانەکانی ڕەگەزپەرستان بووە . ئەو ڕەگەزپەرستە داگیرکەرانەی وا ئێ گەیشتبوون کەدوای ڕیکەوتنەنوەکەی جەزائیری ١٩٧٥ زیاتر خەریکەحەوەکانیان لەتێکشکاندنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلیکوردو دەستەوستان کردنی و خاموشکردنی ئۆرگانەکەی تا هەتایە بێئەنەدێ .

ی . ن . ک لەدوای هەڕەس و لەسەردەمی گرز سوونەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد سەرلەنوێ ئالای ئۆرگانی لەسەر شاخ بڵێوو دەستەکانی کوردستان بەرزکردەوە و بەخوێنی سەدان شەهید لەئەنفالەو کاندیتر سەرکردەکانی سەدان کیلۆمەتربان لەخاکی کوردستان ڕزگار کرد ، بەمەش جارێکی تر ئەو ڕاستیەیان بۆ دوزمانی گەلەکەمان سەلماندەوە کەکوردایەتی بزوتنەوەیەکی بابەتی گەلێکی ماف پێشێلکراو و خاک داگیر کراو و لەدەرەوەی دەسەلات و شیرازەی هەموو کەمێو حزب و کۆمەڵێک ، تا ستۆگەر کردنی مافی چارەنووسیش بێ دەنگ ناپێ و دانا سڕکنەوە ، ئەو ڕاستیەش بۆ هەزارەمین جار خەونە سەوزو سوورەکانی فاشیەکان بەتاڵ دەکاتەوە .

داهەزراندنی ی . ن . ک هێنانەی بەعسیش لە ڕەفتەکردنەوەی جەماوەری کوردستان و تێکۆشەرەکانی بروانە لاپەرە (٥)

ڕاگەیاندنێک لەکۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراقەوە

لە ٧ تا ٩ ی حوزەیرانی ١٩٨٨ سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراق ، بەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لەخاکی نیشتمانی پێنگ هێنا بەتاماده‌بوونی سەرکردەی حیزبە دامەزرێنەرەکانی بەرە : پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسوک) ، بەکێتی نیشتمانی کوردستان ، حیزبی شیوعی عێراق ـ هەرێمی کوردستان ، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان ، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ـ عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق .

لەهەڵوەرجی هەستکردنی بەرز بەمەسئوولیەتەوە گەیانی هاوبەشمانەتی گەورەو کوردا حیزبەکانمان نەتوانە بەڵکەماندی بەرەیان پێهەڵ گرد کە لەبەرەنای ئازادی ڕاپەڕیوودا بڕیار درا بوو ، بەبەیان نامەو بەبڕەوی یاوخۆی بەرەی کوردستانی عێراق .

بروانە لاپەرە (٤)

جاوپێکەوتنی بەشی فارسی دەنگی ئەمریکا لەگەڵ هەڤاڵی تێکۆشەر ڕەام جەلال

بەشی فارسی ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا ڕۆژی ٦/١٠ لەمۆڵی ڕۆژنامەنووسان لە (واشنطن) جاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هەڤاڵ ڕەام جەلال کردو ئەوی ٦/١٥ بڵاوی کردەوە .

بەڕێز ڕاگەیانی سکرتێری ی . ن . ک لەبەرەنای جاوپێکەوتنەکە کورتەیەکی مێژووی کوردو کوردستانی باس کردو پاشان بەتەکید کردن لەسەر وەزعی سیاسی و تۆمەلایەنی دانیشتوانی کوردستانی عێراق بروانە لاپەرە (٦)

عێراق سەربێنە فڕۆکەی میگی ٢٩ لەسۆڤیەت وەردەگرێت

پێش چەند ماڵێک لەمەوبەر چەند فڕۆکەوانێکی هێزی ئاسمانی عێراق بڕیاریان بەکێتی سۆڤیەت بۆ ڕاهێنان لەسەر لێخوڕینی فڕۆکەی میگی ٢٩ ، باش نەوا و کردنی ماوەی مەشق پێ کردنیان گەڕانەوە .

لەم چەند هەفتەیەدا بەکێتی سۆڤیەت سەربێنی میگی ٢٩ ی داوەتە عێراق کە ئێستا لەزێتر سەربەرشتی بسۆزی ڕووسی دا لەفاعدەی نەموزی حمایمە خەرسکی فرس و ئافی کردنەوەو بەکاردەهێنامین .

ئەم جۆرە فڕۆکەیە کە لەجاو جۆرەکانی تری فڕۆکەی ڕووسی دا پێشکەوتووترە ، جگە لەئەندامانی بەیمانی وارشۆ ، سۆڤیەت تەنها بەعێراقی و هەندێ دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی خۆی داوە .

ڕۆژ ژمێری چالاکی یەکانی هەڵبەندی ٢ لە ٦/١ تا ٦/١٥

٦/١ سەعات ٤ ی ئێوارە کورانی تیپی ١٩ و تیپی ٨٥ هێرشیان کردە سەر ڕەبایەی دوژمن لەداڕەهێک و زمارەیەکی زۆریان لەدوژمن کوشت .

▪▪ هێزەکانی دوژمن بەبا لیستی چەتەدین ڕەشلی تۆپی دوورهاوێژو ڕاجیمەو کۆپتەر هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکان لە کێڵ کێڵ . پێشمەرگەکانی ئۆپراتۆرو کورەکو بەڕاتەنی هەموو هێرشەکانیان تێک شکاندن شەری شەو سەوە سەرتێکی بێ وێنەی تووشی کوردستان بوو . دوژمن زیانێکی زۆری گیان لەدەست دا کە (١٠٠) قوات خاصو چەکداری لێ کوژرا . لەبار و کوژراوەکانیان ٢ تەقیب و ٤ ملازم بوو .

دەکەوتەکان : ١ هاوەنی ٦٠ ملیمەتر ٢٠ گوللە/ ٣ ئار پی جی/٤ ئار پی کەی/١٧ کلاشنکۆف/١ جیپی ئاراکاڵی وحد/١٥٠ مەخزەن/زمارەیەک قەناعی غاز و تەقەمەنی .

٦/٢ سەعات ٣ ی بەیانی دوژمن بەتۆپی دوورهاوێژ و ڕاجیمەو پیلاتۆس و کۆپتەر بوردوومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان کرد لەبەشی هەڵبەندی ٣ قۆڵەوە هێرشی کرد . پێشمەرگەکانی تیپی ١٩ و تیپی ٨٥ و تیپی ٩٣ و دەستەیەکی لەپێشمەرگەکانی حزبی شیوعی لەهەر ٣ قۆڵەکەدا ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوەو هەموو هێرشەکانیان تێک شکاندن . دوژمن کەلاکێکی زۆری لێ بەجێ ما . هێزەکانی عەفلەقی، دوای تێک شکانەکەیان چەند هێرشێکی تریان کرد بۆ سەردەوەی کەلاکەکانی خۆیان . بەڵام هەموو هێرشەکانیان تێک شکێنران . لەسەر دوژمن بەناچاری بەنای بردە بەر تۆپی دوورهاوێژو کۆپتەرو پیلاتۆس . تەر تا سەعات٦ ی ئێوارەی خایاند . دوای سەعات ٦ هەڵمەتی پێنجەوانەی پێشمەرگە دەستی پێ کرد بۆ سەر هێزەبەرپرسەکەی دوژمن . پێشمەرگەکانی تیپی ١٩ هێرشێکی کێبر پڕیان کردە سەر شەو هێزەی کە دوژمن بۆ سڕدنەوەی کەلاکی سەربازەکانی هانبوون .

دوژمن زیانی گەورەی لێ کەوت .

دەکەوتەکان : ١ ڕەشاشی بی کەی سی/٣ کلاشنکۆف، ٢٠ مەخزەنی کلاشنکۆف،زمارەیەک مستەمکات . پێشمەرگەکان بێ زیان بوون .

▪▪ سەعات ٩ ی بەیانی دوژمن بەهێرشێکی زۆرو بەبا لیستی تۆپی دوورهاوێژو ڕاجیمەو هاوەن هێرشی کردە سەر پێشمەرگەکان لەچیای بەبڕخیس. پێشمەرگەکانی هاواجی و کاروخ لێیان هاتنە دەست و تێکیان شکاندن .

کوژرانی دوژمن زیاتر لە ٥٠ قوات خاصو بوو .

زمارەیەکی زۆریش هەڵدێران .

▪▪ تۆپخانەی تۆڕش سەعات ١١،٣٠ - ١٢،٣٠ ی ئێوارەو بەدەستی تۆپبارانی دوژمنیان کرد لەچیای هەڵەموندو هەڵگەرێن . کوژراوی دوژمن زیاتر لە ٢٠ قوات خاصو چەکدار بوو .

▪▪ سەعات ٨ ی ئێوارە تۆپخانەی هەڵبەندی ٣ بە خەستی تۆپبارانی شاکۆیان و گەروی زەنگڵانیان کرد . هەر هەمان ڕۆژ جارێکی تر تۆپبارانیان کردەوە .

▪▪ سەعات ٤ تا ٥،٣٠ ی ئێوارەی ٩٨٨/٦/٢ بەموشەکی تۆڵەموشەک بارانی هێزەکانی دوژمن کرا لە دۆڵی خانەقا .

▪▪ دوژمن بەهێرشێکی زۆرو بەبا لیستی تۆپ و ڕاجیمەو هاوەن سەرلەبەیانی ٦/٢ هێرشی کردە سەر گوندی ئەفی یان . پێشمەرگەکانی تیپی١٢و مەفرەزەیەکی قوەتی هەندرێنی حزبی سوسیالیست لێیان دان و تێکیان شکاندن. دوژمن بۆ جاری دووەم هێرشی کردەوە . ئەمجارەش پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ و مەفرەزەیەکی حزبی سوسیالیستهێرشەکانی دوژمنیان تێک شکاندو کەلاکی زۆریان لەدوژمن خست . زیانی دوژمن زیاتر لە ٣٠ قوات خاصبە .

دەکەوتەکان : ٤ کلاشنکۆف /٢٠٠ قەبزەکی کلاشکۆف و ٢٠ مەخزەن/ هەندێ مستەمکات .

▪▪ مەفرەزەی کانیبۆتای شەهید سەروان سەعات ٧ تا ٨ ی بەیانی ڕۆژی ٦/٢ تۆپبارانی دوژمنیان کرد لەدۆڵی شاکۆیان . هەروەها سەعات ١١ تا ١٢ ی سەرەڕۆ و ٥ تا ٦ ی ئێوارە تۆپبارانیان کردەوە.

٢/٣ ٦/سەعات ٢ ی شەو تا کۆ بەیانی دوژمن بەهێرتێکی زۆرو دەبابەو تۆپ و ڕاجیمە لەگوندی شاکۆیانەوە بەرەو تاتگەوەر هێرشی کرد .پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ و تیپی ٨٣ و تیپی هەڵبەندی ٣ لێیان دان و زیاتر لە ٥٠ قوات خاصەیان کوشت دوژمن بەدەکاوی گیابەوە .

▪▪ دوژمن سەرەی ٦/٢ هێرشی کردە سەر سەرکەی بەرپر هێرشی بردنەوەی کەلاکیی کوژراوەکانی . پێشمەرگەکانی تیپی ١٩ و تیپی ٩٣ ڕووبەڕوویان بوونەوەو دەستێکی باسیان لێ وەشاندن .

دەکەوتەکان : ١ ئار پی جی و ٥ گوللە/١ کلاشکۆف و ٥ مەخزەن .

٦/٢ سەعات ٤،٣٠ ی بەیانی دوژمن بەهێرتێکی زۆرو بە بالیسی هاوەن و ڕاجیمەو تۆپ لەجیای هەڵەموندەوە هێرشی کردە سەر گەروی مەحەڵو حەی بەمرخیس . پێشمەرگەکانی کاروخ قەرەجۆغ و باواجو تیپی هەڵبەندی ٣ لێیان ڕابەرین و زیاتر لە ١٠٠ کەسیان لێ کوشتن .

▪▪ سەعات ٢،١٥ دەقیقەی پاش نیوەڕو چەندکۆپتەرێکی دوژمن هاتنە ئاسمانی سەرگەی تیپی٧٨ ی کاروخ . جەکەدرە ئاسمانیەکانی تۆڕش ئاسمانیان لێ کردن سەبەک بارچە ئاگرو کۆپتەرێکیان بێتکار لەسەر جیای هەڵەموند کەوتە خوارەوە .

▪▪ سەعات ٣،٣٠ زمارەیەکی تر کۆپتەرو پیلاتوس هاتنە ئاسمانی ئاخی هەڵەموندو ئاوجەکەیان بۆردوومان کرد . لەهەمان کاتیشدا تۆپخانەی تۆڕش بەخەستی تۆپبارانی مۆڵگای دوژمنیان کرد لەجیای هەڵەموند .

٦/٤ سەعات ٦،١٠ دەقیقەی بەیانی دوژمن هێرشی کردە سەر سەنگەری پێشمەرگە لەسنووری تیپی ١٢ و ١٩ کورە ئازاکانی هەڵبەندی ٣ و تیپی ٨٣ ی هەوری بەرپەرچیان دایەوەو تێکیان شکاندن .

تۆپبارانی ئێستەش ١ شەهید بەناوی ئەحمەد وسو/ کەرسی ٣ ی تیپی٨٣ هەژاران بڵاو لەگیانی نەمری .

▪▪ دەستەی تۆپخانەی تۆڕش لەدۆڵی کاروخ سەعات ٩ تا ١٠،٣٠ بەخەستی تۆپبارانی دوژمنیان کرد لەجیای هەڵەموندو زیانێکیانی زۆریان لەدوژمن دا .

٥/٦ ٧/سەعات ٧ تاکو ٩،٢٥ ی شەو دوژمن لەجیای هەڵەموندەوە چەند هێرتێکی کردە سەر گەروی مەحەڵ. پێشمەرگەی تیپەکانی ٧٨ و ٨٧ و ٩٠ و دەستەیەکی باتۆک هێرشەکانی دوژمنیان تێک شکاند . کەلاکی زیاتر لە ٢٠ قوات خاصەی لەمەیدانی

شەرەکەدا بەچێ ما بوو .

٦/٧ تۆپخانەی مەڵبەندی ٣ بەخەستی تۆپ بارانی هێزەکانی دوژمنیان کرد لەزیخی گەرەوان

٦/٧ ـ ٦/٨ سەعات ٣ی شەو دوژمن بەبانبەو تۆپو ڕاچیمە لەزیخی گەرەوان هێرشی بەرەو شاخی(بی بو) و گوندی گەرەوان هێنا . پێشمەرگەکانی تیپی١٢ و مەڵبەندی ٣ و ٨٣ و ٨٥ بەرەنگاریان بوونەوە و تێکیان شکاندن .

■■ دوژمن لەزنجیرە چیای ڕەش بەسەرەوە زیاتر لە١٠ هێرشی لەسەرێکی کردە سەر پێشمەرگەکانی تیپی ٩١ لە (جواتەگا) . دوژمن زیاتر لە...ئگوللە تۆپو کیمیاوی بەکارهێنا . بەڵام هێرشەکانیان تێک شکێنرا .

٦/٨ سەعات ٣٠ر٧ دوژمن هێرشی کردەوە سەر پێشمەرگەکان تیپی ٩١ ی سەفین ئەم جارەش شکستی پێهێنرا و زیاتر لە ١٥٠ قوات خاسە کەلاکیان لەمەیدانی شەرەکە بەجێ ما . قوربانی ئەو سەرکەوتنەخوێنی گەنجی ٣ پێشمەرگە بوو بەم ناوانەوە :

١ـ عبدالخالق ناسراو بەسەختیار کەرتی ٥ ی تیپی ٩١ .

٢ـ ئازاد هیرانی کەرتی ١ ی تیپی ٩١ .

٣ـ ئاری احمد شڵاوەیی کەرتی ١ ی تیپی ٩١ .

هەزاران سڵاو لەگیانی ئەمریان .

■■ سەعات ٩ تا ١٠ تۆپخانەی ئۆرش شۆپ بارانی دوژمنی کرد لەزیخی گەرەوان لەئەنجامدا بەک دەبابە شکێنرا .

٦/٧ سەعات ٤ تا ٤٫٣٠ مەفرەزەی کانیۆشای مەڵبەندی ٣ تۆپبارانی دوژمنیان کرد لە (مام بو) .

٦/٨ کانیۆشای مەڵبەندی ٣ سەعات ٩ تا ١٠ر٤ دەقیقە تۆپبارانی دوژمنیان کرد لەمام بۆ زیانی باشیان لەدوژمن دا .

> مستەفا جەمال دووبەردانی خەڵکی شاکری بە جاشێکی زۆرو ١٦ سیارەی هاتونە قوڵیی شەرەکانی مەڵبەندی ٣ باشتەوا و بوونی کارەکەی بەع سیارە گەراوەتەوە . واتە باجی بەشدار بوونی لەشەرەکان ١٢ سیارەی پر چەکداری خوفڕوش بوو .

٦/١٠ ـ ٦/١١ دوژمن چەندین هێرشی لەسەرێکی کردە سەر پێشمەرگەکان لەچیای بی بو، هەموو هێرشەکانیان لەبەردەم خۆراگری و ئازایەتی پێشمەرگەدا تێک شکێنران .

٦/١١ ـ ٦/١٢ سەعات ٩ تا ١ی شەو دوژمن بەتۆپێی هەمەجۆری دوورەوێنزو ڕاچیمەو هاوەن تۆپبارانی بانی بی بو و ئەشکەوتی سوور گەرەوان و ئەشکەوتی ئاودەڵانی کرد ئینجا دوای تۆپبارانەکە سەعات ١ی شەو هێرشی کرد، لەئاکۆپانەوە بەرەوچیای بی بو/ بەرەو گەرەوان و ئەشکەوتی سوورو ئەشکەوتی ئاودەڵان . پێشمەرگەکانی تیپی٨٢ و ٨٥ و ١٢ لێی بان ڕاپەڕین و هێرشەکانی دوژمنیان تێک شکاند . کوژراوی دوژمن زیاتر لە ٤٠ قوات خاسەو چەکدار بوو زەرەبەکی زۆرییان بریندار بوون . دوای ئەو شکستە دوژمن جارێکی تر بە هێزو بزوێنەکەی هێرشێکی تری کردەوە دیسان کورە ئازاکانی سوران و بەرانەتی و هەورێ بۆیان دانیشتنەوەو کەوکۆزی گوللەبارانیان کردن. دوژمن زیاتر لە ٢٠ کەلاکی لێی بەجێ ما .

هەر هەمان شەو دوژمن بەهێزێکی زۆرتر پەلاماری شوێنێکی تری هەمان شەرگەی پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ ی گەرکوک لەهێزەکەی دوژمنیان دا و کوژراو و بریندارێکیان لێ کردن .

٦/١١ هێزەکانی رزێمی عەفلەقی سەر لەئێوارەی ١١ ی مانگ بەخەستی تۆپبارانی چیای بیترخیتروکەوروی مەنجەلی کرد ئینجا سەعات ٦/١١ ـ ٦/١٢ ی شەوی بەهێزێکی زۆری قوات خاسەو جاش لەهەڵەموشەوە بەرەو چیای بیترخێن و گەرووی مەنجەڵ هێرشی کردەوە . پێشمەرگەکانی کاروخ و قەرەچوغ لێیان هاتنە دەست و ٢٠ کەلاکیان لێ خستن .

■■ سەعات ١١ ی پێش نیوەڕۆی ٦/١١ پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ سەپشتەرەبەکیان لەلۆفەکانی مصیف صلاح الدین دانا و زمارەبەک خۆفڕوشیان بەسزای گەل و شۆڕشگە یاند .

■■ سەعات ٢ ی پاش نیوەڕۆی ٦/١١ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ لەلۆفەکانی مصیف بۆسەبەکیان بۆ هێزەکانی دوژمن دانا سۆپەرێکی بەسکەری کەوتە بۆسەکەوەو گوللەبارانکرا . لەئەنجامدا ٣ شەقەرو ١ سەرباز کوژرانورێنەی ئەفسەرەکان ١عمید رکن/١ مقدم رکن/١ ملازم اول بوو .

> بەپێی ئەو هەواڵانەی پێمان گەیشتووە دوژمن زیاتر لە ١٠٠ سیارەی ئاسائیی بۆگواستنەوەی کوژراو و بریندارێکانی مەڵبەندی ٣ ئەرخان کردووە .

٦/١١ هێزێکی دوژمن بۆ ئاوەدان کردنەوەی ڕەبەکانی سەر چیای کێشکە هاتن بەڵام پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ لەدوژمن هاتنە دەستو ڕاویان نان .

زیانی دوژمن کوژرانی٤ چەکدار بوو لەگەڵ زمارەبەکی زۆر بریندار .

٦/١٣ ـ ٦/١٤ دوژمن سەعات ٩ ی شەو هێرشی کردەسەر پێشمەرگەکانی باوا جۆ کاروخ و باسۆک . کورە ئازاکانی کوردستانیش هەڵمەتیان بردە سەر دوو ڕەبیەی دوژمن لەبیناری چیای بیترخین و دەستیان بەسەردا گرت . زیانی گیانی دوژمن زۆرە .

٦/١٣ ـ سەعات ١١ تاکو ٤٫٣٠ ی پاش نیوەڕو دەستەی کانیۆشای شەهید سیروان تۆپبارانی دوژمنیان کرد لەبردی سەلانی نێوان گوندی ئاکۆپان و گەرەوان . زیانی دوژمن زیاتر لە ٤٠ کوژراو بوو . سووتاندنی ١ دەبابە/ ١ سیارە .

■■ سەعات ٢ تا ٤ ی ئێوارەی ٦/١٣ ـ دەستەی کانیۆشای شەهید سیروان چاکی مام بو /زراعەی خوار ئاکۆپان/ گوندستانی ئاکۆپان/تۆپبارانکرد . لەئەنجامدا زمارەبەک کوژران . سووتاندنی ١ دەبابە /لەکارخستنی ١ دەبابەی تر/ شەقاندنەی ١ ئیفای پر لەتەقەمەنی/سووتاندنی ٢ سیارە .

■■ سەعات ٤٫٣٠ تا ٦ ی ئێوارەی ٦/١٣ ـ دوژمنی عەفلەقی هێرشێکی بۆ بردنەوەی کەل و پەلچەی دەبابەو سیارەکانی نارد . دەستەی کانیۆشای شەهید سیروان تۆپبارانی هێزەکەی دوژمنیان کردو بەرەو دواوە کشاندنیانەوە .

٦/١٤ ـ سەعات ٦ تا ٧ ی بەیانی دەستەی کانیۆشای شەهید سیروان تۆپبارانی گوندی قەڵەچوالنیانکرد کە تەمەنی هێزو ئالیانی دوژمنی لێ بوو .

نیپی ١٧ و چالاکیەکی سەرکەوتوانە

سەعات ١٢ ی پاش نیوەڕۆی ٦/١٦ مەفرەزەبەکی تیپی ١٧ ی زمناکۆ لەسەر پردە تازەکەی زالمە ـ دێوانە ڕووبەڕووی هێزێکی ئەمنیواستخبارات بوونەوە . شەڕێکی گەرمی دەستپێکرد تا ئێوارەی خایاند . لەئەنجامدا زیاتر لە ٢٢ ئەمن و استخبارات کوژران ، بەڵام لەبەر خەستی شەرەکەو پاراستنی گیانی پێشمەرگە نەکرا دەست بەسەر دەکەوتەکاندا بگیرێ .

خەباتی جەماوەری شۆرشگێڕانەی هاوبەش لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق و کوردستان لەپێناوی دیموکراسی بۆ عێراق و مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد .

ڕێبازی نوێ

ئۆرگانی بەکێتی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە (۷) | تەموزی ۱۹۸۸ | ۵۰۰ فلس

هەنگاوی ئەمجارەمان پتەوتر و خەباتمان خوێناوی تر

هەنگاوەکانی داهاتوومان پتەوتر

لەلای دوژمن بەدر لەدۆستانی نزیک ئۆرشی ئەیلول لەساڵی ۱۹۷۵ دا سەرشەقامی سازشی عێراقی بەعسی فاشیست و ملهوڕی ئێرانی شای گۆڕ بەگۆڕ بوو ئەدای بەشاو و خاکو سەربەرزی و سیادەی عێراق کردو هەرزان نرخی کردن و کردی بە کەرەستەی بەیەکدانەوەکانی جەزائیر، لەسەر خوێنی هەزاران شەهیدو مال وێران بووان و دەربەدەرانی کورد، دوو ئیمپراتۆری کۆزی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەیەکەوە جەزائیریان مۆر کرد، کوردو ئۆرشەکەی گەلەکەمان دڕاو و بەرزەوەندی ئیمپریالیستی جیهانی لەئیستوبردنی ئۆرشی کوردی دەخواست. ئاشکرابوو هەر لە ڕۆژانی یەکەمی هەرەسدا دڵسۆزانی کورد لە دەرەوەو ناوەوەی وڵاندا کەوتنە خۆ و ساڵێ بەسەر نەچوو، بڵێسەی شۆرشی نوێ بەرابەری بەکێتی نیشتمانی کوردستان، ناخی جەماوەری کوردی ستەمدیدەی تەقاندەوەو سەلماندی کە بەردەوامی شۆرشی کورد حەقیقەتێکی مێژووییە هەڵگولاوی ناخی جەماوەرە، بۆیە زەمینەی لەباری ئازادی تا چیاو شەشکەوتی کوردستانی بریندار باوەش بۆ پێشمەرگەی کوردو تا قەد ئومێدی کوردستان بکاتەوە - ئەلبەتە پاش ئەوەی دەستلەدەموو جۆرە هەوڵو تەقەللایەکی سیاسی شوردرا و بەناچاری شۆرشی چەکداری بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی کورد بە عەرەبکردن و کوردستان بەعەرەبستان کردن، بەرپا کرا، سەختترین ڕێ و خوێناوی ترین شۆرشی هەڵگیرساند - ئەو دەمە عێراق مەستی جۆرە سەرکەوتنێکی کاتی بوو، دڕندانەتر کەوتبووە کاول کردن و تەفی کردن و بەکۆمەڵ ئیبادەم کردنی جەماوەری کوردستان، هەرچەندە زەبروزەنگی زیاتری دەنواند، جاکتر پێشمەرگەی کوردستان قاڵ دەبوون و باوەڕبان بەتیمن تر دەبوو، ڕۆژ بەڕۆژ کەمتەی دەکردو زەبری جاکتری دەنواند، ڕژیمی عێراقی بەبێتە فاشیست، هەموو تواناییکی سەربازی و مادیی بۆ لەناوبردنی کوردو شۆرشەکەی خستبووە گەر، بەڵام حەقخوازی پێشمەرگەی کوردستان قەڵغانێکی پوڵایین بوو، سەدان پیلان و هێرشی دڕندانەی سەربازی عەقڵەقیان بووچەل کرد.

ئەگەرچی - ئەو دەمە - هێزی سوپای عێراق لەئەوپەڕی دەسەڵاتدا بوو و ژمارەی پێشمەرگەیش کەم بوون و لەشەری ناپەرابەری و مان و نەمان دا تەنیا خوراگرتن و بەرگری کردن سەرکەوتنێکی گەورەی هێزی پێشمەرگە بوو.. هەر کە جەنگی عێراق و ئێران دەستی پێکرد - ئەلبەتە سەرکێشی

بڕوانە لاپەڕە (۱۱)

ڕوونکردنەوەیەک لەمەکتەبی سیاسیەوە

ڕوون کردنەوەیەک لەمەکتەبی سیاسی بەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان و هەموو لایەنەکان و بڕادەرانی دەرەوە دەربارەی ڕاگرتنی شەری عێراق - ئێران :

بەکێتی نیشتمانی کوردستان لەکاتێکدا شۆرشی دەستپێ کردەوە کە ئیمپڕاتۆریەتی جەزائیر بوو، هێزەکانی عێراق و ئێران بەتەکەوە هاوکاریان ئەکرد بۆ لەناوبردنی گەلی کوردو ڕاوکردنی پێشمەرگەو بنکۆنەرەکانی لەماوەی چەند ساڵێک خەباتی بەختەوەنیان دا، سەرلەنوێ شۆرشەکەمان جێ گیر بوو، ناو ڕژێمی ناپەنی ڕووخا لەئێران و ئێرانیش تازە دامەزرا، جۆلانەوەی کوردی پێ بەهێزتر بوو.

بڕوانە لاپەڕە (۱۰)

سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

- میللەتی کورد، ناوەدەستپێنانی مافی ڕەوای خۆی بەردەوامی بەخەبات دەدات.
- دەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناسنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست مەسەلەی کورد بەبێتە خاڵی بناس کردن و دڵسۆزانە کاری بۆ بکرێ.

بڕوانە لاپەڕە (۱۰)

پەیمانی: سەدان کەس لە تەمەنی ۱۴-۷۳ ساڵی لە عێراقدا لە سێدارە دراوە

بڵاوکراوەی ڕۆژی ۲۵ ی شوباتی ۱۹۸۸ ی ئەمنستی نێودەوڵەتی لە ناوەندگانی ڕۆژئاوا هەڵوێستی خستە بەرچاوی ڕای گشتی جیهان :-

- سەدان کەس لەتەمەنی ۱۴-۷۳ ساڵی لەسێدارە دراون کە زۆربەیان ئەو تۆمەتانەیان بۆ دانراوە بارتەقای سیاسیان خراپووە بارتەقای دادگا، بێ دوای

بڕوانە لاپەڕە (۱۱)

دیمان و دیمان چەکی کیمیاوی

سەرەڕای ئەوەش کەچەکی کیمیاوی هەرلەڕووەوە نایەکسانی لەساڵی ۱۹۲۵ دا بەپێی پڕۆتۆکۆلی - جنیف - بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوە بەگەرتووەکانەوە، دووبارەش لە ۹ ی دیسەمبری ۱۹۴۸ هەر لەلایەن کۆمەڵەی ناوبراوەوە بەپێی

بڕوانە لاپەڕە (٦)

چەند چالاکیەک

تیکشکانی دەبابەیەک

دەستەیەکی لە پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ ی سۆران سەعات ١١ ی پێش نیوەرۆی ٧/١ هێرشێکی نەترس ولەفلگیرانیان کردە سەر دەبابەیەکی دوژمن لە (زێبێ گەرەوان)پێشمەرگەکان بە(شارپیچی) دەبابەکەیان تێکشکاند. دوژمنیش لە تۆلەی تێکشکاندنی ئەو دەبابەیەدا، سەعات ٥/٧ ی ئێوارەی هەمان رۆژ بۆسەیەکی بۆ پێشمەرگەکان نابەوە بەلام کورە ئازاکانی شۆڕش لەوان زرنگ و ووریاتربوون و هەر زوو دەرکیان بەبۆسەکە کرد. بۆیە رق و کینەی چبکە کانیان بەسەر بۆسەکەدا رشت و بۆسەکەیان تێکشکاند. زیانی ٤ کۆزراوی سەربازو ١ کۆزراوی خۆفرۆشیان لە دوژمن دا و زمارەیەکیشیان لێ بریندارکردن. هاوەتێکی ٦٠ ملم/ یشیان تێکشکاند.

بۆسەیەکی سەرکەوتووانە

٢ پێشمەرگەی گەرتی ٥ ی تیپی ٧٨ ی کاروخەسەعات ١١ ی پێش نیوەرۆی ٧/٣ بۆسەیەکیان لەسەر باسکەرواسی بزیک دەرگەلە دانا. دوو چەکداری خۆفرۆش کەوسنە بۆسەکەوە گوللەباران کران، لەئەنجامدا یەکێکیان کۆزراو ئەوی تریان هەلات. لەهەمانکاتدا دەستەیەکی گەرتی ٣ ی شەهیدان و هێزی پشتگیری گەلێنەو دەستەیەکی باری دیموکراتی کوردستان لەهەموو لایەکەوە هەلمەتیان بردە سەرکێل و سەری گرتیل. لەئەنجامدا خۆفرۆشەکانیان نا ناو دەرگەلە راو ناو دەستیان بەسەر رەبیەکانی سەر کێل و سەری گرتیل دا گرت و ئاگریان تێ بەردان. زیانی گیانی دوژمن زۆرە. قوربانی ئێمەش (١)شەهیدەساوی کەحەمەد رەسول سەعید لە گەرتی ٥ ی تیپی٧٨خەلکی گوندی کەلێنەیە. هەزار سلاو لەگیانی.

تیپی ٢٥ گورزێکی کاریگەر لەدوژمن دەوەشێنن

رۆژی ٧/٦ دوژمن بە هێرێکی گەورەوە لە ٣ فۆڵەوە هێرشێکی بەربلاوی کردە سەر ناوچەکانی سورقوشان وچەمی ڕێزان و کەلەشێرە. دوو فۆڵی هێرشەکەی دوژمنلەتێوان کەلەشێرەو کانی شێخ ئەولا لەسەرو خوارەوە بۆ سەنگەرە قایمەکانی پێشمەرگەکانی مەفرەزەی شەهید کاوە /تیپی ٢٥ هاتنە خوارەوە. پێشمەرگەکانیش ئاگری رق وکینەی پیرۆزی چەکەکانیان بەسەردا باراندن و،شەرلەسەعات ٣ی پاش نیوەرۆ دەستی پێ کرد. لەکاتێکدا شەرزۆرگەرم بوو پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ و دەزگای پێشمەرگایەتی بە هاناری براگانیانەوە گەیشتن و شەرێکی بێوێنە بانلێکل چەکدارە خۆفرۆشەکاندا کرد. شەر تاسەعات٨ی ئێوارەی خایاندو ئەنجامیش دوژمن زیانی ٤٠-٥٠کۆزراوی لێکەوتو سەرەیەکی زۆریش بریندار بوون و ٧ چەکداریشیان بە دیل گیراو دەسکەوتیش ١١ کلاشینکوف و ٤٤مەخزەنوکۆمەلێک فیشەک بوو.

تیپی ٧٤ و تێکشکاندنی ٢ هێرشی دوژمن

گەلەچەکدارێکی خۆفرۆش بەنیازی سوتاندنی گوندەکانی دۆڵی باڵەیبان و هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەکانی تیپی ٧٤ بەیانی رۆژی ٧/٦ پەلامارێ ناوچەکەیان دا دەستەیەک لەپێشمەرگەکانی تیپی ٧٤ وهێزی پشتگیری باڵەیبان لێیان دان و هێرشەکەی دوژمنیان بەلاوەپێکرد. دوژمن سەعات ٤ی پاش نیوەرۆی هەمان رۆژ هێرشی کردەوە دیسان پێشمەرگەکان ڕووبەڕووبان بوونەوە و بەدەردی بێئوبان بردنەوە. شەر تاسەعات٦ئێوارەی خایاند.

دوژمن کۆزراو و بریندارێ زۆری لێ کەوت.

تۆپخانەی مەڵبەندی ٣

رۆژی ٧/١١ هێزێکی زۆری سەربازو چەکداری دوژمن وبستیان خانوەکانی گوندی وەرێ بسوتێنن. تۆپخانەی مەڵبەندی ٣ بەخەستی تووبارانی هێزەکەی دوژمنیانکرد و نەیان هێشت خانوەکان بسوتێنن. تەنیا خانوێک نەبێت. بۆیە دەستەیەکی هاوەشی لەپێشمەرگەکانی تیپی٣٥وبنکەی باڵا، سەعات ٩ ی شەوی ٧/١١ لەتۆڵەی ئەو خانوەسوتاوەدا هەڵمەتێکی کت و پڕبان کردە سەر دوو رەبیەی دوژمنلە بنداری چیای ترخێن. هەر لەگەڵ یەکەمین دەست ڕێژدا دوژمن هەلات و پێشمەرگەکانیش دەستیان بەسەر رەبیەکەدا گرت. دەستکەوت ١٠ گوللەی شارپیچی و ٢٠٠٠ فیشەکی کلاشینکۆف و کۆمەلێک بەتانی بوو.

جالاکیەک لەنا و شاری کەرکوک دا

پێشمەرگەیەکی قارەمان و دلسوزی مەڵبەندی ٣ رۆژی ٥/١٥ لەبەردەم سینما اطلس لەنا و شاری کەرکوک دا تارمۆکێکی دەستی هەڵدایە نا و سەیارەیەکی لەئەنجامدا فرۆکەوانێک کوژرا. هەر هەمان رۆژ هەندی خۆفرۆش پێشمەرگەکەیان بەدوژمن ناساند بۆیە لەلایەن هەڵاڵەدە فاشیەکانەوە دەستگیر کراو رۆژی ٥/١٦ بەدەست و دەم بەشتراوی لەشوینی گونجی فرۆکەوانەکە گوللەباران کرا و گیانی بەرۆژی خۆی بەخاک و گەلەکەی بچارد. هەزاران سلاو لەگیانی پاکی کاکە لقمانی هەمیشە نەمر.

گرتنی رەبیەکانی چیای رەشلەسەر

سەعات ٧ی ئێوارەی ٧/٢١ پێشمەرگە قارەمانەکانی گەرتی ١ و ٣ ی تیپی ١٢ ی سۆران و هێزی پشتگیری هێرشێکی کت و پڕبان کردە سەر مۆلگا و رەبیەکانی دوژمنلە چیای رەشلەسەر. لەچاوترووکانێکا دەستیان بەسەردا گرت. زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە ٢٠ سەربازلەگەڵ زمارەیەکیش بریندار. دەستکەوتەکان: گرتنی١٥گوللە هاوەنی ٦٠ملم/ ٣٠ گوللە شارپیچی /٢٥٠٠ فیشەکیسی کەی سی/ ... ٣ فیشەکی کلاشینکوف.

دوژمن پاش نیوەرۆی ٧/٢٣ بەخەستی تۆپبارانی سەنگەرەکانیپێشمەرگەی کرد لەچیای رەشلەسەر. سەعات ٥ی شەو ٧/٢٣ دوژمن بەهێزێکی زۆری چەکداروسەربازەوە هێرشی کردە سەر سەری سادر. پێشمەرگەکانی تیپی ٦٣ی جوتیاران لێیان رابەربن و هێرشە یەکلەدوایەکەکانیان شکاندن. دوژمن کۆزراوو بریندارێ زۆری هەبە. دەستکەوتەکان گرتنی١ شارپیچی/ ١ کلاشینکوف / ١ چازی بێئارسی/ کۆمەڵێک گوللە شارپیچی و گوللەهاوەن و فیشەکی کلاشینکوف / ٥ قنداغ ئازو ١٠ نارنجوک / ٤٠ خوڕەی عەسکەری.

خەباتی چەماوەری شۆرشگێڕانەی هاوبەش لە گەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق و کوردستان لە پێناوی دیموکراسی بۆ عێراق و مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد .

ریپەرازی نوێ

ژمارە (٨) | ئایی ١٩٨٨ | ٥٠٠ فلس | ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

تا زوڵم و زۆر زیاتر بێت مەرگی دکتاتور نزیکتر دەبێ

سەروتار

مێژوو سەلماندوویەتی کە هەموو دکتاتۆرە ملهوڕەکانی دنیا ، لەپۆپەی زوڵم و زۆریاندا بەرنگون بوون و بەرەو زبڵدانی مێژوو تەسوور هەڵدراون و نەفرەتی نەوەکان لگاوەتە ناوکیاروو کردەوەکانیان. ئەمە حەقیقەتی مێژووی ئێمە نیەتە .

دکتاتۆری عێراقی دۆزەخ و وێران بووە ، ڕۆژ بەڕۆژ تاوانی زیاتر دەخاتە سەر لیستەی تاوانەکانی لەزمار نەهاتووەکانی مێژووی حوکمڕانیەکەی. ئەگەر چی لەمووبەر توانیبووی ، دەنگ و وێزدانی زۆربەی ڕۆژنامەگەران و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دنیا بکڕێ و بەدکاری بەکانی بۆ ئاراپشت بکەن و ڕووخاوە دزیوەکەی بشارێتەوە . بەڵام تاوانەکانی دکتاتۆر بەرەو ڕووی دامالێوە ، لەڕۆژنامەکانی ئەورووپای غەربی و ئەمریکا دا بەناوی دراکۆلای سەردەم دکتاتۆری ناگرێس ، تەنانەت چارەش بگەوج و نەفامو گێتل لەقەڵەمی دەدەن ، وێزدانی میللەتانی جیهان لەئاستی تاوانەکانی ئەم دکتاتۆرە ملهوڕە ڕاچەنیوە ، بە جەبهەسانەوە دەڕوانێتە کاروکردەوەکانی کە بۆیان ئاشکرا بووە ، چەند ساڵێکە ئەم تاوانبارە خوێنمژو کورد کوژە لە چەندین شوێنی کوردستانی خاپور کرا ودا چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە ، هەر لە ئێڵ وەسانەوە دۆڵی باڵیسانو قەرەداغ و سێوسێنان و دۆڵی جافەتی و گۆڕ تەپەو عەسکەر تا هەڵەبجەی شەهیدو ناوچەی بادینان ئەم جەکیی تیادا بەکارهێنراوە و هەزاران ژن و منداڵ و ڕۆڵەی کوردی کردۆتە قوربانی. چکە لەوە زیاتر لە سێ هەزار گوندی کوردستانی لەگەڵ خاکدا یەکسان کردووە و هەزاران هەزار کوردی بەرەو ئاوارەو ڕۆژدوگاڕۆژهەڵاتی کانی خواروو عێراق ناردووە چگە لە ئیبادەم کردن و بەکۆمەڵ خەڵکی بێ دیفاع کوشتن . ئێستا ، ئەم تاوانانەی ڕژێمی بەعەدا وەک جاران تاراوە نیە بەڵکو دنیا ئاگاداری کات و شوێن و قوربانیەکانی ئەم تاوانبارەن . ئەڵبەتەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر ئاگادارە ،ئیدی ناکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەئاستی مافی میللەتی کوردی خاک داگیرکراو و بێ بەش لە هەموو مافێکی ئینسانی بێتدەنگ دەبێ ؟

ج میللەتێکی سەرفرازو سەربەست ، ئەوەندەی میللەتی کورد بەدرێژایی مێژوو خەباتی خوێناوی بۆ سەربەستیو سەربەخۆیی کردووە؟ ج میللەتێکی ئەم

بڕوانە لاپەرە (٢)

بەیاننامەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی عێراق سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕی عێراق ـ ئێران وسەبارەت بە ئەڵبژێرکردن لە کوردستانی عێراقدا
بڕوانە لاپەرە (٤)

یادداشتی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی عێراق بۆ بەڕێز ـ پیریز خانیپیر دیکویلار ـ بکرتیری گشتی ئەتەوە یەکگرتووەکان
بەڕێزان ـ ئوینەڕانی دەوڵەتانی هەمیشە ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتاندا
بڕوانە لاپەرە (٥)

مام جەلال : خەباتی چەکدارانە هەر بەردەوامە
بڕوانە لاپەرە (٦)

ولید جنبلاط : مەسەلەی کورد بێ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەکوردستاندا چارەسەر ناکرێ
بڕوانە لاپەرە (٢)

ئیدانە کردنی ڕژێمی عێراق بەردەوامە
بڕوانە لاپەرە (٨)

دیمان بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی

هەشت فڕۆکەی هێزی ئاسمانی عێراق ڕۆژی ٨/٢٥ بۆ جاری چەندەمین بەچەکی کیمیاوی گوندەکانی باڵیسان/کانی بەرد/دەڕاش /کۆڵکەرەش/ میرگ سوور/ کاموسەک /ناحیەی هیران/ناژەنین/یاسان بۆردوویان کرد لەئەنجامدا زمارەیەک ژن و منداڵ و هاوڵاتی شەهید بوون و زمارەیەکی تریش بریندار بوون .

رۆژ ژمێری هێرشەکانی دوژمن بۆ سەر مەڵبەندی سێ

■ لە ٢٥ تاکو ٨/٢٧ دوژمن هێرێکـــــی زۆری لەدۆڵی خانەقا کۆکردەوە، چەندین تۆپی هەمەجـــۆری لە سەرانسەری دۆڵەکەدا بڵاوکردەوە.

■ ٨/٢٦ شەش فیرقەی سەربازی مەیشتیوانـــــی دەیان کەتیبەی تۆپی فۆرس و دوورهاوێژو کاتیۆشا و دەیان فرۆکەی جەنگیو کۆپتەر هێرشیان کردە سەر چەندین ناوچەی پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانـــی بەم شێوەی خوارەوە: لەهێرۆپ بۆ هیران/لەشەفلاوە بۆ هیران/ لەدەربەندی گۆمەسپانەوە بۆ شاخی سەفین و گەروتە/ لەسەروچاوە بۆ میرگەسوورو تۆسەگ و بۆتێ/لەشاخی ماکۆک بۆ گەزوست/لە کێلی کێل بۆ رەشلەسەر/لە دۆڵەرەقە بۆ سەر گەرووی مەنجەڵ/لەخەلیفـــان بۆ گوندی ئالانە/لەبنی هەرێر بۆ گەپیکی حمەداغا/ لەشەکرۆک بۆ شاخە سوور. پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لەڕووبان وەستانەوەو شەری قارەمانانەیان لەگەل دا کردن.

■ ٨/٢٧ تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی مۆڵگـــا و مەنجەبو شوێن ئاروۆفەکانی دوژمنیان کرد.

■ ڕۆژیشی تۆڵە بردەوام ڕۆکێت بارانـــــی هێرۆ مۆڵگاکانی دوژمنیان دەکرد.

■ ٨/٢٨ سەعات ٤٥ی دەقیقەی بەیانی پـــــاش تۆپ بارانێکی خەستی شاخی کەرگوێ و کونەکۆتر هێرەکانی دوژمن دوو هێرشی لەسەرپەکیان کردە سەر سەنگەرە قایمو پشتەوەکانی پێشمەرگە لەپشتـــی سێ کانیان و سەر شاخی کەرگوێ، پێشمەرگە قارەمانەکانـــی تیپی ٥٥ لێیان ڕاپەڕین و هێرشەکانیان تێک شکاند.

■ پێش نیوەڕو دوژمن هێرشی کردە سەر شاخی کەرگوێ. تیپی ٥٥ دیسان هێرشەکەیان شکاندو دەیان کەلاکیان لێ خستن. دەسکەوت: ١ بی کەی سی/١ قەناس /٢ ئار پی جی/ ٢ کلاشنکۆف.

■ سەعات ٦ی بەیانی هێرێکی گەورەی دوژمن بەبالێپشتی تۆپ و ڕاجمەو هاوەن و کۆپتەر هێرشیان کردە سەر سورەدێ ـ مۆڵی بچوک ـ مۆڵی خوارووـ سەری ساوبنـ زینی مۆڵی ـ پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ و ٣٥ و بنکەی سورێن و بنکەی هەورامان و بالانســـــۆ هەموو هێرشەکانی دوژمنیان تێک شکاند.

■ سەعات ٣٠ی دەقیقە هێرێکی دوژمن وێستی دزە بکات بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە لەگەرگوێ پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ لێیان دان و زیاتر لە ٧٠ کەلاکیـــان پێ بەجێ هێشتن. دەسکەوت: ١ بی کەی سی.

■ سەعات ٨ی بەیانی هێرێکی دوژمن هێرشی کـــردە سەر پشتاشان و بناری سورابنـــگ. پێشمەرگەکانی مەڵبەندی ٣ و دەزگای پێشمەرگایەتی لێیان دان و تێکیان شکاند.

■ ٨/٢٩ تۆپخانەی شۆڕش سەعات ٥ تا ٧ی شێـــوازە بە خەستی تۆپبارانی مۆڵگاکانی دوژمنیان کرد لەزینۆی ٨/٣٠ لە بەرەبەیانەوە تاکو سەعـــــات ١٢ی شەو دوژمن ٣ هێرشی کردە سەر زنجیرە چیای کوسەکۆتر پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچووغ سەرەنگاربان بوونەوەو تێکیان شکاندن. قوربانی ئێمە ٣ شەهید بەم ناوانەوە: دارا سید عزیز/فەرماندەی مەفرەزەـ تیپی ٨٧/ عزت عزیز پێشمەرگەی تیپی ٨٧/ فـــارس عبدالرزاق پێشمەرگەی تیپی ٨٧ هەژاران ســـلاو لە گیانی نەمرین.

■ ٨/٣١ سەعات ٥ تا ٦ی ئێوارە مەفرەزەیەکـــی تیپی مەڵبەندی ٣ لەگەڵ مەفرەزەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتی مەڵبەندی ٣ بەهەستی تۆپبارانی مۆڵگاکانـــــی دوژمنیان کرد لەسەری ئەشکەوتان.

■ هێرێکی زۆری دوژمن سەعات ٨/٣٠ تا ٩/٣٠ی بەیـــانی لەپشتاشانەوە بەرەو سەرتپلەکانی خوارو هێرشیان کرد. پێشمەرگەکانی تیپی ٢٩ و مەفرەزەیەکـــی مەڵبەندی ١ و دەزگای پێشمەرگایەتی لێیان دان و گوشاریێکی زۆریان لێ کردن. دوژمن دوو هێرشی تری فۆرسی بۆ بردنەوەی کەلاکی سەربازەکان کرد سـەلام ئەمانیش تێک شکێنران. قوربانی ئێمە ٢ شەهید بەناوانە: عبدالرحمن صالح/فەرماندەی مەفرەزەـ خەڵکی سەمایل بەگ/فتاح محمد خەڵکی سەمایل بەگ هەردووکیـــان پێشمەرگەی تیپی ٢٩ و ئەندامی ی. ش. ک بوون. هەژاران سڵاو لەگیانی نەمریان.

■ سەعات ١٠ تا ١١ی پێش نیوەڕۆ تۆپخانەی مەڵبەندی ٣ بەهەستی تۆپبارانی مۆڵگاکانی دوژمنیـــان لە قوناقا و پشتاشان کرد.

■ شەوی ٨/٣١ دوژمن ٣ هێرشی گەورەی بـــەک لەدوای یەکی کردە سەر زنجیرە شاخی کونەکۆتـــرو بێ. پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ و ٨٧ بەرەنگاریان بوونەوەو تێکیان شکاندن. دوژمن کوژراو و بریندارێکی زۆری هەیە. قوربانی ئێمە ١ شەهید بەنـــاوی عبدالله سەرەش/فەرماندەی مەفرەزەی تیپی ١٢ ـ خەڵکـی گەرەوان. هەژاران سڵاو لەگیانی نەمری. شەر لەهەموو بەرەکان بەردەوامە.
پشتاشان و زینۆی ئەستێرۆکان. هەروەها بە دۆشکا هەموو شوێنەکانی دوژمنیان کوتا.

■ ٨/٢٩ سەعات ٤ی بەیانی دوژمن هێرشی کـــردە سەر زنجیرە شاخەکانی کونەکۆترو بێ. پێشمەرگەکانیتیپی ٥٥ و ١٧ بەرەنگاریان بوونەوەو تێکیـان شکاندن. دوژمن چەند هێرشێکی تری کرد، بەڵام هەموویان تێک شکێنران و سەدان کەلاکی لێ بەجێ ما.
دەسکەوت: ٣ بی کەی سی/٣ قەناس/٥ ئار بـــی کەی. قوربانی ئێمە ٣ شەهید بەم ناوانە: اکـرم محمد امین/فەرماندەی کەرت ـ تیپی٥٥/پشتیوان/پێشمەرگەی تیپی ٥٥/شوان ـ تیپی ٥٥.

بەیانناممەی مەکتەبی سیاسی ..... پاشماوەی لاپەرە (٧)

خەڵکی کوردستان.
شەهید ئازاد بەهەق تێکۆشەرو هونەرمەنـدو زیرەو قارەمان بوو. خەبات و تێکۆشانی گەورە بوو لەگەڵەگەمان و لە پەکێتیی نیشتمانیی کوردســتان و لـــەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانیی کوردستان و لەزەحمەتکێشانـــیی کوردستان گەوت. بەڵام بەڵگەی نەکوژاوەی بڵێسەی شۆڕش و درێژە پێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمانە. تەسرەوتنیە تا مردن لەپێناوی ئازادی و ڕزگاری گەڵـــی کوردا. بۆیە لەو کاتەدا کە پەسەند دڵخ و مەخابـــــن سەرخۆشی لەگەڵی کوردو بنەماڵەو هەڵاڵانی شەهید ئازادی نەمر ئەکەبن دڵنیاتر ئەڵێین جوڵانەوەی گەلەکەمان بەرگری لەکوردو کوردستان، خەباتبۆ ڕزگاری و ئازادی کورد نەک بەو هێزە زەبەندەی دوژمن کپ ناکرێ بەڵکـــە تا هەڵومەرج سەختتر بێ گیانی بەرگری قایمتـــرو بە زاتتر ئەپێوێ ئێمەش لەسەر ئەواوکردنی ئەرکەکانـــی ئەو هەڵانە شەهیدانە سوورترو بەگورتر ئەبین.

نەمری بۆ شەهید ئازادی زیرەو قارەمان.
نەمری بۆ هەموو شەهیدانی گەلەکەمان.
بژی بەرگری و شۆڕش.
بمرێ دوژمنی فاشست.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
١٩٨٨/٩/١

ڕێبازی نوێ

ئورگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

خەباتی جەماوەریی شۆڕشگێرانەی هاوبەش لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق و کوردستان لەپێناوی دیموکراسی بۆ عیراق و مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد.

ژمارە (٣) | مارتی ١٩٨٩ | ٥٠٠ فلس

هەڵەبجە... بەرۆکی تاوانکارەکەی بەرنادا

بیرەوەری ئازار و کارەساتی هەڵەبجە هاندەرن بۆ تێکۆشانی گەلی کورد

١١ ی ئازاری ئەمساڵ،نۆزدەمین بیرەوەری ڕێکەوتنامەی مێژوویی ئازار بوو، وە لە ١٦ - ١٧ شی دا، یەکەمین سالڕۆژی تاوانی گەورەی ئەم چەرخە بوو، تاوانی شەهید کردنی شاری هەڵەبجە.

بیرەوەری یەکەمیان خۆش و گەش و ئەوی تریشیان پڕ لەئازار و سوێی کارەساتە. مێژووش یەکەمیان وەکو خاڵێکی ڕۆشنی مێژووی نوێی عیراق، وەکو بۆ پێشەوە چوونێکی مەزن لە پەیوەندی برایەتیو هاوخەباتی کوردو عەرەبو کەمایەتیەکاندا تۆمار ئەکا کە ڕووی لەیەکێتی نیشتمانیو بەهێزکردنی یەکێتی ڕیزەکانی گەل و وولاتە. دووەمیشی وەکو پەڵەیەکی ڕەشی ڕیسوایی لەناوچەوانی دەسەلاتی دیکتاتۆری خوێناوی دا ئەنووسێتەوە، وەکو تاوانێکی ئەوەندە دزێو کە پاش تاوانی گەورەی هیرۆشیما و ناکازاکی نموونەی تری نەبووە.

ئەو دوو کارە، هەردووکیان هەمان ڕژێم بۆیان هەڵساوە، یەکێکی سیاسیو تەکتیکی بوو، ئەوی تریش عەسکەری تاوانکارانە بەرامبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، وەکو شێوەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد.

جەماوەری عیراق بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی، زۆر بەگەرمی پێشوازیان لەکاری یەکەم کرد، هەر لەیەکەمین سەعاتەکانی ڕاگەیاندنیدا پشتیوانیو دڵخۆشی بێ ئەندازەی خۆیان دەربڕی، و بە خۆپیشاندانی گەورەی خۆکرد ڕژانە سەر شەقامەکانی زۆربەی شارەکانی عیراق. هەروەها ناوەندەکانی عەرەبیو دەولی پێشوازیان لێ کردو

بڕوانە لاپەرە (٣٠)

ڕێکخراوی بەرەڤانی لە مافەکانی مرۆڤ لە عیراق: چاولەتاوانەکانی ڕژێمی عیراق مەپۆشن

بەبۆنەی یەکەمین ساڵڕۆژی کارەساتەکەی هەڵەبجەوە، ڕێکخراوی دەولی بەرگری کردن لەمافەکانی مرۆڤ لەعیراق، بەیانێکی دەرکردو تیایدا، داوا لەداکۆکیکەرانی مافەکانی مرۆڤ ئەکا، لەبەرانبەر تاوانەکانی ڕژێمی عیراق دا چاونەپۆشن و،پشتگیری لەمەسەلە ڕەواکانی گەلی عیراق بکەن.

لەبەیانەکەدا هاتووە:

ئیستا ڕادەی درندەیی حکومەتی عیراق بەرامبەر مافەکانی مرۆڤی ستەمدیدەی عیراق، لای هەموو ئازادیخوازانی دنیا ڕوون و دیارە. وا یادی کارەساتەکەی هەڵەبجەش خەریکە تێ ئەپەڕێ. کەچی ئەڵێی هەر هیچ ڕووی نەداوە،بۆیە ڕێکخراوی

پیتاک بۆ ئاوارەی کورد

یەکێتی گشتی ئەندازیارو یەکێتی کرێکارانی دیموکرات لەئەڵمانیای ڕۆژئاوا، کەوتوونەتە خۆ بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و پیتاک بۆ ئاوارەی کورد. ئەم دوو یەکێتییە بەیاننامەیەکیان بەم ئیبارە دەرکردوە، تیا هاتوە: بەپێی بەیاننامەیەکی ڕێکخراوی (میلیکو) دەری کردووە، باری ژیانی پەنابەرانی کورد، زۆر سەختە.ڕۆژانە چەندین منال لەسەرما ڕەق دەبنەوە. بۆیە داوا دەکەین لە هەموو مرۆڤدۆستێکی دنیا، بەرتیکەی پۆست، جل و بەرگ و پیتاکی تر، بۆ ناونیشانی دیاریکراو ڕەوانە بکەن.

هەروەها یەکێتی مافەکانی مرۆڤ و ژمارەیەک نوێنەر لەحزبی سۆسیال دیموکراتی گەلی لەتورکیا، ئەمانیش هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی پیتاکیان ساز کرد، هەرچەندە لێپرسراوانی ڕژێمی تورکیا هەوڵیان داوە کارەکەیان سەر نەگرێ، بەلام ئەمان هەر سوورن.

ڕۆژنامەکانی تورکیا بەدەنگ ئەم دوو هەوڵەی ڕێکخراوە ناوبراوەکانی ئەڵمانیا و تورکیاوە هاتوون و نوسیویانە کە

بڕوانە لاپەرە (٣١)

هێزی پێشمەرگەی کوردستان زەبری کاریگەر لە دوژمن دەدا

رۆژی ٢/٢٥ تا ٣ ی ئەم مانگە، دوژمن بەهێزێکی سەربازی گەورەی لەشکری یەکەمی سپای ٥ کیسرکەری سەعیی رنجیرە بەک هێرشـــی یەک لەدوای یەکی کردە ســـەر گوندە کاولکراوەکانی باسەمەر ـ هەڵەدن ـ گونبزیلە ـ چالاوا ـ مەولان ـ دۆمەرغان ـ قەرانگوێ ـ سێ کانیان ـ مێرگەپان ـ و بەرزاییەکانی زیلبوان ، خەرتمیز ، تالاو ، کەرکەر ، رونـەی قۆمەرغان ، شێخ باخ و بەبۆ . شـــەوی ٢/٣ دەستە یەک لە پێشمەرگە فارەمانەکانی رستی سورداش ، بەپێی بەرنامەیەکی پێش وەخت ئامادەکراو ، پاش بڕینی چەندین بۆسە و مۆڵگەی کاتی، خۆیان گەیاندە ناوچەرکەی هێزی دوژمن و لەسەر جادەی کارێزە ـ بەرکەلو ، لەنێوان هەموو سەربازگەی کانی چالاوە ـ گوندەلی مالوســـە چەند مینێکیان بۆ دوژمـــن نایەوە . لەسەعات ١٠.٣٠ ی ســـەرلەبەیانی رۆژی دوایی، مەبەستی یەکەم لـــەژێر جێبەجێ دابەیەک تەقەمەوە ولەئەنجامدا ئەفسەرێک و دوو سەربازی کوژران و بەکێکی تر بەهەستی بریندار بوو .

دە دەقیقە دوای ئەســـە، مەبەستی دووەم لەنێوی دۆبەخوار لـــەژێر چنێنکی ئردا تەقەمەوە و فەرماندەی هەرەکات و ئەفســـەرو سەربازێکی دیا کوژرا و دوی تریـــش بریندار بوون .

هێزی دوژمن پـــاش کوژرانی فەرماندەکەی، شـــوێنەرەی نێـــک چوو، ناچار سەعات ٤ ی ئیـــوارەی هەمان رۆژ، پاشەکشەیان کـــرد . سەرجەمی زیانی دوژمن؛کوژرانی ٣ ئەفسەرو ٣ سەربازو برینداربوونـــی بیانی تر بوو .

پێشمەرگە ئازاکانیش خۆشەختانە بێ زیانن .

** لەئەنجامی ٢/١٩ دا، دەستەیەک لەفارەمانەکانی رستی سورداش، پاش ماوەیەکی چەندین مۆڵگەوبۆسەی دوژمن، لەسەر جادەی ئەدەلـــە ـ کۆتەل، لەنێوان هەردوو گـــوندی وبران کراوی ئەدەلە و هۆمەرقەوم، لەهەردو دیوی ئەمکۆڵە بەردەزرنگـــەوە، چەند مینێکیان بۆ هێزی دوژمن نایەوە . سەعات ٦ ی سەرلەبەیانـــی رۆژی ٣/٢، مەبەستی یەکەم لەژێر سەپارەیەکی بەرازیلیدا تەقەمەوە وسەرنشینەکانی کوشت ، کەئەمانە بـــوون :

١ـ مـلازم ئـاول طالب علی اسماعیل ـ خەڵکی بەغدا ـ وەحدەی ٨٣٤ ، ماعەد آمر فوجی فواتی بابل .

٢ـ ج.م اسماعیل عبدالله جهاد ـ بابل ـ وەحدەی ٨٣٤ .

٣ـ ج.م خالص عبدالله جهاد ـ خەڵکی بابل ـ وەحدەی ٨٣٤

** سەعات ٨ ی بەیانـــی هەمان رۆژ، مەبەستی دووەم لەژێر شیفایەکـــی سەربازبدا تەقەمـــــەوە ، خوی و سەرنشینەکانی پارچە پارچە بوون. زیانی دوژمن،کوژرانی ٥ سەربازبوو . بێشمەرگەکانیش سەربەرزو سەلامەت گەڕانەوە سنگەکانیان .

** دوژمن،بۆ رۆژی دوایـــی و بە نیازی تۆڵەکردنـــەوە، بەهێزێکی گەورەی ٣ ـ ٤ لوای ســـەربازی ، و بەپشتیوانی هێزی ئاسمانـــی وجانە خۆفرۆشەکان،هێزێکی بەرفراوانیان کردە سەر گوندە وبران و بەرزاییە گرنگەکانی دۆڵـــــی جافایەتی و سورداش ، هێزی پێشمەرگە مۆڵبونی دوژمنیان بەهەل زانـــــی و شەوی ٢/٢٢ خویان گەیاندە هەمان جادەو لەدورباتی شەدەلـــــــە ـ دابان، مینەکیان نایەوە .

سەعات ٨،٣٥ بەیانی رۆژی دوایی لەژێرشیفایەکی هندەبو کاشفەدا تەقەیەوە و هەموو سەرنشینەکانی کوشت .

سەرجەم زیانی دوژمن :

کوژرانی یەک ئەفسەرو ١٢ سەربازو برینداربونی ٢ سەربازی تر، تێکشکانی دوشیفا و یەک سەپارەی بەرازیلی .

لەرستی دەشتی هەولێرەوە :

** رۆژی ٢/٢٧ی مانگی رابـــردو لە ئوردوگای نیمچەزیندانی دارەشوتا . کەپێنج کەس لەهەولێرەوە دورەولـــە بن پالی هێزەکانی دوژمـــن دابەن ، دەستەیەک لەکورەجەرسێزەکانیکەرتی پی ئەهێدیا قی بارزانی،لـــەئەنجامی دەستەویەخەدا، ڕووبەڕوی تاقمێ جاشی خۆفرۆش بونەوە . دوای نیـــوەسەعات تەقەی خۆفرۆشـــــان بـــە بریـــنەسەخەکانیانەوە ڕایان کـــرد . هێزێکی گەورەی دوژمن بەهانـــای تاقمـــە شکاوەکەهات و ئەرتـــاشەوارە دریژەی گێشتا . لـــــەئەنجامدا دوژمن بەتکاوی و سەرشۆڕی گـــەڕایەوە .

زیانی زانراوی دوژمن :

کوژرانی دوجاش و برینداربونی ٦ی تر، کەبەکێکیان مستەشارە بەناوی حاجی محمود سێبریانی. پێشمەرگەکانیش بێ زیان و سەرکەوتـــوانە گەڕانەوەشوێنەکانی خۆیان .

** لەئەنجامی ١٥/١٦ی مانـــگی رابردو دەستەیەک لەهەڵۆکانی نیمچی ٨٥ ی بەرانەتی، خۆفرۆش (سەلیمەسوری)ی سەربەمەفرەزەخاەیان بەسزای گەیل و خۆرش گەیاند،دەسکەوت،دەمانچەیەکی چوار دەشۆر بو .

** کوژرانی خۆفرۆش سەلاح شێنە :

رۆژی ٥/ی ئەم مانگە خۆفرۆشی ناوانبار، سەلاح شێنەوچوار جاشی تری دەستەکەی، بەناوی دەزگاچەپەلەکەی ئەمنی رزیم، کەپێکومەلێ چەکداری تر دەکەن و سوکایەتیان پێ دەکەن.

بڕوانە لاپەرە (٣٤)

خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانەی هاوبەش لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق و کوردستان لەپێناوی دیموکراسی بۆ عیراق و مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد.

ڕیبازی نوێ

ئورگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە (٤) | نیسانی ١٩٨٩ | ٥٠٠ فلس

پشدەر لەبەرامبەر رووداوێکی مێژوویی دایە

گەلی کورد بە زەبر و زەنگی دوژمنان بن بڕناکرێ

٢٤ و ٢٦ ی نیسان بیرەوەری شەهیدانی هەردوو شاری خۆشەویستی قەڵادزەو هەڵەبجەن، کەرۆژێمی فاشی ساڵی ١٩٧٤ درندانە بەڵامباری دان و هەردوکیانی کرد بەگۆمی خوێن. لەقەڵادزە نزیکی ١٥٠ مرۆڤی کوردی شەهید کردو زیاتر لە ١٠٠ خانوبەرەی بەسەر هاوواڵتیەکانیدا داشەپاندو، لەشاری هەڵەبجەش نزیکی ٧٤٠ شەهید.

بەو جۆرە دوژمن هێرشی سەربازی بۆسەر کوردستان، گەرم کردو کەوتە وێژەی خەڵکی کوردستان.

بەو دەمە، پاش بەڵامارداندی کوردستان، زانکۆی سلێمانی بۆ قەڵادزە گواێزرابووەوە، شەوی بوبو بەمەڵبەندێکی گەورەی زانیاری وفەرهەنگ. هەزاران خوێندکاری لاو و دەیان ماموستاو زانای کوردی تیا خربوبووەوە. جوڵانەوەی کورد، خەریکی داڕشتنی شەشەو ڕێ وشوێنی پەرەپێدانی خوێندن و فەرهەنگ و زانیاری بو، دوژمنیش قینی دەیان ساڵەی ڕەگەزپەرستانەی عەرەبی لەسەرکۆشەکردنەوە، تابەوجۆرە بەبۆمباران بەسەریدا ڕژاندن.

پاش چواردەساڵ لەو دەس درێژیە، ڕژیم بەو تاوانە دڵی ئاوی نەخواردەوەو لە١٦-١٧ ی شاداری ١٩٨٨ دا، شاری هەڵەبجەی زەهرخواردکرد، بەچەکی کیمیاوی بەربووە گیانی مرۆڤ و ڕەزو باخ و کانی و گۆڕگیا و خانوبەرەی هەڵەبجە.. کیان و چاوی شەو شارەی کوشت، گەورەترین تاوانی ئەم سەردەمەی لەهەڵەبجە بۆخۆی تۆمار کرد.

پاش پانزەساڵ لەبەڵامارداندی قەڵادزەش، بە هەزاران سەربازو تانک و تۆپی قورس، گەمارۆی شاری قەڵادزەی داو دەستی تاوانی بۆ ڕاگواستنی شارەکەو هەمونا وچەی پشدەر درێژکرد.

لەسالڕۆژی شەهیدکردنی هەڵەبجەدا، کۆمیتەی نابەیتی بۆڕاگواستنی خەڵکی قەڵادزەو ناحیەتی

بڕوانەلاپەڕە (٣٠)

هەفتال مام جەلال جاوی بە سەرۆکی سوریا دەکەوێ

ڕۆژی ٢٤ ی ئەم مانگە، هەفتال مام جەلال، سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەدیمەشق چاوی بە هەفتال حافظ ئەسەد، سەرکۆماری سوریا کەوت.

لەم چاوپێکەوتنەدا، هەفتال مام جەلال، نیگەشبینەکی گشتی ئاوانەکانی ڕژیمی عراقی لەدۆی میللەتی کورد و نیشتمانەکەی خستەڕوو.

مام جەلال داوا لە کۆمەڵی دەوڵەتان دەکات:

ڕێگە بدەن ڕژیم تەڵادزە ڕابگوازێ

قسەکەریکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ئەثینا ڕایگەیاند کەهەفتال مام جەلال، سکرتێری گشتی ی.ن.ک لەکۆمەڵی دەوڵەتانی خواستوە گوشار بو سەدام بهێنن کەدەست لەچۆلکردنی قەڵادزەو ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی هەڵگرێ.

قسەکەرەکە وتی: کاربەدەستانی عراق کەوتونەتەخۆ بۆ ئەوەی دانیشتوانی قەڵادزەو ناوچەی پشدەر بۆ ئوردوگا دوورو بیابانیەکانی سەرسنوری سعودیەو کوێت ڕابگوێزن و، بڕیانە بەڕواری ١ ی مانگی مایسیان دەیاری کردوە.

حکومەتی عراق، لەکوتایی مانگی ڕابردوداً، کارتی بەسەر نزیکەی ١٢٠ هەزار دانیشتوانی قەڵادزەو ئوردوگاکانی دەوروبەری دابەش کردوە، کەشاگاداری کردون کەبڕیان هەیە تەنیا کەرەستە زۆربێبوبستەکان لەگەڵ خۆیان بەرن.

خاتو میتران سەردانی بە نابەرانی کورد لە تورکیا دەکات.

ئەم ژمارەیە لەڕێڕچاپدابو کەخاتو "دانیال میتران"، ئێرانی سەرکۆماری فەرەنسا، بۆسۆرانی بۆ سەردانی تورکیای کرد. بەنابەرانی کورد، ڕۆژی ١ مایس، سەردانی تورکیای کرد.

خاتو میتران، کەچوار ڕۆژ لەتورکیا دەمێنێتەوە، دەیەوێ لەنزیکەوە چاوی بەگوزەرانی بەنابەرانی کورد بکەوێ و، لەگەڵ ئەندامانی کوردی ئاو پەرلەمانی تورکیا، ئەو ڕێوشوێنانە بدۆزێتەوە، کەزیانیان مسۆگەرو چاک دەکەن.

خاتو میتران کەدۆێنەری ڕێکخراوی "فرانس ئیمپرفیە"ی مرۆڤدۆستەو، شەمپیۆنێکی جیهانییە، دەتوانێ قینی چاک

بڕوانەلاپەڕە (٣٠)

شەهیدی نەرمانوستا جەمال نامیر

بۆ ئەم بەرگە سوودمان لەم تێکۆشەر و سەرچاوانە وەرگرتووە

تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر

*عومەر گردە سوری
*ڕەشاد گەڵاڵی
*فاروق عەلی مەولود
*هاوڕێ کاوە
*نوری قادر باریکە
*قەندیل بەغدای هەژاند-ڕێباز
*ئەرشیفەکەم
*بروسکەکان
*ڕێبازی نوێ

تیپی ٨٧ قەرەچوخ

*ئەحمەد بچکۆل
*فاروق عەلی مەولود
*ڕەشاد گەڵاڵی
*نوری قادر
*عومەر گردە سوری
*قەندیل بەغدای هەژاند
*ئەرشیفەکەم
*بروسکە
*ڕێبازی نوێ

تیپی ٨٥ بەڕانەتی

*ڕێبین شەمامکی

*ڕێباز عەزیز

*ئاسۆ مامەند

*ئەرشیف

*بروسکە

*ڕێبازی نوێ

تیپی ٩١ سەفین

*لیوا شینە

*جەلال سورکانی

*مامۆستا سەلاح حەویز

*ئەریشف

*بروسکە

*ڕێبازی نوێ

تیپی ٩٠ باواجی

*مامۆستا سەلاح حەویز

*دلزار بابەکر ئاغا

*قاسمە سوور

تیپی مەلبەندی چوار

*مامۆستا سەلاح حەویز

تیپی ٩٣ کۆیە

*ڕەهبەر سەید برایم

*دڵشاد مام ڕەزا
*مامۆستا زیرەک
*ئەریشف
*بروسکە
*ڕێبازی نوێ

تیپی مەڵبەندی سێ
*محەمەدی کاک هەمزە
*مامۆستا سەیفەدین
*سالّح هەولێری
*محەمەد وەرتی

تیپی٧٤ باڵەک
*خالّ موراد
*ڕەسوڵ قەندە
*ئەحمەد تەها
*محەمەد سەیدە
*ئەریشف
*بروسکە
*ڕێبازی نوێ

تیپی ٧٨ کاروخ
*حارس ئاغا
*مستەفا عەولّا تەها
*محەمەد وەرتی

*حاجی ماونی
*مام هێدی
*ئەرشیف
*بروسکە
*ڕێبازی نوێ

تیپی ۱۲ سۆران

*ڕەحمان کەزیان
*محەمەد گۆڕەشێری
*خاڵ فەتاح
*عەبدوڵڵا بۆر
*محەمەد حەسەن
*سەردار شەڕکانی
*ڕەحمان سۆفی
*عەلی بیجانی
*مەلا هیوا گەرەوەیی
*مامۆستا ڕەشاد ڕەواندزی
*سەلیم گەرەوەیی
*مامۆستا ستار موسا
*خدر شێخۆ ڕەواندزی
*جەمال هاشم فەقیانی
*ڕەوەند چۆمانی
*بێباک محەمەد فەقیانی
*جەبار سەیدە
*هەڵۆ حەسەن

*مەزهەر کەریم
*مام وریا شێخۆ
*فەتاح ئیسماعیل گەرەوەیی
*ئەرشیف
*بروسکە

تیپی ٨٣ هەورێ
*سەباح مێرگەسەری
*هاوڕێ کاوە
*ئەحمەد هەرتەلی
*ئەرشیف

تیپی ٧٧ هەڵگورد
*ملازم عومەر

تیپی ١٩ کۆڕەک
*عەبدوڵڵا بۆر
*حسێن خدر
*عوزێر فەقیانی
*ئەرشیف
*بروسکە

وێنەکان

تیپی ١٢ سۆران









IBM

تیپی ١٩ کۆڕەک

86 8 2

تیپی ٧٤ باڵەک

Tipi12i soran

تیپی ٧٨ کاروخ



تیپی ٨٥ بەڕانەتی





تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر

تیپی (٨٦)ی هەولێر کەرتی (٢) شەهید ئەحمەد قەرەبەری

تیپی ٨٧ قەرەچوخ

پۆلێک لە پێشمەرگەکانی تیپی 87ی قەرەچوغ

k
شەهید عوسمان عەلی سۆر و کاك ئەحمەد بچکۆڵ







تیپی ٩١ سەفین



بەشێک لە کەرتی ٣ ی تیپی ٩١ سەفین



تیپی ۹۳ کۆیە